# کورد

# لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا

ناوی کتێب: کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا
وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف
بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: بەختیار ئەوڕەحمان
پیتچنین: سونیا عەباس
هەڵەچنی: سارا عبدوڵڵا
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠١٠
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
Kteb@serdam.org

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٩٤٨)ساڵی٢٠٠٩ ی پێدراوە

سەرچاوە:
کرد در دائره المعارف اسلام
ترجمه: اسماعیل فتاح قاضی، چاپ اول: ١٣٢٧
انتشارات صلاح الدین ایوبی

# کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا

وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف

سلێمانی- ٢٠١٠

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٤١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێرست

ناسنامەی نەتەوەیی ٩
پێشەکییەکی گشتی ٣٠
کورد و کوردستان ٣١
ب ـ سنووری نەتەوەیی و جوگرافی کوردستان ٣٣
ج ـ ژمارەی کورد ٣٧
جوگرافیای کوردستان ٤٠
١ـ لە باری سروشتییەوە ٤٠
٢ ـ لە باری ژینگەو ئاکنجی بوونەوە ٥٢
٣ – لەبارەی سیمای ئینسانییەوە ٥٩
هـ – سیمای مرۆڤ شوناسی لە کوردستاندا ٦٩
مێژووی کورد ٧٤
ا – بنج و بناوانی مێژووی کورد بەر لە ئیسلام ٧٤
ب لە سەردەمی ئیسلامەوە تا ساڵی (١٩٢٠) ٨٤
کورد پاش زاڵبوونی عەرەب ٨٦
کورد، لە سایەی دەسەڵاتی خەلیفەو سوڵتانەکانی ئال بویەدا ٩٠
هێرشی تورکەکان ١٠٥
ئەتابەکەکانی موسڵ ١٠٩
ئەیوبییەکان ١١٢
جەلالەدینی خەوارزم شا ١١٥
ئیلخانیانی مەغۆل ١١٦

پێرستی تایفە کوردەکان ١٢٠
لە سەردەمی سوڵتانەکانی مەمالیکدا
ماڵبات و زنجیرەی تەیموریان و تورکمانەکان ١٢٤
پاشایانی سەفەوی‌و سوڵتانەکانی عوسمانی ١٢٦
شەرەفنامە ١٣١
ا- نێوان جزیرەو دەرسیم ١٣٣
ب- نێوان جزیرەو کلیس ١٣٩
پ - نێوان جزیرەو خوی ١٤١
ت- باشووری هەکاری ١٤٤
ث- کوردەکانی ئێران ١٤٧
ئەفغانەکان ١٥٠
نادرشا ١٥٠
زەندییەکان ١٥٢
تورکیا لە سەدەی نۆزدەدا ١٥٤
شەڕەکانی نێوان ڕووسیاو عوسمانیان ١٥٥
سوپای حەمیدییە ١٥٧
پێوەندیی ئەرمەنییەکان و کورد ١٥٨
سەدەی بیستەم ١٥٩
جەنگی (١٩١٤ — ١٩١٨) ١٦٠
ج- لە ساڵی (١٩٢٠)وە تا ئەمڕۆ ١٦٣
ئێران ١٦٩
عێراق ١٧٢

| | |
|---|---|
| کوردی سوریاو لوبنان | ١٨٧ |
| کۆمەڵگەی کوردەواری | ١٨٨ |
| أ- بونیادی بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردەواری<br>١- خێزان | ١٨٩ |
| ٢- پێکهاتەی بونیادی عەشیرەتی<br>پێرستی عەشایەرە کوردەکان | ١٩٥ |
| عەشایەری کوردو ئەندامەکانی | ١٩٨ |
| سەرۆکی عەشیرەت، ئەرک و مەسئولیەت و<br>دەسەڵاتەکانی | ٢٠٢ |
| ٣- بونیادی ئابووری<br>دەوارنشینی | ٢٠٤ |
| ژیانی دێهاتیانە لە کوردستاندا | ٢٠٥ |
| ب- مەزەب | ٢١٤ |
| ج- دابونەریتی کۆمەڵایەتی<br>١- جلوبەرگ | ٢٢٠ |
| ٢- دابونەریتی ژنهێنان و مردووناشتن | ٢٢٢ |
| شوست و شۆ | ٢٢٣ |
| ٣ — جەژن و ئاهەنگ و دابە وەرزییەکان | ٢٢٣ |
| ٤- هەڵپەڕکێو مۆسیقا | ٢٢٨ |
| ٥- گەمەی نێو کوردەواری<br>وەرزش و ڕاو | ٢٣٢ |
| زمان | ٢٣٤ |

فۆلکلۆر و ئەدەبیات ٢٣٧
١- ئەدەبیاتی میللیو عەوامانە
ئەدەبیاتی نووسراو و فێرکاری: ٢٤٢

١. سەرەتاو سەرهەڵدانی قۆناغی کلاسیک ٢٤٥

٢- سەردەم و قۆناغی نوێ: ٢٥٠
ج- چاپەمەنی ٢٦٢

# ناسنامەی نەتەوەیی

حەمەکەریم عارف

(١)

هەڵبەتە ناســـنامەی نەتەوەیی شتێک نییە لە ئەزەڵەوە بە باڵای ئـــەم یا ئەو نەتـــەوەدا بڕابێ و لـــە دەرێی واقیعدا چـــێ بووبێ و پشتاوپشت بە میرات هاتبێ، بەڵکو شتێکی ڕێژەییەو لەنێو پرۆسەی مێـــژوودا چێ بووەو چێ دەبێت. وەکو چۆن هیچ دیاردەو ڕووداوێک لـــە مێژووییەت بەدەر نییـــەو لە دەرێی مێژوودا نییە، ناســـنامەی نەتەوەییش لە دەرێی مێژوودا نییە، بەڵکو بۆ خۆی ناســـنامەیەکی ڕێژەیـــی مێژووکردەو هەر نەتەوەیەک لە ڕێگـــەی کارلێکی خۆی و پەیوەندییـــە دیالێکتیکییەکانیەوە دەگەڵ مێـــژووداو لەناو مێژوودا بەدەستی دێنێو هەرگیزو لە هیچ سەرچاوەو جەوهەرێکەوە بە میرات بۆی نەماوەتەوەو شـــتێکی جێگیرو نەگـــۆڕ نییە، بەڵکو وەکو هەر دیاردەو واقیعێکی دی پابەندی گۆڕانەو بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی مێژوویی دەگۆڕێت، کە دەڵێین مێژوو تەنیا ڕابردوومان مەبەست نییە، بەڵکو ئێستاو داهاتووشمان مەبەستە. ئەو زەمەنانە بەجۆرێ ئاوێتە بوونو لـــە حاڵی کارلێکدان، ئەگەر جیاکردنەوەیان

مەحاڵ نەبێت، ئەوا یەکجار ئەستەمە، چونکە مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوامەو لە گەشەکردنو گۆڕانی هەمیشەییدایەو زیندوویەتی لە ڕووداوو دیاردە زیندووەکانی شوێنو زەمەنەوە وەردەگرێتو تاریخییەتی پێ دەبەخشێت.. هەڵبەتە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی یەجگار بەربڵاوە، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە کاری هەموو ئەهلی مێژوو، فەلسەفە، ئەدەب، کۆمەڵناسی، و دەروونناسیو... هتد دەبینرێ، بۆیە دەشێت بگوترێ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێک بەشێوەیەکی بابەتیو بە میتۆدێکی زانستییانە، ڕەنگە بکاتە هاوتای خوێندنەوەیەکی واقیعی مێژووی ئەو گەل و میللەتە، چونکە نەتەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی زۆر بەهێزو کارا، لە ڕێگەی سیاسەتو چالاکییەکانی خۆیەوە ڕەوتی مێژوو دیاری و ئاراستە دەکات. کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، هەر نەتەوەیەکیش ماکو تۆوی گۆڕانی لە خۆیدا هەڵگرتووەو زۆرجار کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەڕوات بە ناچاری دووچاری جۆرە پەشێوی و ئەنارشیزمێک دەبێت، چونکە بە قۆناغێکی گۆڕانکاریی ڕەوتەنیو ڕاگوزاری ڕیشەییدا دەڕوات. هەڵبەتە ئەنارشیزم زادەو بەرەنجامی هەر گۆڕانێکی ڕیشەییو ڕەسەنە، ئەم قۆناغە قۆناغی گوێزانەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییەوە، کە لە هەموو ئاستە ئایدۆلۆجیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانەوە داوەشیوەو لەبەر یەک هەڵوەشاوەتەوەو لە حاڵی پاشەکشەو ڕاگەیاندنی بەزینی یەکجارەکی خۆی و چۆڵکردنی مەیدانە بۆ کۆمەڵگەیەکی تازەی ئەوتۆ کە دەگەڵ هەلومەرجە تازەکاندا بگونجێت جا لەم حاڵەتانەدا ناسنامەی نەتەوەییش دەبێ بگۆڕێو شەقڵو مۆرکی هەلومەرجو

کۆمەڵگە تازەکە وەربگرێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ناسنامە ڕەنگە فاکتەرێکی یاریدەدەری جۆرە یەکێتییەکی فشەڵ بێ، بەڵام بە تەنێ هەموو شتێک نییە، چونکە سیما هاوبەشەکانی ئەم ناسنامەیە سنووردارو ڕێژەییە لە حاڵی گۆڕاندایە، بۆیە دەورەکەشی سنووردارو ڕێژەییو لە حاڵی گۆڕاندا دەبێت. لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی، هزریو کەلتووری بەدەر نابێ، بۆیە لە گۆشەنیگای سۆسیۆ مێژووییەوە ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆی شێوازی هزرین و هەستو ڕەفتاری هاوشێوەو تاڕادەیەک زاڵ، و دەگەڵ بزاوتی مێژوو و گۆڕانە ڕیشەییەکاندا دەگۆڕێت. کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی وەکو ئاماژەمان پێ کرد، ناسنامەیەکی ڕێژەییەو بەرەنجامو زادەی کارلێکو مامەڵەی دیالێکتیکی هەر گەلێکە دەگەڵ مێژووداو شتێک نییە بە میراتو پشتاوپشت مابێتەوەو هاتبێ، چونکە خەسڵەتو تایبەتمەندیی هەر گەلێک بەرەنجامی فاکتەرە مێژووییە دینامیکییەکانی وەکو تەماسی کەلتووریو شەڕوشۆڕ، کۆچو کۆچبەری، داهێنان، قەیرانو ئاستەنگان، کێشەێن کۆمەڵایەتی، هەورازو نشێوی سیاسی، سەرکەوتنو نوشستی و هەورازو نشێوییەکانی ژیانو چۆنیەتیی هزرین.. هتد. ئەم فاکتەرانە ناسنامەی نەتەوەو کەلتوورو شارستانیەتی نەتەوە دیاری دەکەن، نەک هەندێ فاکتەری جێگیرو نەگۆڕی وەک جوگرافیاو سروشتی مرۆڤانیو ڕەگەزو نەژاد. جا مادامێکی ئەم فاکتەرە دینامیکییانە دەگەڵ ڕەوڕەوەی چەرخی مێژوودا دەگۆڕێن، کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، لە کارلێکی بەردەوامدایە لەناو پرۆسەی گۆڕانو گۆڕیندا، بۆیە بۆ دیاریکردنو ناسینو دەستنیشانکردنی ناسنامەی هەر میللەتو

گەلو نەتەوەیەک پێویســـتە بەگوێرەی میتۆدێکی زانســـتیی تەواو، سیســـتەمو بەهاو کەلەپوورو دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە بخرێتە بەر وردبینیی شـــیکردنەوەو توێژینەوەو پۆلێن بکرێ، تا لەبەر ڕۆشنایی ئەوە، نەک ناســـنامەیەکی جێگیری نەگۆڕی ئەو گەلە دیاری بکرێ، بەڵکو ئەو ئاراســـتەو خەسڵەتە گشتیو هاوشێوانە دیاری بکرێ کە لە خەڵکانی تری جیادەکاتەوەو کەسایەتیی قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەســـەندنی مێژوویی بنوێنێو نیشان بدات.. هەڵبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کـــە زۆربەی ئەو خەســـڵەتانەی میللەتێک پێکەوە گرێ دەدەن، خەســـڵەتی ڕێژەییـــنو مـــەرج نییە ئـــەوەی میللەتێک لە قۆناغێکـــی مێژووییدا لە میللەتانـــی دی جیادەکاتەوە، لە قۆناغانی تردا جیای بکاتـــەوە یان هەمان دەوری جیاکەرەوە ببینێو بگێڕێ، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی، ناسنامەیەکی مێژووییەو مێژوو گەلاڵەی دەکات و لـــە بۆتەی مێژوودا قـــاڵ دەبێتەوە. هەڵبەتە هەندێ وێناو هەستی هاوبەشی دەستەجەمعی هەن لە چوارچێوەی زەمان، سیستەمو دابونەریتو بەهاو کەلتووردا دەگیرسێنەوەو دەشێت لە دیاریکردنی ناســـنامەی گەلاندا پەنای بۆ ببرێو ســـوودی لێ وەربگیرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نەگۆڕنو لە قالوبەلاوە وا هاتووەو وا بووەو هەر وا دەمێنێ...

(٢)

دەشێت ناســـنامەی نەتەوەیی لە گۆشەنیگای سۆسیۆلۆجییەوە بەمجۆرە پێناســـە بکرێ کە بریتیە لەو خەســـڵەتو تایبەتمەندییە گشـــتییانەی کە گەلێک یـــان نەتەوەیەک لـــە قۆناغێکی مێژووییدا جیادەکاتەوە، بەڵام هەرکاتێ ئەو خەســـڵەتو تایبەتمەندییانە بەو چاوەوە ســـەیر کرا کە لـــە قالوبەلاوە هاتووەو هـــەروا بووەو هیچ گۆڕانێکی بەســـەردا نەهاتووەو لە پێکهاتەی ئەقڵی — سایکۆلۆجیدا ڕەگی داکوتاو چەســـپیو کەوتە ســـەرووی پرۆسەی گۆڕانەوە، ئەوا ماناو چەمکێکی میتافیزیکی وەردەگرێـــتو لە عیلمییەت دەکەوێ، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی خەسڵەتو چەمکێکی سەیرورەویە نەک ئەنتۆلۆجیو کەینونەوی، واتە ناســـنامەی نەتەوەیی لە تاریخییەت بەدەر نییەو مێژووکردە. ئاشکراشـــە کە نێوەڕۆکی مێژوو یان تیمەو بابەتو کەرەســـتەی مێژوو لەو شـــتانە پێکدێ کە ڕوودەدەن، نەک لە شـــتی چەســـپاوو نەگۆڕ.. جا قایلبوون بە چەمکی میتافیزیکی سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی، بمانەوێو نەمانەوێ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکاتە ڕەفزکردنی کۆمەڵگە یان نەتەوە وەکو بوونێکی مێژوویـــی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جـــۆرە نکوڵیکردنێکە لە زەمان یان کەمکردنەوەیەکـــی زەقاوزەقی ڕۆڵی زەمانە.. ئەمەش بۆ خۆی دژایەتیی مێژووە، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک لە ئێستایەکی بێ زەماندا ناژی.. هەڵبەتە ســـەردەمی نوێ ئەم تەرزە هزرینە ڕەت دەکاتەوەو بە زەبری زانســـتو میتۆدی زانستی ئەو شـــرۆڤەو لێکدانەوە وردو تایبەتییانە پەســـەند دەکات کە پەیوەندییەکانی نێوان هۆو ئەنجام کەشـــف دەکات.. جا ناسنامەی نەتەوەییش بابەتێکی مێژووییە نەک

بابەتێکی میتافیزیکی، بۆیە دەبێ وەکو بەشێک لە مێژوو و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە ورد بکرێتەوەو شی بکرێتەوە کە دەمانەوێ ناسنامەکەی دەستنیشان بکەین. هەموو کۆمەڵگەیەک بریتیە لە دنیایەک پەیوەندی کــە لە حاڵی گۆڕانی بەردەوامدایەو هیچ شــتێکی چەســپاوو نەگۆڕ لەئارادا نییە. دیارە ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ کۆمەڵێک بەهاو ڕێســاو دابونەریتو ڕەفتاری هاوبەش نابێت، کۆی ئەوانە شــەقڵو مۆرکێکی تایبەتیی ئەوتۆی دەداتێ کە لە قۆناغێکی مێژووییدا پێی بناســرێ و جیابکرێتەوە.. دیارە هیچ میللەتێک بەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانەی ئێستایەوە لەدایک نەبووەو دروست نەبووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەنجامو زادەی مێژووە، بەدەم سەیرورەتێکی هەمیشەییەوە لە حاڵی گۆڕاندایە، دیارە بەهاو ڕێساو داب و ڕەفتاری هاوبەشــی کۆمەڵایەتی هەر میللەتێکیش نە لەپڕو نە لەخۆڕاو نە لە دەرێــی دیاردەو ڕووداوەکانی ژیانــدا هەڵدەتۆقێو نە لە کوتوپڕێکدا لەناودەچێتو شوێنەواری نامێنێ.. پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی سستو خاوە، خەســڵەتو تایبەتمەندییەکانیش چوون یەک نین، هەندێکیان خێراتر لە هەندێکیان دەگۆڕێنو نامێنن.. جا هەرچەندە ناسنامەیەکی جێگیرو گونجاوی تەواو نییە، بــەڵام زۆربەی ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە باری دەروونی، هزری، و کۆمەڵایەتییەوە بە ڕادەیەک لە یەک دەچن کە بشێت بکرێ بە بەڵگەی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتی لە چوارچێوەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.. هەڵبەتە ناسنامەی نەتەوەیی بەدرێژایی ڕۆژگارانو لە ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی تاک و کۆدا دروست دەبێت.

کەواتە نابێ بــە تەمای ناســنامەیەکی نەتەوەیی تۆکمەو یەک

دەست بین کە بەدرێژایی مێژوو بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە وامان لێ دەکات دوای کڵاوی بابردوو بکەوین و نەتوانین بەشێوەیەکی ئەکتیــڤ و کارا، بەجۆرێکــی داهێنەرانــە لەگەڵ مێــژووی تازەدا بکەوینە کارلێکەوە... گومانی تیا نییە میللەتان بەدرێژایی ڕۆژگارو مێژوو ڕاستەوخۆو ناراســتەوخۆ بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتانی تیرەی بەشەردا کردووەو ئەمەش شەقڵێکی جیهانی و ئینسانی، کاڵ یان تۆخی، بەگوێرەی بەشداریی هەر میللەتێک، بە ناســنامەی ئەو میللەتە بەخشیوە. بۆیە دەبێ میللەتان، بەتایبەتی لــەم ڕۆژگارە لەزو گڵۆبالیزەیەدا، کە تەواو دنیا بچووک بووەتەوەو میللەتان نەک هەر لە یەکتر نزیک بوونەتەوە، بەڵکو لە زۆر شــتدا بوون بە شــەریک، دەبێ خۆ لە هەر جۆرە تەعەسوبێکی نەتەوەیی دوور بگــرن، بەتایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کــە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزرانــدووەو کەڵکەڵە نەتەوەییەکانیــان هاتووەتە دیو پێویستییان بەوە نەماوە لە ڕای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا بخەبتن کە گوزارشت لە بوونی نەتەوەیی یەکگرتوویان بکات، چونکە ناســنامەی نەتەوەیی بەرەنجامــی دوو فاکتەری ناوخۆو دەرەکییە، فاکتــەرە ناوخۆکان ئــەو دابونەریتو ڕەفتارە هاوبەشــانەن کە لە چوارچێوەی مێژوودا دروست بوونو گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بگرە هەندێکیان هەر نەماون، فاکتەرە دەرەکییەکەش بریتیە لە تەماسو کارلێکــی هەر میللەتێک دەگەڵ ئەو بارودۆخو هەلومەرجە جیهانییە پڕ گۆڕانانەی کە شــەپۆلانی کەلتووریو نموونەی شارســتانیەتو ژیاریی یەک لە دوی یەک دەگەڵ خۆدا دێنێ، و جۆرە کاردانەوەیەکی ناوخــۆ چێ دەکات کە خۆ لــە دابونەریتە کۆنــەکان ڕزگار بکەن

یان بیگۆڕن.. جا لێرەدا هەردووک ناســـنامەی نەتەوەیی‌و مرۆڤانی تێکدەکەنەوە، واتە هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەکاتە نموونەیەکی بچووککراوەی ناســـنامەی مرۆڤانی‌و لێکچوونێکی زۆریان دەکەوێتە نێوان، کەواتە هەر ناســـنامەیەکی نەتەوەیـــی بەرەنجامی فاکتەرە ناوخۆییەکان‌و فاکتەرە جیهانییەکانیشە. ئەم پێکهاتە ئەنتۆلۆجییەی ئێســـتای بە تەنیا بەرەنجامی ئـــەو ڕڕووداوانە نییە کە لە وڵاتەکەی خۆیـــدا، لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا ڕوویان داوە، بەڵکو بەرەنجامی ئەو ڕووداوانەشـــە کە لە وڵاتو ژیارو شارستانیەتو کەلتووری نەتەوەو میللەتانی دیکەشـــدا ڕوویان داوە.. ئەمەش کرانەوەیەکی مرۆڤانییە لەنێوان گەلانی جیهان‌و کەلتوورو شارســـتانییەتی گەلانی جیهاندا، کە ڕەنگە خۆی لە خۆیدا مەرجو پێویســـت بێ بۆ بەردەوامی مانی مرۆڤانی...

(٣)

زۆرجار دەبینین میتۆدی میتافیزیکی بۆ دیاریکردنی ناســـنامەی نەتەوەیـــی نەتەوە جیـــاوازەکان بەکاردەبرێـــتو خەڵکانێکی زۆری پێ چەواشـــە دەکرێت، ئیدی ئەو پۆلێنە میتافیزیکییە یان لەڕووی نەزانینەوەیە یان بە ئەنقەستەو غەرەزو مەبەستی خۆی لە پشتەوەیە، بۆ نموونە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕاوبۆچوونێکی وا هەبوو کە مەحاڵە ئەڵمانیا ببێ بە دەوڵەتێکی پیشەســـازی، چونکە ڕۆح و تەبیعەتی ئەڵمانی زیاتر بە فەلســـەفەو ئەدەبیاتو هونەر گوزارشت لـــە خۆی دەکاتو دەگەڵ زانســـتو تەکنۆلۆجیادا نایکرێ یا کەمتر دەســـازێ. کەچی دوای چەند ســـاڵێک ئەڵمانیا بـــوو بە یەکێک لە دەوڵەتە پیشەســـازییە پێشەنگەکان. یا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیســـتەما وا باو بـــوو کە عـــارەب ئەهلی غیـــرەتو قارەمنیەتیو جەنگاوەرین و وڵاتگیریو خۆڕاگری و سەرکەوتن لە ڕۆحیاندا ڕەگی داکوتاوەو بەزینیان لە مەزەبدا نییە و جوولەکە ترسنۆک و بوودەڵەو سەرکزو خاکەسەرن، کەچی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا ئەم هاوکێشەیە بەجۆرێ ئاوەژوو بووەوە و داغێکی وای بە عارەبەوە نا کە ئێستاش پێوەی دەناڵن..

ئەم دوو نموونەیە ئەوە نیشان دەدەن کە هیچ دیاردەو واقیعێک قـــەدەرو چارەنووس نییە کە لە قالوبـــەلاوە بە باڵای ئەم کۆمەڵگە یـــان ئەو میللەت یا ئەو نەتـــەوەدا بڕابێ و بە ئامـــانو زامان لێی نەبێتەوە. هەر دیاردەو ڕووداو و واقیعێک زادەو بەرەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتـــیو ئابووری و ئایدۆلۆجی و.. قۆناغی مێژوویی خۆیەتیو مێژووش لە گۆڕانی بەردەوامدایەو ســـەرلەبەری ژیانی شەخســـیو

گشـــتیو ژینگەی کۆمەڵایەتـــیو ئایدۆلۆژیو کەلتـــووریو مێژوویی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێتو چۆنیەتیـــی کارلێکە ئەرێتیو نەرێتییەکان دەگۆڕێت، ئیدی گۆڕان ڕیشەی بوونەو هیچ دیاردەو ڕووداوو واقیعێک لێی ناخەلەسێت، بۆیە لە باری سەرنجی زانستییەوە هەرگیز ناشێت قۆناغێکی دیاریکراوی مێـــژووی کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەو میللەتێ وەربگرینو بە باڵای سەرلەبەری مێژووی ئەو کۆمەڵگە یا میللەتەیدا ببڕین. هیچ شتێکی جێگیرو نەگۆڕ لە بووندا نییە، تەنانەت سروشتو تەبیعەتی بەشەریش دەگەڵ گۆڕانی بارودۆخو هەلومەرجی مێژووییدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش لە هزری ڕۆژاواییـــدا وا باو بوو کە گەلی ژاپۆنـــی بە تەبیعەتو لە جەوهەردا گەلێکی لاساییکەرەوەیەو توانایەکی گەورەی لاساییکردنەوەی هەیە، بـــەڵام بەهرەی ئەفراندنو داهێنانی نییە، ئایا کێ دەتوانێ ئێســـتا قسەی وەها بکات؟ ژاپۆن ئێستا نموونەی زاکونیو تەناهیو نیزامە، کەواتە هیچ ناسنامەیەک نە هەمیشەییو جێگیرەو نە لەسەرووی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییەوەیە کە تیایا دەڕســـکێو بەرجەستە دەبێت. لێرەدا فاکتەری کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا هەموو فاکتەرە ئابووریو ڕامیـــاریو ڕۆشـــنبیریو ئایدۆلۆجیو مێژووییـــەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە عارەب هەر عارەبە، بەڵام عارەبی ســـەردەمی زێڕینی بەغداو دیمەشقو ئەسپانیا لەکوێ و عارەبی ئەمڕۆ لەکوێ؟! هەروەها یۆنانو ڕۆمانیش...

(٤)

مێژووی تیرەی بەشـــەر پـــڕە لە نموونەی ئـــەو میللەتو گەلو کۆمەڵگانـــەی کە بە دەیان ســـاڵو پتریش لە ســـایەی ملکەچی و گوێڕایەڵی ناچاری و چەوسانەوەو سەرکوتکاریدا ژیاون، دیارە ئەمە هەرگیز نیشـــانەی ئەوە نییە کە ئەو میللەتانە بە تەبیعەت حەز لە چەوســـانەوە دەکەنو میللەتی مازۆخین و لەزەت لە ئازاری خۆیان دەبینـــن، بەڵکو ئەمـــە زادەی بارودۆخو هەلومەرجـــە کۆمەڵایەتیو ئابـــووریو ئایدۆلۆجـــیو سیاســـییەکانە کە ڕژێمو سیســـتەمێکی سەرکوتکاری لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لێ دەکەوێتەوە، جا تا گۆڕانی بنەڕەتی لەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا ڕوونەدات و زەمینە بۆ یاخیبوونو شـــۆڕش خۆش نەبێت، تەسەورو وێنای ژیانێکی ترو لەبارتـــر لەلای گەل پەیدا نەبێت، بارگرژیی کۆمەڵایەتی بەتەواوەتی نەخەملێ، شۆڕش بەرپا نابێت، خۆ ئەگەر شتێکیش چێ ببێ، زیاتر کاردانەوەیەکی بێ ئاکام دەبێت تا پرۆسەیەکی کارامەی بەرنامەداری زادەی تەخەمورێکی فەلســـەفیی دەروونیو پشوودرێژی درێژخایەنی ئەنجام ڕوون.

❊❊❊

هەڵبەتە دەســـەڵاتی ئایینیو زاڵی وێنای ئایینی بەسەر هزرینی گەلاندا کردوویەتییە کارێک بۆ ماوەیەکی زۆر لە عیلمییەتو واقیعبینی دوور بکەونـــەوە. بۆ نموونە لە ســـەدەکانی ناڤینـــدا زیاتر چەمکی غەیبیانـــیو ڕۆحی بەســـەر ئەقڵیەتی ئەوروپیـــدا زاڵ بووە، خەڵکی باوەڕیان وابووە کە هەموو دیاردە سروشتیو کۆمەڵایەتییەکان، وەکو گرانیو قاتوقڕی، لافـــاوو گڕکانو بوومەلەرزە، ڕۆژو مانگ گیرانو..

زادەی هێــزە ڕۆحانیو غەیبانییەکان بووە، نەک زادەی یاســاکانی تەبیعەتو سروشــت، ئەمە کردویەتییــە کارێک کە بێ چەندوچوون چارەنووســی خۆیان بەو هێزە غەیبانیانە بســپێرن و ئەم دنیا بە پرۆڤەیــەک بۆ ئەودنیا بزاننو دژی هەر ئەقڵیــەتو ڕاوبۆچوونێکی زانســتییانەو پێچەوانەی ئەمە بوەســتن، بۆیە مرۆڤــی نموونەیی کەســێک بووە خۆی لە هەموو هەستو پەیوەندییەکی دنیایی دوور بگرێ. هەر بۆیەش مێژووی باڵادەســتی کاتۆلیکییەت، بە قاقڕترین قۆناغی مێژووی مەسیحییەت دادەنرێ، کۆمەڵگەی ئەورووپی ئەو کاتە دەســتی بە پێشکەوتن کرد کە خۆی لە ئەقڵییەتو هزرینی ئایینی ڕزگار کرد، ئەمەش زەمینەی بۆ ئەقڵییەتو هزرینی زانســتی خۆش کردو پێشــکەوتنی نەتەوەییو ئابووریو بازرگانیو ئیکتیشــافاتی لێ کەوتەوە. واتە جیاکردنەوەی ئەقڵی ئاســایی لە ئەقڵی ئایینی، وەرچەرخانێکی گــەورەی لە مێژووی ئەورووپــا بەتایبەتیو جیهان بەگشتی دروســت کرد، چونکە کاتێ کە ئایین دەبێ بە فەلسەفەی ژیانو دەستوور بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی مرۆڤ بە گەردوونەوەو بۆ ئاراستەکردنی مێژوو و کۆمەڵگەو ڕێکخستنی هەموو چەلەنگییەکانی کۆمەڵگە، ئیدی لاهوت جێی فەلســەفە وەکــو چالاکییەکی هزری ســەربەخۆ دەگرێتەوە، ئیدی هزرینی فەلسەفی دەبێتە ئالەتێک بە دەســتی لاهوتەوە. جا مەندی و بێ جووڵەیــی یان کەم جووڵەیی ئەورووپــای ســەدەکانی ناڤین، لــە ســەرێکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵی جیهانبینیی ئایینی، هەموو شــتێک لەژێــر کۆنترۆڵی باوەڕی کاتۆلیکییەتــدا بوو، و دەبووایە گوزارشــت لە کاتۆلیکییەت بکاتو فەلســەفە لەئارادا نەبوو، چونکە بەشێک بوو لە لاهوت یان ئالەتی

دەســـتی لاهوت بوو، بەکورتیو کرمانجی جیهابینیی ئایینی، لاوازی و سســـتی هزری، شەقڵی گشـــتی ناسنامەی ئەو قۆناغە بوو، بەڵام لـــە قۆناغی پاشـــتردا دوای ئەوەی ئەوروپی ئەوەیان کەشـــف کرد کـــە لەدایکبوون و گەشـــەکردنو مردنی هەر دیـــاردەو ڕووداوێک، کۆمەڵێک هۆکارو ســـۆنگەو فاکتەری کۆمەڵایەتیو مێژوویی بابەتی لە پشـــتەوەیە، ئیدی بەرەبەرە خۆی لە جیهانبینیو هزرینی ئایینی ڕزگار کـــردو چەمکـــە میتافیزیکییەکانی لەلا ڕەوییـــەوەو هزرینی ئەقڵیو زانســـتی لا چێ بوو، و بۆی دەرکەوت کە هیچ ماهیەتێکی نەگـــۆڕو جێگیرو میتافیزیکی لەئارادا نییەو هیچ دیاردەو ئەقڵییەتو هزرینێک لە بارودۆخو هەلومـــەرجو ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابووری، جوگرافی، ڕۆشنبیریو مێژوویی... سەردەمی خۆی بەدەر نییەو هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەیی یان ڕۆشنبیری لە مۆرکی ئەو بارودۆخو ژینگەو ســـەردەمە مێژووییە ناخەلەسێت، هیچ ناسنامەیەکی نەگۆڕ لەئارادا نییەو لەگـــەڵ گۆڕانی ژینگەو قۆناغـــە مێژووییەکەدا دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێ کۆمەڵگە دەچێتە قۆناغی پیشەسازی- تەکنۆلۆژییەوە، هەر هەموو ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییە کەلتووریو نەتەوەییانەی کە وا دەهاتە بەرچاو جێگیرو نەگۆڕن، لە ڕەگو ڕیشـــەوە دەگۆڕێن. ماددیەت بەســـەر ڕۆحیەتدا، بەرژەوەندخوازی بەســـەر قارەمانێتی، جیهانبینیی عەلمانی بەسەر جیهانبینیی ئایینی، پراگماتییەت بەسەر ئایدۆلۆژیەتداو ئەقڵیەتو هزرینی زانستی بەسەر ئەقڵیەتو هزرینی میتافیزیکی غەیبانیدا زاڵ دەبێتو شـــەقڵی ناســـنامەی قۆناغەکە دیاری دەکەن. کەواتە هیچ خەســـڵەتو شـــەقڵو تایبەتمەندییەکی جێگیرو نەگۆڕو هەمیشـــەیی نییە کە حەتمیەتێکـــی دیاریکراو، چ

ســـەلبیو چ ئیجابی، بەســـەر میللەت یان نەتەوەیەکدا بسەپێنێ، و ئەم خەســـڵەتو تایبەتمەندی و مۆرکانە هەمیشە زادەو بەرەنجامی بارودۆخو هەلومەرجی مێژوویی، ڕۆشنبیری، ڕامیاریو ئابووری... ن و لەگەڵ گۆڕانی ئەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا دەگۆڕێن.

(٥)

بێگومـــان جیاوازی و ناکۆکیو هەڤـــدژی لەنێوان کەلتووران‌و لە مابێنی قۆناغـــە جیاوازەکانی خودی مێژووشـــدا هەیە، وەکو چۆن ئەمە لە مێژووی هەموو کەلتوورو گشـــت گەلێکیشدا هەیە.. ئەمەش وا دەخوازێ لە گۆشەنیگاو جیهانبینیی جیاوازەوە تاوتووێ بکرێ و هەڵسەنگێنرێ و هێڵە گشتییەکانی دیاری بکرێ، و ئەوەش لەبەرچاو بگیـــرێ کە هیچ نەتەوەو کۆمەڵگەیەک، تایبەتمەندی و خەســـڵەتی نەگـــۆڕو جێگیری ئەوتـــۆی نییە کە حەتمیەتێکـــی دیاریکراوی، چ ســـەلبیو چ ئیجابی بەســـەرا بســـەپێنێ. خۆ ئەگەر تایبەتمەندی و خەســـڵەتانی لـــەو جۆرە ئەگەر هەبێ ئـــەوا بەرەنجام و زادەی بارودۆخ و هەلومەرجێن مێژوویی، ئایدۆلۆژیی، کەلتووریی، ئابووریی ناجێگیرەو پێ بە پێی گۆڕانی ئەو هەلومەرجو بارودۆخانە دەگۆڕێت، بۆیە لە باری ســـەنجی زانســـتییەوە باشترو دروستتر وایە لە لایەنە دینامیکییەکەوە ناســـنامەی نەتەوەیی شرۆڤە بکرێ نەک لە لایەنە میتافیزیکییە وەستاوەکەوە، کە بە هەڵەماندا دەباتو وامان لێ دەکات حاڵەتێکی دەروونیو ئەقڵی ڕێژەییو مێژوویی، بە حاڵەتێکی نەگۆڕو

چەسپاو بزانینو لەو پێودانگەوە مامەڵەی لەتەکدا بکەین. لە کاتێکا ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆمەڵە شێوازێکی هزرینو هەستو ڕەفتاری چوونیەکی ڕێژەیی، کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا مۆرکی خۆی بەڕادیەکی سنووورداری ڕێژەیی بە قۆناغەکەوە دەنێ.

کەواتە جیاوازیی نێوان کۆمەڵگە بەشەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ڕووداوو دیاردەو بارە کۆمەڵایەتی و ژیاری و شارستانییەکانو پەیوەندی بە بارو لایەنی بایۆلۆژییەوە نییە، چونکە ئادەمیزاد بە ئەقڵییەت یان سایکۆلۆژیایەکی تایبەتیو دیاریکراوەوە لەدایک نابێ، بەڵکو بە کۆمەڵە ئیمکاناتو ئەگەرێکی کراوەوە لەدایک دەبێت کە وەدیهاتنیان بەندە بەو بارودۆخو ژینگە دەرەکییەوە کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات، بۆیە زیاتر گوزارشت لە مەیل و کەڵکەڵە گشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە تیایدا پەروەردە دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەنجامی سۆنگەو هۆی ناوخۆ یان دەرەکییەوە دووچاری ئاستەنگ و گوشارو قەیرانی ئەوتۆ نەیەت کە لە ڕاستەڕێی ڕەوتی ئاسایی پێشڤەچوونی خۆی دەری نەکات، چونکە تاک ئافەریدەی دابونەریتەو لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی دەکاتەوە، یان هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێتو ڕادەهێنرێ لەسەر ئەوەی لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە هیچ حەتمیەتێکی دەروونی — ئەقڵییەوە لەدایک نابێت، بەڵکو سروشتی ئینسانی بریتیە لە کۆمەڵێک ئەگەرو ئیمکانات، کەشفبوونو هاتنەدی ئەم ئەگەرو ئیمکاناتە پەیوەستە بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریو ژیاریی و شارستانییانەی کە تەفاعولی لەگەڵدا دەکات. جا بۆیە ئەگەر تاک یان کۆمەڵ لە

ناســـنامەدا لە یەکتر جیـــاواز بن، ئەمە دەگەڕێتـــەوە بۆ جیاوازیی پاشـــخانی مێژووییان نەک بۆ (جەوهەرو ڕۆحێک)، یان (ئەقڵێکی) تایبـــەت بـــە ڕەگەزێک یـــان میللەتێک کە خۆی لەو ناســـنامەیەدا بنوێنێ.

کەواتە ناســـنامەی نەتەوەیـــی یان هەر ڕەفتارێکـــی مرۆڤانی دەچێتەوە ســـەر دوو سەرچاوە، یەکەمیان تەبیعەتی ئینسانییە، کە دەکاتە کۆمەڵێک ئەگەرو ئیمکاناتی گشتیو کراوە، دووەمیان ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو مێژووییە کە زەمینە بۆ کەشفبوونو وەدیهاتنی ئەو ئەگەرو ئیمکاناتە، ئەو ئاراستەو ڕەوتەی کە وەریدەگرێت، خۆش دەکات. مرۆڤ بە تەبیعەت ئافەریدەیەکی زەمانسازە، خۆی دەگەڵ شوێنو ڕۆژگاردا، بەگوێرەی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیان، لە کۆمەڵگە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەگۆڕێ و دەسازێنێ.

## (٦)

مرۆڤ بە تەبیعەت پێویســـتی بە ئاسودەیی دەروونی هەیە، کە هاتووەتـــە ئەم گەردوونە تیژتێپەڕو پڕ لە گـــۆڕانو گۆڕانکارییەوەو بەرانبەر بـــە دیاردەو ڕووداوەکان دەستەوەســـتان بووە، دووچاری ترسو نیگەرانییەکی فرە بووە، ئیدی کەوتووەتە خولیای دۆزینەوەی ســـەرچاوەکانی ئەم دیاردەو ڕووداوانەو گەیشـــتن بە ئاســـودەیی دەروونی، کـــە ڕەنگە ئەم خولیاو هەوڵە یەکێک بێ لە ســـەرچاوە هەرە گرنگەکانی ســـەرهەڵدانی فەلســـەفەو ئایینو ئایدۆلۆژیاکان، چونکە ئەم پێداویســـتییە، واتە ئاســـودەیی دەروونی، مرۆڤ نەک

هـــەر بۆ تێگەیشـــتن لە جیهان هـــان دەدا، بەڵکو هانـــی دەدا کە جیهان بگۆڕێت، مانای پێ ببەخشـــێت، بە قازانجی خۆی ئاراستەی بکات، دەگەڵیدا بســـازێ، واتە ئەو جیهانەی کە مرۆڤ ڕووبەڕووی بووەتەوە، بریتیە لە بوونەوەرانو دیاردەو شتانی ناکامڵو نیوەچڵ، سنووردارو لە حاڵی گۆڕان، بوونی بەندە بە بوونی غەیری خۆیەوە، بۆیـــە مرۆڤ بەدرێژایی ڕۆژگارو ســـەردەمان هەوڵی داوە لە ڕێگەی حەقیقەتانی کامڵو پوختە، ڕەهاو موتڵەق، نەگۆڕو نەمر، لە ڕێگەی حەقیقەتانێک کـــە بوونیان بە خودی خۆیانـــەوە بەندبێ مالیجەی بکەن، واتە بۆ ئەم مەبەستە ڕێک پەنای وەبەر هەڤدژەکەی جیهانی واقیعی خۆی بردووە، بۆیە دەشـــێت بگوترێ کە مێژووی فەلسەفیو ئایدۆلـــۆژی لە بناغەدا بە دەوری ئەم جووتە دژەدا ســـوڕاوەتەوە، کە لـــە زاراوەو چەمکێن کەینونەو ســـەیرورەدا خۆی نواندووە. جا مـــرۆڤ لە هەنبـــەر ئەو ســـەیرورەو گۆڕانەدا کە ســـەرلەبەری ئەو بوونەوەرو شتو دیاردانەی کە جیهان پێکدێنن، دەگرێتەوە.. لە ڕای ئاســـودەیی دەروونی خۆیدا پەنای وەبەر شـــێوەیەک لە شێوەکانی کەینونـــە، واتە حەقیقەتی موتڵەق بردووە، کە بکەوێتە ســـەرووی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە مێژووییە دینامیکییەکانەوە.. جا ئەم واقیعە ئینســـانییە مرۆڤی بۆ ئەم جۆرە داهێنانە ئایدۆلـــۆژی و ئەفراندنە هزری و فەلسەفییە هانداوە...

جا هەر کۆمەڵێک بۆ ئەوەی خۆی بناسێتو هەست بە خۆی بکات پێدەچێت پێویســـتی بە هەڤدژێک بێت، پێویستی بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەڤدژە تا ناســـنامەی نەتەوەیی خـــۆی بخاتە ڕوو، کەو بەرانبـــەر کـــەو دەخوێنێ.. بەبێ ئـــەم جۆرە هەڤـــدژە، یەکێتیی

ناوخۆیی‌و ناسنامە گشـــتییەکەی بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەو لە گرێژەنە دەرچوون دەکەوێ. ئەم پێویســـتییە لە کاتی هەڕەشـــەی دەرەکیدا زیاد دەبێت‌و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەیەش پێویستی بـــە یەکێتییەکی ناوخۆی ســـایکۆلۆژییە.. کاتێ مرۆڤ هەســـت بە وابەســـتەگی خۆی بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەکات، و هەســـت دەکات ناسنامەکەی بەندە بە ناسنامەی ئەو کۆمەڵەوە، ئەو کۆمەڵە بەو ژینگەیە دەزانێ کە مومارەســـەی خودی خـــۆی تیادا دەکات، هەنگـــێ لە باری دەروونییەوە تەیارو ئامـــادە دەبێت بۆ هەر جۆرە تەعەســـوب‌و وابەستەگییەکی توندڕەوانەی جڤاتی‌و دەستەجەمعی، چونکە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە باری دەروونییەوە پەسەندەو هەستی وابەستەگی‌و پشتئەســـتووری‌و متمانە لای خەڵکی دروست دەکات، کـــە خەڵکیش زیاتر پابەنـــدی کۆمەڵگەی خۆ دەبن، لەبەر ئەوەیە ئەندامیەتیی لەو کۆمەڵگەیەدا جۆرە ئاسودەییەکی دەروونی پێ دەبەخشـــێت کە یەکێکە لە پێداویستییە دەروونییەکانی خەڵک، هـــەر ئەمـــەش وا لە تاک دەکات خـــۆ بە خۆ جـــۆرە بەهایەک بە کۆمەڵگەکـــەی خۆ بدات، کە لە کۆمەڵگەکانی تری جیا بکاتەوەو بە زیاتری بزانێ، و هەر جۆرە هەڕەشـــەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەکەی بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خۆی بزانێت، بۆیە بوونی کۆمەڵگەیەک یا چەنـــد کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەکـــەی خۆی، کافیە بۆ ئەوەی خۆبەخۆ جۆرە هەستێکی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لەلا دروست بکات، کە مەگەر هەر وابەســـتەگی جڤاتی کە خۆی لە ناســـنامەی نەتەوەییدا دەنوێنێ، کەوی بکاتەوە.

وەکــو دەردەکــەوێ کاتێ کە گەل یـــان کۆمەڵگـــە دەبێت بە سەرچاوەی هێزو وابەستەگی تاک، ئامادەییەکی زیاتری بۆ دژایەتیی کۆمەڵگە یان گەلانی تر لا دروست دەبێت، بۆ دەروویەک دەگەڕێ کە بەر بۆ هەســتە متبووەکانی دژی کۆمەڵگەیەکی تر یان کەسێک کە نوێنەرایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، بەربدات. جا کاتێ کۆمەڵگەیەک بەگشــتی بەم حاڵەتە بارگاوی ببێ و ئامادە بێ بۆ ئاراســتەکردنی هەستە متبووە شـــەڕانییەکانی خۆی دژی کۆمەڵگەیەکی دی، ئەوا تەعەسوبی نەتەوەیی دەبێتە باشترین کەناڵ بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە هەســتانە، ئەم تەعەسوبو وابەســتەگییە توندە ڕێگە بۆ چەمکی میتافیزیکی ناسنامەی نەتەوەیی خۆش دەکاتو برەوی پێ دەدات.. لــە کاتێکا خویایە کە ئـــەم جۆە هەســتە دوژمنکارییە لە خوێنی هیچ کەس و کۆمەڵگەیەکدا نییەو خووی شــیری نییە، بەڵکو زادەو بەرەنجامــی کارلێکی کۆمەڵایەتیو ئەو ژینگـــەو قۆناغە مێژووییەیە کـــە تاک یان کۆمەڵی تی دەژی، واتـــە دیاردەیەکی جێگیرو نەگۆڕ نییـــە، ئەمە جگە لـــەوەی جیاوازییەکی فرە هەیـــە لەنێوان وەلای نەتەوەییو تەعەسوب و توندڕەوی نەتەوەییدا، مرۆڤی ژیرو پووختە نەک هەر توندڕەوی نەتەوەیی پێ پەسەند نییە، بەڵکو هیچ جۆرە توندڕەوییەک قەبووڵ ناکات..

## (٧)

ئەگەر لە باری ســـەرنجی سۆســـیۆلۆژییەوە سەرنجی پێکهاتەی ناســـنامەی نەتەوەیی بدەین، دەبینین گرنگترین ڕەگەزی پێکهاتەی ناســـنامەی نێوبراو پاشـــخانی مێژووییە. جیاوازیی ڕۆشـــنبیریی و ناســـنامەی نەتەوەیی لەنێوان کۆمەڵگەو میللەتاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیـــی مێـــژوو و ئەزموونی هەر کۆمەڵگە یـــا نەتەوەیەک، واتە هەڵسەنگاندنی ڕۆشنبیریی‌و ناسنامەی نەتەوەیی دەبێ لە چوارچێوەی پاشـــخانە مێژووییەکەیـــدا ئەنجـــام بدرێت نەک لە بەر ڕۆشـــنایی کۆمەڵێک مەحەکو پێوەرو پێوانەی موتڵەق‌و ڕەهادا. بیروبۆچوون‌و جیهانبینی‌و چەمکو بەهاو سیستەمەکان دەگەڵ ڕۆژگارو بەگوێرەی شـــوێنان دەگـــۆڕێ، بۆیە دەبێ لـــە کاتی هەڵســـەنگاندنیاندا ئەو چوارچێوە مێژووییە ڕەچاو بکرێ کە تیایا ڕسکاوەو سەری هەڵداوە، هەرچەندە هەر پاشخانێکی مێژوویی بنەمای تایبەتی‌و دیالێکتیکیی تایبەتـــی خۆی هەیە، بەڵام هەندێ خاڵـــی هاوبەش یان لێکچووش لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە گۆڕان‌و ڕەوتی ناســـنامەی نەتەوەیی، لە هەموو شـــوێنێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەماسی ڕۆشنبیریی دەرەکی‌و ئەو کارلێکو گوشـــارەی ئەم تەماســـە دروستی دەکات. بەبـــێ توێژینەوەو تاووتوێکردنی مێژووی ئەم تەماســـە ناتوانین بە ئاســـانی پەی بە تەبیعەت‌و سروشتی ناســـنامەی نەتەوەیی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەســـەریدا دێت، بەرین.. تەماسی دەرەکی یەکێکە لە فاکتـــەرە بنەڕەتییەکانی گۆڕان‌و هیچ شارســـتانیەتێکی گەورەو ئاڵۆزو فرەلایەن بەبێ تەماســـی دەرەکی دروست نەبووە، واتە هیچ شارستانیەتێکی گەورەو ئاڵۆز، بەری هەوڵ‌و تەقەللای ڕاستەوخۆی

یەک میللەت یان کۆمەڵگە نییە، بەڵکو کۆمەڵگەو میللەتانی دیکەش ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە بەرهەمهێنانیدا کردووە، چونکە هەر تەماســـێکی شارســـتانی ئیجابی لە مێژوودا بگری، لە ئەنجامدا بووەتە مایەی داڕوخان و هەرەسهێنانی کۆمەڵێک سیستەم و چەمکی چەقبەستوو، چاوی خەڵکی کردووەتەوەو ڕێگەی گۆڕانی خۆش کرووە، بەم پێیە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە گۆڕان دانیەمۆی بوون و ژیانەو هیچ شتێک لە دەرێی گۆڕاندا نییە، بۆیە دەبێ مێشکی خۆمان لە هەر بۆچوون و هزرینێکی میتافیزیکی ڕزگار بکەین...

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:


١- حدود الهويه القوميه، د. نديم البيطار- ٢٠٠٢
٢- الفكر الواقعى عند ابن خلدون، ناصيف نصار- ١٩٨١
٣- ســاطع الحصرى رائد المنحى العلمانى في الفكــر القومى العربى، تيخونوفا- ١٩٨٧

# پێشەکییەکی گشتی

کورد ئێرانی نەژادە. نیشـــتەجێی ڕۆژهەڵاتـــی نزیکن، کورد لە تورکیای تاڕادەیەک عەلمانی و ئێرانی شیعە مەزەب و عێراقی عەرەب نەژاد و ســـوننی مەزەب و ســـوریا و قەفقازدا دەژین و نیشتەجێن، بایەخـــی ئابووری و ســـتراتیژیی کوردســـتان لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

خەڵکی کوردیش وەکو هاوســـێکانیان لە پـــاش یەکەم جەنگی جیهانییـــەوە، لە بواری ڕامیاری و ئابووری و کولتوورییەوە، گۆڕانی گەورە و لەبەرچاویان بەســـەردا هاتووە. گەلێک نووسراو دەربارەی گشـــت ئـــەم لایەنانە نووســـراون و لە هەندێ وڵاتانـــدا گەلەک لەو بەرهەمانە چاپ و بڵاوبوونەتەوە و بە ژێدەرو ســـەرچاوەی گرنگ و بایەخدار دەژمێردرێن.

# کورد و کوردستان

## أ. پاشایی خاکی کوردستان :

وشەی کورد، بە مەعناو چەمکی کورد، زۆر لەمێژە بەکارهێنراوە. گەر نەمانەوێ بۆ سەردەمانی زۆر کۆن بگەڕێینەوە ئەوە بەلای کەمەوە دەزانین کە ئەم وشـــەیە (کورد) لە سەروبەندی فتوحاتی عەرەبدا وشەیەکی ناسراوو باو بووە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە وا دێتەبەرچاو کە ناوی کوردســـتان یا (خاکی کوردان) لە ســـەردەمی ســـوڵتان سەنجەری (لە ١١٥٧دا مردووە)، دوا پاشای گەورەی سەلجووقیاندا بە ڕەســـمی ناسراوە. سوڵتان سەنجەر قەڵەمڕەوێکی دامەزراند، کە شـــاری (بەهار)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی هەمەدان پایتەختەکەی بوو. ئەم قەڵەمڕەوە کەوتبووە نێوان (ئازربایجان و لوڕســـتان)ەوەو ئەم شـــارانەی دەگرتەوە: (هەمەدان، داینەوەر، کرمان شـــا، سنە، لە ڕۆژهەڵاتەوە گەییبووە زاگۆرس و لە ڕۆژئاواوە گەییبووە شارەزوور و خوفیتان لە کەنار زێ). (حەمدڵڵا مســـتوفی، لە ١٣٤٩ دا مردووە) لـــە کتێبـــی (نزهەت القلـــوب) – چاپی (لســـترنج ل١٠٨ و چاپی تاران، ســـاڵی ١٩٥٧ ل ١٢٧)دا– تێکڕا نێوی شـــازدە (شار) دەبا. (شەرفە ئەدین) لە (شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی شەرەفنامەدا،

له فەسـڵی سـێیەم و چوارەمدا بۆ دوودڵی لوڕەکانی بە بەشێک له کورد داناوه) تێکڕای مێژوونووسـانی عەرەبیش لوڕسـتانیان به بەشێک له کوردستان حسێب کردووه و به تێکڕای ئەم ناوچەیەیان گوتـووه (الجبـال). (ئەولیا چەلەبی سـەیاح و گەڕیدەی تورک) له سـیاحەتنامەکەیدا نێوی نۆ شـاران دەبا که لـه زەمانی ئەودا قەڵەمڕەوی کوردستان بوون، ئەو شارانه بریتین له: ئەرزڕۆم، ڤان، هەکاری، دیاربەکر، جزیره، ئامێدی، موسڵ، شارەزوور و ئەردەڵان)، دەڵێ: «پانتایی ئەم شارانه ١٧ ڕۆژ ڕێ بووه«.

ململانێی نێوان سـوڵتانانی عوسمانی و پاشایانی ئێران زۆرجار پەیوەندیـی پتەوی ئەم شـارانەی دەشـڵەقاندو سسـتی دەکرد. حوکمڕانانی تورکیا له سـەدەی (١٧)دا تەنیـا (٣) ناوچەیان به کوردسـتان حسـێب دەکرد که بریتی بوون له: (دەرسیم، موش و دیاربەکر).

لـه ئێرانیش، له سـەدەی (١٦)دا (هەمەدان و لوڕسـتان له کوردستان جیاکرانەوەو تەنیا ناوچەی ئەردەڵان که سنه مەڵبەندەکەی بوو، وەکو کوردستان هێڵرایەوە).

ئەوڕۆکـه ئێران تاقه وڵاته که بەشـێک لـه وڵاتەکەی به ناوی کوردستان به ڕەسمییەت دەناسێ. له گشت وڵاتەکانی دیدا، وشەی کوردسـتان، لەلایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانەوه لابراو له ئەتڵەسه جوگرافیاییەکاند دوورەپەرێزی لێ دەکرێ.

له تورکیادا، به کوردسـتان دەگوتـرێ ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات. له عێراقدا پێی دەگوترێ باکووری وڵات. له سوریادا به ناوچەی جزیره نێودەبرێ.

## ب . سنووری نەتەوەیی و جوگرافی کوردستان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرێ ڕا ئەوە بەدیار دەکەوێ کە ناوەندە مێژوویی و قەڵەمڕەوە سیاسییەکەی کوردستان لەگەڵ ژمارە و نیشـــتمانی واقیعی میللەتی کـــوردا ناگونجێ، بۆیە دەبێ تخوب و سنووری کوردستان لەنێو هەریەکێک لەو وڵاتانەدا کە کوردیان پێوە لکێنراوە بەشێوەیەکی نزیکەیی (تقریبی) دیاری بکرێ.

کـــورد لە تورکیـــادا، لە هەمـــوو ناوچەکانـــی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا نیشـــتەجێن. بەپێی بۆچوونی (تروتر) سنووری ناوچەی کوردستان لە باکوورەوە شـــارانی (دی ورغی، ئـــەرزڕۆم و قارس) دەگرێتەوە. کورد لە ناوچەی ئەرزڕۆمدا بەتایبەتی نیشتەجێی ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشـــووری ڕۆژهەڵاتن. هەروەها کورد نیشتەجێی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشـــووری ڕۆژهەڵاتن. هەروەها کورد نیشتەجێی هەموو ناوچە شـــاخاوییەکانی ڕۆژئـــاوای ئـــارارات و ناوچەکانی قاغیزمان و توزولوکان ـن. لەلای ڕۆژئاواوە ناوچەی کوردنشـــین لە شـــێوەی کەمەربەندێکـــی پانـــدا درێژ دەبێتەوەو ســـنووری دەگاتە ئەوبەری ڕووباری فورات و تا شـــاری سیواس و ناوچەکانی قانغال و دیورغی دەڕوات. هەروەها هەموو دانیشتووانی سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتـــی ئەم ناوچانە کـــوردن. ژمارەیەک لە کوردانی هاجیر، لە سیلسیا و باشووری ئەنقەرەو لە شارە گەورەکانی وەک: (ئەستەمۆڵ، ئەنقەرەو ئەزمیر)دا دەژین.

بـــە کورتی دەتوانین بڵێین لە حاڵـــی حازردا تورکیا کە لەڕووی دابەشکردنی ئیدارییەوە بەســـەر (٦٧) شاردا دابەش بووە، بەلای

کەمەوە (١٧) شاریان کوردنشینن و بریتین لە:

لە باکــووری ڕۆژهەڵاتــەوە: ئەرزنجان، ئــەرزڕۆم و قارس، لە ناوەنــدو ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە باکوورەوە بۆ باشــوور بریتیە لە: (مەلاتیە، تونجەلی، ئالازیغ، بین گول، موش، قاراگوز (ئاگری)، ئادی یامان، دیاربەکر، سیرت، بتلیس)، ئەوجا شارەکانی باشوور دێ: (ئۆرفــە، ماردین، جولەمێرگ-هەکاری (. هەموو ئەو شــارانە بەتەواوی کوردنشینن. کوردەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوور و تێکەڵاوی برا کوردەکانیانن لە ئێران.

لە ئێراندا کوردەکان لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتدا دەژین. هەوەڵجار لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاواوە دەست پێ دەکەین، لەم پارێزگایەدا ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشــووری دەریاچەی ورمێ هەموو کوردنشــینن. لە ڕۆژئــاوای دەریاچەکەوە: ناوچەکانی (ماکۆ، قەتور، شــاهپور (سەڵماســی ئێســتا) و لە باشــووری دەریاچەکەوە: (مەهاباد، پیرانشــار، نەغەدە، شنۆ، تەکاب، قروە، دیواندەرە)، کوردنشینن. هەروەها ناوچەی ئەردەڵانیش کە پارێزگاری کوردســتانی پێ دەگوترێ و مەڵبەندەکەی ســنەیە، کوردنشینە. ئەو ناوچە کوردنشــینانەی دی کە ســەر بــەم پارێزگایەن بریتین لە: (بۆکان، ســەقز، سەردەشــت، بانە، بیجار (گروز) مەریوان و هەورامان). شاری کرماشانیش کوردنشینە، جگە لەو ناوچانە گەلێک کوردی دوورخراوە لە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان هەن کە لە خوراسان، (بنجورد) فــارس و کرمان دەژین. هەروەها لە شــارە گەورەکانی وەک: تەورێز و دەوروبــەری تارانیش ژمارەیەکی زۆری کورد هەن. هەروەها لە کلکەی ڕۆژهەڵاتی ئێران و لەوبەری سنوورەوە تیرەیەکی

گەورەی کورد لە ناوچەی بلوجستان نیشتەجێن.

لـــە عێراقدا کوردەکان لە باکـــوور و باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەژین. شـــارە کوردنشـــینەکان بریتین لە: دهۆک، کە لـــەو دواییانەدا لە موســـڵ جودا بۆتەوە. ناوچەکانی (زاخۆو مزوری و جیر، ئامێدی و ئاکرێ) دەگرێتەوە، هەروەها ناوچەکانی دەســـتەچەپی ئەو شارانە وەکو: (ژەنگار و شـــێخان نیشـــتمانی کوردە یەزیدییەکانن. ناوچە کوردنشـــینەکانی دی بریتیـــن لە: (کەرکوک، هەولێر، ســـلێمانی، دیالـــەو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی). لەم ناوچانەدا کوردەکانی عێراق هاوسنوورن لەگەڵ کوردە ئێرانییەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوای زاگرۆس. ژمارەی کورد لە بەغداد بەرانبەر بە ژمارەی دانیشـــتووانی موسڵە.

لە سوریادا کورد لە سێ ناوچەی دیاردا نیشتەجێن: لە باکووری وڵاتەوە: کورد لە باشـــووری ئەو شارێیەدا نیشتەجێن کە سنووری وڵات پێکدێنـــێ. لەم ناوچەیـــەدا پێوەندیی ڕاســـتەوخۆیان بە برا کوردەکانـــی تورکیایانـــەوە هەیە. ناوچەیەکی دی بـــە پانی (٤٠) کیلۆمەتر لە کورد داغەو تا ڕۆژهەڵاتی فورات، واتە لەو شوێنەوە کە ڕووبارەکە لە نزیکی جرابلوسدا داخڵی خاکی سوریا دەبێ، دەست پێ دەکات. ســـەرەنجام ناوچەیەکی دی بە درێژی (٢٥٠) کیلۆمەتر و پانـــی (٣٠) کـــم کە کەوتۆتە جزیرەوە و بریتیە لە ســـەرچاوەی (درباســـیە، ئامورا، قامیشـــلی، عەین دیوار و دیریک). هەموو ئەم ناوچانە کەوتوونەتە نێوان دیجلەو ڕووباری خابوورەوە کە لقێکە لە فورات. لەم بەشەی خاکی ســـوریادا کە لە شێوەی دەنووکی مەلدا هەڵکەوتووە، کوردەکانی ســـوریا و عێراق و تورکیا پێوەندییان بە

یەکەوە هەیە. جگە لەم ناوچانە هەزاران خێزانی کورد لە شارەکانی وەک: (دیمەشق، حەما، حەڵەب)دا دەژین.

کورد لە قەفقازیش هەن. لە کۆماری ئەرمەنستاندا (٣٥) گوندی کوردنشین لە ناوچەکانی ئاپاران، باسارگسار، هوک تمبری یا، تالین، ئیسمیادزیف هەیە. لە کۆماری ئازربایجاندا (٢٥) گوندی کوردنشین لە ناوچەکانی کاباجان، لاچین و کوباتلی هەن. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کورد لە شـــارانی یەریڤان، باکۆو لە کۆماری گورجســـتان و شاری تەفلیسدا دەژین.

چونکـــە کوردســـتان ســـنوور و تخوبێکی تەواو دیـــاری نییە، بۆیـــە دەستنیشـــانکردنی پانتایـــی خاکی کوردســـتان زەحمەتە. ئینســـایکلۆپیدیای بریتانیا درێژی و پانی ناوچەی کوردســـتانی بە (٦٠٠ و ١٥٠) میل خەملاندووە. قامووس الاعلام (چاپی ئەستەمۆڵ، ســـاڵی ١٨٩٦) کە تاقە سەرچاوەیە، لە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئاماژەی بۆ ناوچەکانی کوردستان کردووە، درێژی خاکی کوردســـتان بـــە (٩٠٠ کم و پانییەکەی بـــە ١٠٠- ٢٠٠) کم داناوە. لە حاڵی حـــازردا پانتایی ناوچە جیاکانی کوردســـتان لە تورکیادا نزیکەی (١٩٠) هەزار کم٢ و لە ئێرانا (١٢٥,٠٠٠) کم٢ و لە عێراقدا (٦٥,٠٠٠) کـــم٢، لە ســـوریادا (١٢,٠٠٠) کم٢ دەبـــێ کە تێکڕای پانتایی خاکی کوردســـتان دەکاتـــە نزیکەی (٣٩٢,٠٠٠) کم٢ وەکو چۆن ژمارەیەکـــی زۆری کوردی لە دەرێی خاکـــی خۆیاندا دەژین، خەڵکانێکی زۆری غەیرە کوردیش لە کوردستاندا دەژین. لە تورکیادا لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا خەڵکانی تورکیش هەن، هەروەها لـــە باکووری کوردســـتانی تورکیادا کۆمەڵێـــک ئاریایی ڕەچەڵەکی

قەفقازی مەرکەزی و قەرغیز هەن. لە باشووردا ژمارەیەکی سیریاک یا مەسـیحیانی چاکوبایت هەن. ئەرمەنـی لەم ناوچانەدا بەتەواوی لەناوچوون.

لە ئێراندا، لە ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و لە عێراقدا لە ناوچەی دهـۆک و زاخۆو کەرکوکدا ژمارەیەک نەسـتووری و کلدانی دەژین. لـە شارەکانیشـدا ژمارەیەکی کەمی ئەرمەنی هـەن. جوولەکە کە سـەردەمانێک ژمارەیان زۆر بوو، لە ساڵی (١٩٤٨) بەدواوە هەموو کۆچیان کرد (و جی- فی شـل. جوولەکەکانی کوردسـتان بەر لە سـەد ساڵ یاداشتنامەی گەڕیدەیەک دەربارەی وەزعی کۆمەڵایەتیی جوولەکـە (١٩٤٤). هەروەها (ئای- بن زوری): گروپی دوورخراوە و لە ئاشـووریان هەڵاتـوو- لە ئەنجوومەنـی جوولەکانی ئەمریکا - فیلادلیفیـا ١٩٥٧) هەروەهـا لە کەرکوکـدا کۆمەڵێک تورکمان نیشتەجێن (ع . ش. ڤانلی، کوردستانی عێراق لە ٣٤٢- ٣٤٣).

## ج . ژمارەی کورد:

چونکە ئەو سەرژمێرییانەی کە لە شار و ناوچە کوردنشینەکاندا دەکرێ، ژمارەی کوردەکان بە جیـا ناخاتەڕوو، بۆیە ژمارەی وردو دروستی هەموو خەڵکی کوردستان لەتوانابەدەرە. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سیاسـییەوە ژمارەی ڕاسـتەقینەی دانیشـتووانی کوردسـتان بڵاو ناکرێتەوە. لێرەدا چەند نموونەیەک دەربارەی دانیشـتووانی کوردسـتان دەخەینە ڕوو کـە جیاوازیی

ژمارەکان زۆر زەقەو ئەوە نیشـــان دەدا کە مەســـەلەی سەرژمێریی کوردی کوردســـتان مەسەلەیەکی ئاڵۆزو دژوارە . لەوەیشە نیشانەی ئەم حەقیقەتەش بێ کە نووســـەرانی ئەو ســـەرژمێرییانە هەموویان یەک پێـــوەرو پێوانەیان دەربارەی نـــەژادی میللی، مەزەب و زمان بەکارنەهێنابێ. بۆ وێنە هەندێ کەس لوڕ بە بەشێک لە کورد نازانن. حەقیقەتێکـــی دیکەش هەیە کە پێویســـتە ڕەچـــاو بکرێ، ئەویش پێشکەوتنی زانستی سەرژمێرییە کە سوودوەرگرتن لەو پێشکەوتنە قازانجـــی کوردەکانە، بەڵام ئەوەی ڕاســـتی بێ ئەم زانســـتە لەمەڕ کوردەکان هەمیشـــە پشـــتگوێ دەخرێ. لێرەدا هەندێ سەرژمێری دەربـــارەی کورد دەخەینە ڕوو، کە لەلایەن ئەم کەســـانەی ئامادە کراوە:

١ـ ب. نیکیتین ٩٤٢- ١٩٥٦.

٢ـ اس. ای. بروک. قەومی هەکاری ٩٣٠- ١٩٥٨.

٣ـ ر. قاسملۆ. کوردستان ٩٢٣- ١٩٦٥.

٤ـ ع . ش. ڤانلی کوردستانی عێراق ٩٣٠- ١٩٧٠.

٥ـ ی. جی. ادموندز هەستی نەتەوەیی کوردەکان، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری مێژوو، بەرگی یەکەم ١٩٧١.

| | نکیتین | بروک | قاسملو | ڤانلی | ادموندز |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ تورکیا | ٤, ٥٠٠, ٠٠٠ | ٢, ٥٠٠, ٠٠٠ | ٤, ٩٠٠, ٠٠٠ | ٦, ٦٠٠, ٠٠٠ | ٣, ٢٠٠, ٠٠٠ |
| ٢ـ ئێران | ١, ٥٠٠, ٠٠٠ | ١, ٨٠٠, ٠٠٠ | ٣, ٣٠٠, ٠٠٠ | ٤, ٢٥٠, ٠٠٠ | ١, ٨٠٠, ٠٠٠ |
| ٣ـ عێراق | ٥٠٠, ٠٠٠ | ٩٠٠, ٠٠٠ | ٥٥٠, ٠٠٠ | ٢, ٠٠٠, ٠٠٠ | ١, ٥٥٠, ٠٠٠ |
| ٤ـ سوریا | ٥٠٠, ٠٠٠ | ٣٠٠, ٠٠٠ | ٢٥٠, ٠٠٠ | ٥٠٠, ٠٠٠ | ٣٢٠, ٠٠٠ |
| ٥ـ قەفقاز | ٢٥٠, ٠٠٠ | ٠٠٠٠٠ | ١٦٠, ٠٠٠ | ١٥٠, ٠٠٠ | ٨٠, ٠٠٠ |
| کۆی هەمووی | ٧, ٢٥٠, ٠٠٠ | ٥, ٥٠٠, ٠٠٠ | ١٠, ١٦٠, ٠٠٠ | ١٣, ٥٠٠, ٠٠٠ | ٦, ٩٥٠, ٠٠٠ |

## د . جوگرافیای کوردستان:

### ١. له باری سروشتییەوە:

کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە. زۆربەی چیاکانی بەرزن. بەرزاییەکانی کوردستان لە بەشی تورکیادا بریتین لە: زنجیرە زۆر و زەبەندەکانی چیاکانی (تۆرۆسی ڕۆژهەڵات). ئەم زنجیرە چیایانە لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستەوەو لە هێڵی پانی جوگرافیایی کەنداوی (ئەسکەندەرۆن)ەوە دەست پێ دەکات، لەوێوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەکشێ. لە (باکووری مەرعەش)ەوە دەبێ بە (٢) زنجیرەوە و لێکدی جودا دەبنەوە. زنجیرەی باکوور کە (ئینگرک داغ) و (نورهەق داغ) (٣٠٩٠)م دەگرێتەوە، لەگەڵ کێوی ئاگری داغدا یەک دەگرێ و دەکشێ تا لەگەڵ زنجیرە کێوانی منرور (٣٠٨٨)م و مەرکان و کارگاپارازی (٣٣٨٨)م یەک دەگرێتەوە. پاشان خوار دەبێتەوەو زنجیرە چیاکانی ئاراگس دەبڕێ و ئەنجام لە زنجیرە چیاکانی ئاراراتدا دەکوژێتەوە.

زنجیرەی دووەم لە شێوەی هەیڤۆکێکدا لە باشووری مەلاتیەوە دەست پێ دەکات. لەگەڵ چیاکانی مەعدەن و لووتکەکانی هاچرس (٢٦٨٩)م و ساسوندا (٢٥٩٠)م تا باشووری موش بەردەوام دەبێ و پاشان لەگەڵ چیاکانی بەتلیس و هەکاری (٣٦٣٠)م و سیلۆداغ

بەرەو باشـــووری دەریاچەی ڤان دەکشێ و لەگەڵ کێوی جیلۆداغدا دەگاتە ئەوپەڕی لووتکەی بەرزی خۆی (٤١٧٠)م.

دەشـــتی ئەرمەنیان کەوتۆتە نێوان ئـــەم دوو زنجیرە چیایەوەو بەرزییەکەی (١٠٠٠- ١٥٠٠)م کەمتر نییە. جگە لەمانە لە ســـنووری باکووریشـــدا چەند زنجیرە چیایەکی هاوتەریـــب هەن کە لووتکەی زۆر بـــەرزی وەک (چکمـــاک)ی تێدایەو لە باشـــووری ئەرزڕۆمیش زنجیـــرە چیایەکی گڕکانی هەیە بە نێوی پالندوکن داغ (٣١٢٤)م لە باشوورەوە زنجیرە چیاکانی بن گوڵ- شەرافقین هەن و لە ڕۆژئاواوە لووتکەکانـــی تونجەلی هەن کە بوون بە شـــورایەکی سروشـــتی بۆ شاری دەرسیم. ڕووباری فورات لەم بەشەدا تاشەبەردە بلورینەکانی بەســـتێنی خۆی بە قووڵی هەڵدڕیـــوەو بووە بە دۆڵێکی زۆر قووڵ. هەڵدێر و چیا ســـەختەکانی ئەم ناوچەیە شکۆو جوانییەکی دڵڕفێن و خەیاڵییان هەیە. لە باکووری مەلایەتەوە دەشـــتی جوان و بەپیت لەلایەکەوە تا باشـــووری ڕۆژهەلاتی ئالازیـــغ (١٠٢٠)م و لەلایەکی دییەوە تا باکووری مووش (١٥٠٠)م ڕاکشاوە ئەم ناوچەیە (ئەناتولی) بـــەردەوام بوومەلەرزەی هەیە کە هەندێکجار دەبێتە مایەی قوربانی یەکجار زۆر. یەکێک لەو بوومەلەرزانە، ئەوەی ئەرزنجان بوو لە ساڵی (١٩٣٩)دا کـــە بـــووە مایەی مەرگی (٢٥) هـــەزار کەس. هەروەها بوومەلەرزەی وارتوو. لە ســـاڵی (١٩٦٦) و بوومەلەرزەی بن گۆل و گەنج لە ساڵی (١٩٧١)دا.

ناوچـــە بەربـــڵاو و هەموارەکانی ئـــادی یامـــان، ئورفە (٥٥٠) م دیاربەکـــر (٦٥٠)م کەوتوونەتە باشـــووری گەوەکانی کۆســـاری تۆرۆســـەوە، لێرەوە و بەرەو دۆڵی دوو ڕووبار ڕادەی بەرزایی زەوی

کەم دەبێتەوە و میانەی بەرزی دەگاتە (٣٠٠٠)م. لووتکەی گڕکاناوی قەراجەداغ (١٩١٥)م کەوتۆتە ئەم ناوچەیە. هەروەها زنجیرە کێوی (تورعابدین)ش کە لە ماردینەوە بە بەرزایی (١١٣٠)م دەســـت پێ دەکات و ســـەرەنجام لە ڕۆژهەڵاتـــەوە بە چیای هەراگول (٢٩٤٣)م کێـــوی جودی (٢٠٨٩)م کۆتایی دێ، کەوتۆتـــە ئەم ناوچەیەوە لە ڕۆژهەڵاتـــی تورکیادا زنجیرە کێوێک هەیە و لە باکووری ناوچەکەوە دەســـتی پێ کردووە. ئەم زنجیرە کێوە دێ و لەگەڵ هەردوو کێوی ئاراراتی گەورە و (ئاگری داغ= ٥١٦٥)م ئاراراتی بچووکدا (٣٩٢٥)م دا تێکـــەڵ دەبێ و دەگاتە ئەوپەڕی بەرزی خۆی. ئەم بەرزاییانە بـــە دەوری کۆمەڵە چیایەکی تازەدا کە زنجیـــرە چیایەکی دی لێ جیادەبێتـــەوە و یەکێـــک لەو زنجیرانە بـــە دەوری دەریاچەی ڤاندا دێتـــەوە. هەردوو کێوی تەنـــدرۆک (٣٣١٣)م کە ســـەرچاوەیەکی گۆگـــردی یەکجـــار دەوڵەمەندی تێدایە و کێوی ئـــالاداغ (٣٢٥٥)م کەوتوونەتە بەشـــی باکووری ئەم زنجیـــرە چیایەوە. چیای کێوداغ (٣٨٥٠م) منگنـــەداغ (٣٦١٠م) ئیزپریزداغ (٣٥٣٧)م کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیە. واویران داغ و (٣٥٥٠)م و کێوی ســـاتاک کەوتوونەتە باشوورەوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە جگە لە هەردوو کێوی ئارارات کە لە ئەنجامی گڕکانی زۆر کۆنەوە دروست بوون، دوو کێوی گڕکانیی دیکەش لە کەنـــاری باکووری دەریاچەی ڤاندا هەن کە بریتین لە کێوی ســـیپان (٤٤٣)م و کێوی نەمرووود کە بەرزایی بەرزتریـــن لووتکەی دەکاتە (٣١٤٠)م لـــە بەرزایی (٢٥٥٢) مەتری ئەم چیایـــەدا دەریاچەیەک هەیە و ئاوەکەی شـــیرینە. دەریاچەی ڤان کەوتۆتە بەرزایی (١٧٢٠)م و هەموو ناوچەکانی باشـــووری ئەم

دەریاچەیەش زۆر بەرزن و بەگشـــتی ئەم ناوچەیە بەرزترین بەشی کوردستانی تورکیا پێک دێنن.

ئەو زنجیرە کێوانەی دی کە سەر بە ئاراراتن، بریتین لەو زنجیرە کێوانەی کە لە باکوورەوە بەرەو باشـــووری دەکشێن و کەوتوونەتە نێـــوان هەردوو دەریاچـــەی ڤان و ورمێ و کوردســـتانی تورکیا لە کوردســـتانی ئێران جودا دەکەنەوە. پاش ئەوەی ئەم کێوانە لەگەڵ لووتکـــە بەرزەکانی (هەرکی- هەورمـــان)دا یەک دەگرنەوەو بەرەو باشـــووری ڕۆژئاوا شـــۆڕ دەبنەوەو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پێک دێنـــن. چیاکانی زاگـــرۆس وەکو زنجیرە چیـــای هاوتەریبی یەکدی بەشی هەرە زۆری کوردستانی گرتۆتەوە. زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس کەوتوونەتە خاکی ئێران و دوو زنجیرەی ڕۆژئاوای زاگرۆسیش کەوتوونەتە خاکی عێراق. (ی. جی. ئەدموندز) گوتەنی، پیاو ناتوانێ بەئاسانی ناوێک بۆ ئەم زنجیرە چیایانە بدۆزێتەوە کە لە هەموو ناوچەکاندا هەمان ناوی هەبێ. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم زنجیرە چیایانە بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێن. بۆ وێنە لەوەیە ناوی ئەم زنجیرە چیایانە، بەپێی ئەو شـــوێنەی کە زنجیرە چیایەکەی لێیە، یا بەپێی فلان هەوراز و نشێو، یا بەپێی ڕێگوزەرێکی تایبەتی یا گوندێک کە کەوتبێتە بناری، مەزاری وەلی و پیاوچاکێکی نزیک لێوەی، بگۆڕێ و ناوی ئەو شوێنانە بگرێتەخۆ و بەو ناوانەوە بناسرێ.

لە کوردستانی ئێراندا، چەند زنجیرە کێوێکی فەرعی و هاوتەریبی یەکدی، لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشـــووری ڕۆژئاوا داکشـــاوە. بەرزترین لووتکەی ئێرە بریتین لە: دالانپەڕ (٣٧٤٨)م کە کەوتۆتە سەر سنووری تورکیا و ئێران و عێراق. سپی ڕەز و قەندیل یاکۆگیز

(٣٧٨٢)م گەلاڵــە (٣٣٦٤)م کەمێــک لەولاترەوە و بە دەســتی ڕۆژهەڵاتدا دەگەینە چیاکانی چل چەشــمە (٣٤١٦)م زۆربەی ئاوی کوردســتانی ئێران لــەم کێوانەوە هەڵدەقوڵێ. کە بەرەو باشــوور دەچیــن دەگەینە زنجیرە کێوەکانی هەورامان (٣٢١٦)م و جیلۆ کە میانەی بەرزییان دەگاتە (٣٥٠٠)م ئەم زنجیرە کێوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە کێوەکانی (لوڕستان و پشت کۆ).

لە کوردســتانی عێراقدا و لە باشــووری سنووری تورکیادا و بە پاڵ زنجیرە چیاکانی جودی و شێخان و جەلۆدا، ڕووەو دەشتەکانی دۆڵــی دوو ڕووبار بەرەبەرە بەرزی کێوەکان کەم دەبێتەوە. زنجیرە کێوەکانی (بێ خێر و مەتیناو گارا) بەرەو ســنووری ئێران کشاون و کێوی سەری کوڕاوا (٣٦٠٣)م و دۆڵەڕەش (٣٤٤٩)م و خوارابتە (٣١٦٨)م کەوتوونەتە ئەوبەری زێی گەورەوە. لە ناوچەی برادۆستدا گەرچی چیاکانی سەر سنوور بەرزن، وەکو کێوی هەڵگورد (٤٠١٣) م، بــەڵام بەرەبەرە کە بەرەو دەشــتەکان شــۆڕ دەبێتەوە، بەرزی کێــوەکان کەم دەبنــەوە. بۆ وێنە کێوی هندرێن کە لە باشــووری ڕۆژهەڵاتی (ڕەواندوز)دایە، بەرزییەکــەی لە (٢٧٩٣)م تێناپەڕێ. لەوبەری زێی بچووکەوە یەکسەر دەگەینە زنجیرە کێوێکی هاوتەریبی یەکدی و تێکەڵ بە چیاکانی زاگرۆس دەبن.

لە زنجیرە چیاکانی (کوڕە کاژاو، کۆجاڕ، کوڕکوڕە، و ئاسۆس)دا لووتکــەی زۆر هەن کە بەرزیان لەنێوان (٢٩٥٠- ١٩٦٠) مەتردایە، زنجیرە چیای ئەزمر، قەرەسرد بەرزییەکەی کەمترە، بەرزییان لەنێوان ١٨٧٠-١٦٠٨ مەتردا دەبێت، بــەڵام لەنێو ئەم چیایانەدا لووتکەی (پیرەمەگــروون) کە بــەرزی (٣١٨٣) مەتــرەو کەوتۆتە باکووری

ڕۆژئاوای سلێمانییەوە، شکۆو جوانی و دیمەن و جیلوەیەکی تایبەتی هەیە. دوا زنجیرە کێوی هاوشانی (بنگرد، بەرانانە) کە بەرزییەکەی لەنێــوان (١٧٣٩- ١٤٧٧)م. لەو زنجیــرە کێوانەی دی کە بەرەو ڕۆژئاوا کشــاون زنجیرەی فەرەداغە، کە زنجیــرە چیایەکی درێژەو بەرزاییەکەی لەنێــوان (١٣٧٨- ٢٠١٧)م دایە. ئەم زنجیرە چیایە گەلەک گوزەرگای تێدایە کە بەرزییەکان لەگەڵ دەشــتی (پردێ و کەرکوک و داقوق)دا پێکەوە دەبەســتێ و لەلای ڕۆژئاواوە دەبێ بە دراوســێی شاخەکانی حەمرین (١٦٤٠)م. ئەم چیایانە بەشێوەیەکی پێچاوپێچ لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەکشێن و لە دیالەو ســیروان تێدەپەڕن و ســەرەنجام لەو شوێنەدا کە زێی بچووک و دیجلە یەک دەگرن، کۆتاییان دێ.

پێویســتە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە لە تەقسیمبەندی تازەی ئیداری عێراقدا چیای (ژەنگار)یان لە کوردســتان جیاکردۆتەوە. لە کاتێکا ئێمە دەزانین کە ئەم ناوچەیە کوردنشینە، چونکە یەزیدییەکان کە بەڕاستی کوردن، لەم ناوچەیەدا دەژین. چیای ژەنگار درێژییەکەی (٦٠) کیلۆمەترە، پانییەکەی (١٥) کیلۆمەترە، بەرزییەکەی نزیکەی (١٦٠٠) مەتــرەو کەوتۆتە نێو دۆڵــی دوو ڕووبارەوە و تا ڕۆژئاوای موسڵ کشاوە.

گەرچی سەرزەمینی کوردســتان زۆر ناهەموارەو پڕە لە هەوراز و نشــێو، بەڵام لە سایەی کانیاوی ســازگاری زۆر و چۆمی فراوان و ڕووباری هەمیشــە ئاودارەوە، بەشــێکی تەواوی خاکی وڵات ئاو دەدرێ.

با سەرەتا لە ئاراکس یا ئاراسەوە دەست پێ بکەین، سەرچاوەکەی

کەوتۆتە کوردستانەوەو لە دەشتی بن گوڵی نێوان دیجلەو فوراتەوە لە هەزار دەریاچەوە هەڵدەقوڵـێ و بەپێچەوانەی دیجلەو فوراتەوە کە هەردووکیان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا کشاون، ئاراس لە سەرەتادا بەرەو باکوور و پاشـان بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێ و بە ئەرمەنستانی ڕووسیادا تێدەپەڕێ.

هـەردوو ڕووبـاری مەزنی دیجلەو فورات، ڕێک بە کوردسـتاندا تێدەپەڕن. فورات لە دوو لقی سـەرەکی پێکهاتووە کە ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستانیان گرتۆتەوە. لقەکەی باشووری پێی دەگوترێ قەرەسوو کە (٤٥٠)کم درێژەو لە کانیاو و سەرچاوە بێشوومارەکانی کێوی (دوملوداغ)ەوە هەڵدەقوڵێ و پاشان بە دەشتەکانی ئەرزڕۆمدا دەکشـێ و لەم ناوچەیەدا ئاوی کانیاوەکانی کێوی (چورەداغ)یشی تێکەڵ دەبن. لێرە بەولاوە دەکەوێتە دۆڵێکی تەنگەوەو بەرەو ڕۆژئاوا دەکشـێ و دەشـتی ئەرزنجان ئاودەدا، لەم ناوچەیەدا، پێچ پێچی تێدەکەوێ و بەرەو باشـوور ڕێی خـۆی دەکاتەوەو ناوچەی (کما) ئاودەدا و لە شـاری (کمالیە)وە تێدەپەڕێ و شانبەشـانی کۆسار دەڕواو لەنێو کۆمەڵە شاخێکدا دەگیرسێتەوەو ئەم شاخە سەختانە نایەڵن ئەم ڕووبارە تێکەڵ بە یەکێک لە لقەکانی (مرادسـو) ببێ، (درێژییەکەی ٦٥٩) کم. مرادسو تۆزێک لە خوار ئاغیلەوەیە، لە چیا گڕکانییەکانی ئالاداغ و تەندرۆکەوە کە کەوتۆتە باکووری دەریاچەی ڤانەوە، هەڵدەقوڵێ، پاشـان کەمێک بەرەو باکـوور دەبێتەوەو لە دیادیـن و قەرەگـۆزەوە تێدەپەڕێ و جارێکی دی بەرەو باشـوور دەگەڕێتـەوەو توتاق و مەلازگەرد ئاو دەدا، پاش ئەمە ئاوەڕۆییەکی پڕپێـچ دەبڕێ و بە باکـووری مـۆش دا ڕەت دەبێ.

شارەکانی گەنج و پالوو پرتەک ئاو دەداو ئەنجام بە باکووری کەباندا لەگەڵ قەرەسوودا تێکەڵ دەبێ و ڕووباری فورات لە تێکەڵبوونی ئەم دوو ڕووبارە پێک دێ. تەنیا لقی گرنگی دەستە ڕاستی قەرەسوو، کە چۆنی توخمەسووی ناوەو درێژییەکەی (١٩٤)کم دەبێ، لە باکووری مەلاتیەدا تێکەڵ بە قەرەســوو دەبێ، سەرچاوەکەی لە کوردستاندا نییە. ڕووباری مرادسو گەلەک لقی وەک: پەری سوو (٢٣٥)کم وردە لقی دی لــێ دەبێتەوەو لە تەواوی ناوچەی کوردســتانی تورکیادا بڵاوبوونەتەوە، ئەم وردە لقانە هێندە زۆرن کە هیچ ناوچەیەک نییە ڕووبارێکی پێدا نەڕوات.

دیجلــە ڕووبارێکی دی مەزنی ئەم ناوچەیەیە، بە گەلێ شــوێنی کوردســتاندا ڕەت دەبێ و ئاوی دەدا، ســەرچاوەی دیجلە کەوتۆتە ناوچــەی دەریاچەی (هــازاری باکووری کوێســتانەکانی مەعدەن) ەوە بەدرێژایــی (٣٠٠)کم خۆی لە کوردســتاندا بە شــارانی وەک: (ئەرغانی، دیاربەکر، حەســەن کیفی جزیرە)دا کە هەریەکێکیان لە باری مێژووییەوە، (مێژووی کوردســتان)ەوە شــۆرەتێکیان هەیە، تێدەپــەڕێ، لەلای چەپەوە چەندین چــۆم و ڕووباری تێکەڵ دەبن، وەک: (عەنبە، باتمان، گــرزاو) بەتایبەتی (بۆتان) کە (٢٢٦) کم درێژە. هەمــوو ئەم ڕووبارانە بوونەتە مایــەی بەپیتی زەوییەکانی دەوروبەری خۆیان. دیجلە لە پێش خابووردا ســنوور دەبڕێ و دێتە خاکی عێراقەوە. خابوور لەم شوێنانەدا تێکەڵی دیجلە دەبێ، لقێکی ئەم ڕووبارە ناوی (هازیلە)و شــاری زاخۆ ئاودەدات. لێرە بەدواوە کۆمەڵێــک لقی جوان چێ دەبن و هەریەکەیــان لە ناوچەی خۆیدا بــە ڕووبارێک دێتە ژمارتن و هەموویان لقــی دیجلەن و دەڕژێنەوە

نێو دیجلە، لەوانـــە: زێی گەورە (٣٩٢)کم درێژە و لە تورکیاداو لە کێوی مەرگەنەداغی نێوان دەریاچـــەی ڤان و ورمێدا هەڵدەقوڵێ و جولەمێرگـــی تورکیـــا ئاودەدات و داخڵی خاکی عێـــراق دەبێ و لە عێراقیشـــدا ناوچەی زێبـــار و بەرزان ئاودەدات و لقێکی بە شـــارە هەرەجوانەکـــەی ڕەوانـــدزدا تێدەپەڕێ. زێی گـــەورە لە (٤٥) کم باشـــووری موســـڵدا تێکەڵ بە دیجلە دەبێت. زێی بچووکیش کە بە لقێکـــی دی دیجلە دەژمێردرێ (٤٠٠) کم درێژە لە ئێرانداو لە نزیکی ناوچەی لاهیجاندا کە ناوچەیەکی پڕ ئاوە، هەڵدەقوڵێ. گەلێ چۆمی تری چ لە خاکی ئێران و چ لە خاکی عێراقدا تێکەڵ دەبێ.

پـــاش ئەوەی تەقتەق و پردێی عێراق ئاودەدات تێکەڵ بە دیجلە دەبـــێ. لە ناوچەی دووکاندا بەربەســـتێکی یەکجار گەورە لەســـەر زێـــی بچووک ڕۆنراوە و (٧) بلیۆن م٣ ئـــاو دەگرێ و پانتایی ئەم بەربەستە (٥٠)کم٢ و لە ســـاڵی (١٩٥٨)دا تەواو کراوە. مەبەست لە ڕۆنانی ئەم بەربەســـتە بە پلەی یەکەم ڕێکخستنی ئاوەڕۆی ئاوو ڕێگرتن لە لافـــاوی پڕزیانی دیجلە بووە، ئەمە جگە لەوەی ناوچەی چەمچەمـــاڵ و ناوچە کوردنشـــینەکانی عێراقی لـــەڕووی کارەباوە بەتـــەواوی ئاوەدان کردۆتەوە. ڕووباری عوزێم (خاســـە)ش (٢٣٠) کـــم لقێکی تری دیجلەیە. لە ناوچەی بازیانەوە هەڵدەقوڵێ و بە لقە زۆروزەوەندەکانی خۆی کەرکوک، داقووق، دووزخورماتوو ئاودەدات و پاشـــان تێکەڵ بە دیجلـــە دەبێ. ڕووباری دیالـــەش (٣٨٦)کم لە چیاکانی ســـنووری ئێران و عێراقەوە هەڵدەقوڵێ. ســـەرچاوەی بنەڕەتی ڕووباری دیالە لە عێراقدا تانجەرۆیە، کە دەشتی شارەزوور ئاودەدات و سەرچاوەیەکی دیکەشی لە خاکی ئێراندا هەیە کە بریتیە

له ڕووباری سیروان و ئەمیش لە لوڕستانەوە هەڵدەقوڵێ. لە عێراقدا لە ناوچەی دەربەندیخاندا بەربەستێکی گەورە لەسەر ڕووباری دیالە ڕۆنراوە. پاشان ئەم ڕووبارە لەگەڵ لقەکەی تری خۆیدا تێکەڵ دەبێ و لە باشووری بەغدایا دەڕژێتە دیجلەوە.

لە کوردستانی ئێرانیش، گەلەک چۆم و ڕووبار هەن کە هەندێکیان لـــە بەرزاییەکانی چل چاوەوە (٢٠٨٥)کم هەڵدەقوڵێن، لەوانە: قزڵ ئوزن کـــە بە هەموو لقەکانییـــەوە تەواوی ناوچـــەی ئەردەڵان ئاو دەدات، هەروەها هـــەردوو ڕووباری جەغەتۆ (٢٤٠)کم و تەتەهۆ کە هەردووکیان دەڕژێنە دەریاچـــەی ورمێوەو لە جوملەی ڕووبارەکانی کوردستانی ئێرانین.

وەکو چۆن نێوی چیاکان بەپێی ئەو شوێنانەی کە پێیدا دەڕۆن، دەگۆڕێ، نێوی ڕووبارەکانی کوردستانیش بەپێی ئەو شوێنانەی کە پێیدا دەڕۆن، دەگۆڕێ. بۆ نموونە زۆربەیان ناوی ئەو شـــوێنانەیان گرتۆتەخۆ کە پێیدا دەڕۆن.

لە کوردســـتاندا گەلەک دەریاچە هەن، گەورەترینیان دەریاچەی ڤانە، پانتاییەکەی (٣٧٠٠) مەترە لە ڕووی دەریاوە (١٧٠٠)م بەرزە. ئەو چیا گڕکانیانەی دەوری ئەم دەریاچەیەیان داوە، بوونەتە ئەوەی کاربۆنات و ســـۆلفات لە ئاوەکەیدا بتوێتەوەو ســـوێری بکات. لەم دەریاچەیەدا تەنیا یەک جۆرە ماسی ڕاو دەکرێ، ئەویش جۆرێکە لە ماســـیی (بلیک)ی گەورەو هەمەڕەنگ. لە باکووری دەریاچەی ڤاندا دەریاچـــەی نازلیک هەیە، لە باکـــووری ڕۆژهەڵاتی ڤاندا دەریاچەی (ئەرچەک) هەیە، هەروەها لە باکووری ئەم ناوچەیەداو لە ڕۆژهەڵاتی قەرەگۆزدا دەریاچەی بالیک هەیە. لە باشووری ڕۆژئاوای (مەعدەن)

یشـــدا واتە لەو شـــوێنەدا کـــە ڕووباری دیجلەی لـــێ هەڵدەقوڵێ، دەریاچەیـــەک هەیە پێی دەگوترێ هازارقولـــو. ئەم دەریاچەیە زۆر قوڵە، پانتاییەکەی نزیکەی (٥٠)کم٢.

ئاوەکەی ســـوێرە. مارماســـی تێـــدا ڕاو دەکرێ. لە ئێرانیشـــدا دەریاچەی ورمێ هەیە کە کورد لە دەوروبەری دەژین. ئەم دەریاچەیە پانتاییەکەی نزیکەی (٥٧٠٠)کم و درێژییەکەی (١٣٠)کم و پانییەکەی (٤٠) کم. واتە بەم حســـێبە لە دەریاچەی ڤان گەورەترە. ئاوەکەی یەکجار سوێرە، ڕێژەی خوێی لە دەریای مردووش زۆرترە. هیچ جۆرە ماسییەکی تێدا ناژی. لە باشووری ئەم دەریاچەیەدا، دوو دەریاچەی بچووک هەیە بە ناوی شۆرگوڵ و قۆپییە. لە نزیکی سنووری عێراقداو لە ڕۆژئاوای مەریوان و باشووری ڕۆژهەڵاتی پێنجوێندا دەریاچەیەک هەیە بە ناوی زرێبار. لە کوردستانی عێراقدا هیچ جۆرە دەریاچەیەک نییە. ئاووهەوای کوردســـتان بە حوکمی بەرزی شـــوێنەکەی ساردو کوێســـتانییە. لووتکە بەرزەکانی کوردســـتان زۆربەی کاتی ســـاڵ بەفریان پێوەیە. ڕێژەی باران لە هەموو ناوچەکاندا یەکســـان نییە. ڕێژەی باران، لە دەشـــتەکاندا ساڵانە لەنێوان (٢٠٠- ٤٠٠)ملم دایە. ئەم ڕێژەیە لە دەشـــتەکانی بەینی چیاکاندا لەوەیە بگاتە (٧٠٠)ملم یـــان (٢٠٠٠)ملم و تەنانەت (٣٠٠٠)ملمیش، بەڵام دۆڵەکانی ناوەندی کوردســـتان ئاووهەواوی ناوچەیی و تەنانەت وشـــکی خۆیان هەیە، هەندێکجار بۆ ماوەی چەندین مانگ دڵۆپەبارانێکی لێ نابارێ.

پلەی گەرماش لە ناوچەکانی کوردســـتاندا چوون یەک نییە. لە قەرەگۆزدا کە کەوتۆتە باکوور، لە وەرزی زســـتاندا پلەی ســـەرما لەوەیە تا (-٣٠،-٣٥) پلەی سانتیگراد بێتە خوارێ. لە کرماشاندا

که کەوتۆتە باشـــووری کوردستان لە هاویندا پلەی گەرما تا (٣٠، ٤٠) پلە هەڵدەکشـــێ. لە کوردستانی ئێراندا کە کەشوهەوای وشکی دەشـــتییە بە سەردا زاڵە، پلەی گەرما لەوەیە لەنێوان (٢٢ تا ٣٢) پلە بگۆڕێ.

بەشێوەیەکی گشـــتی ئاووهەوای بنارەکانی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس خۆشـــترە لە ئاووهەوای بنارەکانـــی ڕۆژاوای زاگۆرس. لە سنەدا لە مانگی یەکدا ڕێژەی سەرما (-١٥) پلەی سانتیگرادە. لە مانگـــی حەوتدا ئەندازەی گەرما دەگاتە (+٣٥) پلەی ســـانتیگراد. لە خانەقین لە مانگی یەکدا (+٢٢) پلەی ســـانتیگرادەو لە مانگی حەوتدا دەگاتە (+٤١, ٨) پلەی ســـانتیگراد. لە کەرکوک لە مانگی یەکدا پلەی گەرما (١٤, ٥) و لە مانگی حەوتدا (+٤٣) پلەیە.

لە شـــارەکانی ڕۆژئاوای کوردســـتاندا ئەندازەو ڕێژەی گەرما لە مانگی یەک و حەوتدا بەم جۆرەیە:

| شارەکان | مانگی ١ | مانگی٧ |
|---|---|---|
| ١- مەلاتیە | +٥ پلە | ٢٦, ٥ پلە |
| ٢- ئورفە | ٤, ٥ پلە | +٣٢ پلە |
| ٣- دیاربەکر | + ٢, ٥ پلە | +٣١ پلە |
| ٤- ڤان | - ٣, ٥ پلە | + ٢٢, ٥ پلە |

## ٢ . له باری ژینگەو ئاکنجی بوونەوە:

کوردستان گەرچی ناوچەیەکی ساردو وشکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناشـــێت بە ناوچەیەکی بیابانی بژمێردرێ. کۆسارەکانی کوردستان پڕن لە پاوەن و لەوەڕگەی ســـەوزو جوان. دۆڵ و نشێوەکانی پڕن لە درەخـــت و مێرگوزاری تەڕوبڕ، کە لـــە وەرزی بەهاردا بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەمەجۆر دەڕازێتەوە. ڕووبەری لێڕەکانی کوردستانی تورکیا (١٠٠) ملیۆن هێکتار و کوردستانی ئێران (٤) ملیۆن هێکتار و کوردستانی عێراق (١٧, ٢٠٠, ٠٠٠) هێکتارە کە پەنجا کیلۆمەتری چوارگۆشەی بریتیە لە درەختی سنۆبەر. لەم لێرەوارانەدا (١٥) جۆر درەختـــی بەڕوو هەیە. درەختی بـــەڕوو لە هەموو جۆرە درەختێکی دی زیاتـــرەو لە بەرزایـــی (٢٧٠٠)م- ش ڕواوە. پـــاش داربەڕوو، درەختی ســـنۆبەرو ســـەروو دێن. هەموو لێڕەکانی کوردستان چڕە دارستان نییە. لە هەندێک شوێندا دەوەن و سەرووی کێویش بەرچاو دەکەون. داری چنارو بی و سپیدار لە شوێنانی ئاودار زۆرن.

قەدپاڵ و داوێنی چیاکان پڕن لە پاوان و پەزیان تێ دەکرێ. لە هەندێ شـــوێندا گیای خۆرسک و خواردن هەیە کە شوان و خەڵکی ئاســـایی بۆ دەرمان یا خواردن دەسکەنەیان دەکەن و پیرێژنان لە ماڵـــەوە هەڵیدەگرن. لە بەهاران، گوڵی جوان جوان ســـەرزەمینی کوردستان دادەپۆشێ، ئەم گوڵانە هێندە زۆر و هەمەڕەنگن بەدەگمەن شـــوێنێکی بێ گوڵ دەبینرێ. جوانی و شکۆی گوڵەبەهارە، هەموو ڕێبوارێک سەرسام و هەموو ڕاگوزارێک مەستی بۆنی خۆشی دەکات. ئەو گوڵانەی لە کوردستاندا دەڕوێن، لە ئەوروپاشدا هەن. گەشتیار و

گەڕیدە ئەوروپاییەکانی وەک: لینج، فریاستارک، هاملتۆن و بالسان، ناوی زۆربەی گوڵەکانیان لە یاداشـــتنامەکانی خۆدا تۆمار کردووە. زەوی و زاری کشـــتوکاڵی لە کوردستاندا، هەمووی بەکارناهێنرێت، بۆ نموونە لە کوردســـتانی تورکیـــادا کە (٢٥) ملیۆن هێکتار زەوی کشـــتوکاڵی هەیە، تەنیـــا (٣٠٪) بەکاردەهێنـــرێ و (٣/١)ی ئەم لە ســـەدا بیستەش ســـاڵانە بە بەیاری دەهێڵرێتەوە لە کوردستانی ئێرانـــدا (٥) ملیۆن هێکتار زەوی کشـــتوکاڵی هەیە و لە (٢٤٪)ی دەکێڵرێ، لە (١٦٪)ی ئەم ڕێژەیەش ساڵانە بە بەیاری دەمێنێتەوە. لە کوردستانی عێراقدا لە کۆی (٨) ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵی تەنیا چواریەکی بەکاردەهێنرێ. بەو حاڵەشەوە دانەوێڵەی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی لە ئابووری ئەو وڵاتانەدا هەیە کە پێوەی لکێنراوە. ڕێژەی سەدی دانەوێڵەی کوردستان بەم جۆرەیە: لە تورکیا (١٥٪) لە ئێران (٣٥٪) لە عێراق (٥٠٪) کە پازدە لە ســـەدی ئەو ڕێژەیە بریتیە لە جۆ، ســـێیەکی بەروبوومی برنجی عێراق لە کوردســـتاندا دێتە بەرهەم. جگە لەمانە، لۆکەو چەوەنەری شەکر کە لەم دواییەدا برەویان سەندووە بەرهەمێکی چاکی بووە. چاکترین تووتنی تورکیا و عێراق لە ناوچەکانی کوردستاندا دێتە بەرهەم و تووتنی کوردستانی عێراق تێکڕای پێداویستیی ئەو وڵاتە دابین دەکات.

مێـــو لە هەموو ناوچەکانی تورکیا، عێـــراق و ئێراندا کەم و زۆر دەبینرێت. مێو لە کوردستاندا پتر لە قەدپاڵە هەتاوگیرەکاندا پەروەردە دەکرێت. لە عێراقـــدا (١٢) ملیۆن بنە مێو هەیە (بڕوانە ڤرینر، ل ٤٦) و هەمـــوو جۆرە ترێیەک دەگرن. (بۆ نێوی جۆری ترێ، بڕوانە گۆڤاری هاوار، ژمارە ٣٤- ٣٨. هەروەها بڕوانە فەرهەنگی وەهبی ل

١٤٨). بەشێکی زۆری ئەم ترێیە دەکرێ بە مێووژ و کشمیش، کە بۆ خواردن ڕەواجێکی زۆری هەیە. درەختی میوەش لە کوردستاندا فرەیە وەک: هەنار، هەڵوژە، سـێو، هەنجیر، قەیسـی، و گوێز کە تەمەنی دەگاتە سەد ساڵێک. باخی سەوزەش لە داوێنی دێهاتەکان و تەنانەت لـە ناوچە کوێستانییەکانیشـدا هەیە، کورد بـە تەبیعەت باخەوانی چاکن، سوودیان لە بچووکترین پارچە زەوی وەرگرتووەو باخچەیەکی بچکۆلەیان لێ دروست کردووە، دیوارێکی نزمیان لە دەوری گێڕاوە یا پەرژینیان بۆ کردووە. پیاز کە لە ڕۆژاواشدا سوودی لێ وەردەگیرێ، لەنێو کوردیشـدا بەکاردێ و لە هەموو شـوێنێ دەڕوێنرێ. هەروەها شـووتی، ئارو، کاڵەک و گوندۆرە، باینجان، گەنمەشامی، بیبەر، لە هەموو شوێنێکدا بەرهەم دەهێنرێ. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کوردە یەزیدییەکان زۆریان ڕق لە کاهووە.

دڕندە لە کوردستاندا نەماوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، شێر لە کوردستاندا هەبووە، هەرچەندە ئەمڕۆکە تۆوی شێر لە کوردستاندا بڕاوەتەوە، بەڵام هێشتا پڵنگ هەیە. لە (نەبیرنائۆ)ی باشووری ڤاندا ورچ زۆرە. لـەم ناوچەیـەدا ورچ لە مانگی حەوتـەوە بۆ مانگی نۆ خۆراکی تەواوەتیان دەست دەکەوێ. لە بنگۆڵدا بەرازی کێوی زۆرە، لە ساڵی (١٩٣٩)دا لە ماوەی سێ مانگدا (١٢٠٠) سەر بەراز ڕاوکراو. لـە سـاڵی (١٩٦٣)دا لە ناوچەی بەرزاندا لە یـەک نۆرەڕاودا (٥٥) بەراز ڕاوکراوە. گیانلەبەرانـی وەک: گورگ، چەقەڵ، ڕێوی، کەمتیار بـە زۆری لە دێهاتەکان نزیک دەبنەوەو لە نزیکی گوندەکاندا دەژین. گیانلەبەری دیکەش هەن کە بە کێوی دەژمێردرێن، لە حاڵێکدا کە نە گۆشـتخۆرن و نە دڕندەن، هەندێ لەم گیانلەبەرانە وەک: بزنەکێوی،

که بۆ گۆشتەکەی ڕاو دەکرێ. هەندێکیش وەک: کەروێشک کە تەنیا بۆ کەیف و خۆشی ڕاو دەکرێ. گیانلەبەرێکی دیکەش بۆ گۆشتەکەی ڕاو دەکرێ، ئەویش ژیژکە، کە مەسـیحیانی ناوچەکە بە خواردنێکی نایابی دەزانن. هەروەها سمۆرە، دەلەک بۆ پێستەکانیان ڕاو دەکرێن، بۆیە هیچ سـەیر نییە گەر بگوترێ کورد هەر لە منداڵییەوە ڕاوچین. کوردسـتان باڵندەشـی زۆرە، کێوە بەرزەکانی کوردستان مەڵبەندو پەناگـەی هەڵۆن. چۆم و گۆلەکانی ناوچەکە هەموو جۆرە سـۆنەو مراوییەک، بەتایبەتی دەنووکدرێژەکان بەرەوخۆ ڕادەکێشن. لە ساڵی ١٩٧٢دا (٥٠٠, ٠٠٠) پێنج سەد هەزار مراوی، زستانیان لە دەریاچەی ورمێ گوزەراندووەو لەسـەر جۆرە قرژاڵێکـی بچکۆلەی یەکجار زۆر، ژیاون. (جی- ویلیارد، رولومونـد ١٩٧٣/١/١٣). بولبوول، لەقلەق و ماسـیگرە، لە ناوچە سەردەسێرەکان و دەوروبەری شارەکان زۆرن و لە سـتران و گۆرانیی کوردیشـدا بەزۆری نێـوی باڵندان دەبرێ. هەزاران هەزار قومری و کۆتر لەنێو ئەشـکەوت و پەناو پاساری زۆرو زەبەندی کۆسارەکاندا هێلانەیان کردووە، کەو، پۆڕ لەو باڵندانەن کە زۆر ڕاو دەکرێـن. لە ئاوی زوڵاڵی ڕووبارو چۆمەکاندا ماسـی هێندە زۆرە، زەحمەتـە ناوەکانیان بزانرێ. جۆرە ماسـییەکی گەورەی دوو مەتری کە مەسـیحییەکان پێی دبێژن (توبیـاس)، لە ڕووباری زێی گەورەدا ڕاو دەکرێ. گۆشتەکەی گەلەک بەتامە.

جگـە لەم خەڵقەندە بێ ئازارانە، مرۆڤ دەبێ وریای مار بێ، کە زۆربەیان بچووکن، بەڵام گەلەک ژەهراوی و کوشندەن. وەکو ئەژدیها. هەروەها دووپشکی ڕەش و زەرد کە لەوەیە مرۆڤ، بەتایبەتیی منداڵ بکوژن. زەروو و، مارمێلکە، قۆڕی و سـەرمازەڵە و کیسـەڵیش لەو

گیانلەبـــەرە بێوەیانەن کە ژمارەیان یەکجار زۆرە. لە وەرزی گەرمادا، مێش، مێشـــوولەو کێچ حەشر بە بنیادەم دەکەن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ مێش هەنگیش بکرێ، هەرچەندە چزووی هەیە، بەڵام هەنگوینیشی هەیە.

لە کوردســـتاندا، جگە لە گیانلەبـــەری کێوی، گەلێک گیانلەبەری ماڵیکراویش هەن کە زۆر لە کۆنەوە بەخێو دەکرێن. (بڕوانە: ئا. رید -ماڵیکردنی گیانلەبەران لە ســـەردەمی پێش مێژووەوە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. هەروەها بڕوانـــە: ئار. جی. براید وود، بی. هو: خوێندنەوەو لێکۆڵینـــەوەی ســـەردەمەکانی پێش مێژوو لە کوردســـتانی عێراقا، شـــیکاگۆ ١٩٦٠ ل(١١٩- ١٤٥). لە ڕاســـتیدا کوردستان مەڵبەندی ماڵاتبەخێوکردنە. خاوەن ماڵات، شیرو پەنیرو کەرەو گۆشت و خوری و ڕیخۆڵە، لە مەڕو بزن و گامێش بەرهەم دێنن. چەرم و خورییەکەی دەکەن بە جلوبەرگ و پێڵاوو لبادو شتی دی، کە لە باری ئابوورییەوە بە دەرامەتێکی باش دێتە ژماردن.

لە ساڵی (١٩٥٧)دا لە کوردستانی تورکیا (٧،٦٦٢،٣٣٢) سەر مەڕو (٤،١٧٦،٠١٦) سەر بزن هەبوو کە تێکڕا چواریەکی سەرلەبەری مەڕو بزنی تورکیای پێک دەهێنا، هەروەها (٢،٢٤٠،٨٢٥) سەر چێڵ و هەبوو کە دەکاتە (شەش یەک)ی تێکڕای ڕەشەوڵاخی تورکیا، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی گەلەک زۆر گامێش هەبووە. لە کوردســـتانی عێراقدا (١،٦٧٤،٩١٢) سەر مەڕ هەیە دەکاتە (٣/٢)ی تێکڕای مەڕی عێراق، ئەمە جگە لە ٢،٢٣٤،٢٣٨ سەر بزن کە دەکاتە دوو سێیەکی هەموو بزنی عێراق. (٢٢٦،٨٥٨) ســـەر چێڵ کـــە دەکاتە (٣/١)ی چێڵی هەموو عێراق. (٤٢٧٨) ســـەر گامێـــش کە دەکاتە (١٠/١)ی

هەموو گامێشـــی عێراق. لە کوردستانی ئێران، جگە لە بەخێوکردنی حەیوان کە (دەکاتە ٢/١ی تێکڕای حەیواناتی ئێران- بڕوانە ستادفر ل ٢٩١) هـــەر ماڵێکیـــش بۆ خۆی چەند ســـەرێک مەڕو بزن یا چێڵ بەخێو دەکات کە ژمارەیان لەنێوان (٤-٨) ســـەر دەبێت. بارث کە دێهاتەکانی کوردستانی عێراقی دیتوە دەڵێ لە دێهاتەکانی وڵاتەکانی دی تێروتەســـەلترن. (بڕوانە: بارث، ل ١٩). هەروەها لە هەر ماڵێکدا کۆمەڵێک مریشـــک و کەڵەباب بەخێو دەکـــرێ. بەخێوکردنی جۆرە مەڕێکی دوگشـــۆڕو بزنی مودرێژیش باوەو ئەو شوانانەی کە لە کاری خۆیاندا کارامەو شـــارەزان، زۆر بەدیقەت ئـــاگاداری ئەم جۆرە مەڕو بزنانە دەکـــەن. قاترو وڵاخ و هەندێ حەیوانی دیکەی پێویســـت لە کوردســـتاندا ڕادەگیرێ و بەخێو دەکرێ. بۆ نموونە لە کوردســـتانی عێراقدا (٢٢،٢٨٩) سەر ئەسپ هەیە کە دەکاتە حەوت یەکی هەموو ئەسپی وڵات و ٥٢،٣٣٦ هێستر هەیە کە دەکاتە هاوتای سەرلەبەری هێستری وڵات. هەروەها (١٣٠،٠٤٠) سەر وڵاخی دی هەیە کە دەکاتە (٣/١)ی تێکڕای وڵاخی وڵات. پێویستە ئاماژەیەکیش بۆ سەگی بەر ڕانی کوردان بکرێ کە سەگی زۆر زەلام و ترسناکن. بەرازو کەروێشک لە کوردستاندا بەخێو ناکرێن.

بایەخی ســـەرچاوە ژێرزەمینەکانی کوردستان، هەرگیز لە بایەخی دارودرەخت و گیاو گیانلەبەرانی ئەو وڵاتە کەمتر نییە، بەڵام تا ئێستا زۆر بە کەمی سوود لەم زنجیرە زەخیرەیە (احتیاطي) وەرگیراوە. لە ناوچەی (مەعدەن، کەما، و هارپۆت)دا... زەخیرەیەکی یەکجار زۆری خەڵوزی بەرد دۆزراوەتەوە. (لە ســـاڵی ١٩٧٠ دا چەند ســـەد هەزار تەنێکـــی لێ دەرهێنرا)، بەڵام لە زاخۆدا هێشـــتا بەتەواوەتی بەرهەم

نەهێنراوە. لە نزیکی سلێمانیدا بەردی کلس هێنراوە. لە شارۆچکەی سـەرچناردا لە سـالّی (١٩٥٨)وە ڕۆژانە (٣٥٠) تـەن چیمەنتۆ لە کارخانەیەکـدا بەرهەم دەهێنرێت. لە ناوچەکانی ژەنگارو شـێخان و دووزخورماتـوودا مەعدەنـی بەردی خوێ هەیە، لە ناوچەی سـنەو ئامێدیدا گۆگرد هەیە، تاقمێکی/ پۆڵەندی بەتەمان سالآنە (٢٥٠،٠٠٠) تەن گۆگرد لە ناوچەی (میشـراک)ی باکووری کوردسـتانی عێراق دەربێنن. لە کوردستاندا ئاسنیش کەم نییەو دەریش دەهێنرێت. (لە سالّی ١٩٦٠، لە ناوچەی مەعدەن ١،٦٠٠،٠٠٠ تەن ئاسن دەرهێنراوە). بەردی ئاسن، لە ناوچەی سلێمانی و ڕەواندز هەیەو دەرهێنانی گەلەک ئاسـانە. لە ناوچەی ئەرغانی، دیاربەکرو پالۆدا (٣٢،٠٠٠) هەزار تەن مس دەردەهێنرێ. لە ناوچەی ئاکرێ-شدا مس هەیە. کرۆم لە ناوچەی بەرزاندا بەرچاو دەکەوێت. هەروەها لە ناوچەی دیاربەکریشـدا سالآنە (٢٧٠،٠٠٠) تەن کرۆم دەردەهێنرێت. قورقوشـم لە (کەبان و ئالازیغ و ماکۆ) هەیە. زێڕ لە (یەرغۆ و باشـووری کرمانشادا هەیە. زیویش لـە (کەما)دا هەیـە. زەخیرەی خوێ لە کەرکوکـدا هێندە زۆرە کە بەتەواوی بەرهەمهێنانی سـۆدەو کلۆری دابین کردووە، بەڵام سامانی سەرەکیی کوردستان نەوتەکەیەتی، نەوتی کەرکوک کە لە ناوجەرگەی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ، بەشی هەرە زۆری نەوتی عێراق پێک دێنێ (لە سالّی ١٩٧٠ دا ٨٣ ملیۆن تەن بووە). هەروەها لە (باتمان)دا کە کەوتۆتە شاری سیریت-ەوەو لە کاراچوک-ی باکووری سوریادا نەوت هەیە. لە چەمچەماڵیشدا پێشبینیی ئەوە دەکرێت غازێکی یەکجار زۆرو گۆگردیشی لێبێ.

## ٣ - لەبارەی سیمای ئینسانییەوە:

ئەم ناوچەیەی کە ئێستا کوردی تێدا نیشتەجێیە، لە دێرزەمانەوە ئـــاوەدان بـــووەو خەڵکی تێدا ژیـــاوە. بەردەبالکاو و ئەشـــکەوتی هەزارمێردی نزیکی سلێمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخە بەردینەکان، گەواهی ئەو بۆچوونەن یا ئەشـــکەوتی شـــانیدەری نزیکی ڕەواندز کـــە ئەشـــکەوتێکە هەوەڵین ئێســـکەپەیکەری مرۆڤـــی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە. گوندی (جەرمۆ)ی دۆڵی چەمچەماڵ، ڕەنگە کۆنترین ئاوایـــی ڕۆژهەڵاتی نزیک بێ. لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو کۆڵینکارییانەی (حفریات) کە تاقمە لێکۆڵەرەوەیەکی زانستگەی شیکاگۆ کردوویانە، پێدەچـــێ ئەم شـــوێنە یەکێک بووبێ لـــەو مەڵبەندانەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمجـــار لەوێدا کەوتبێتـــە چاندنی دانەوێڵـــەی جۆراوجۆری وەک: جـــۆو گەنمەشـــامی (بڕوانە براید وود، هـــاو: لێکۆڵینەوەی ســـەردەمەکانی پێش مێژوو لە کوردســـتانی عێراقدا). دانیشتووانی ئێســـتای ئەم ســـەرزەمینە کۆنە، کوردن و دێهاتێکـــی زۆریان لەم ناوچەیـــەدا ئـــاوەدان کردۆتەوە. کـــورد، لە چاخـــە کۆنەکاندا، لە پەناگەو ئەشکەوتە زۆرەکاندا ژیاون و خۆیان پاراستووە. هێندێ لەو پەناگەو ئەشـــکەوتانە کەوتوونەتە شوێنی زۆر سەخت و عاسییەوەو بەئاسانی دەستیان نەگەیشتویەتێ. دیمەنی جوان و سروشتیی ئەم ئەشـــکەوتانە، بەتایبەتی چلورە بەردو سیخە سەهۆڵەکانی گەلەک دڵگیرو بەرچاون، ئەم ئەشـــکەوتانە لە هەندێ شوێندا کەوتوونەتە قووڵایی چیاکانـــەوە. ئەمڕۆ پتر بۆ حەوانەوەی مەڕومالات ســـوود

لەم ئەشـــکەوتانە وەردەگیرێ و هێندێ جـــار دێهاتییەکانیش تێیدا دادەنیشن. گەلەک ئەفســـانە لەمەڕ ئەم ئەشکەوتانە دەگێڕدرێنەوەو بەســـەر زاری خەڵکـــەوەن. وەکو ئـــەوەی گەنجینەیـــان تێدایە. یا مەڵبەندی جنۆکەو لە مەچێترانن. ژیانی دەوارنشـــینی لە کوردستاندا ڕوو لە نەمانە. کوردە نیمچەدەوارنشـــینەکان لەژێر ڕەشماڵی خۆیاندا دەژین. ئەم ڕەشـــماڵانە جیاوازن لە ڕەشـــماڵی عەرەبیی بیابانشین و میللەتانی دی. ڕەشـــماڵی کورد، ماڵێکـــی گەورەیە. لە مووی بزن دروســـت دەکرێ. مووەکە دەڕێســـن و تەختەی (٥٠ — ٦٠)ســـم لێ دروســـت دەکەن و پاشـــان بەپێی گەورەیی و بچووکی ڕەشماڵەکان ئەم پارچانە پێکەوە دەدوورن. ئەستوونی ڕەشماڵەکان (٢،٥ — ٣م) درێژن. ژمارەی ئەستوونەکان وەستاوەتە سەر گەورەیی ڕەشماڵەکان. گەورەیی ڕەشماڵیش پەیوەستە بە پایەی کۆمەلایەتیی خاوەنەکەیەوە. ڕەشماڵی گەورە نیشانەی گەورەیی پایەی کۆمەلایەتیی خاوەنەکەیەتی. ڕەشماڵەکان کاریتەیان تێدایە نییە. بە چیغ بەشێکی لێ جیا دەکرێتەوە بۆ دانیشتنی ژنان و هەڵگرتنی ئازووقەو پێداویستییەکانی بژێوی، پێی دەگوترێ حەرەم سەرا. هەموو کەلوپەلی نێو ڕەشماڵ بریتیە لە چەند حەســـیرو پشتی و چەند سەرینێک لە ڕەشـــماڵی سەرداراندا، ڕەنگە چەند پارچە قاڵییەکیش بەرچـــاو بکەون، بەڵام دێهاتەکانی کورد لە خانووی گڵدا دەژین. لە ڕاستانی و دەشتەکاندا، کەرەستەی بنەڕەتیی دروستکردنی خانوو خشتی کاڵە. لە هەندێک شوێندا، بۆ نموونە وەک سلێمانی: سوود لە خشتی سورەوەکراو وەردەگیرێ. لە ناوچە سەخت و کوێســـتانییەکاندا، خانوو لە بەردی تاشراو و گڵ دروست دەکەن. بەرزی دیواری خانووەکانیان (٢— ٢،٥) مەترە. هەندێکجار بۆ قایمی

دیوارەکان، تەختەدار لە بەینی چینی دیوارەکان دادەنرێ. زۆرجار تاق و تاقچە لە دیوارەکاندا دروســـت دەکەن و لەبری دۆڵاب ســـوودی لێ وەردەگرن.

دیوارەکان بە قورِ ســـواغ دەدرێن و هەندێکجاریش بە قسڵ تەڕاو دەکرێـــن. دەرگاو دەروازەکان لە تەختەی گەورە دروســـت دەکرێن. هیچ پەنجەرەیەک نییە لە پشـــتەوە بێ، پەنجـــەرەکان دەڕواننە نێو حەوشە. کاتی شەو، وەختێ دەرگای حەوشە دادەخرێ قوتیلەچرایەک لە بەردەرگا هەڵدەکەن. نێو ژوورەکان بە گڵی کوتراوی ســـفت سواغ دەدرێ. کوانوویەک لە ناوەندی ژوورەکەدا دادەنرێ و زستانان کورسی لەسەر دادەنێن. کورسی بریتیە لە چوارپایەکی دار، لێفەیەکی گەورەی بەســـەردا دەدرێ و لە ناوچە ساردو کوێستانەکاندا بە خاوو خێزانەوە خۆیانی بە ژێردا دەکەن، لە سەرما دەخەلەسێن. کڵاوڕۆژنەیەکیش لە بنمیچی ژوورەکە دروســـت دەکرێ کە ڕۆڵی دووکەڵکێش دەبینێ. بە چواردەوری ژوورەکەدا ســـەکۆیەکی پانی لە گڵ دروســـتکراو دروست دەکرێ کە بە ڕۆژ لە ســـەری دادەنیشـــن و شـــەوان حەسیرو لبادو دۆشـــەکی لەسەر ڕادەخەن و لەسەری دەنوون. دارەڕای ژوورەکان بە زۆری بە چنار یا ســـپیدار یان سنۆبەرە کە بەینی هەر دارەو دارێکی دی نیو مەترێک دەبێ. لەسەر دارەڕاکەوە داری بچکۆلە و لق و پۆپ و گەڵای وشک دادەنێن، پاشان قورەپەستی دەکەن و ئەوجا سەرسواغی دەکەن. ئەگەر ژوورێک پان بێ (لە ســـێ مەتر پانتر بێ) کۆڵەکەی دار دەدەنە بەر میچەکە. بۆ ئەوەی ئاوی بەفرو باران لە ســـەربانەکان نەوەستێ و بە چاکی بڕوا، سەربانەکان بە جۆرێ دروست دەکەن کە ئاوی بەفرو باراناو بەر دیوارەکان نەکەوێ، واتە ســـەربانەکان هەندێ

کوورِ دروست دەکەن و گوێسەبانەشی بۆ دروست دەکەن. ئەم نموونەیە لە سلێمانیدا دەبینرێ. هەمیشە باگردێنێک بە سەربانەوەیە کە پاش باران کاژێک کا بە سەربانەکانەوە دەکەن و بەو باگردێنە دەیگێڕن تا تەواو سفت بێ و دلۆپە نەکات، چوونەسەربان یا بەهۆی پەیژەوەیە یا قالدرمە. خانووی دێهاتی دەشتەکان گەورەترن و حەوشەی گەورەیان هەیە. خانووی دێهاتی دەشتەکان بە زۆری لە شێوەی لاکێشەدایە، کە لەوسەرییەوە ســووچێکی بۆ مالات تەرخان کراوە. هەروەها موبەقی شــێوە چوارگۆشەی تێدایە کە بەشــێکی وەکو عەمار بۆ هەلگرتنی ئازووقەو ئامێری کارکردن بەکاردێت. لەم دێهاتانەدا ژێرزەمین و قاتی سەرەوەو تەنانەت ئاودەستیش نییە. لە دێهاتی کوێستانەکاندا گەورو تەویلەی مالان بە زۆری لەنێو حەوشـــەو جیا لە خانووەکەیە. ژووری نیشتمان لە بەشەکانی تری خانووەکە بەرزترەو سوچێکی بۆ ئازووقەو ئامێری کارکردن بەکاردێت. هەروەها هەیوانێکی ڕووەو قیبلەش بەرچاو دەکەوێت. سەربانەکان بە زۆری دەبێ بەجێی دانیشتنی ژنانی دێهاتی و بەشــێکی زۆری کاری ڕۆژانەیان لە سەربانان ئەنجام دەدەن. (ئەم کەســانە لەم ناوچانەدا لێکۆلینەوەیان ئەنجام داوە: ر. مونتاگنە لە جزیرە. ر. لســکۆ، لە ژەنگار. ادموندز للە ســلێمانی. چ. چ هانن لە ســلێمانی و گوندی تۆپزاوا. بلخا. بی. شاب و موکری لە کوردستانی ئێران. لیچ وتی. ف. ئاریســتوڤا لە قەفقان) هەلبەتە پیاوان کونجی مالیان نەگرتووە، بەلکو بە کۆمەل و هەرەوەزی کاردەکەن. گوندەکان ئێســتا گەورە بــوون و پتر ئــاوەدان بوونەتەوە. کورد وابەســتەی زەوی و زاری کشــتوکالە. زۆربەیان لە گوندان دەژین تا لە شــاران. شــوێنی دێهاتی کوردســتان، بەتایبەتی ئەو دێهاتانەی کە لە ناوچە

کوێستانییەکاندان وەکو زۆربەی دێهاتی دیکەی دنیا، مەسەلەی هەتاوو ئاوەڕۆی ڕووبارو چۆمـــان و هەڵکەوتی چیاکانیان لەبەرچاو گرتووە. کورد، زۆربەی خانووەکانیان ڕووەو قیبلەو بە جۆرێ کە هەتاوگیر بێ، دروســـت کردووە. بایەخی هەر گوندێـــک بەندە بە نزیکی گوندەکەوە لـــە ڕێگاو ڕێچکەو زەوی و زاری کشـــتوکاڵی و پـــاوان و لەوەڕگەوە. زۆربەی دێهاتەکان لە قەدپاڵ و بنارەکاندا ڕۆنراون. بە جۆرێ دروست کـــراون کە ســـەربانی خانووەکانی خوارتر بوون بـــە نیمچە یا جۆرە بانیژەیەک بۆ خانووەکانی ســـەروو خۆیان. ئـــەم دیمەنە لە زۆربەی دێهاتی کوردســـتاندا دەبینرێ وەک: ئاکـــرێ، بەرزنجە و هەورامان. شـــوێنەواری قولەو قەڵاتی کۆن بەسەر چیاکانەوە لەو دیمەنانەیە کە لە زۆر شوێنی کوردستاندا بەرچاو دەکەون. ئەم شوێنەوارانە، هەموو نیشانەی شـــکۆداری سەردەمانی ڕابردووەو دەسەڵاتی گەورە پیاوانی ناوچەیین کە ســـەدان ساڵ بەســـەر ژیانیان تێپەڕیوە. بەشێوەیەکی گشـــتی دێهاتی کوردستان لە سایەی سەرچاوەی زۆرو زەبەندی ئاوی ســـازگارو درەختی زۆرو باخاتی سەوزەوە، بووە بەو دیمەنە شیرین و دڵڕفێنانەی کە خەڵکی بەرەو خۆی بکێش دەکات.

دێهاتی کوردســـتان بەپێی شوێن و هەلومەرجی لەبار یا نالەباری ناوچەکە لێکدییەوە نزیک یا دوور دەبن. لەو (١٧) ویلایەتەی تورکیادا کە هەموو دانیشتووانیان یا زۆربەیان کوردن. بەپێی ئاماری ڕەسمیی ســـاڵی (١٩٦٠)، (٨٨١٧) گوند تۆمارکراوە کـــە (٣٩٥) گوندیان ژمارەی دانیشـــتووی هەر یەکەیان لە ســـەد کەس کەمترەو (٥١٣) گوندیان ژمارەی دانیشتووانی هەریەکەیان (١٠١ — ٥٠٠) کەس دەبێ، (١٨٩١) گوندیـــان لـــە (٥٠١ — ١٠٠٠) کـــەس، (٣٧٢) گوندیان لە

(١٠٠١ — ٢٠٠٠) کـــەس بوونەو تەنیا (٣٩) گوند لەو گوندانە ژمارەی دانیشـــتووانی هەریەکەیان لە (٢٠٠٠) کەس پتر بووە. وا لە خوارەوە هەرسێ ناوچەی موش، هەکاری و ڤان وەکو نموونەو بەراورد دەخەینە ڕوو:

| | موش | هەکاری | ڤان |
|---|---|---|---|
| ١- ڕووبەر | ٨،١٩٥ کم٢ | ٩،٥٣٢ کم٢ | ١٨،٦١٩ کم٢ |
| ٢- دانیشتووان | ١٦٧،٦٣٨ | ٦٧،٧٦٦ | ٢١١،٣٤ |
| ٣- چڕی دانیشتووان | ٢٠ | ٧ | ٢١ |
| ٤- ژمارەی شارۆچکە | ١٥ | ١٢ | ٢١ |
| ٥- ژمارەی دێهات | ٣٦٨ | ١٣٣ | ٥٥٧ |

بەمجۆرە بەدیار دەکەوێ کە گوندەکان کەم و زۆر پەڕاگەندەن و چڕی دانیشتووانیان نایەکسانەو ئەم خشتەیەی خوارەوەش بەڵگەی قسەکەمانە:

| چڕی دانیشتووان | موش | هەکاری | ڤان |
|---|---|---|---|
| ١- دێهاتی کەمتر لە ١٠٠ کەس | ٩ | ٥ | ٢٩ |
| ٢- دێهاتی ١٠١- ٥٠٠ کەس | ٢٨٠ | ٨٤ | ٤٥٤ |
| ٣- دێهاتی ٥٠٠- ١٠٠٠ کەس | ٦٤ | ٤٠ | ٥١ |
| ٤- دێهاتی ١٠٠٠- ٢٠٠٠ کەس | ١٤ | ٥ | ١١ |
| ٥- دێهاتی پتر لە ٢٠٠٠ کەس | ١ | -- | -- |

دێهاتی بچووکی (٣٠٠ — ٥٠٠) کەسی لە کوردستانی عێراقدا، لە ناوچەی ڕەواندزو زۆربەی شوێنەکانی دیدا بەرچاو دەکەون. هەروەها لە کوردســـتانی ئێرانیشدا گەلەک دێهات بەرچاو دەکەون کە تێکڕای دانیشتووانیان (٣٠٠) کەس دەبن.

بـــەرزی ناوچەکـــەش فاکتەرێکـــی زۆر گرنگە لـــە بیناکردن و دروســـتکردنی دێهاتی کوردســـتاندا. گەر بەوردی سەرنجی نەخشە بەرجەستەکەی (هۆتروت) بدەی کە بەرزایی و شوێنە بەفرگیرەکانی تێدا دیاری کردووە، بە جوانی ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە لە باشووری ڤانـــداو لە ناوچەی هەکاریدا لە بەرزاییەکانی نێوان (١٠٠٠ — ١٥٠٠) مەتریـــدا ژمارەی دێهـــات زۆر زۆرە، لە بەرزایـــی (١٥٠٠ — ٢٠٠٠) مەتریـــش دێهات زۆرن، لە بەرزایـــی (٢٠٠٠ — ٢٥٠٠) مەتری دێهات کەمـــن و لە بەرزایـــی (٢٥٠٠) مەتری بەبانـــەوە چ گوندێک نییە. لـــەو ناوچانەدا کە بەرزاییان مامناوەندییـــە، هاوینەهەواری یەکجار جوان و خۆش بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە لە کوردســـتانی عێراقدا، لە ناوچەی دهۆکدا، زاویتەی باوەشـــی لێـــرەواری چڕەکاژ کەوتۆتە بەرزایی (١٤٢٢) مەترییەوە. ســـوارەتووکەی هەمێزی دار سەرووان کەوتۆتە بەرزایی (١٦٧٥) مەترییەوە. سەرسەنگی بووکی بەهارانی تەڕوبـــڕ، پڕجۆش و خرۆش کەوتۆتـــە بەرزایی (١٠٤٦) مەترییەوە. ســـۆلاڤی پڕ تاڤگەو قەڵبەزە کەوتۆتە بەرزایی (١١٥٠) مەترییەوە. ئامێدی کەوتۆتە (١٩٠٥) مەترییەوە. لە ناوچەی سلێمانیدا، سەرچنار وەکو بە ناوەکەشـــیا دیارە، هاوینەهەوارێکی چڕە دارستانی خۆشە. لـــە هەولێر هاوینگەی ســـەڵاحەدین کەوتووەتە (١٠٩٠) مەترییەوە. شەقڵاوەی پڕ باخ و باخاتی داوینی سەفین کەوتۆتە بەرزایی (٥٦٥)

مەترییـــەوە. گەلی عەلی بەگی پڕ تاڤگەی شـــکۆداریش لە هەمان بەرزاییدا گیرســـاوەتەوە. حاجی ئۆمەرانیش کە لە بەرزایی (١٨٧٠) مەتریدایە، هاوینی یەکجار فێنکەو زســـتانی یەکپارچە بەفرە، ئێرە شـــوێنێکی یەکجار لەبارە بۆ خلیســـکانێی ســـەر بەفر. لە ناوچەی هەکاریدا لووتکە بەرزەکانی ســـیلۆداغ بە بـــەرزی (٣٥٠٠ — ٤٠٠٠) مەترییەوە، شاخەوانەکانی شیفتەو شەیدای خۆی کردووە.

گوند تا بچووکتر بێ، گوزەران تێیدا ناڕەحەتترە. لە کوردستانی تورکیاشدا هەروایە، زیاد لە نیوەی ئەم گوندە بچووکانە ئاوی تەواوی خواردنەوەیان نییە. ئـــاش و قوتابخانەو چایخانەو قاوەخانەی تێدا نییە. میوانخانەی تێدا نییە، کە ڕێبواران شـــەوی تێدا ڕۆژ بکەنەوە. بۆ ڕووناکی پتر پشـــت بە ئامێری کۆن دەبەســـتن. خەســـتەخانەو دەرمانخانـــە یا هەر نییە یا زۆر کەمەو بەشـــی پێویســـت ناکات. حەوزەکانیان لە نزیکی ئاودەســـتخانەکاندایە - گەر ئاودەســـتخانە هەبێ - لە وەرزی زســـتاندا لەبەر نەبوونی هۆی هاتوچۆ، ســـەدان گوند پێوەندییـــان لەگەڵ دنیای دەرێدا دەپچڕێ. لە کوردســـتانی عێراقـــدا لەنێوان ســـەدان گوندی دەوروبەری ســـلێمانی و هەولێرو کەرکوک تەنیا (٣٢٣) گوند کارەباو ئاوی لوولەکێشـــیان هەیە. لە ســـاڵی (١٩٦٢)دا، ژمارەی دانیشـــتووانی عێراق بە (٨،٧٧٦،٠٠٠) کەس قەبلێنراوە. تا ســـاڵی (١٩٧٠)ش مەســـەلەی تەندروستی و دەرمـــان بۆ ئەو هەموو خەڵکە یەکجار کەم بووە. لە سەرانســـەری عێراقدا، تەنیا (١٥٠) خەستەخانەو (٩٨٧) دەرمانخانەو (١٨٢٥٦) جێگـــەی کەوتن و (٢٨٩٠) دکتۆرو (١٧٧١) پەرســـتار هەبووە. لە کوردســـتانی تورکیاش وەزع و حاڵ بە هەمان شـــێوەیە، لە ساڵی

(١٩٧٦)دا، لـــه توركیادا (١٢،٢٧٥) دكتـــۆر هه‌بوون و له تێكڕای (٦٠،١٩٦) جێگـــه‌ی كه‌وتن به نزیكه، نیوه‌ی ئه‌و ژماره‌یه به‌ســـه‌ر شـــارانی ئه‌ســـته‌مۆڵ و ئه‌نقه‌ره‌و ئه‌زمیردا دابه‌ش كراون. مه‌لاریا، به‌تایبه‌تی له ناوچه‌ی كوردنشـــینه‌كانی دیاربه‌كر، سیرت و هه‌كاریدا بڵاوه له كوردســـتانی عێراقدا چواریه‌كی مـــه‌رگ و مردنی خه‌ڵكی به‌هۆی نه‌خۆشـــی مه‌لاریاوه بوو. ئه‌م نه‌خۆشییه له زه‌مانی هه‌وڵ و ته‌قه‌للای ڕێكخراوی جیهانییه‌وه له ساڵانی (١٩٥٤-١٩٥٦) به‌ته‌واوی بنبڕ بووه. له كوردستانی ئێراندا ته‌نیا (٢٥٠-٣٠٠) جێگه‌ی كه‌وتن هه‌یه. واته (١٠) هه‌زار كه‌س یه‌ک جێگه‌یان پێ ده‌بڕێ.

هاتوچۆی كورده‌كان له گوندێكه‌وه بۆ گوندێكی دی و پاراستنی په‌یوه‌ندییـــه كۆمه‌ڵایه‌تی و خێزانییه‌كان، هه‌نـــدێ گه‌رموگوڕه. یا سه‌ردان و دیده‌نی یه‌كدی به‌مه‌به‌ســـتی به‌رده‌وامبوونی په‌یوه‌ندیی دۆســـتایه‌تی و پاراســـتنی په‌یوه‌ندیی تیره‌یی، یا سه‌فه‌رو هاتوچۆ به‌مه‌به‌ستی مامه‌ڵه‌و كڕین و فرۆشتن ده‌كرێ. به زۆری له كوێره‌ڕێگه‌و توله‌ڕێگه‌كانه‌وه ده‌كرێن، یا هه‌ندێجار له ڕێگه‌ی جاده‌ی ده‌وڵه‌تییه‌وه ئه‌م كاره ده‌كه‌ن. زۆربه‌ی ئه‌م جادانه‌ش بۆ مه‌به‌ســـتی بازرگانی و سوپایی دروست كراون، له ناوچه كوێستانییه‌كانیشدا ڕێگای هێستر بـــه كه‌نار ڕووبارو چۆمه‌كانی نێو دۆڵه‌كانـــدا ده‌ڕوات. ئه‌م ڕێگایانه جاری وا هه‌یه ده‌كه‌ونه ده‌سته‌ڕاستی ڕووباره‌كان و جاری واش هه‌یه به ده‌ســـته چه‌پی ڕووباره‌كاندا ڕه‌ت ده‌بن. هه‌ندێكجار ئه‌م ڕێگایانه به هه‌ورازی یه‌كجـــار به‌رزو خه‌ته‌ردا تێده‌په‌ڕن و ئه‌م تووله‌ڕێگایانه هه‌ندێكجار یه‌كجار به‌رز ده‌بنه‌وه، بۆ نموونه له كوردستانی عێراقدا، پای كوڵی له به‌رزی (١٠٠٠) مه‌تری دایه‌و ساگری كه‌وتۆته به‌رزایی

(١٧٠٠) مەترییـــەوە. خەڵكی بـــە ئامێری جیاواز لـــە ڕووبارەكان دەپەڕنەوە. لەو شـــوێنانەدا كە ڕووبارەكان بەرین دەبن، خەڵكی یا لە بوارەكانەوە بە پێ دەپەڕنەوە یا ســـوود لە پردی ئاســـایی یا لە سیم وەردەگرن. بەشـــێوەیەكی گشتی پردەكانی كوردستان هێشتا كۆن و سەرەتایین و بە زۆری لە تەختەو دار دروست دەكرێن. پردی داریـــن لە كوردســـتاندا زۆرن. لەو جادانەدا كـــە بایەخی تایبەتیان هەیە، هەر لە كۆنەوە پردی بەردینیان لەســـەر دروست كراوە. ئەم پردانەش لە شـــێوەی نیمچە كەوانە دروست كراون. ئەمڕۆ كە پردی ئاسن لە جێی ئەو كۆنە پردانە دروست كراون. گەلێك كۆنە ئەفسانە دەدرێنە پاڵ ئەم پردانە. لە دەشـــتەكاندا بەتایبەتی لە كوردستانی توركیادا، هێشـــتا جادەی گڵ و ســـەرەتایی زۆر هەن كە تەنیا لە وەرزی خۆشیاندا كەڵكیان لێ وەردەگیرێ. هەندێك جادەی مۆدێرنی قیرتاوكراویش لە كوێســـتانەكاندا دروســـت كراون و بە شوێنەواری هونەری دەژمێردرێن.

ئێستا لە كوردستانی عێراقدا، ژمارەیەك ڕێگەوبانی باش دروست كراون، و هاتوچۆی خەڵكیان ئاســـان كـــردووە. لە عێراقدا چەندین جادەی نمرەیەكی چاك هەن كە موســـڵ بە زاخۆو ئامێدی، هەولێرو ئاكرێ دەگەیەنێ. دەتوانی لە هەولێرەوە بۆ حەریر، ڕەواندزو هەروەها كەركوك و ســـلێمانی بڕۆی. لە توركیادا جادەیەك لە مەلاتیەوە بۆ ئالازیغ، تونجەلی، ئەرزنجان، ئەســـكالا، ئەرزرۆم و قارس كێشراوە. لە ئالازیغ-ەوە جادەیەك بۆ بن گوڵ، موش و خوارووی وان دەچێ. جادەیەكی دیكەش، دیاربەكر، ماردین و نەســـیبین پێك دەگەیەنێ. دەتوانی لە دیاربەكرەوە بۆ ســـیلڤان و سیرت و هەروەها تا سیلڤان

بەلای بەتلیس-دا بەژێر ڤاندا بە جادەدا سەفەر بکەی. هەروەها دەتوانی لە خوار ڤانەوە تا ڤان بە جادەدا سەفەر بکەی و لەوێوە بە بەلەم و یەخت دەریاچەکە ببڕی.

چەند هێڵێکی ئاسنیش بە کوردستاندا تێدەپەڕێ. لە تورکیادا هێڵی ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، قارس بەرەو ئەرمەنستان دەکشێ. هێڵی مەلاتیە، ئالازیغ، گەنی، موش، خوارووی ڤان بەرەو تەورێز دەکشێت. هێڵی مەلاتیە، سیوریجە، مەعدەن، ئەرغانی، دیاربەکر، باتمان بەرەو سیرت بەردەوام دەبێت. قیتاری سەریعی ڕۆژهەڵات، لە ئەستەمۆڵەوە بەرەو ئاڵپۆ دەچێ و لە قەراغی سنووری تورکیا - سووریادا بە ناوچە کوردنشینەکاندا تێدەپەڕێ و دەگاتە موسڵ و بەغداد. لە کوردستانی عێراقدا هێڵێکی تەسکتر لە ڕادەی ئاسایی لە بەغداوە بۆ کەرکوک کشاوە، درێژییەکەی (٣٢٠) کیلۆمەترە.

لەو فڕۆکەخانانەوە کە کەوتوونەتە کوردستانەوە، چەندین ڕێگەی سوپایی بۆ ناوچە جیاوازەکان ڕاکێشراوە. کە گرنگترینیان لە تورکیا بریتیە لە: ئەرزڕۆم، قارس، قەرەگۆز، ئالازیغ، مەلاتیە، ڤان و دیاربەکر. لە عێراقدا بریتیە لە: موسڵ، کەرکوک، سمێل، ئامێدی و بامەڕنی. لە سووریادا بریتیە لە: قامیشلی. لە ئێراندا بریتیە لە: سنە، کرمانشاو ورمێ.

## هـ - سیمای مرۆڤ شوناسی لە کوردستاندا:

کورد، لەنێو گەل و میللەتانی جیاوازی وەک: تورک، ئێرانی، قەفقازی و عەرەبدا دەژین و لەگەڵ زۆربەیاندا پەیوەندیی دراوسێیەتی

باشیان هەیە. لێرەدا پرسیارێکی بەجێ دێتە ئاراوە: کە ئایا خەڵکی کوردستان خەسڵەتی تایبەتیی ئەوتۆیان هەیە کە لەو نەتەوانەی دیکەیان جیابکاتەوە؟ گەلێک لێکۆڵەرەوە هەوڵیان داوە سیماو لایەنی مرۆڤ شوناسی کوردەکان دەستنیشان بکەن و لەم ڕێگەیەوە بگەنە خەسڵەتی جیاکەرەوەی کوردان. دیارە مەبەست لەم لێکۆڵینەوانە ئەوە نییە کە جۆرە نەژادێکی تایبەت بە کورد بدۆزنەوە، چونکە هێندێ جیاوازیی گرنگی ژنەتیکی لەنێوان خەڵکانی هاونەژاد قابیلی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەن، بۆ نموونە (بڕوانە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکان و گروپە خوێن جیاوازەکان، روفیە ١٩٧٢). لێکۆڵینەوەی مرۆڤ شوناسی سەبارەت بە کورد نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن ئی. دوهۆست (١٨٦٣) و ئین. وی. خاندیکف (١٨٦٦)، دەستی پێ کرا. ئەمانە لە هەموو هەرێم و ناوچەکانی کوردستاندا لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداوە. لە ئێرانا، نووسەران، لەم بوارەدا دەست پێشکەرییان کردووە، پاشان ام. هوسای (١٨٨٧) درێژەی پێداوە. لە قەفقازدا ئی. چانتر (١٨٨٠ -١٨٩٠) و پانتکۆف (١٨٩١) ئەم کارەیان کردووە. لە تورکیاو لە دۆڵەکانی نێوان دیجلەو فوراتدا، جی. پی سون (١٨٩٢)، لە باشووری دەریای ڕەش و لە قەرەگۆزو چیای گروت و لە ناوچەی ڕۆژاوای ڤان و لە زنجیرلیدا، فۆن سۆلجان (١٩٢٢) ئەم کارەیان ئەنجام داوە. لە سووریاو دیمەشقدا، ئاریونس کاپرس (١٩٣١) ئەم کارەی دەستۆگرتووە. یەزیدییەکانی قەفقاز لە ساڵی (١٨٨٧)دا لەلایەن ئالیسیوف و لە ساڵی (١٩٠٠)دا لەلایەن ئیڤانوفسکییەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەیان لەسەر کراوە. فیلد-ش لە ساڵی (١٩٤٣)

دا لێکۆڵینـــەوەی لەســـەر کــوردە یەزیدییەکانی ژەنگارو شــێخان و هەمـــوو کوردەکانی ناوچەی زاخۆ، ڕەوانـــدز، ئاکرێ، کەرکوک و ســـلێمانی کردووە. ئەم لێکۆڵینەوانەی دوایی تا ســـاڵانی (١٩٥١ و ١٩٥٢) بـــڵاو نەبوونەوە. زۆربەی ئـــەم لێکۆڵینەوانە تەنیا نموونەن و لەســـەر ژمارەیەکی کەمی خەڵکی کراون، (واتە چەند کەســێک لەنێوان هەزار کەسدا هەڵبژێردراون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە) دیارە ئەم کارە بەپێی پێوەرو پێوانەی زانســـتی هاتۆتە ئەنجامدان. هەندێک گەشتیاریش لەلای خۆیانەوە هەندێک بابەتیان لەم بارەیەوە تۆمار کردووە. وێنەی زندوویان لەســـەر گرتووە. لەگەڵ ئەمەشـــدا، چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە لە ناوچەی جیاواز جیاوازی کوردســـتاندا کـــراون، بۆیـــە ئەنجامەکانیان تەواو چوون یـــەک نین. هەوڵ دراوە کورد لەڕووی مرۆڤ شوناسییەوە بخرێتە خانەی ڕەگ و ڕەچەڵەکی تایبەتیی خۆیانەوە (ئا. باشماکۆف) کوردەکانی ناوچە ڕۆژاواکان لە کوردەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور جودا کراونەتەوە (بڕوانە: فون. لوســـمان). کوردەکانی ناوچە ڕۆژاواییەکان قژزەردو چاوشین و ســـەریان تاڕادەیەک درێژکۆلەیە. کوردی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشـــوور، قژخورمایی و چـــاوڕەش و کەللەپانن. هەندێکیان خۆیان بـــە هاونەژادی تورکان دەزانن و هێندێکیـــش خۆ بە ئێرانی دەزانن و هەندێکـــی دی خۆیـــان بە عەرەب یا ئەرمەنـــی دەزانن. هەندێک لەو وێنانەی لەلایەن (مارک ســـیکس و لینخ یا سوبرین)ەوە ئامادە کراون، یەکسەر سیمای هەموو ئەو نەژادانە دەناسرێنەوە کە لەگەڵ کوردا دەژین وەک: عەرەب، جوولەکە، بابلی، نەستوری و تورکمان. اچ. فیلدش بەشێوەیەکی یەکجار زانستیانەتر لەبەر ڕۆشنایی (١٦٢)

پارچە ڕەســـمدا کە لەنێو (٥٩٨) کەســـدا هەڵبـــژاردوون، جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە. هێندەی توانیویەتی لەنێو ئەم ڕەسم و وێنانەدا کە گرتوونی، ئەم نەژادانەی جیاکردۆتەوە: نەژادی ئارمینۆد (٤٨)، نـــەژادی بالکان (١٢)، نەژادی گۆڕاوی دەریای ناوەڕاســـت (٣٦)، نـــەژادی تێکەڵ لە ئەوروپایـــی و ئەنەدۆڵی (٣٨)، ئێرانی خاڵیســـە یا تێکەڵ (٤)، مەغۆل (١)، لەنێـــو (٢٣٥) یەزیدیدا کە لێکۆڵینەوەیان لەســـەر کراوە، ڕادەی لێکچوونیان بەتەواوی چوون یـــەک نییە، بەراوردکردنیان لەگەڵ ئاشـــووری، شـــامارو عەرەب یا تورکمانەکانـــدا کە لەلایەن فیلدەوە ئەنجـــام دراوە، یەکجار مایەی سەرنجە، بێگومان ئەو لێکچوونانەی کە لەنێو ئەم نەژادانەدا دەبینرێت بەرەنجامـــی ژن و ژنخوازیی نێوان ئەم نەژادانەن، بەڵام مەســـەلەی تێکەڵبوونـــی نـــەژادەکان و کەمی نیشـــانەکانی جیاوازیی نێوانیان کارێکی وای نەکردووە کە یەکێکی وەک ئی. هۆست (١٨٦٣) ناسین و دیاریکردنی خۆی دەربـــارەی گەلی کوردو پێوەندییان بە نەژادی خۆیانەوە لەدەســـت بدات. ئارمی. ین. کاپـــرس (١٩٣١)ش لەلای خۆیـــەوە ڕای وایە کە کوردەکان ســـەرەڕای جیاوازییان لە ڕوانگەی مرۆڤشوناسییەوە، ئەوجاش سەر بە نەژادێکی دیارو تایبەتن.

بەم پێیە دەشێت ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی چ. فیلد لەمەڕ سیمای کوردی عێراق، بەمجۆرە کورت بکرێتەوەو بەرچاو بخرێ: (کوردەکان دەستەباڵان (١،٦٦م) بەدەنیان تاڕادەیەک کشاوەو دەست و لاقیان کورتە، تەوێڵیان پانەو کەللەیان خڕە. دەموچاویان مەیلەودرێژکۆلەیە. کەپوویـــان هەڵۆییە. کـــوردەکان، لە عەرەب پڕمووتـــرن، موویان تاڕادەیەک نەرم و لوولەو بە زۆری خورماییە، چاویان ڕەشـــە، بەڵام

کوردی مووزەردو چاوشین بە زۆری کەوتوونەتە ناوچەکانی ڕۆژاوای کوردستانەوە. ڕەنگی پێستیان لە ڕەنگی پێستی عەرەب ڕووناکترە، بەڵام ناگاتە ناسکی پێستی ئاسورییەکان. ددانیان ڕێک و ئاساییە. زۆربەیان بەخۆوەن، گەش و لەشساخن. بەگشتی و لە ڕوانگەی ئەو کەســانەوە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، تایبەتمەندێتیی سیماو قەڵافــات و دەموچــاوی کوردەکانی عێراق، بەو شــێوەیەی کە لە ســەرێ ڕا خرایە ڕوو، لەگەڵ هەموو ئەو باســانەی کە لە سەرێ ڕا کران، لێکۆڵینەوەی مرۆڤ شوناســی دەربارەی کورد، هێندە کەم و پڕ کەموکوڕییە کە ناشێت بۆ وەدەستهێنانی دوائەنجام بەتەواوەتی پشتی پێ ببەسترێت و بزانرێ کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەم خەڵکە لە کوێندەرەوە هاتووە. دەچێتەوە سەر چی و چۆن بووە، بۆیە لێرەدا ناچارین لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان و مێژووی کوردان بخەینەڕوو.

# مێژووی کورد:

## أ - بنج و بناوانی مێژووی کورد بەر لە ئیسلام:

تا ئێستا پتر پشـــت بە تایبەتمەندیی زمان و زانیاریی مێژوویی بەستراوە بۆ ناســـین و جیاکردنەوەی کورد لە نەتەوە ئێرانییەکانی دی. دیـــارە ئەمە بـــەو مەعنایە نییە کە بوونـــی ڕەگەزانی نەژادی دیکە لەنێـــو کورداندا ئینکار بکـــرێ. تایبەتمەندێتیی کورد بەپێی شـــوێن و جیاوازیی شوێنەکانیان بەئاشـــکرا جیاوازە. زۆر لە گوینە بڵاوبوونـــەوەو کۆچی تیرە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە (واتە ڕۆژاوای ئێران) بەرەو ڕۆژاوا (واتە کوردستانی مەرکەزی) دەستی پێ کردبێ، بەڵام چ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە ئەم بۆچوونە ڕەت بکاتەوە، کە بەرلەوەی کورد بێن بۆ کوردســـتانی مەرکەزی، تیرەو میللەتانی دیکە جیاوازییان بە ناوی نزیک لە (قاردۆ) دانیشـــتووی کوردستان نەبووبن کە پاشان لەگەڵ کوردە ئێرانییەکاندا تێکەڵ و بووبن و بە یەک.

لە دوو بەردەنووسی ســـۆمەریدا، کە دەگەڕێنەوە بۆ هەزار ساڵ بـــەر لە زایین (تورو- دان جین) ناوچەیەکیان کەشـــف کردووە بە نێوی (کار-دا-کا). ئەم ناوچەیە هاوســـنوورو دراوســـێی خەڵکی (ســـو) بووە. ج. ئار. درایڤـــەر پێی وایە ئـــەم ناوچەیە کەوتۆتە باشـــووری دەریاچەی ڤانەوە. قەڵای کۆنی (سو) کەوتۆتە ناوچەی بەتلیس (شـــەرەفنامە ل١٤٦). هەزار ساڵ لەوەپاش تیگلات پلیسر

له کۆســـارەکانی ئازودا شەڕی خەڵکانێک دەگەڵ کردووە کە پێیان گوتراوە قورتیە. بە باوەڕی درایڤەر (بڕوانە گۆڤاری رویال ئاسیاتیک سوسایەتی ١٩٢٣) ئازو، هەمان حازو ساسونـ ی ئەمڕۆکەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، وشەی قورتیە هێشتا بەتەواوی ساغ نەبۆتەوە.

هیرۆدۆت لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا هیچ ناوێکی نەهێناوە کە لەم ناوە بچێت. بەپێی گێڕانەوەی ئەو، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکاندا پاهتۆکان هاوسێی ئەرمەنستان بوونە. (نۆلدکەو کیپرت) پێیان وایە ئەم وشـــەیە پێوەندی بە وشـــەی (بوهتان)ەوە هەیە. کەزنەفۆن لە کتێبی گەڕانەوەی دە هەزارەکەدا (٤٠٠- ٤٠١ پ. ز) ناوی کاردوچوی (کاردوهوی) کە خاکەکەیان کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی (بوهتان)ەوە دێنێ. لەو سەروبەندە بەدواوە، ئیدی بە بەردەوامی لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلەو لە کەناری کێوی جودیدا تووشی ئەم ناوە دەبین. لە نووسینی مێژوونووسانی سەردەمانی کۆندا، بەم ناوچەیە دەگوترێ کوردۆیین (بە باوەڕی درایڤەر لەوەیە شێوە جیاوازەکانی ئەم ناوە بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەو دژواری درکەی پیتی ســـامی (ق) ڕوویدابێ). لە زمانی ئارامیدا بەم ناوچەیە دەگوترا (بت قردۆ). بە شـــاری جزیرەی ئەوڕۆیان دەگوت (گزارتا قردۆ). ئەرمەنییەکان وشەی کوردویان بەکار بردووەو بە عەرەبیان گوتووە (بڕوانە بلاذری ل١٧٦، طبــری ل ٦١٠ قردی و قرادی)، بە قســـەی یاقوت (بەرگی ٤، ل٥٦) کە پشتی بە قســـەی (ابن اثیر) بەستووەو قسەی ئەوی نەقڵ کردووە، ناوچەی بقردی بە بەشـــێک لە جزیرە دادەنرێ و دوو سەد گوندی تێدا بووە (الثمانین، جودی، فیروز، شاپور) لە کەناری چەپی ڕووباری دیجلە بووەو ڕووبەڕووی بازبدی کەناری ڕاستی دیجلە

بووه. پاشان ئەم ناوە کە تەنیا ناوی ئەو ناوچەیە بووە لە قامووسی زمانی ئیسلامیدا لابراوەو دوورگەی جزیرەو بۆتان جێیان گرتۆتەوە. بـــە گوتەی ئەرمەنـــی و عەرەبـــەکان، ناوچەی قـــردو ناوچەیەکی یەکجار تەســـک بووە. ئێمە سنووری دەقاودەقی ناوچەی کوردویین نازانین و لەو ناوچەیەدا ســـێ شاری (ساریسا، ساتالکاو پیناکا) بە تەنیشـــت دیجلەوە هەبوونە. بە گوتەی اســـتراییڤ کە جێی باوەڕو متمانەیە، ســـەردەمانێ وشـــەی کوردو، بەو ناوچەیە کوێستانییەی نێوان دیاربەکرو موش-ی ئێســـتا گوتراوە. جا پرســـیارەکە لێرەدا ئەمەیە کە (کوردوخوی) کێ بوونە وا ناویان ماوەتەوە؟ (پاشگری 'خوی' لە زمانی ئەرمەنی-دا نیشانەی کۆیە، ڕەنگە بەڵگەی ئەمەش بێ کە یۆنانییـــەکان ئەم ناوەیان لـــە ئەرمەنییەکانەوە وەرگرتبێ) بە گوتەی گەزنەفۆن کردوخوییەکان، نە حوکمداری ئارتالرکسمبس شایان قبووڵ دەکردو نە ملکەچی دەسەڵاتی ئەرمەنییەکان دەبوون. کاتـــێ کە تیگرانی دووەم لە ســـەدەکانی پێش زاییندا کوردۆیین-ی خســـتە ژێر ڕکێفی خۆی، پاشـــای کوردۆیینەکان ناوی زربی نووس بوو، و تیگراف کوشـــتی. لە ســـاڵی (١١٥) پاش زایین، پاشایەک لە کوردۆییندا حوکمڕانی کردووە کە ناوی (مانی ســـاروس) بووە. بە گوتەی (هوبشـــمان) دەســـەڵاتی ئەرمەنییەکان بەسەر ناوچەی کوردۆییندا یەکجار کەم و ڕواڵەتی بووە.

لە ڕاســـتیدا جێی سەرســـوڕمان نییە گەر لە زەمانی گەزنەفون -دا تیرەیەکی ئێرانی لە باکووری دیجلەدا نیشـــتەجێ بووبن، بەڵام ئەمڕۆکە جگە لە ناوەکەیان چ شتێکی دیکەیان لە پاش بەجێ نەمابێ کە بشـــێت لە ناسینی کوردۆکاندا پشتی پێ ببەسترێ. ئەم ناوەش

له وشەیەکی سامی دەچێ (له زمانی ئەکەدو ئاشووری-دا (قردو) بـــە واتای بەهێزو پاڵەوان و قاروا بـــە واتای خورت دێ). لەلایەکی دییەوە جۆرە لێکچوونێک لەنێوان کوردو خالدیدا- کە ناوی تیرەیەکە - هەیە. ئاشـــوورییەکان بەم خەڵکەیان دەگوت ئوراتو و ئوراشـــتو. لە زمانی عیبردا ئاراراتیان پێگوتـــراوە، یونانیەکان پێیان گوتوون (ئـــالارودی)، خالودی و هەندێکجار خالدایوی. ئەم هۆزە لە کۆتایی ســـەدەی نۆیەمی پێش زاییندا لە ئەرمەنســـتانەوە سەریان هەڵداو پاشان لە ناوچەی دەریاچەی ڤاندا ئیمپراتۆریەتێکی بە دەسەڵاتیان دامەزراندو تا سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایین بەردەوام بوو. لهمان- هاوپت، کۆنترین ســـەرچاوەی مێژوویی ئەرمەنەکان- گوتن کـــن — (١٩٠٧)، ل١٢٣. ئەو خالدییە کۆچەرییانەی کە لە ڕۆژاواوە کۆچیان کردبوو لەنێو ئەم تیرانەدا دەدۆزنەوە. (ئی. می یر) مێژووی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت- اشـــتوتکارت — ١٩١٣، ٤٧٤ بۆ شوێنی بنەڕەتیی ئەوان لە ئاراکسی-ی مەرکەزیدا گەڕاوە. پاش پەیدابوونی ئەرمەنییەکان لە سەدەی حەوتەمدا، خالدییەکان پەراگەندە بوون و ڕەهەنەی کۆسارەکان بوون. (بڕوانە کتێبی (کوردوید)ی گەزنەفۆن، بەرگـــی ٣، فەســـڵی ٣)، بەڵام ناویان لەنێـــو ناوەکانی دەوروبەری باکـــووری دەریاچەی ڤان-دا بە زیندووێتـــی ماوەتەوە. (لە نزیکی تەرابزون-دا شـــارێک بـــە ناوی خەڵات-ئەخلات- لە ســـەردەمی دەوڵەتـــی بیزانس-دا هەبـــووە کە بەڵگەی ئـــەو ناوەیە) لەوبەری قەفقازیـــش هەندێک لێکۆڵینەوە دەربـــارەی تایفەی خالدی ئەنجام دراوە، گورجییەکان پێیان گوتوون (خارتویلی) یا (خارتولی).

جـــا ئێمه گەر کـــوردۆ (قردو) به نەژادی ســـامیـ یا به نەژادی خەڵکی ناوچەکەش بزانین، ئەوا حەقیقەتێکی حاشـــاهەڵنەگر هەیه که ســـەرزەمینی کۆنی کـــوردۆکان، ئەمڕۆکـــه مەڵبەندی بنەڕەتی کوردانه. بەم پێیه بەدیار دەکەوێ که کوردۆکان هەمان کوردەکانن و ئەم بۆچوونه تا ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم بـــه بۆچوونێکی باوەڕپێکـــراو زانراوه. خۆ ئەگەر هەنگاوێ هێوەتر بچین، ئەوا دەبێ بڵێین کوردەکان ڕاستەوخۆ دەچنەوه ســـەر کوردۆو خالدوییەکان. (رایسکه) له تەفسیرێکیدا لەســـەر (کونستانتین پروڤی رونتوس) گوتوویەتـــی که خالـــدی و کوردی و کورتی و گردیـــای هەموویان یەکن. پی. لرچ لـــه کتێبەکەیدا (لێکۆڵینەوه دەربارەی کوردەکانی ئێران و باوباپیرانیان... ســـانت پترزبـــۆرگ ١٨٥٦) بۆچوونێکی له بابەتی بۆچوونەکەی رایســـکه دەخاتەڕوو. لێکۆڵەرەوانی وەک: ام. هارتمان. نولدکەو الیســـباخ ئەم بابەتەیان بەجۆرێکی دی خستۆته بەر لێکۆڵینەوەو ئەوه نیشان دەدەن که له ڕوانگەی زمانشناسییەوه وشـــەی کوردو قردۆ له دوو ڕیشەی جیاوازن. لەهەمانکاتدا هەر ئەو زانایانه باوەڕیان وایه که قەومی کورتی، که مێژوونووســـانی کۆنی یۆنانی به بەشـــێک له تیرەکانی مادو پارسـ یان ناو بردوون، هەمان کوردەکانی ئەمڕۆن. (بڕوانه اســـترابۆ، کتێبی ١١ بەندی ٣و١٣ وه کتێبی ١٥، بەندی ١و٣).

بوونـــی هۆزو تیـــرەی زۆری کوردان له فـــارسـ دا و له زەمانی ساســـانییەکاندا، بەڵگـــەو پشـــتیوانه بۆ ئەم قســـەیه (کارنامەی ئەردەشێربابەکان، وەرگێڕانی نولدکه - گوتن گن ٤٨و ٣٧و ١٨٧٩، هەروەها ئیشارەتی مێژوونووسەکانی عەرەب).

جیاوازیی نێوان کردۆو قردۆو تەنانەت گەر ئەوەش ساغ بێتەوە کە ئەم دوو وشەیە لە دوو ڕیشەی جیاوازن، نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم پرسیارە گرنگەدا کە چۆن هۆزەکانی کورتی (واتە کوردە ئێرانییەکان) توانیویانە خۆ بگەیەننە ناوچەکانی ڕۆژاوای چیاکانی زاگرۆس و- واتە سەرزەمینی تایفەی کۆنی قردۆ- لەوێ نیشتەجێ ببن؟ هەروەها چۆن توانیویانە کۆسارەکانی (ئانتی توروس) تا شانبەشانی سوریا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان؟ ئەم بابەتە هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ورد هەیە. لە یەکەم ڕوانینەوە وا پێ دەچێ کە فتوحاتی قەومی مادو پارس بۆتە مایەی گۆڕان و گۆڕانکاریی گەورەو لەم بارەیەوە تیرە ئێرانییەکان ناچار بوون کۆچ بکەن و جێگۆڕکێ بکەن. بۆ نموونە بەشێک لە تیرەی ئاساگارتیا کە شوێنی بنەڕەتییان (سیستان) بووە، ڕووەو ڕۆژاوا کۆچیان کردووەو لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا نێوی ئەم قەومە لەگەڵ مادەکانداو لە ناوچەی مادا هاتووە (بڕوانە زیکیرتو، یا، نووسینی استرک، لە بەرگی ١٤دا ساڵی ١٨٩٩)و لە سەردەمی داریوش دا (بڕوانە بەردەنووسی بیستون ٢٠- ٩٠) پایتەختی ئەم قەومە، ئاربیلای دەشتی ئاشوور بووە. واتە لە هەمان شوێندا بووە کە داریوش، چیتراتوخمەی سەرداری ئەوانی تێدا کوشت. ئەوەی مایەی سەرنجە سیماو ڕووخساری ئەم پیاوە لەسەر بەردەنووسی بێستون هەڵکەندراوەو لە سیمای کوردەکان دەچێ. (بڕوانە: ل. و. کسینگ. پەیکەرەکانی بیستون، لەندەن ١٩٠٧). لەنێوان ساڵانەی (٢٢٠و ١٧١ی پ. ز)دا شتێکمان بەردەست دەکەوێ دەربارەی ئەو چەکدارە کوردانەی لە شەڕەکانی نێوان ڕۆمییەکان و سلوکییەکان و پاشایانی

پرگاموندا بەشدارییان کردووە. (بڕوانە: لی وی، کتێبی (٤٢ فەسڵی ٥٨، بەندی ١٣، بەرگی ٣٧، فەسـڵی ٤، بەندی ٩). هەروەها پولی بیوس. کتێبی (٥ فەسڵی ٥٢، بەندی ٥، ویسباخ، سی. وی کورتی و ئا. ج-ریناخ لە سـاڵی ١٩٠٩)دا لە گۆڤاری کەونارا-سناسـیدا وتارێکی بە ناونیشـانی چریکەکانی پرگام نووسـیوە). لە سەدەی حەوتەمـدا گۆڕانێکی یەکجار گەورە لـە جوگرافیای ئەرمەنییەکاندا بەرچاو دەکەوێ کە پەیوەسـتە بە ناوچـەی کرچیخ. (بە گوتەی ئادنتز) لـە کتێبی ئەرمینیادا لاپەڕەی (٤١٨) وشـەی کرچیخ لە دووبـەش پێکهاتووە، یەکەمیان: کرتیـج و دووەمیان: ئایخ-ە کە ئایـخ بە واتای کـورد دێت. هەروەها وشـەی ئاتروپاتیج بە واتای دانیشتووانی ئاتروپاتین هاتووە. لە سەردەمی فاوستوس بیزاتینوس (سـەدەی ٤) ناوچەی کرچیخ تەنیا بەشێک بووەو نزیکی سەلماس کە پانتای خاکەکەی لە جولەمێرگەوە تا دوورگەی جزیرە بووەو ئەم شـوێنانەی گرتۆتەوە: کردوخ، کوردریـخ، ئای توانخ، ئای کرخ، و هەروەها موتولاخ، ئـورس راخ، کاراتوینخ، چلوک و ئالباک کوچک (بڕوانە: هارتمان، بۆتان ٤٩٣ هوبشمان).

لـەو گۆڕانکارییانـەوە کە بەرەبەرە ڕوویـان داوە، ئەوە بەدیار دەکەوێت کە لە هەرسێ ناوچەی: کردۆخ، کوردیخ و تموریخ-دا کە فاوسـتوس لەبری کوردیین-ی کۆن ناوی بردوون، کردۆخ گۆڕاوەو بووە بە بەشـێک لە کورچخ و تمور-غ لەپـڕ بەهۆی فراوانبوونی کردویخ لەبەین چووە.

هوبشـمان کە لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ پێناسـەو ناسـاندنی کردیـخ و کورتۆ تەرخان کردووە، دەیەوێ جیاوازیی نێوان ئەم دوو

وشـــەیە دیاری بکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەســـەر بناغەی زمانشناسی لەلایەن هارتمان و نولدکەوە کراون، چ ئیشارەتێکیان تێدا نییە بۆ وشەی نائەسڵ، یا خوازراو لە زمانەکانی دیکەوە. نوڵدکە تەنانەت گروپی ســـامی ناوەکانیش دیاری دەکات: ئارامێک قارتووایە (قارتاوییە عەرەبییە)و بە واتای کوردی ڕەســـەن هاتووە.

بەمجـــۆرە بەدیار دەکەوێ کە هاوزەمان لەگەڵ فتوحاتی عەرەبدا وشـــەی تاکی کورد- گـــرد- (کۆیەکـــەی اکراد)ە، بـــەو نەتەوە ئێرانییە تێکەڵاوانە یا بـــە ئێرانیبووانە گوتراوەو لەنێو ئەم تیرانەدا هەندێک تایفەی ئەسڵی هەبوونەو (وەک: قردو تموریخ یا تمورایە) نیشـــتەجێی ناوچەی ئەلـــک بوونە. تیرەی دیـــش هەبوونە وەک: خویتثة، کە نیشتەجێی هویت (ساسون)و ئورتایە، ئالارتانی میانی لقەکانی فورات بوونە. جگە لەمانە هەندێ تیرەی ســـامی و لەگینە ئەرمەنیش هەبووبن. (وەکـــو دەگوترێ تایفەی مەمقانی لە نەژادی مامیکونییەکان بوونە).

لە سەدەی بیستەمدا، لێکۆڵینەوەی توێژەرەوەکان بەم ئەنجامە گەشتوە کە لەنێو کوردەکاندا تیرەیەکی ئێرانی غەیرە کورد بە ناوی (گـــۆران- زازا) هەن. لە چەندین ناوچەی کوردســـتاندا پەیدابوون و ســـەرهەڵدانی چینایەتـــی کۆمەڵگە دەبینرێ کە لەســـەر بناغەی دەســـەڵاتی تیرەی زاڵ و دەسەڵاتدار بەسەر چینەکانی دیدا هاتۆتە ئاراوە. (لە ســـلێمانی، لە ســـابڵاخ و لە قتوردا، دەسەڵات و زاڵی تایفەیەک بەســـەر تایفەیەکی دیدا ئاشـــکرایە، لە قتوردا پاشماوەی تایفەی کورســـینلی دەبینین کە بەسەر تیرەی شکاکدا زاڵ بوونە).

ڕەنگە لێکۆڵینەوەی وردی بەردەوام بگاتە کەشــفکردنی پاشماوەی گەلەک کۆنــە تیرەی ئەوتۆ کە کوردەکان بەدەم خەباتی یەکبوونی خۆیانەوە خســتویاننەتە ژێر دەســەڵاتی خۆیان. هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی پەیوەستن بە ئیسلامەوە یا بە خوو خدەو دابونەریتی کوردەوارییەوە ناتوانن یارمەتیــی ئەوەمان بدەن کە لە ڕێگەیانەوە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردەکان بدۆزینەوە (بڕوانە: مســعودی، مروج الذهب، بەرگی٣، ل٢٥١).

مەســعودی، باوەڕی وایە کــە کوردەکان لە نــەژادی ئەو تیرە ئێرانییانەن کە توانییان خۆ لە زوڵم و ستەمی زوحاک ڕزگار بکەن. ئەفسانەی زوحاک یەکێکە لە داستانە هەرە بەناوبانگەکانی شانامە. موریە لە ساڵی (١٨١٢)دا باسی جەژنێک دەکات کە خەڵکی دەماوەند، لە (٨/٣١)دا بە یادی ڕزگاربوونی تیرەی پارس لە زوڵم و ســتەمی زوحاک، گێڕاویانەو بەو جەژنەیان دەگوت (جەژنی کوردی). هەندێک کەس (بڕوانە: مــروج الذهب، بەرگی٣، ل٢٥٣) دەڵێن: "کوردەکان لــە نەوەی ربیعەی بن نزار بن معــد) بوونە"و هەندێکی دی دەڵێن: "تیرەی کــورد لە نەوەی (مضری کوڕی نــزار)ن"، ئەم دوو ناوە هەردووکیان لە ناوچەکانی دیارربیعە (موســڵ)و دیارمضر (راقا)وە وەرگیراون. ئەوانە لەسەر ئەو قسەیەن کە تیرەکانی کورد لە نەوەی عەرەب بوونەو لە ئەنجامی دوژمنایەتییان لەگەڵ تیرەی غەسانیانی خزمی خۆیانــدا جیابوونەتەوەو پەنایان وەبەر کێوان بردووە، لەوێ تێکەڵــی تیرەو تایفەی دی بوون و زمانی زگماکی خۆیان فەرامۆش کردووە. ئەوەی سەرنجڕاکێشــە ئەوەیە کە لەنێــوان ژمارەیەک لە ئەژدادی تیرە کۆنەکاندا، تووشی تیرەی کوردی کوڕی مەردی کوڕی

سەعسەعەی کوڕی هۆزان دەبین. مسعودی لە (الترویج والتنبیە)دا کوردەکانی بە نەوەی مەردی کوڕی ئەسفەندیاری مەنوچەهر زانیوە. ابن الحوقل، کوردەکانی بە نەوەی کوردی کوڕی مەردی عامر زانیوە. ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی ڕەگ و ڕەچەڵەکی تیرەو تایفە کۆنەکان کراوە، ڕەنگە سوکە هەوێنێکی مێژوویی و واقیعی گرتبێتە خۆ وەکو بە ئێرانیبوونی سامییەکان و تیکەڵبوونیان لەگەڵ هەردوو قەومی زاگرۆس و فارسدا.

لە باری ڕیشە دۆزینەوەو زمان شناسییەوە هەندێ هەوڵ دراوەکە وشەی کورد لەگەڵ وشەی (کلدان)ی عەرەبیدا بە هاوپەیوەست و هاوڕیشە بزانرێ. لەم بارەیەوە ئەفسانەیەک دەگێڕدرێتەوە کە گوایە کوردەکان نەوەی کەنیزەکە جوانەکانی بارەگای حەزرەتی سلێمان بوونەو لەگەڵ ئەهریمەنێکدا بە ناوی جاساد (دەرکراو لە بارەگای سلێمان) تێکەڵ بوون. ئەو لێکۆڵینەوە تازەیەی کە لەلایەن درایڤەرەوە لە ساڵی (١٩٢٣)دا ئەنجام دراوە لە گۆڤاری (جورنال رویال ئاسیاتیک سوسایەتی ژمارە (٤٠١)دا بڵاو بووەتەوە، ناوی کورد دەباتەوە سەر وشەی گوردی فارسی کە بە مانای پاڵەوان و ئازا دێت. لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی کات ناوی تیرەکان لە ناوی شوێنەکانیانەوە وەردەگیرا. شەرەفنامە، کوردەکان (تیرەی باجوانی بوختی) دەگەڕێنێتەوە سەر باجان و بوخت. و باجان بە هاوتای درکەی باسناو دەزانێ کە لقێکە لە لقەکانی ڕووباری فورات. وشەی بوختش لە وشەی پاختوخاوە نزیکەو هەمان هەفتان بوختە کە لەلایەن (ئەردەشیر بابکان)ەوە کوژرا. (بڕوانە: نولدکە، مێژووی عەرەب و ئێرانییەکان). بەپێی ئەفسانەیەکی دی کە بەتایبەتی لە

باکووری ڕۆژاوادا باوە، کوردەکان ســـەر زەمانێ دوو تیرە بوونە بە نـــاوی میلان و زیلان و گوایە میلان لە عەرەبســـتانەوە هاتبوون و زیلان لـــە ڕۆژهەڵاتەوە، گوایە میلان بە چاوی ســـوک دەیانڕوانییە زیلان.

## ب لە سەردەمی ئیسلامەوە تا ساڵی (١٩٢٠):

لە ســـەرەتای هێرش و پەلاماری عەرەبەکان بەملاوە، مێژوویەکی ڕوونترمان لەمەڕ کورد لەبەردەستدایە. لە ماوەی پێنج سەدەی یەکەمی کۆچیـــدا، کوردەکان زۆرجار لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەشـــدارییان هەبـــووەو ڕۆڵی کاریگەریان هەبووەو زۆربەی کات لە پێشـــەوە بوون و دەستپێشـــکەرییان کردووە. لەو ماوەیەدا چەند خانەدانێکی کورد حوکمیـــان گرتۆتە دەســـت. پێدەچێت کە لە ســـەدەی (٤ — ١٠)ی پاش زایین، شەپۆلی هێرشـــی مەغۆل و تورکەکان، کوردیان لەگەڵ خۆدا ڕامالّیبێت، بەڵام لە ســـەردەمانی شەڕەکانی نێوان سوڵتانانی عوســـمانی و پاشایانی سەفەویدا، لە کوردستاندا بارودۆخێک هاتۆتە پێشـــێ کە زەمینەی بۆ دەســـەڵاتی فیودالّـــی و تیرەگەری، خۆش کردووە. کتێبی شـــەرەفنامە، لەم بارەیەوە بە دوورودرێژی باسی ئەو میرنشینانەی کردووە. لە کۆتایی ئەم شەڕانەدا بەرەبەرە سنوورێکی دیار لەنێوان تورکەکان و ئێرانییەکاندا دانراو ســـنووری خاکی ئێران گەییە پشـــت زاگرۆس و گەییە کۆتایی باکووری ئەم زنجیرە چیایە. لەوە بەدواوە تورکەکان حوکم و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا ســـەپاندو دەستیان بە حوکمڕانی کرد. لە کۆتایی سەدەی

نۆزدەدا دوا حکومەتی ناوچەیی میللی کوردەکان لە خاکی عوسمانیدا پاکسازی کران، لەوانە: حکومەتی هەکاری، بەدلیس و سلێمانی. لە ئێرانیشدا، ئەردەڵان و موکری دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان لەدەست دا. لەگەڵ ئەمەشدا لە کوردستاندا هێشتا تیرەی کورد هەن کە هەموو تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کورد دەپارێزن. خانەدانی قاجاریی ئێران، بەدەگمەن خۆی لە کاروباری ناوخۆی تیرەو تایفەی ناوچە کوردنشینەکان هەڵدەقورتاند. تورکەکان لە ئاخرو ئۆخری سەردەمی حوکمڕانی سوڵتانانی عوسمانیدا، هەوڵیان دەدا بۆ پاراستن و جێپێقایمکردنی حکومەتی مەرکەزی خۆیان، سوود لە کوردەکان وەربگرن. کوردەکان هەندێکجار حوکمڕانی حکومەتی مەرکەزییان قبووڵ دەکردو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی مەرکەزی دەبوون. خۆ زۆرجاریش بەرەنگاری مەبەستی تورکەکان دەبوونەوە کە دەیانویست پاشماوەی میرنشینە کوردەکان پاکسازی بکەن. لە سەدەی بیستەمدا، شەپۆلێکی ئازادیخوازانەو ڕاپەڕینی نیشتمانپەروەری کارێکی وای کرد کە کوردەکان لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بکەونە جموجۆڵ. شۆڕشی ساڵی (١٩٠٨) کوردەکانی پتر خستە سەر کەڵکەڵەی سیاسیەت و ڕۆژنامەو گۆڤارو ئەنجوومەنانی کوردی کەوتنە زیادی. لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا (٩١٤-١٩١٨) بۆ یەکەمجار پرۆژەی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردستان لەلایەن هێزە ڕۆژاواییەکانەوە هێنرایە ئاراوەو گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام ئەم پرۆژەیە تەنیا چاوڕاوێک بوو بۆ ئەوەی ویلایەتی کۆنی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و پاشان فەرامۆش کرا.

## کورد پاش زاڵبوونی عەرەب:

وا چاکــە ڕای خۆمــان دەربــارەی تیرە کوردەکان و شــوێنی نیشتەجێبوونیان، بە کۆمەڵێک ڕاوبۆچوون و زانیاریی مێژوونووسانی عەرەب لەم بارەیەوە بخەینەڕوو:

وشــەی کوردستان پێش سەردەمی ســەلجوقییەکان، وشەیەکی نەناســراو بوو. ئەو زانیاریانەی پەیوەســتن بە کوردەوە لە کتێبی مێژوونووســانی عەرەبدا بە نــاوی وەک: زۆران، خیلات، ئەرمەنی، ئازریجان، چیا، فارس و... هتد ناوبراون. مەسعودی (نزیکەی ٩٤٣-٣٣٢)و ئەســتەخری (٩٥١-٣٤٠) یەکەم کەســانێکن کە زانیاریی ڕێکوپێک لەمەڕ کورد بەدەســتەوە دەدەن. لە کتێبی (مروج الذهب دا، بەرگی٣، ل٢٥٣) مەسعودی ناوی ئەم تیرانە دەبات: لە دنیاوەرو هەمەدان: شوهجان. لە کنگاوەردا: ماجوردان، لە ئازربایجان: هازبانی و سارات (کە دورنییە سارات= شورات بێ کە بە مانای بێگانان دێ) لە چیادا: شــادابخان، لازبا، مادانجان، مازدانکان، باری سان، خالی (جەلالی)، جەبارەکی، جوانی و موستاکان. لە سوریادا: دبابیلاو.. هتد. لە موســڵ و جودیدا کوردانی مەســیحی مــەزەب بریتین لە: الیعقوبیە. جاکوبیتس)و جورقان (جورغان). مەسعودی لە کتێبێکی دیکەیدا بەنێوی التروبج و التنبیە) تەنیا بازیجان، ناشاویرا، بودیکان و کیــکان (ئەمڕۆ کە لە نزیکی مەرعەش دا نیشــتەجێن) دەخاتە ســەر ئەو لیستەی سەرێ و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ناوکی ئەو ناوچە کوردنشــینانە دەبا کە کەوتوونەتە دەرێی خاکی کوردستان. لەوانە: رموم لە فارس و کرمان سجیســتان لە خۆراســان (بڕوانە

ئەســـتەخری ل٢٨٢. گوندێکی کوردنشـــین لە بەشی ئەستراباد) لە ئەسفەهاندا (بەشـــێک لە تیرەی بازنجان و شارێک بە ناوی کورد. بڕوانە یەعقوبی ل٢٧٥ و ئەســـتەخری ل١٢٥). لە چیادا، بەتایبەتی (ماەکوغە، ماەبەسرە، ماەسبادان (ماسباذان)و دوئی غار. (بڕوانە کلارج ابی دولاف و بورج) شـــایانی باسن. لە هەمەدان، شارەزوور، لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریاندا واتە دارابادو صمغان (زیمکان) لە ئازربایجان، ئەرمەنستان (لە دوین-ی سەر ئاراس-شدا کوردەکان لـــە خانووی بە بەردو گڵ دروســـت کراو، دەژیان. بروانە مقدســـی ل٢٧٧). لـــە ئاران-دا (یەکێک لە دەروازەکانی باردعە پێی دەگوترا باب الکرادو ابن مسکویە دەڵێ لە سەردەمی پەلاماری ڕووسەکاندا لە ساڵی (٩٤٢) حاکمی ناوچەکە، کوردەکانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خـــۆی). لە بیلقان، بـــاب الابواب (دربند)، و لە جزیرەو ســـوریاو التغوردا (بەدرێژایی ســـەنگەرەکانی مەرزی سلیسیان) کورد بەرچاو دەکەون. ئەستەخری بەتایبەتی لە ناوچەی فارسدا ناوی (٥) رموم دەبات. ئەم وشـــەیە (رموم) بەو ناوچانە دەگوترا کە کوردیان تێدا نیشـــتەجێ بووە. (هەرچەندە degoeje وای پێ چاکترە رام و رموم بەکاربەرین (ئەم وشـــەیە لە فارســـییەوە وەرگیراوەو رام بە مەعنای رمە، واتـــە مێگەل بەکارهاتووە). ئەگەری ئەوەی کە رموم کۆی روما بێ زۆر کەمە. هەریەکێک لەم رامانە شـــارێکی تێدا بووە. ســـەرۆکی شارەکە کورد بووەو بەرپرسی کۆکردنەوەی باج و خەراج و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی گشتی بووە.

ئەم رومومانە بریتی بوون لە:
١ جیلویا یان رامیجان کە هاوســـنوری ئەســـفەهان و خۆزستان بوو.
٢ لاوالیجان، لەنێوان شیرازو کەنداوی فارس-دا بوو.
٣ دیوان لە کورادا بوو، و بەشێک بوو لە سابور.
٤ کاریان، کەوتبووە پاینی کرمان.
٥ شەهریار، دراوسێی ئەسفەهان بوو، بازینجان-شی پێ دەگوترا. کە بەشێک لەو تیرەیە بۆ ناوچەکانی ئەسفەهان ڕاگوێزرابوون.
ئەستەخری بە پشتیوانی دەقەکانی (دیوان) نوسخەی ابن حوقل ل١٨٧١٨٥ و مقدســـی ٤٤٦، ناوی ٣٣ تیرەی دەوارنشـــین دەبات کە بریتین لە: کرمانی، رمانی، موداســـیر، محمد ابن بشـــر، باقیلی (بڕوانە مقدسی، طلبي)، بەغداد ماهری، محمد ابن اسحق، سەباحی، اسحاقی، ازار هارکانی، شاهراکی، طاهماداهني، زابادی، شاهراوی، بانداداکی، خسروی، زندی، صفری، شاه یاری، میهراکی، مبارکی، ایشتامهاری، شاهونی، فرالی، سالمونی، حیری، ازاددوختی، مطلبي، مامالی، شـــاهکانی، کاجتی و جلیلی. لەسەر لەبەری ئەم ناوچانەدا (٥٠٠) هەزار خێزان دەژیان و هەموویان دەوارنشین بوون.
فارســـنامە دەڵێ: کوردەکانی ســـەر بە رامە گەورەکانی وەک: جیلویا، ذی وان، لاوالیجان، کاویان و بازنجان، باشترین ڕەگەزی نێو قۆشەنی کۆنی فارسیان پێک دەهێناو هەرهەموویان لە جەنگەکانی ســـەرەتای پەیدابوونی ئیســـلامدا کوژران تەنیا (علـــک) نەبێ کە مســـوڵمان بوو، و ڕۆڵەکانی خۆی بەجێ هێشـــت. کوردەکانی دی لەلایـــەن عضد الدولەوە لە ئەســـفەهانەوە بۆ فارس ڕاگوێزران. زۆر

زەحمەتــە باوەڕ بکرێ کە (٥٠٠) هەزار خێزانی کورد هەر هەموویان کوژرابن، بۆیە لەگوینە کە ئەم تیرە کوردانە لەنێو تیرەکانی فارسدا توابنەوەو ناسنامەی قەومی خۆیان لەدەست دابێت. ئێستا، لوڕەکان لە رام-ی کۆنی جیلویادا (کوە- کیلو)دا نیشتەجێن و لێمان عەیان نییە کە لوڕەکان لە چ زەمانێکەوە نیشـــتەجێی ئەم ناوچەیە بوونە. ئەســـتەخری ناوی تیرەیەکی دی دەبا بە نێوی ئال لوری یا (لازیا) کە لەنێوان کوردەکانی فارســـدا نیشتەجێ بوونە. لەلایەکی دییەوە فارســـنامە تیرەی شوانکارە، لە تیرە کوردەکان جودا دەکاتەوەو بە کوردیان نازانێ. ئەم تیرەیە لە ئاخرو ئۆخری دەســـەڵاتی خانەدانی ئال بویەدا، لە فارسدا دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کردبوو. العمری لە مسالک الابصاردا، ناوی شوانکارە وەکو تیرەیەکی جیا لە کورد، دێنێ. شەرەفنامەش لە باسی بنەماڵە کوردەکاندا ناوی شوانکارە ناهێنێت. لەگەڵ ئەمەشـــدا یەکێک لەو تیرانەی ســـەر بە هۆزی شوانکارەن، نـــاوی رامانی-یەو ئەم ناوەش ناوی یەکێک لەو تیرە کوردانەیە کە ئەستەخری ناوی هێناوە. هەموو بەڵگەنامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە کوردەکانی ناوچەی فارس لە تیرەکانی کوردستان جیاوازن.

وشـــەی زۆزان، کە بەتەواوی هی مەرکەزی کوردســـتانە (زۆزان لە زمانی کوردیدا بە واتای هاوینەهەوار) جوان پێناســـە نەکراوە بە گوتەی ابن حوقل، پاشای زۆزان ناوی ئال دایرانی (درانێکی پاشای ئەرمەنی و ئەســـپورەکان) بوو. مقدســـی وای بـــۆ دەچێ کە زۆزان ناوچەیەک بووبێ لە جزیرە. پاشـــان ئەم ناوچەیە، کە دانیشتووانی کوردو مەسیحی بوونە، فراوان بۆتەوە. بە گوتەی ابن الاثیر، ڕووبەری زۆزان لە موســـڵەوە بە ئەندازەی دوو ڕۆژە ڕێگە بووەو تا سنووری

خیـــلات درێژ دەبووەوەو لـــەلای ئازربایجانەوە دەگەییە ســـنووری سەڵماس. گەلەک لە ناوچە شاخاوی و سەختەکان بەدەست کوردە بەشـــنەوی و بوختییەکانەوە بووە. بەشـــنەوییەکان بارقاو بەشیر- یان بەدەستەوە بووە. بوختییەکانیش گورگیلیان بەدەستەوە بووە. (گورگیل شوێنی دانیشتنی مەلیک ئاتیل بوو. (بڕوانە شەرەفنامە، بەرگـــی١، ل١١٧، داش ئاتیـــل). ئەو شـــوێن و ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانانی موسڵدا (زندیە) بوون، بریتی بوون لە: الکی (الـــک)، ئارواخ، باخاوخا (بوکوکی لە بـــەرواری)، بارخو، کنگاور، بیـــزواو (ڕۆژهەڵاتی ئاکرێ)و خوشـــاب. یاقوت لـــەم بارەیەوە زۆر دڵنیانییە، بەهەرحاڵ ڕەنگە ئەم ناوچانە بەشـــێک بووبن لە شوێنی کوردەکان و بەرەبەرە چووبنە سەر قەڵەمڕەوی حمدانیەو زندیە.

## کورد، لە سایەی دەسەڵاتی خەلیفەو سوڵتانەکانی ئال بویەدا:

مەســـعودی لە (مروج الذهبدا، بەرگی٣، ل٢٤٩) ئیشـــارەت بۆ دوژمنایەتیی تەقلیدی بەر لە ئیســـلامی نێوان شازادەکانی عەرەبی غەسان و کوردەکان دەکات. عەرەبە مسوڵمانەکان پاش داگیرکردنی تکریت و حەلوان لە ساڵی (٦٣٧)دا پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکاندا پەیدا کرد. (سەعدی کوڕی وەقاس)، بەرەو موسڵ پێشڕەوی کردو ناوچە کوردنشینەکانی داگیر کرد (بڕوانە: ابن الاثیر، الکامل، بەرگی٢، ل٤٠٨)، داگیرکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن (عیاض ابن غنم و عتبە)وە تەواو کرا. بڕوانـــە: بلاذری، فتوح البلدان، ل ٣٣١) پەتریکی زۆزان

له ســالّی (٦٤٠)دا بەهۆی باج و خەراجدانەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا پاراست. (بڕوانە: فتوح البلدان، ل١٧٦). لە سوسیانادا، لە ساڵی (٦٣٩). عەرەبەکان دژی ئەو کوردانەی کە لایەنی (رمزان) ی حوکمڕانــی ئەهوازیان گرتبوو، کەوتنە شــەڕ (بڕوانە: الکامل، بەرگی٢، ل٤٢٥). کوردەکان، لە فارسدا، ساڵی (٦٤٤) پشتیوانییان لــە ئێرانییەکان کرد. (بڕوانە: بەرگــی٣، ل٢٣) عومەر، ناچار بوو چەندین جار لەشکر بکاتە سەر کوردەکانی ئەهواز (بڕوانە: فتوح... ل٢٨٢، ٣٨٩. هەروەها الکامل، بەرگی٣، ل٣٧). لەلایەکی دییەوەو لە ســەردەمی خەلیفایەتی عومــەردا، کوردەکان هێرشــیان کردە ســەر ناوچەکانی کرخەی مەرکەزی (سامرە: ماساب دان). خەڵکی ئەم ناوچانە، لە زەمانی یەعقوبیدا هێشــتا هەر بە زمانی فارســی دەدوان. (بڕوانە: بلدان ل ٢٣٦). عەرەب بەر لە پەیدابوونی ئیسلام گەییبوونە شارەزوور (بڕوانە: ابن الفقیە، ل١٣٠)، بەڵام داگیرکردنی یەکجارەکیی شــارەزوور، دراباغ و صامغان پاش زنجیرە شــەڕێکی خوێناوی لە ســاڵی (٦٤٣)دا تەواو بوو. (بڕوانــە: فتوح البلدان، ل٣٣٤ و الکامل، بەرگی٣، ل٢٩). لە باشــوورا، ابو موسی الاشعریی حاکمی بەســرە، ناچار بوو لە ساڵی (٦٤٢)دا ڕاپەڕینی کوردەکان لە بروج و بالاســجان سەرکوت بکات. ســەرەنجام کوردەکان لەپڕ لــە دینی خۆیان هەڵگەڕانەوە (بڕوانــە: الکامل، بەرگی٢، ل٧٦٦) لە ســەردەمی خەلیفایەتی عەلیدا، کوردەکان و هەموو تیرە ئێرانی و مەســیحییەکان، لە شــۆڕش و ڕاپەڕینی الخریتی نزیکی ئەهوازی ناوچەی فارس بەشــدارییان کرد، بــەڵام رام هورمزی فەرماندەیان شکستی هێنا (بڕوانە: الکامل، بەرگی٣، ل٣٠٩).

موختار کە لە سـەردەمی حوکمڕانـی (عبدالملک)ی خەلیفەی ئەمەوییەکاندا ئەرمەنسـتان و ئازربایجانی داگیر کردبوو، لە ساڵی (٦٨٥)دا حاکمێکی لە حەلوان دانا کە ئەرکی شەڕ و سەکوتکردنی کوردەکان بوو. (بڕوانە: الکامـل، بەرگی٤، ل١٨٧)، بەڵام مەرگی موختـار بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نەخشـەیە سـەر نەگرێت. هەر لـە سـەردەمی هەمان خەلیفـەدا، (عبدالرحمن ابن الاشـعث) کە بە خوێشـی پیاوێکی سـەرکێش و یاخی بوو، لە سـاڵی (٧٠٢)دا لەگەڵ کوردەکانی شـاپوری ناوچەی فارسـدا دەستی تێکەڵ کرد (بڕوانە: الکامل، بەرگی٤، ل٣٥٢). کوردەکان، لە سـاڵی (٧٠٨)دا ناوچەی فارسـیان کردبوو بە مەیدانی پەلامارو کشانەوەی خۆیان، بەڵام لەلایەن حەجاجەوە تەمێ کران. کوردەکانی شاپور، لە ساڵی (٧٤٢)دا بەرانبەر بە سـلیمان ادهم و هاوپەیمانەکانی کە بێگانەیان پێ دەگوترا، وەسـتانەوە. سلیمان کە دژی خەلیفە مەروانی دووەم هەستابوو، شـاپوری گەمارۆ دا (بڕوانە: الکامل، بەرگی٤، ل٣٨٧، ٣٤١، هەروەهـا بەرگـی٥، ل٢٨٣) خەلیفە مـەڕوان کوڕی یەکێک لە کەنیزەکـە کوردەکان بڕوانە (طبـری، بەرگی ٣ ل٥١) کە چاوە شـینەکانی و سـیما جوانەکەی چووبوونەوە سەر دایکی. (بڕوانە: سـیر ویلیام مویز، خەلیفە، سەرهەڵدان و داڕووخان، ل٤٢٩. چاپی لندن، ساڵی ١٨٩١).

لە سـەردەمی مەنسـوری خەلیفەی عەباسـییەکاندا، هێرشی ئەرمەنییەکان و شـەڕی خازارەکان لە ساڵی (٧٦٤)دا بووە مایەی کۆمەڵێک ڕاپەڕین. چەند سـاڵێک پاش ئەمـە، جارێکی دی ناوی کوردەکان لەگەڵ شۆڕشی ناوچەی موسڵ و ڕەنگدانەوەی ئەو شۆڕشە

لەنـــاو حەمدانەکاندا، دێتـــەوە گۆڕێ. (بڕوانـــە: الکامل، بەرگی٥، ل٤٤٨ و بەرگی٦، ل٩). جەعفەری کوڕی مەنسور، کوڕی یەکێک لە کەنیزەکە کوردەکان بوو. (بڕوانە: طبری، بەرگی٣، ل٤٤٢).

لــە ســەردەمی (المعتصم)دا لە ســاڵی (٨٣٩)، کــوردەکان بە ڕێبەرایەتیی (جەعفەری کوڕی فهرجیس) کە نەجیبزادەیەکی کورد بوو، لە ناوچەی موســڵ ڕاپەڕینیان بەرپا کــرد، بەڵام لە ناوچەی باباغیشدا شکستیان هێنا، جەعفەر بۆ چیاکانی داسین پاشەکشەی کردو لەوێندەر قۆشــەن و لەشــکری پاشــای بەزاند. ســەرەنجام لەشــکرێکی تازە نەفەس بە فەرماندەیی ئایتــاخ تورک کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هێنا (بڕوانە: الکامل، بەرگی٤، ل٣٦٠١).

کوردەکان، لە ســاڵی (٨٤٥) لە ناوچەی ئەســفەهان و چیاو فارســدا ڕاپەڕینیان بەرپا کــرد. ئەم ڕاپەڕینە زووبــەزوو لەلایەن (وصیف)ی فەرماندەی تورکەوە دامرکێندرایەوە. کوردەکانی موسڵ ســاڵی (٨٦٦) دایانــە پاڵ ئــەو ڕاوێژکارە بێگانەیەی ستایشــی موســڵی کردبوو. کورد ســاڵی (٨٧٥) دەوری دیاریان لە شۆڕشی کۆیلەکاندا بینی (بڕوانە: نولدکە شۆڕشــی خوڵامان لە ڕۆژهەڵات، شەرحێکی مێژووی ڕۆژهەڵات ئەدنبەرە لندن ١٨٩٢ ل١٤٦- ١٧٥). (عەلی محەممــەد) ناوێک کە بە (الخبیث) ناســرابوو، ڕابەرایەتی ئــەم ڕاپەڕینەی دەکرد. هەروەها کــوردەکان لە ڕاپەڕینی یەعقوب ســەفاری دامەزرێنەری زنجیرەی سەفاریدا بەشــداری کاریگەریان کردووەو سڵیان لە هیچ جۆرە فیداکارییەک نەکردۆتەوە. ئەم یەعقوبە فەرماندەیەکی کوردی بە نێــوی (محەممەد عەبدوڵڵا)ی هەزارمەرد لــە ئەهوازدا دانا، بەڵام ئــەو فەرماندە کوردە بــە تەماحی پایەو

شـــكۆخوازییەوە لەگەڵ الخبیثدا بەرەو شـــوش هێرشی برد، بەڵام لەلایەن (احمدی كوڕی لیثویە)و كە ئەویش كورد بوو و فەرماندەی لەشـــكری بـــاج و خەراج بـــوو، بەزێنرا. خەلیفـــە، ئەحمدی كوڕی لیثویەی كرد بە بەرپرســـی دامركاندنـــەوەی ڕاپەڕینەكەی یەعقوب (بڕوانە: ابن خلكان وفیات، بەرگی٤، ل٣٠٨٣٠٤). وەختێ ئەحمدی كوڕی لیثویە بـــەرەو ئەنجامدانی كارەكەی خـــۆی چوو، محەممەد پاش ئەوەی لە پشـــتیوانی الخبیث دڵنیـــا بوو، هێزەكەی خۆی كە بەشـــێكی زۆری كورد بوون، كۆكردەوەو شوشـــتەری گرت و بەپێی ئەو بەڵێنەی كە بە الخبیثی دابوو، خوتبەكە بە ناوی (الخبیث)ەوە بخوێنێتەوە، بەڵام پەیمانەكەی خۆی نەبردە ســـەرو خوتبەكەی بە ناوی خەلیفە موعتەمیدی دوژمنی سەرسەختی یەعقوب سەفاوییەوە خوێنـــدەوە. زنجییەكان كە هاوپەیمان و هـــاوكاری محەمەد بوون، پشتیان تێكردو شوشـــقەر دووبارە لەلایەن ئەحمەدی كوڕی لیثویە گیرایەوە، محەمەد بۆ ڕامهرمز پاشەكشـــەی كرد، بەڵام ســـەردارانی الخبیث لە شـــار وەدەریان نایەوە. لە ئەنجامی ئەو ناكۆكیانەی كە كەوتە نێوان محەمەد و كوردەكان، محەمەد جارێكی دی پەنای بۆ الخبیث بردەوەو داوای كۆمەكی لێ كرد. الخبیث چەند قۆشەنێكی بۆ ناردو محەمەدیش ناردنی بۆ شەڕێكی دژوارو لە ئاكامدا بە خۆیشی پەلاماری دان. محەممەد بۆ وەی لەبەردەم الخبیثدا وەعدە بە خیلاف و پەیمانشـــكێن دەرنەچێ، قایل بوو كە ئەو بـــە خەلیفە دابنرێت، ئەنجامیـــش مەرگی یەعقوب لە ســـاڵی (٨٧٩) و مەرگی الخبیث لە ساڵی (٨٨٣) كۆتایی بە هەموو ئەم هەراو هەنگامەو ڕووداوانە هێنا (بڕوانە: الكامل، بەرگی٧، ل٢٦٤).

له دەوروبەری ساڵی (٨٩٤)دا وەختێ کە (حەمدانی کوڕی حەمدان) دەسەڵاتی بەسەر موسڵدا پەیدا کرد، لەنێو چەکدارە عەرەبەکانیدا کوردیش هەبوون و یارمەتییان دەدا. کوردەکان لە ساڵی (٨٩٧)دا جارێکی دی بە ڕێبەرایەتیی (ابو لیلی) ڕاپەڕینیان بەرپا کرد، بەڵام ئەم ڕاپەڕینەیان زۆر دەوامی نەکرد (بڕوانە: الکامل، بەرگی٧، ل٣٣٧٣٢٥). کوردە هازبانییەکان بە فەرماندەیی (محەممەدی کوڕی بیلال)ی سەرۆکیان لە ساڵی (٩٠٦)دا ناوچەی نەینەوایان وێران کرد. عەبدوڵڵای کوڕی حەمدانی حاکمی تازەی موسڵ کەوتە تاقیبیان و ئەم عەبدوڵڵایە لە شەڕێکدا لەگەڵ کوردەکاندا لە ناوچەی (معطوبة) شکستی هێنا. ساڵی پاشتر لەگەڵ ئەو هێزەدا کە خەلیفە بۆی ناردبوو، قۆشەنێکی گەورەی سازداو چوو بۆ شەڕی (٥٠٠٠) خێزانی هازبانی. کوردەکان ئەمجارەیان داوای گفتوگۆیان کردو داوایان کرد مۆڵەتیان بدرێتێ تا بڕۆن بۆ ئازربایجان. عەبدوڵڵا بۆ موسڵ گەڕایەوە، جارێکی دی کەوتە پەلاماردانی ئەو هازبانیانەی لە چیاکانی (لاساک)دا (ڕەنگە لاهیجان بێ) گیرسابوونەوە. هازبانییەکان ناچاری تەسلیمبوون و سازشکردن بوون، ئەم هەڵویستی ئاشتیویستییەی ئەوان کردییە کارێک کە تیرەی حەمادی و چەکدارانی دانیشتووی چیای داسینش دەست لە شەڕ هەڵگرن. (بڕوانە: الکامل، بەرگی٧، ل٣٧١).

له زەمانی خەلیفە (مقتدر)دا کوردەکان، ناوچەی موسڵیان تالان کرد، بەڵام حکومەتی حمدانیە پێشی گرتن و بەسەریاندا زاڵ بوو. تیرە جەلالییەکان لەم شەڕەدا بەرگرییەکی یەکجار زۆریان کرد (بڕوانە: الکامل، بەرگی٨، ل١١٨) ابن مسکویە لە ساڵی (٩٤٣)دا

و له ئەزموونی نەتەوەکاندا، بەرگی٥، ل١٠٥ دا باســـی لەشکرکێشی (حسین حمدانی) بۆ سەر ئازریجان دەکات، لەم شەڕەدا جەعفەری کوڕی شـــکویە کە سەرۆکی کوردە هازبازییەکان بووەو لە سەڵماس دادەنیشت کەوتە یارمەتی و کۆمەکی حسین.

هەر لەو سەروبەندەدا دەیسیمی کوڕی ابراهیم لە مەیدانی شەڕدا بەدیار کەوت. ئەم کابرایە بابی عەرەب و دایکی کورد بوو، بە یەکێک لە (خەواریجەکان دەژمێردرا)، لە ژیانی پڕ لە سەرکێشیدا هەمیشە پێوەندیی نزیکـــی لەگەڵ کوردەکان هەبووە، جگـــە لە ژمارەیەکی کەمی دلێمییەکان ئیدی هەموو چەکدارەکانی کورد بوون. دەیســـیم پاش یوســـفی کوڕی ابن الســـاج، ئازربایجانی داگیر کرد. لە ساڵی (٩٣٨)دا سوودی زۆری لە کوردەکان وەرگرت بۆ ڕاونانی هێزەکانی لەشـــکری ابن  ماردی کە یەکێک بوو لە ســـەردارانی پاشای زیاری مســـافری مەرزەبان کە شـــیعەیەکی دیار بوو، توانی ئازربایجان لە دەســـتی دەیسیم دەربێنێ، دەیســـیم پەنای بردە بەر (هاجیک ابن دیرانی دۆســـتی خۆی، ئەم هاجیکە پاشـــای ئەرمەنی و سپۆرەکان بوو) پاشـــان خەڵکی تەورێز هانایان بۆ دەیسیم بردو دەیسیم چوو بە گژ مســـافریدا، بەڵام جارێکی دی شکستی هێناو ئەمجارەیان بە ڕەزامەندیی مســـافری بۆ طارم پاشەکشەی کرد. لە ساڵی (٩٤٨) دا رکن الدولەی ئال بویە نوێنەرێکی بۆ ئازربایجان ناردو مەزرەبانی دەســـتگیر کردو لە زیندانی تووند کرد. برایەکی مەزرەبان بە ناوی وهسوان کە دەیزانی کوردەکان هێشتا هەر وەفاداری دەیسیمن کەوتە بیری ئەوەی داوای یارمەتی لە دەیســـیم بکات و ســـەرەنجام توانی دەیسیم هان بدات و بیکات بە گژ نوێنەری رکن الدولەدا، بەڵام دەیسیم

شکســـتی هێنا، لەگەڵ ئەمەشدا هەر توانی لە ئەردەبیل و باردعەدا بگیرسێتەوەو پلەوپایەی خۆی بپارێزێ و بکەوێتە حوکمڕانی. کاتێ مەزرەبان لە ئەســـارەت ڕزگاری بوو، دەیسیم سەرەتا ناچار پەنای بردە بەر ئەرمەنستان و پاشان چوو بۆ بەغدادو معزالدولە لە بەغداد قەدرو حورمەتی گرت، چونکە دۆســـتەکانی دەیسیم هانیان دەدا کە بـــۆ ئازربایجان بگەڕێتەوە، بۆیە دەیســـیم بۆ دابینکردنی کۆمەک و یارمەتی چوو بۆ حەمدانییەو موســـڵ و ســـوریا. دەیسیم لەساڵی (٩٥٥)دا بـــە دزی مەرزەبانەوە بۆ ســـەڵماس گەڕایەوەو لەوێندەر خوتبەکەی بە ناوی ســـیف الدولەی ســـوریاوە خوێندەوە. جارێکی دیکەش مەزرەبان ڕاوی نایەوە، ئەویش پەنای بردەوە بەر دۆســـتە ئەرمەنییەکانی خۆی، بەڵام ابن ال دیرانی (درانیک ابن خاچیک) بە ناچاری و بە نابەدڵی تەســـلیم بـــە مەرزەبانی کردو ئەویش هەردوو چاوی دەیســـیمی هەڵکۆڵی و سەرەنجام لە ساڵی (٩٥٦ و ٩٥٧)دا لە زیندان مرد (بڕوانە: ئەزموونەکانی... بەرگی١، ل٣٤٥ و بەرگی٢، ل١٤٨ و ١٥١. هەروەهـــا بڕوانە الکامـــل بەرگی٨، ل٢٨٩ و ٣٦١ و ٣٧٥ و٣٧٧).

لە سەردەمی ئەسارەتی مەرزەبانداو لە ناوچەی ڕەی، ژمارەیەک حوکمڕانی ســـەربەخۆ لە باکووری ڕۆژاوای ئێران ئاڵای شۆڕشـــیان هەڵکرد. یەکێک لەوانە (محەممەد شداد ابن قرطو) بوو (دەوروبەری ســـاڵی ٩٥١) ئەم کابرایـــە لە تایفەی ڕەوادی بوو کە پاشـــان بوو بـــە بنج و بناوانی تیـــرەی مەزنی ئەیوبییەکان. ســـوێنی بنەڕەتی شەدادییەکان، دابیل و گەنجە بوو. شەدادییەکان لەگەڵ بیزانسەکان و سەلجوقییەکاندا هاوکارو هاوپەیمان بوون. لە ساڵی (١٠٧٢)دا ابو

سوار، (ئانی) بۆ مانوچی کوڕی کڕی. لەوە بەدواوە ئەم تیرەیە بوو بە دوو بەشەوە، یەکێکیان بە ناوی گەنجەو ئەوی دیکەیان بە ناوی ئانی. ئانی لە ســـاڵی (١١٢٤)دا لەلایەن گورجییەکانەوە داگیر کرا، بەڵام لەنێوان ساڵانی (١١٢٠ و ١١٦١)دا هەروەها لە ساڵی (١١٦٥-١١٧٤) دووبارە لەلایەن شـــەدادییەکان گیرایەوە. پاشایانی شەدادی ڕووناکبیرو وریا بوون و ژمارەیەک بینای سەرنجڕاکێشـــیان لە پاش خۆ بەجێ هێشت.

لە ســـاڵی (٩٦٠)دا لە ئازربایجان کەسێک بە ناوی (اسحاق ابن عیسا)وە پەیدا بوو، ئیدیعای دەسەڵاتداری دەکرد، ئەم کابرایە لەلایەن فەزڵی سەرۆکی کوردە قەحتانییەکانەوە پشتیوانی دەکرا، لەهەمان کاتدا کە مسافری جستان ابن مەرزەبانی دوژمنی سەرسەختی لەلایەن تایفەی کوردی هازبانیەوە پشـــتیوانی دەکرا. ئیســـحاق هەر زوو لە شـــەڕی دوژمنەکانی ڕزگاری بوو (بڕوانە: ئەزموونەکان... بەرگی٢، ل١٧٩) کوردەکان و دەیلەمەکانیش ڕۆڵی گەورەیان لە کێشەی نێوان جستان و نصیر الدولەی برای لەلایەکەوەو لە کێشەی نێوان برایمی کوڕی مەرزەبان و ئیسماعیلی کوڕی و هسودانی ئامۆزایدا لەلایەکی دییەوە هەبوو. (بڕوانـــە: ئەزموونەکانی... بەرگی٢، ل٢١٩، ٢٢٩. هەروەها الکامل بەرگی٨، ل٤٢٣٤٢٠).

لە دەوروبـــەری ســـاڵی (٩٥٩)دا دووەمین زنجیـــرە خانەدانی کـــورد لە الجبال (بڕوانە زامبار، مانوئیل (٢١١) بە ســـەرۆکایەتیی (حەســـنەویەی کوڕی حسین) دامەزرا (بڕوانە: شەرەفنامە بەرگی١ ل٣- ٢٠) حەسنەوییە کە سەرکۆماری تایفەی کوردە بزریکانییەکان بوو، لە لەشکرکێشـــیدا بۆ سەر خۆراســـان یارمەتیی رکن الدولەی

بۆیهـــی دا. ركن الدوله ڕاوبۆچوونی دەرهەق بە کوردەکان باش بوو، هەرکەسێک بچووبایە لای و سکاڵای لە کوردەکان کردبا، ئەو بەمجۆرە وەڵامی دەدایـــەوە: (کوردەکانیش هەقی ژیانیـــان هەیە). (بڕوانە ئەزموونەکانی... بەرگی٢ ل٢٨١) ابن الاثیر زۆر ستایشی کەسایەتی ڕەســـەن و شەریفی حەســـنەویە دەکات و سیاسەت و بەردەباری و ڕەوشـــتبەرزی ئەو پیاوە پەســـند دەکات. (بڕوانە بەرگی٨ ل٥١٩) وەختێ کە حەســـنەویە لە ســـاڵی (٩٧٥)دا لە پایتەختەکەیدا واتە لە سەرماجدا، کە کەوتبووە باشووری بێستونەوە مرد، عضد الدوله پەلاماری قەڵەمڕەوەکەی ئەوی داو حەمدان و داینەوەرو نەهاوەندی خســـتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام ســـەرەنجام ئەو ناوچانەی دایە دەســـت بەدری کـــوڕی حەســـنەویە (٩٧٩- ١٠١٤) بەدر دەرهەق بـــە عضدالدوله وەفادار بـــوو، تەنانەت لەگەڵ براکـــەی خۆیدا کە لایەنـــی فخر الدولەی یاخی گرتبوو، بە شـــەڕهات و خەلیفە لەقەبی نصیرالدین الدولەی پێ بەخشـــی. مێژوونووســـان بە چاکی باسی بەدر-یـــان کردووە. بەدر بـــرەوی بە خوێنـــەواری لەنێو تایفەکەی خۆیدا دەداو باج و خەراجی عادیلانەی لێ دەستاندن و پەناداری لە دێهاتییەکان دەکرد.

تاهیـــری جێگری، تەنیا یەک ســـاڵ حوکمڕانی کردو لە ســـاڵی (١٠١٥)دا لەلایـــەن شـــمس الدولەی ئال بویەوە لـــە مەیدان وەدەر نرا. ونداد کەمامی حەســـنەویە بوو، سەرۆکایەتی لقەکەی تری ئەو تایفەیەی لە ئەســـتۆدا بوو کە پێی دەگوترا علیشـــانیە، لە ســـاڵی (٩٦٠)دا مردو ابو الغنائمی برایشـــی لە ساڵی (٩٦١)دا مردو پاش ماوەیەک ابو ســـالم دەیســـیمی کوڕی کە دوا کەسی ئەم بنەماڵەیە

بوو، له قه‌ڵاكانی قسان یا قسنان و یا قسلان، له نزیكی بابا یادگار له زه‌هاو له قه‌ڵای غانم ئاواو هه‌موو قه‌ڵاكانی دی وه‌ده‌ر نرا.

عضد الدولـــه ناچار بوو چه‌ند جارێك پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ كورده‌كان ببه‌ســـتێ، به‌ڵام ڕه‌فتاری ئه‌و به‌پێچه‌وانـــه‌ی ركن الدوله‌ی بابییه‌وه له‌گه‌ڵ كورده‌كان گه‌له‌ک خراپ و توندوتیژ بوو. له ســـاڵی (٩٧٨) دا كوردی كوڕی بادو به یارمه‌تی و هاوكاری ئه‌بو ته‌غلیبی حه‌مدانی توانی له ئارادشتدا (كاواشی نزیكی چیای جودی، یاقوت به‌رگی١، ل١٩٩) میرنشـــینێكی ســـه‌ربه‌خۆ پێک بهێنێت، به‌ڵام عضدالدوله به به‌ڵێنی دڵفێنككه‌ره‌وه ته‌فره‌ی داو ڕایكێشـــایه ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆی (بڕوانـــه ئه‌زموونه‌كانی... به‌رگی٢ ل٣٩٢). عضد الدوله له ســـاڵی (٩٧٩)دا سوپایه‌كی به‌ره‌و شاره‌زوور نارد تا كورده‌كان له عه‌ره‌بی به‌نو شـــه‌یبان كـــه له‌گه‌ڵ كورده‌كاندا مامه‌ڵه‌و كڕین و فرۆشـــتن و په‌یوه‌ندییان هه‌بوو، جیا بكاته‌وه. ئیدی شاره‌زوور گیراو عه‌ره‌به‌كان به‌ره‌و بیابان پاشه‌كشـــه‌یان كرد (بڕوانه ئه‌زموونه‌كانی... به‌رگی٢ ل٣٩٨. هه‌روه‌ها الكامل به‌رگی٨ ل٥١٦).

له ســـاڵی (٩٨٠)دا له‌شكرێكی دی بۆ سه‌ر كورده‌كانی هه‌كاری نێـــردراو كورده‌كان كه‌وتنه ئابڵوقه‌وه. به‌ڵێنـــی ئه‌وه‌یان درایێ كه ئه‌گه‌ر ته‌سلیم بن ناكوژرێن. كورده‌كان خۆشباوه‌ڕانه ته‌سلیم بوون، به‌ڵام فه‌رمانده‌ی له‌شكری هێرشكه‌ر هه‌رهه‌موویانی له قه‌راخ جاده‌ی مه‌لاتیه‌و موسڵدا به‌درێژایی (٥) فه‌رسه‌خ له‌سێداره دا.

ئه‌بو عه‌بدوڵلا كوڕی حســـێن دوشانج (یا ئه‌بو شجاع باد كوڕی دوســـتک) ناسراو به باذ سه‌رۆكی تایفه‌ی حمیدیه بوو. باذ پیاوێكی جوامێرو ڕه‌شـــید بوو، ته‌نانه‌ت له سه‌رده‌می ژیانی عضد الدوله‌شدا

به ڕەشـــیدی و گەردنکەش ناســـرابوو. لە ســـەرەتادا شوان بوو، و بەرەبەرە دەســـەڵاتی پەیدا کردو دەستی بەسەر ئارجیش، عەمیدو میافارقیندا گرت. ئەو ڕاپەڕینەی کە لە نصیبیندا ڕوویدا بووە مایەی ئەوەی باذ لەگەڵ صمصام الدولەدا پێکدا بدەن. باذ، لە باجولاعیەدا ســـوپای صمصام الدولەی شکاندو موســـڵی گرت و دەیویست بەرەو بەغداد بچێت تا تیرەو بنەماڵەی ئال بویە لەنێو بەرێ، بەڵام صمصام الدولـــە بە گژیا چۆیەوەو لە میافارقیندا شـــکاندی و پاشەکشـــەی پێ کـــرد. ئەوەبوو قەول و قەرارێکی لەگەڵ فەرماندەی لەشـــکری دوژمنـــدا کردو بەپێی ئەو قەول و قەرارە ناوچەی دیاربەکرو هەندێ بەشـــی ڕۆژاوای تورعابدینی بۆ خۆی هەڵگرت. لە ســـاڵی (٩٨٤)دا باذ چاوپۆشـــی لە گرتنی موسڵ نەکردو لە ساڵی (٩٩٠)دا لەشکری کۆکردەوەو زۆربەی لەشـــکرەکەی لە کوردانی بەشـــنەوی بوو، و لە دەوروبەری شورەکانی موســـڵدا ئۆردوی دامەزراندو لەگەڵ خەڵکی موسڵدا کەوتە گفتوگۆ، بەڵام فەرمانڕەوایانی حەمدانی کە دەستیان بەسەر موســـڵدا گرتبوو لە پشتیوانی بەنو عەقیلی عەرەبیش دڵنیا بوون، پەلاماری لەشـــکرەکەی باذیان دا. باذ لە کاتی ســـواربوونی ئەســـپەکەیدا پێشـــهاتێکی لێ قەوماو مرد. جەنازەکەیان لە موسڵ هەڵواسی، بەڵام خەڵکی موســـڵ بە ڕێزەوەو بەپێی نەریتی ئایینی جەنازەکەیـــان ناشـــت، چونکە باذ لـــە موجاهیـــدەکان بوو، دژی نامسوڵمانان خەباتی کردبوو.

صمصام الدولە لە ساڵانی (٩٩٠و ١٠٠٠)دا لێبڕا جێپێی خۆی قایم بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی لەگەڵ فولادی کوڕی مەنزەر تیکەڵ کرد. ئەو فولادەی کە لەلایەن سوارە کوردەکانی شیرازەوە پشتیوانی

لێ دەکرا. پاش ئەوەی ئەم یەکێتییە دووچاری شکســـت بوو، ڕووی لە کوردەکان نا، چونکە کوردەکان ڕووی خۆشـــیان نەدایێ، ئەویش پەنای بۆ فخر الدولە برد کە ڕقی زۆری لە کوردەکان بوو. بنەماڵەی کـــوردی مەروانی پێوەنـــدی نزیکیان لەگەڵ بـــاذدا هەبوو. (بڕوانە زامبوار (١٣٦)، بوس وارث، بنەماڵە مســـوڵمانەکان ل٥٤٥٣) پاش شکستی باذ لە موسڵ، خوشکەزاکەی (ئەبو عەلی ابن مەروانی کوری دۆستەک) لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا (حصن کیف) گرتەوە، ژنەکەی باذ کە لە دەیلەمییەکان بوو و لەوێ نیشتەجێ بوو، لە خۆی مارە کردو یەکێـــک لە قەڵاکانی باذی بـــۆ خۆی داگیر کرد. (ئەبو عەلی کوڕی مەڕوان) لەگەڵ حەمدانییەکاندا کەوتە شەڕو دیلێکی زۆری لێ گرتن و (ئەبو عەبدوڵڵای حەمدانی) کە کاتی خۆی باذی شـــکاندبوو، لە زیندان توونەد کرد، بەڵام بە ڕێزەوە ڕەفتاری لەگەڵ کرد. ئەبو عەلی مەڕوان لە دیاربەکردا دەســـەڵاتێکی بـــۆ خۆی دامەزراندو بە زەبری ڕەفتاری نەرم و ئاشتییانە توانی دڵی خەڵکی ئەو ناوچەیە ڕابگرێ. مەڕوانییەکان لە ســـاڵی (٩٩٠)وە تا ســـاڵی (١٠٩٦) حوکمڕانییان کردو سنووری قەڵەمڕەوەکەیان تەنیا بە (دیاربەکر، عەمید، ئەرزان، میافارقین، حســـن کیف) نەدەوەســـتا، بەڵکـــو دەگەییە خیلات، ملازگـــەرد، ئارجیش و ناوچەکانی باکـــووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ڤانیش. هەروەها لە ڕۆژاواوە بۆ ماوەیەک ئورفاشیان لەژێر دەسەڵات بوو. ئەبو عەلی حەســـەن لە ساڵی (٩٩١)دا پەلاماری سوریای داو لە دەســـتی باذیلی دووەم ئیمپراتۆری بیزانس دەری هێنا. لە ساڵی (٩٩٧)دا خەڵکی دیاربەکر لێی ڕاپەڕین و کوشتیان. (ئەبو مەنسور مەمحید الدولە)ی برای کە پاش مەرگی باذ میافارقینی داگیر کردبوو

تا ســـالّی (١٠١١) لەوێندەر حوکمڕانی کرد. پاش ئەبو مەنسوری، ئەبو نەســـر ئەحمدی برای (بڕوانە ابن خلكان بەرگی١، ل١٥٨١٥٧) بوو بە جێگریو لە سالّی (١٠١١)وە تا سالّی (١٠٦١) لەسەر حوکم مایـــەوە، ئەم پیاوە لە ســـالّی (١٠٣٥)دا ئورفای داگیر کرد، بەلاّم حکومەتی بیزانس لە سالّی (١٠٣١)دا بۆ جارێکی دی ئەو ناوچەیەی هێنایەوە ژێر دەسەلاّتی خۆی (بڕوانە ابو الفرج ل٣٤٢). ئەبو نەسر ئەحمەد بە دادپەروەری و ڕووناکبیری و لێهاتوویی بەنێوبانگ بوو. لە سالّی (١٠٥٠) ئەبو نەسر ناچار بوو گوێڕایەلّی توغرل بەگی سەلجقی بکات. پاش ئەو کوڕەکەی کە ناوی ئەبول قاسم ناسر بوو و بە نیزام الدولە ناســـرابوو، بوو بە جێنشین و لە سالّی (١٠٧٩١٠٦١) لەگەلّ سەعیدی برایدا بە هاوبەشی کاروباری قەلّەمڕەوەکەی خۆی بەڕێوە دەبرد. و ناوچەکانی جاران و سوادیەشـــی هێنایە ژێر دەســـەلاّتی خۆی. جێنشـــینەکەی ئەو، واتە مەنســـوری کوڕی سەعید کە هەر بە ناو لە ســـالاّنی (١٠٩٦١٠٧٩) حوکمڕانی دەکرد، بەلاّم لە سالّی (١٠٨٥)دا فخر الدولەی کوڕی جەهیری سەرداری سەلجوقی زۆربەی زۆری قەلّەمڕەوەکەی ئەوی گرت و خستییە ژێر دەسەلاّتی ئەتابەکی موسلّ. (بڕوانە ابو الفدا بەرگی٣، لاپەڕە ٧٩٧٧، ٨٧٠، ١٢١، ١٢٥، ٢٤٩). گەلەک بەلّگە بەدەستەوە هەن کە ئەوە دەسەلمێنن تورکەکان لە لەشکرکێشـــی خۆدا ســـوودیان لە هێزی کوردەکان وەردەگرت. مێژوونووســـان دەلّێن کە لە سەردەمی خەلیفە القادردا (١٠٣١٩٩١) ئەحمەدی کوڕی زوحاک کە کوردێکی ئازاو لێهاتوو بۆ خۆی گەیاندە ڕیزەکانی ســـوپای ڕۆم و بازیلی دووەم ئیمپراتۆری بیزانسی کوشت و بەمـــە ڕێگەی لە بلاّوبوونەوەی دەســـەلاّتی بیزانس لە ناوچەکەدا

بەست. لە ســـالآنی (٩٩٨٩٧٦)دا لەو شەڕانەدا کە لەسەر گورگان لەنێوان ئالبویەو ئال زیاردا ڕوویدا کوردەکانیش دەستیان هەبووە. (بڕوانە عتبی وەرگێڕانی رونالدز ل٣٠٢٢٩٨، ابن اسفندیار، وەرگێڕان و کورتکردنەوەی ئی جی ل٢٢٨٢٢٦) دوای چەند ساڵێک (مەحمود غــازان) بۆ ســـەرکوتکردنی قاراخانییەکان ســـوودی لە کوردەکان وەرگرتووە (بڕوانە عتبی ل٣٣٦) کوردەکان لە کێشـــەی بنەماڵەی ئال بویەو بەنو عقیل لەســـەر موسڵ، دەستیان هەبووە. کوردەکان لە ساڵی (١٠٢٠) دژی گروپێک لە سوپایانی تورک کە لە حمدانیەدا شۆڕشـــیان کردبوو، جەنگین و لە ســـاڵی (١٠٢٩١٠٢٤) لە فارس و خوراسان دژی دوا پاشای ئال بویە، واتە ابو کالیجار چوونە شەڕەوە (بڕوانە الکامــل بەرگــی٤، ل١٠٠، ١٣٤، ٢٢٦، ٢٣٢، ٢٣٩، ٢٤٧، ٢٤٩، ٢٦٥. هەروەهــا هلال ابن محیض بەرگــی٣ ل٣٤٨، ٣٧٦، ٣٨١) بەمجۆرە کوردەکان بەشـــێوەیەکی بەردەوام هێزی خۆیان لە شـــەڕە یەک لە دوای یەکەکاندا مانـــدوو کردووە، لە حاڵێکدا گروپە تورکەکان کە دەهاتنە ناوچەیەک بونیادی میللیی ڕۆژهەڵاتی نزیکیان لە بناغەوە هەڵدەتەکان و دەیانگۆڕی.

## هێرشی تورکەکان:

کاتێک لە ســاڵی (١٠٢٩)دا جەماعەتێک لە پێشــقەرەوڵانی غزی وابەستەی تورکەکانی سەلجوقی گەیینە رەی، تاش فەراش سەرداری تورکی غەزنەوی بە خۆو (٣) هەزار سوارەوە کە ژمارەیەک کوردیشیان تێدا بوو، دایە پاڵ غزەکان. لە شــەڕێکدا ڕوووداوێک ڕوویداو سەرۆکی کوردەکان گیرۆدەو دەستگیر بوو، ناچاریان کرد پەیامێک بۆ سوارەکانی بنێرێ و داوایان لێ بکات دەســت لە شــەڕ هەڵگرن، ئەم کارە بووە مایەی ئاژاوەو تاش کوژرا. (بڕوانە الکامل، بەرگی٩ ل٢٦٨) لە هەمان ســاڵدا غزەکان چوونە ناو مەراغەو زۆریان لە کــوردە هازبانییەکان کوشت. کوردەکان لەگەڵ وهسودانی دووەمدا کە حوکمڕانی ئازربایجان بوو یەکیان گرت و غزەکان ناچار بوون پاشەکشە بکەن. دەستەیەکی تری غزەکان پاش ئەوەی پەلاماری ئەرمەنســتانیان داو گەڕانەوە بۆ ورمێ و قەڵەمڕەوی ابو الهیجای هەزبانی، کوردەکان پەلاماریان دان، بەڵام شکستیان هێنا. لە ساڵی (١٠٤١)دا مسافرو هسودانی دووەمی کــوڕی مەملان ژمارەیەکی زۆر لــە غزەکانی لە تەورێزدا قەتڵ و عام کرد. ئەو غزانەی کە لە ورمێ بوون بەرەو هەکاری کە بەشێک بوو لە موسڵ، چوون و لەوێ دەستیان بە تاڵانی و وێرانکردنی ناوچەکە کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا کە غزەکان لە ناوچە کوێستانەکاندا سەرگەرمی پەلامارو تاڵان و بڕۆ بوون، کوردەکان لێیان هاتنە دەســت و (١٥٠٠) کەسیان لێ کوشتن و دیل و دەستکەوتێکی زۆریان لێ گرتن. (بڕوانە الکامل، بەرگی٩، ل٢٧٢٢٧٠).

وەختێ لەشکری توغرل بەگ کەوتە پێشڕەوی، غزەکان ترسیان لێ نیشـــت و لەبەر لەشـــکری توغرل بەگ هەڵاتن. ڕێنوێنانی کورد لە ڕێگەی زۆرزانەوە بەرەو جزیرەیان بردن. جەماعەتێک لە غزەکان بە ڕێبەرایەتیی مەنســوری کوڕی قزل قولی لە ڕۆژهەڵاتی جزیرەدا نیشتەجێ بوون. لە حاڵێکدا دەستەیەکی دی بە سەرۆکایەتیی بۆقا ڕوویان کردە دیاربەکرو ناوچەکانی کاردو، باز بدا، حسینیە (شارێکی نێوان موســڵ و جزیرە بوو بڕوانە یاقوت ل٢٧٠) نیشاپوریان تاڵان کرد. ســلێمانی کوڕی ناصر الدولەی ســەرۆکی مەروانییەکان کە حاکمی جزیرە بوو، غزەکانی ئامۆژگاری کرد کە پەلەی گەڕانەوە بۆ خاکــی خۆیان نەکەن و چاوەڕوانــی بەهار بکەن تا بتوانن بگەنەوە غزەکانی دی کە لە ســوریا بوون. پاشــان بە فێڵێک مەنســوری دەســتگیر کردو بە کۆمەکی بەشنەوییەکانی ناوچەی فینیک کەوتە تاقیبی غزەکان، بەڵام غزەکان دەستیان لە شەڕخوازی و وێرانکاری هەڵنەگرت و ناوچەی دیاربەکریان تاڵان کردو موســڵیان داگیر کرد. (بڕوانە الکامل، بەرگی٩، ل٢٧٣٢٧٢).

پاش لەناوچوونی بنەماڵەی (حەسنەویە) لە ناوچەی (جبال)دا دەسەڵات کەوتە دەســتی ماڵباتی بەنو عەناز (بڕوانە شەرەفنامە، بەرگی١، ل٢٤، عەیاری داناوە نەک عەنان) ئەم تایفەیە زۆرجاریش بە ئەبو الشــوک ناوبراوە. پێشتر لە ساڵی (٩٥١)دا لە کاتی هەستانی تورکەکان لە هەمەدان، معز الدولەی ئال بویە داوای لە ئەبوالشوکی ســەرۆکی کوردەکانــی حەلوان کرد کــە یارمەتی بــدات (بڕوانە ئەزموونەکانی... بەرگی٢، ل٢). پێدەچێت دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم تیرەیە ابو الفتح محەممەدی کوڕی عیناد بووبێت (بڕوانە الکامل،

بەرگـــی٩، ل١٥٨). کە لە ســـاڵی (١٠١١٩٩٠) حوکمڕانی کردووەو کوڕەکەی ئەو، واتە ابوالشـــوک دوامیری بنەماڵەی حەســـنەوییەی کوشـــتوە کە زاهیـــر یا تاهیری ناو بوو. قەڵەمـــڕەوی بەنو عەنازی کە بریتی بوو لە شـــارەزوور، کرماشـــان، داگیر کـــردووە. (بڕوانە الکامل، بەرگی٩، ل٣٠٠ و ٣١٦) هەروەها بیلوارو ســـانعان و دقرقەو خوفتیدا کانیش داگیر کردووە، توغرل، لە ســـاڵی (٤٣٧)دا ابراهیم نیالـــی برای خۆی نارد بۆ داگیرکردنی ناوچەی (الجبال). (ابراهیم، کاکوید گرشاســـب)ی لە هەمەدان دەرپەڕاندو ئەویش پەنای وەبەر کوردانی جوقان برد. ابراهیم، لە کرماشـــاندا سوپای (ابوالشوک)ی شـــکاندو کرماشانی داگیر کرد. ســـوپاکەی ابوالشوک بریتی بوو لە دەیلەمییەکان و کوردەکانی شادنجان. ابوالشوک لە ساڵی (١٠٤٦) دا لە سیروان مرد. پاشـــان ابراهیم، سامران (شامیران؟ سامرە؟) ی داگیر کردو جوقانی، هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سەعدی کوڕی (ابوالشـــوک)ش چووە پاڵ ســـەلجوقییەکان و بنەماڵەکەی ئەو تا ساڵی (١١١٦) درێژەیان بە فەرمانڕەوایی خۆ دا. شکستی ئیمپڕاتۆر (رومانوســـی چوارەم)، لە مەلازگەرد (١٠٧١) بـــووە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەرمەنســـتان بکەوێتە ژێر دەســـەڵاتی ئالب ئەرسەلان. لە زەمانی ســـەلجوقیی گەورەدا، تیرەی سەرکێشـــی شوانکارە لە ناوچەی فارسدا ڕاپەڕینیان بەرپا کرد. ئەم تیرەیە لە ساڵی (١٠٣٠-١٣٢٥) بـــەردەوام بـــووەو زۆر جێی گومانە کە ئـــەم تیرەیە کورد بووبـــن. لە لایەکی ترەوە هەموو میرنشـــینە بچووکەکانی کورد زۆر بێبەزەییانە لەنێوبران. لە ســـاڵی (١١٠٠)دا دوامیری مەروانییەکان لە ناوچەی خیلات میرنشـــینەکەی خۆی لەدەست دا. سقمان قوتبی

تورک، زنجیرەشـــای ئەرمەنی دامەزراند. ئەم دەســـەڵاتە بۆ ماوەی ســـەدەیەک، واتە تا پەیدابوونی ئەیوبییەکان دەوامی کرد. ابن اثیر (بەرگـــی١٠، ل٢٣٨). دەگێڕێتەوە کە نزیکەی ســـاڵی (١١٠١) دوو هـــەزار کورد لە بنەماڵەی (ســـەرخابی کوڕی بدر) کە پاشـــماوەی بەنو عەناز بوون لەلایەن تورکمانەکانی ســـەفلەر قەرابلییەوە هاتنە کوشتن. پاشـــان تورکمانەکان هەموو ناوچەکانی سەرخابیان داگیر کرد. جگە لە شارەزوور، دەقوقا، خیتی داکان. سەرەڕای ئەم هەموو جەزرەبـــە گەورانەی کە لە کوردەکان درا، ئەوجاش لە ســـەدەکانی (١١و١٢)دا لە هەموو شـــوێنێک داو هەمیشـــە لە مەیداندا بوون بە ڕادەیەک مەلەک شـــا لە شـــەڕی خۆیدا لەگەڵ قـــاوردی حوکمڕانی کرماندا یارمەتی لە هێزەکانی کوردو عەرەب وەرگرتووەو پاشـــان لە پاداشتی ئەم هاوکاریەیاندا لە کرمان زەوی و زاری داونەتێ. (بڕوانە الکامل، بەرگی١٠، ل٥٣). مێژوونووســـان ئەوەیان تۆمار کردووە کە لەمەش زیاتـــر تیرەی کورد لە کرماندا نیشـــتەجێ بوونە. (بڕوانە المسعودی، التنبیە، ل٨٨، هەروەها ابن خلکان١، ل٥١٦). کوردەکان لە ساڵانی (١١٠٣، ١١٠٥، ١١٠٩، ١١١٠)دا هێرشیان بۆ سەر (دوجال و ماردین) کردووە. لەو شەڕانەشدا کە محەممەدی کوڕی مەلەک شا لە ســـاڵی (١١١٥)دا دژی سوریا کردوونی، والی مەراغە ئەحمەدیلی کوڕی وهسودان کە لە کوردەکانی ڕەوادی بوو لەگەڵ بووە. (بڕوانە الکامل، بەرگی ١٠، ل٣٩١). یەکێکی دیکەشـــی لەگەڵ بوو کە ناوی ســـقمان بوو، لەو شەڕەدا شکان و کوردەکان، تورکەکانی سقمانیان لە گەمارۆ دەرباز کرد.

لــەم ســەروبەندەدا ناوی کوردان بــە بەردەوامی لە ســوریادا دەبیســترێ کە لەگەڵ فەرەنگیاندا پێوەندی و هاتوچۆیان هەبووە. لە زەمانی ســوڵتان سەنجەردا بوو کە بەشــی ڕۆژئاوای الجبال بە ناوچەی کوردســتان ناســرا. برازایەکی ســەنجەر بە ناوی سلیمان بــوو بە والی ئەوێنــدەرو پایتەختی قەڵەمڕەوەکــەی لە بەهار بوو (کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەمەدان). ناوچەی کوردســتان لەو زەمانەدا ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و ڕوو لە گەشەکردن بوو. لە زەمانی ســوڵتان سەنجەردا کوردەکان لە شەڕو هەراو هەنگامەکانی ساڵی (١١١٩)دا دەستیان هەبوو. لە ساڵی (١١٢٢)دا لەشکرێک لە ناوچەی هەکاری، زۆزان و بشــنەوییەوە تێپەڕی بۆ سەر کوردەکان (بڕوانــە الکامل بەرگــی١٠، ل ٣٧٤ ،٤٢٦،٣٧٧)، بەڵام کوردەکان زووبەزوو ســەنگەرو شوێنی گەورەو دەمڕاستی مەسیحییەکانیان لە (تور عابدین) داگیر کرد.

## ئەتابەکەکانی موسڵ:

ئەتابەکەکان لە ناوچەی کوردستانی مەرکەزیدا هاوسێی کوردەکان بــوون، لەم ناوچەیەدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبــوو. عمادالدین زەنگی چەندیــن جار پەلاماری خاکی کوردەکانی دا، لە ســاڵی (١١٣٤)دا تانزای داگیر کرد (تانزا، کەوتۆتە کەناری چەپی ڕووباری بوختان-ەوە). کاتــێ خەلیفە جێگیر بوو و موســڵی گەمارۆ دا، کوردەکانی حەمادییە کۆمەکیان بە ســوپاو لەشکری خەلیفە کرد، بۆیە زەنگی

قینی لـــێ هەڵگرتن و هەر بەو بیانووەوە پەلامـــاری دان و ئاکرێ و شـــوش و هەندێک ناوچەی دی لێ داگیر کردن. (ابوالهیجاو عەشیب) و هەندێکی دی تەسلیم بە زەنگی بوون. (ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو بابایەکی هەکاری بووبێ؟ لەو زەمانەدا ئەم تایفەیە لە باشـــووری ئەم دەڤەرەدا ئاکنجی بوونە و هێشتاش ناویان بەسەر ئەم دەڤەرەدا ماوەتەوە. هوفمان، لە حستخات ل٢٠٣) پاش مەرگی ابو الهیجا کێشە کەوتە بەینی جێگرەکانییەوەو زەنگی دەرفەتی هێنا و عشیبی داگیر کـــردو ســـەنگەرو مەتەرێزەکانی لەنێوبرد و قـــەڵای چیایان بە ناوی عمادالدینـــەوە ناونا، عمادیە (ئامێدی). زەنگی لە ســـاڵی (١١٣٩)دا شـــارەزووری لە قەفجاقی کوڕی ئەرســـەلان تاش، کە یەکێک بوو لە میرانی تورکمان، ســـەندەوە. زەنگی لە ساڵی (١١٤٢)دا لەشکرێکی تازەی ناردە ســـەر کوردەکی هەکاری و قولەو قەڵات و سەنگەرەکانی ئال شعبانی (بڵێ مەبەستی عشیب بێ؟) داگیر کردو سەرلەنوێ بینای کردنەوە. لە ساڵی (١١٤٤١١٤٣)دا اردن و خیزان هاتنە گرتن. عەلی فەرمانڕەوای الرعبیە (بڕوانە شـــەرەفنامە، بەرگی١، ل٢٨٤) و فاراح و ئەلقا (ئەلک) بە خوایشـــی خۆیان پێوەندییان بە زەنگییەوە کرد. دوا لەشکرکێشی زەنگی، دژی کوردە بەشنەوییەکانی ناوچەی فینیک بوو، بەڵام گەمارۆی ئەم شـــارە بەهۆی مردنی ئەتابەکەوە لە ســـاڵی (١١٤٦) کۆتایـــی هات (بڕوانە: ابن الاثیر، ئال ئەتابەکییە، بەرگی٢، ل٨٦، ١١٤، ١٢٩، ١٨٨). ئەتابەکی موســـڵ لە ساڵی (١١٥٣١١٥٢) دا کاراجاتاجنای ڕاسپارد کە لە هەکارییەوە بەرەو ئازربایجان بکشێو دژی ئەتابەکەکانی ئازربایجان بجەنگێ. پێدەچێ ئەم کابرایە تورکێکی بێگانە بووبێ لەنێو تایفەی هەکارییەکاندا.

پاش مەرگی سەلاحەدین (١١٩٣)، زەنگییەکان جێپێی خۆیان لە کوردستانی مەرکەزیدا قایم کرد. عمادالدینی کوڕە بچووکی ئەرسەلانی شای زەنگی لە ساڵی (١٢١١)دا قوللەو قەلاتەکانی حمادیە. (عقرو شوش)ی وەکو خەلات لەسەر تاپۆ کرا. لە ساڵی (١٢١٨)دا هەمان میـــرزادە ئامێدی گرت و هەموو ناوچەکانی هەکاری و زۆزان لەلایەن مظفرالدین کوکبوری هەولێرەوە درا بەو. (بڕوانە: ابو الفرج ل٤٣٣، ٤٣٨) ڕەنگە هەر ئەم ڕووداوانە بووبنە هۆی ئەوەی کە هەکارییەکان بۆ دەوروبەری سەرچاوەی زێی گەورە پاشەکشەیان کردبێت.

ئارتوقیـــدی ئەتابەکی دیاربەکر، چەند جارێک لەگەڵ کوردەکاندا تێک گیرا. (بڕوانە: ابو الفدا، بەرگی٣، ل٥٨٣) خەلیفە عەباسییەکان بەو مەبەســـتەی خۆیان لە دەســـت هەوادارانی خۆیان ڕزگار بکەن، لەگەڵ کوردەکاندا کەوتنـــە گفتوگۆو داوای لاوازکردنی تورکەکانیان دەکرد. (بڕوانە: الکامل، بەرگی١١، ل٧ و ١٨٨). لە ساڵی (١١٨٥) دا لە ســـەردەمی خەلیفە النصیردا، ڕووداوێکـــی بچکۆلە بووە هۆی هەڵگیرســـانی شـــەڕ لەنێوان کوردو تورکماندا (بڕوانـــە: الکامل، بەرگی٣، ل٣٤٢). ئاگری ئەم شەڕە ناوچەیەکی زۆری گرتەوە وەک: ســـوریا، دیاربەکر، جزیرە، موسڵ، شارەزوور، خیلات و ئازربایجان. لە ســـاڵی پاشتردا ئەم شەڕە وەستا، هەردوو لایەنی دوژمن یەکیان گرت تا پێکەوە دژی مەسیحییەکانی ئەرمەنستان، ئاشوریانی دۆڵی دووڕووبار، ســـوریاو ئاســـیای بچووک بجەنگن، بـــەلام جارێکی دی دوژمنایەتیی کوردو تورکمان دەســـتی پێ کـــردەوە. پاش زنجیرە شـــەڕێکی قورس، کوردەکان بۆ سیلیســـا پاشەکشەیان کرد، بەلام تورکـــەکان کەوتنـــە قەتڵ و عامی کوردەکان و کوردی سیلیســـا و

سوريايان بەتەواوى قڕ كرد.
كوردەكان وەختێ كەوتنە كۆچكردن، كەلوپەل و ناوماڵەكانيان بە هاوســـێ مەسيحييەكانيان دەسپاردو داڵدەى ژمارەيەک كورديان دا، بۆيە توركەكان لە تلموزن و ئارابتيلدا پەلامارى مەسيحييەكانيشيان دا.

## ئەيوبييەكان:

لێكۆڵينـــەوە لە ڕەگ و ڕەچەڵەكى ئەم تيرەيەو ســـاغكردنەوەى وەكو كوردى ڕەســـەن، بەجۆرێكى شايستە ئەنجام دراوە. (بڕوانە: شەرەفنامە، بەرگى١، ل٥٥ و ٥٨).
باپيرە گەورەى ســـەڵاحەدين، شـــادى كوڕى مەروان، لە تيرەى كوردانى ڕەوادى بـــوو. (ڕەوادى و ڕواندا لە خێڵى هەزبانييە). كە لە بنەچەدا خەڵكى ناوچەى دوينە (بڕوانە: مينوروســـكى پێشينەى مێژوويى ســـەڵاحەدين، لێكۆڵينەوە لەمـــەڕ مێژووى قەفقاز، لەندەن ١٩٥٣، ل١٠٧٥٧). شـــايانى باســـە كە تيرەى شەدادى لە دوينەوە هاتوون و تازەمانى شـــادى ئەيوب و شـــێركۆى كـــوڕى هەر بەڕێزو حورمەتەوە سەير كراون. ئەمانە لە گوندى (ئاجى دانكان) هاتوونەتە دنيا.
ســـەڵاحەدين لە تكريت لەدايک بووە. بابى و باپيرى دابونەريتى كوردەوارييـــان فێر كـــردووە. بوونى هەندێک نـــاوى ئێرانى لە ناوو خانەدانـــى ئەيوبيدا يەكجار پڕ بايەخو بەمەعنايە. لەگەڵ ئەمەشـــدا مەڵبەندى چالاكيى ئەم تيرەيە لە ميســـرو ســـوريادا بووە. بنەماڵە

کۆنەکانی سـەلجوقیو ئەتابەکەکان، تەنانەت لەو زەمانەشـدا کە ببوون بە پاشـکۆی ئێرانییەکان لە دیاربەکـردا (ئارتوقیدەکان)و لە موسـڵدا، (زەنگییەکان)و لە هەولێـرا (بگتگیندەکان کە جاران نمایندەی زەنگییەکان بوون) حوکمڕانی خۆیان هەر دەکرد. بەپێی ئەو پەیمانەی کە لە سـاڵی (١١٨٧)دا لەگەڵ عزالدین زەنگی مۆر کرا، سەلاحەدین تەنیا ئالپوو شارەزووری خستە سەر قەڵەمڕەوەکەی خۆی. (بڕوانە: ابن الاثیر، ئال ئەتابەکییە بەرگی٢، ل٣٣٤، هەروەها بڕوانە: الکامل، بەرگی١١، ل٣٤، بهاءالدین، لە بەرهەمەکەیدا بەرگی٣ ل٨٥) سەلاحەدین لە ساڵی (١١٨٩)دا شارەزووری دا بە کشتوغدی غولامی خۆی کە یەکێک بوو لە خزمەکانی یەعقوب کوڕی قیفجاق. تاقە ڕێگەیەک کە ئەیوبییەکان لێوەی هاتن و دەسەلاتیان لە کوردستاندا پەیدا کرد، لە خیلاتەوە بوو. ئەم ناوچەیە سەرەتا لە ساڵی (١١٩١) دا لەلایـەن تقیالدینەوە گیرا (بڕوانە: الکامـل، بەرگی١٢، ل ٤٠) پاش مەرگی سـەلاحەدین، برازایەکەی، الملـک ئال اوجد نجمالدین ایوب لە ساڵی (١٢٠٧)دا خۆی گەیاندە ئیمارەتەکەی ئەوێ. پاشان حوکمڕانیی خیلات بە ئەشـرەفی برای، کە لەقەبی شـای ئەرمەنی لەخۆ نابوو، بڕا، ئەنجام حوکمڕانیی ئەوێ کەوتە دەست سێیەم برای بـە ناوی مظفر و ئەم کابرایە تا سـاڵی (١٢٤٤) حوکمڕانی ئەوێی کرد. ئەمن و ئاسایشـی ئەم ناوچەیە چەند جارێک بەهۆی هێرشو پەلاماری گورجییەکان، خەوارزم شاهییەکان و مەغۆلەکانەوە شێوا. لەشکری گورجییەکان لەو زەمانەدا لە دەوروبەری خیلات چالاکییان دەنوانـد و بە فەرماندەیی دوو شـازادەی ئەرمەنی بە ناوی زاکارەو ئیوانە ئەم چالاکییانەیان ئەنجام دەدا. شەجەرەناسـان پێیان وایە

ئەم دوو شـــازادەیە پاشـــماوەی خێڵی بەبەرخانـــن و ئەم خێڵەش تیرەیەکە لە تیرە کوردەکانی باپیرخان.

ســـوپای ئەیوبییەکان بـــەزۆری تورک بوون، بـــەڵام کوردێکی زۆریشـــی تێدابوو. ســـەڵاحەدین لە ســـاڵی (١١٨٧)دا بەمەبەستی جیهـــاد داوای کۆمەکی لە کوردەکانی ناوچەی ســـەرووی ڕووباری دیجلـــە کـــرد. هێزەکانی جزیرە لە ســـاڵی (١١٨٨)دا پەرت و بڵاو بوونەوە، بەڵام هێزەکانی دیاربەکرو چەندین تیرەی دی زۆربەی کات لەگەڵ سەڵاحەدین بوونو شانبەشانی ئەو لە شەڕو جەنگدا بوون.

لە ســـەردەمی حکومەتو دەســـەڵاتی ئەیوبییەکانـــدا پلەوپایە گرنگەکانـــی وەک کاروبـــاری لەشـــکرو کاروباری تـــری دەوڵەت، بەدەست کوردەکانەوە بوو، بەڵام زۆرجار بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی حکومەتەوە کاریان دەکرد. وەختێ کە شێرکۆ مرد، کوردەکان بەوە ڕازی نەدەبوون کە سەڵاحەدین جێی بگرێتەوە (بڕوانە: ابن خلكان، بەرگی٤، ل٤٩٤).

بنەماڵەی ابوالهیجا (هەزبانی) کە پشتاوپشـــت سەرۆکی هەولێر بـــوون، ڕۆڵێکی یەکجار ســـەرەکیو گرنگیان لە ناوچەکەدا دەبینی. ابوالهیجا فەرماندەی پاراســـتنی عەکا بوو لە سوپای خاچپەرستان. لێهاتووانە بەرگری لە شارەکە کردو لە ئەنجامدا بوو بە سەرلەشکرو دوایی بوو بە حوکمداری ئۆرشـــەلیم. لە ساڵی (١١٩٦) ڕووی کردە بەغداد، ســـەرداری ئەو لەشـــکرە بوو کە بە تەنیشت هەمەداندا لە پێشڕەویدا بوو، بەڵام لە دقوقا مرد. قطب الدینی برازای لە قاهیرەدا قوتابخانەی قطبیەی دروست کرد. شرف الدینی کوڕی ئەحمەدی ئال مشطوب کە لە کوردەکانی هەکاری بوو لە عەکادا بوو بە جێنشینی

ابـــو الهيجا. كوڕەكانی شـــرف الدين ژيانێكی پڕ لە بەســـەرهاتيان هەبـــوو. ئەحمەدی كوڕی، ژيانی خۆی لە زيندانی حەڕاندا بەســـەر برد. قازی عمادالدينی نەوەی پيلانی لە الكامل كرد ناچار بوو ژيانی لە تاراوگە بگوزەرێنێت.

## جەلالەدينی خەوارزم شا:

كوردەكانی ناوچەی زاگرۆس، لە ســـاڵی (١٢١٧)دا ئەو هێزانەی خەوارزم شـــايان تێك شكاند كە لە هەمەدانەوە بۆ بەغدا دەچوون. هێرشو پەلاماری لەشـــكرەكانی جەلالەديـــن بۆ ناوچەی خێلات، لە ســـاڵانی (١٢٢٦-١٢٢٩)دا ئەمن و ئاسايشـــی ناوچەكەی شێواند. قاتوقڕی و گرانی كوردستانی گرتەوەو لە ئەنجامی ئەمەدا ژمارەيەكی يەكجـــار زۆر لە كـــوردەكان گيانی خۆيان لەدەســـت دا. (بڕوانە: الكامل، بەرگـــی٧، ل٢٠٧و ٣٠٨) جەلالەدين لەلايەن مەغۆلەكانەوە بەزێنـــراو كەوتە بەر تاقيبی ئەوان، بۆيـــە پەنای وەبەر كوردەكانی دياربەكر برد، پێدەچێت لە ســـاڵی (١٢٣١)دا بەدەستی يەكێك لەو كوردانە كوژرابێت (بڕوانە: جوينی به اهتمام محمد قزوينی بەرگی٢، ل١٩٠، الكامل، بەرگی٧، ل٣٢٥. هەروەها بڕوانە دهســـون، مێژووی مەغۆلـــەكان، بەرگی٣، ل٦٢). لە ســـاڵی (١٢٣٤)دا، جارێكی دی پاشماوەكانی لەشكری خوارزم شا هێرشی بۆ سەر ناوچەی خارپوت هێنـــاو ئەو ناوچەيەيـــان تاڵان كرد (بڕوانە: الفـــرج، ل٤٧٧) پاش مەرگی جەلالەدين، مەغۆلـــەكان ناوچەی دياربەكرو خێلاتيان وێران

کردو لەشـــکرێکی دی لە مەراغەوە بەرەو هەولێر ڕەوانە کراو تێکڕا هەولێر ســـێ جار پەلاماری درا. لە ساڵی (١٢٤٥)دا شارەزوورو لە ساڵی (١٢٥٢)دا، دیاربەکر وێران کران.

## ئیلخانیانی مەغۆل:

کوردەکان زۆر بە کەمی لەژێر دەسەڵاتی مەغۆلەکاندا بوونە. ئەم دەســـەڵاتدارانە سەرەتا بێ ئایین بوونەو پاشان بوون بە مسوڵمانو پەیوەندیی چاک و دۆســـتانەیان لەگەڵ مەســـیحییەکاندا هەبووە: مەســـیحییەکان لە هاوســـێ مســـوڵمانەکانی خۆیان دڵنیا نەبوون. کوردەکانیش کە تا ئەو کاتانە سەرقاڵی شەڕەکانی ئەیوبی بوون، ئەو دەمانە هەستیان بە ئاسایش نەدەکردو ناچار بوون لە کۆسارەکانی خۆیاندا بمێننـــەوەو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بکەن کە مەغۆلەکان تێک بشکێن و لەناوبچن.

لە ســـەردەمی سەلجوقییەکاندا ستانی کوردســـتان هاتەئاراوەو ناسراو مەڵبەندەکەی شاری بەهار بوو (کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەمەدانەوە). بەهار، لەلایەن مەلیکی کوڕی توردانی بابی میرشوانی ناودارەوە گیرا. هۆلاکۆ لە ساڵی (١٢٥٧)دا هەمەدانی بەجێ هێشت و بەرەو بەغداد کەوتە ڕێ. مەغۆلەکان لە کرماشاندا کەوتنە کوشتارو تالانکردنی خەڵکی (بڕوانە: رشید الدین، ل٢٢٥، ٢٥٥، ٢٦٧) هۆلاکۆ بەرلەوەی بەغداد بگرێت، لەشـــکرێکی بۆ داگیرکردنی هەولێر ناردو تاج الدین ســـەلابەی حاکمی ئەم شارە قایمە تەسلیم بوو. (بڕوانە:

رشيد الدين، ل٢٦١)، ســوپاييانى بەڵام سوپاييانى كوردە سەريان دانەنەواندو تەسليم نەبوون، پاشان هەولێر بە كۆمەكى ئەتابەكێكى موســڵ بەنێوى بدرالدين لوءلوءەوە گيرا بڕوانە دهسون، بەرگى٣، ل٢٥٦، داگيركردنى بەغدا بووە هۆى ئەوەى كە خەڵكى شــارەزوور كەم ببنەوەو بە قســەى شــهاب الدين العمرى، بۆ ســورياو ميسر كۆچيان كرد. (بڕوانە: دهسون، بەرگى٣، ل٣٠٩، ٣٣٠، ٣٣٧) بوونى دوو تايفــەى كورد بە ناوى لاويــن و بابين لە جزيرەدا بەڵگەى ئەم ڕووداوەن. (بڕوانــە: ابن خلدون، مێــژووى بەربەرەكان، وەرگێڕانى دوسلان، بەرگى٢، ل٢٦١. هەروەها بەرگى٣، ل٤١٣).

هۆلاكۆ لە ســاڵى (١٢٥٩) لە ئازربايجان گەڕايەوەو ڕووى كردە سوريا. مەغۆلەكان لە ناوچەى هەكاريدا شەلم كوێرم كەوتنە كوشتنى كوردەكان و (بڕوانە: رشــيدالدين، ناشــر كاترمر، ناشــر، كاترمر ل٣٢٨) جزيرە، دياربەكر، ميافارقين و (كە لەژێر دەســەڵاتى الملك الكامل ناصرالدين ايوبى بوو) و ماردين كەوتنە دەســت مەغۆلەكان. پاش مەرگى (ئەتابەك بدرالدين لوءلوء)ە كە وەفادارى هۆلاكۆ بوو، صاڵحى كوڕى بدرالدين ڕووى لە بايبارســى ســوڵتانى ميسر كردو پشــتيوانى ئەوى بۆ خۆى مســۆگەر كرد. كوردەكانى دەوروبەرى موســڵيش سەردەمانێ دۆســتايەتيى ئەويان بۆ خۆ مسۆگەر كرد. كوردەكانى دەوروبەرى موسڵ ســەردەمانێ لەگەڵ مەسيحييەكاندا ناكۆك بوون و پەلاماريان دابوون. سوپاى موسڵ لە كوردو توركمان و شوشــەكان پێك هاتبوو كە بەوپــەڕى قارەمانێتىو جوامێرييەوە بەرانبەر بە مەغۆلەكان وەستان و بەرگرييان كرد.

كوردەكان لە ســورياش، چارەنووسى خۆيان بە مەماليكەكانەوە

گرێ داو هاوپەیمانیان دەگەڵ کردن، پارس لە نامەیەکیدا بۆ (خان بەرەکە)، شانازی بە زۆری لەشکرەکانییەوە دەکات، لەشکرەکانیشی لـــە تورک و کـــوردو عەرەب پێـــک هاتبوون. (بڕوانە: دهســـون، بەرگی٣، ل٣٨٥). هایتونی مێژوونووســـی ئەرمەنی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە زەمانی ئابقادا و پاش هێرشـــی ســـوپای میســـر (بەر لە ســـاڵی ١٢٨٧)، مەغۆلەکان (٥٠٠) هەزار خێزانـــی کوردیان کە لە باکووری ســـوریا دەژیان هێنایە ژێر دەســـەڵاتی خۆیان. (بڕوانە: رکویـــل، بەڵگەنامەکانی ئەرمەنیـــان، بەرگی٢، ل١٧٩)، بەڵام پاش شـــکانی مەغۆلەکان لە ســـاڵی (١٢٨١)دا، لەشکری مسوڵمانان کە لە کوردو تورکمان پێکهاتبوو، سیلیسای گرت. کوردەکان یەک دوو جارێک نەبێ ئیدی هەرگیز هاوکارییان لەگەڵ مەغۆلەکان نەکردووە. جارێکیـــان لە ناوچە دوورەکانی فارسو جارێکی دی لە ســـەردەمی (ئولجاتیو)دا لە ساڵی (١٣٠٦)دا کوردەکان لەو سوپایەدا بەشدارییان کرد کە هێرشـــی کردە ســـەر گەیلان. پاش ماوەیەک موسا ناوێکی کورد کە ئیدیعای ئەوەی دەکرد ئیمامی مەهدی شـــیعەیانە، لەلایەن ئولجایتوەوە کوژرا. لە ساڵی (١٣١٢)دا بەدرەدینی حاکمی ڕەحبە، دژی مەغۆلەکان وەستا.

لـــەم ســـەروبەندەدا دیلەکانی مەغۆل حوکمڕانی کوردســـتانیان دەکردو شەڕ لە هەولێردا هەمیشە بەردەوام بوو. کوێستاننشینەکانی قاياچی کە مەســـیحی بوون و بەشێک لە لەشـــکرەکانی مەغۆلیان پێک دەهێنا، لە هەولێردا لەگەڵ ســـەرۆکەکەی خۆیاندا (زین‌الدین بالۆ) ناکۆکییان کەوتە بەین و پاشـــان لەگەڵ ئەو کوردانەشـــدا کە لەلایەن عەرەبەوە پشـــتیوانی دەکران، بوو بە شـــەڕو فەرتەنەیان.

ئەم کێشمەکێشـــانە لە ساڵی (١٢٧٩)وە دەستی پێ کردو لە ساڵی (١٣١٠)دا گەییـــە لووتکە. مەغۆلەکان پاش زەحمەتێکی زۆر ئەوجا توانییان مەسیحییەکان لە قەڵاکانی خۆیان وەدەر بنێن. مەغۆلەکان بۆ ئابڵۆقەدانی مەسیحییەکان، داوای یارمەتییان لە کوردەکان کرد، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی مەغۆلەکان ئەوەبوو کە ناکۆکی بخەنە نێو کـــوردەکان و عەرەبـــەکان و لەم ڕێگەیەوە ڕێ لە کوشـــتاری مەســـیحییەکان بە دەســـتی عەرەبەکان بگرن، بەڵام وێڕای ئەوەش مەسیحییەکان هەر قەتڵ و عام کران. کوردەکان بەشداری کوشتارو قەتڵ و عامەیـــان نەکرد. (بڕوانە: مێژووی مارجابالەکان، بەرگی٣، وەرگێڕانی جی. ب. چاپوت، پاریس (١٨٩٥)، ل١٧٧١٥٢).

ناوچەی نێـــوان مەراغەو هەولێـــر بۆ لەشـــکرەکانی مەغۆل بە ڕێگایەکی کوێستانی ســـەخت و دژوار دەژمێردرا، لەم سەروبەندەدا بەشێکی زۆری ناوچەکانی باشووری دەریاچەی ورمێ بەدەست تورک و مەغۆلەکانـــەوە بوو. لە زەمانی ئولجایتـــودا مەڵبەندو پایتەختی ســـتانی کوردســـتان لـــە بەهـــارەوە گوێزرایەوە بۆ ســـوڵتان ئاوا (کەوتبـــووە ناوچەی چەمچەماڵ). (حمداالله مســـتوفی) لە (نزهە القلوب)دا دەنووسێ کە دەرامەتی کوردستان لەم سەردەمەدا لە چاو ســـەردەمی سەلجوقییەکاندا دە بەرانبەر کەم بۆتەوە. دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەڤەری کوردســـتان چ وێرانکارییەکی بەسەردا هاتـــووە. وەختێ ئیلخانییـــەکان لە مەیدان دەرچوون، ســـەرۆکی دوو تایفەی مەغۆل، بە ناوی ســـەلدوزو جەلایر لەســـەر پلەوپایەو دەسەڵاتوەرگرتن چوون بە گژ یەکدا. بەپێی پەیمانێک کە ویلایەتی پین کرا بە دوو بەشـــەوە، لە ســـاڵی (١٣٣٨)دا کوردستانی ئێران

و خوزســـتان دران به کوڕانی ئاکرانج، له ســـاڵانی (١٣٨٣١٣٨٢) دا (جەلایر بایەزید)یش بەشـــێک له کوردســـتانی ئێران و عێراقی عەجەمی خسته ژێر دەســـەڵاتی خۆی. (بڕوانە: زامبوار، مانوئیل، ٢٥٣، هەروەها دهسون، بەرگی٤، ل٧٤٧).

## ڕێبەرێتی تایفە کوردەکان:
## له سەردەمی سوڵتانەکانی مەمالیکدا:

داگیرکاری و دەســـەڵاتی مەغۆلەکان کارێکی وای کرد که ڕۆڵی سیاسیی کورد له ناوچەکەدا بەتەواوەتی بکەوێته سێبەرەوە، بەڵام له میسردا سوڵتانەکانی مەمالیک که ژێراوژێر خۆیان بۆ دوژمنایەتیو بەگژاچوونی ئیلخانییەکان ئامادە دەکرد، بایەخێکی یەکجار زۆریان به چارەنووسی ئەم قەومە (کورد) مسوڵمانە دەدا.

(شـــهابالدین العمری) له ساڵی (١٣٤٨)دا مردووە له (مسالک الابصـــار)دا بەوردی ئەوە نیشـــان دەدات که چۆن دەســـەڵاتدارانو سوڵتانەکانی مەمالیک مەعلوماتو زانیارییان دەربارەی وەزعو حاڵی کـــوردەکان کۆدەکردەوە. به گوتەی العمـــری، کوردەکان له نزیکی عێراق، دیار العرب، ســـوریاو یەمەنو ناوچه کۆســـارەکانی (جبال) ی کورداندا نیشـــتەجێ بوونو سنووری ناوچەکەیان له هەمەدانەوە دەســـتی پێ کردوەو گەییوەته سیلیسا (بلاد التکفور). له ڕۆژاوای دیجلەدا، کوردەکانی جزیرەو ماردین مایەی دۆستایەتیو خۆشەویستی دراوسێکانیان بوون. تۆزێک پێش ئەم سەردەمە، پیاوێک له ماردیندا

به ناوی (ابراهیم ئال عرس بالو) ســـەربەخۆیی کوردانی ڕاگەیاندو دەسەڵاتێکی بەرچاویشی بەدەست هێنا. پاشان نووسەر ناوی (٢٠) تایفەی کورد دەبات کە لەنێوان ناوچەی هەمەدانو ئەو بەشەی جزیرە کە کەوتۆتە نێوان موسڵ و کاراەوە نیشتەجێ بوونە، لەوانە:

١- گۆران، شەڕکەرو وەرزێرو جووتیار بوون.

٢- جەلالی، (بڕوانە شەرەفنامە، بەرگی٢، ل٢٨٦) بەشێک لەم هۆزە بۆ ســـوریا کۆچیان کرد. لە سەردەمی دەسەڵاتی مەغۆلەکاندا میری ئەم هۆزە ناوی (شـــرف‌الدین) بوو، ئەم پیاوە حاکمی هەولێر بووەو بە دەستی یەکێک لە مەغۆلەکان کوژراوە.

٣- زەنگالی، (ڕەنگە زەنگنە بێ؟).

٤- کۆســـاو مابیر، لە بنەڕەتدا شارەزوورینو بۆ سوریا کۆچیان کردووە.

٥- سابولی (ستولی)، لە شـــارەزوورو شنۆدا دەژیان. قاراتاوی -ش لە تەنیشت ئەوانەوە دەژیان (بڕوانە: هوفمان، ل٢٠٧).

٦- حەسنانی (خۆشناوی؟)، ژمارەیان دەگەییە چەندین هەزارو ســـێ بەش بوون کە بەشـــێکیان لە (کارکار)ی هاوشانی قارتاویدا دەژیانو ســـەرانەیان لـــەو کاروانانـــە وەردەگرت کە لـــە دەربەند کارابولییەوە ڕەت دەبوون. (بوارێکە لەســـەر زێی بچووک، بڕوانە: ل٢٦٣).

٧- کرحیـــن، نزیکی (کەرکوک؟)و داقوقـــە، تیرەیەکە نزیکەی (٧٠٠) کەسێکن.

٨- تایفەیـــەک لەنێـــوان دوو کێواندا (بیـــن الجبالین) دەژیان، کەوتۆتە ناوچەی هەولێر، ئەمانە لە زســـتاندا خۆیان لە مەغۆلەکان

نزیک دەکردەوەو لە هاویندا دەچوونە هاوکاری قۆشەنی پەلاماردەری میسرییەکان.

٩- مازنجـــان، نزیکەی (٥٠٠) خێزانێک بوون لە نزیکی هەولێر، مازنجـــان لە یەرواو بەخمـــەدا دەژیان (یەواو بەخمە لەســـەر زێی گـــەورەو لە ڕۆژهەڵاتی ئاکرێدان). ســـەرانی مازنجـــان، حوکمڕانی تایفەی حەمادییەشـــیان دەکرد کە خزمی یەکدی بوون. (ژمارەیان نزیکـــەی هەزار کەس بوو) ســـەرۆکی مازنجان بە کاک بانگ دەکراو لەلایەن خەلیفەکانی عەباسییەوە لەقەبی مبارز الدین-ی پێ درابوو. مەغۆلەکان، قەڵەمڕەوەکەی ئەویان کرد بە دوو بەشـــەوەو کاک بە جێگری حاکمی هەولێـــر مایەوە. ئەم پیاوە لە زەمانی (ئەرغون)دا بۆ ماوەیەک لە حوکمڕانی کەنارخراو بەپێی قســـەی قەلقەشـــەندی لە کتێبی (صبح الاعشـــی)دا: کوڕو نەوەکانـــی، قەڵەمڕەوی خۆیان (ئاکرێو شوش)-یان پاراست.

١٠- تیرە چڕەخەڵکەکانی سوری (سۆران) نزیکی تەل حافتون دەژیان.

١١- تایفـــەی زەرزاری، ئەمانە لە ناوچەی مەلازگەرد (ڕووباری بارازگەرد)و روستاقدا (بەشی باشووری شەمدینان) بوون.

١٢- جولە مێرگ، ئەمانە پاشماوەی ئومایاد بوونو نزیکەی (٣) هەزار کەس بوون.

١٣- کوردەکانـــی ناوچـــەی مارکاران، کە لەگـــەڵ جولەمێرگو زەرزارییەکاندا هاوپەیمانو دۆست بوون.

١٤- بەشی گاوار، لە نزیکی جولەمێرگ.

١٥- بەشـــی زێباری، نزیکەی (٥٠٠) کەســـێک بوونو لە نزیکی

جولەمێرگ و هاوسێی ئاکرێو ئامێدی بوون.

١٦- هەکاری، لە ئامێدیدا دەژیانو نزیکەی (٤) هەزار کەسێک بوون.

١٧- بسیتەکی (؟) لە نزیکی هەکارییەکاندا لە کەناری مارج لە ناوچەیەکدا کە کەوتووەتە نێوان جبال العمرانی و شکەفتی داود، دەژیان.

١٨- بوختییەکان، بەلای موسڵداو لە نزیکی جولەمێرگدا دەژیانو خەنیمی تایفەی حەمادییە بوون.

١٩- داسنییەکان، ژمارەیان یەکجار زۆر بوو. بەدرەدین ـی سەرۆکیان شوێنەکەیانی گواستەوە بۆ شوێنێک کە لە ڕووی ستراتیژیەتی بەرگرییەوە زۆر نالەبار بوو، لە ناوچەی موسڵدا نزیکەی هەزار کەسو لە ناوچەی ئاکرێدا نزیکەی (٥٠٠) داسنی نیشتەجێ بوونو دەژیان.

٢٠- دونبولی[١*]، دانیشتووانی کوێستانە بەرزو سەختەکان بوون.

ئەو زانیارییانەی سەرەوە لە کتێبی (مسالک الابصارو صبح الاعشی)ەوە وەرگیراوەو ئەوانیش پشتیان بە (التثقیف) بەستووە کە لە دەوروبەری ساڵی (١٣٤٧)دا لەلایەن (تقی‌الدین ابن نظیر

---

١* دونبولی: تیرەیەکی کوردن لە دەوروبەری موسڵ ئاکنجی بوونە. گەورە پیاوی زۆر، لە زاناو فەرمودەبێژو ئەدیبان و عارفان و شاعیران و میران لەم تایفەیە هەڵکەوتوون، احمد بن نصر الفقیه الشافعي الونبلی و علی بن ابی بکر بن سلیمان المحدث الونبلی لەوانن. (بڕوانە تجربە الاحرار و تسلیە الابرار تألیف عبدالرزاق بیگ دنبلی (مفقون) بەشی یەکەم ڕاستکردنەوەو پەراوێزی مامۆستا حسن قاضي طباطبائی ل١٤).

الجیش)ەوە دانراوە. ناوی (٢٥) کەس لە ســـەرانی کورد دەبات کە دەمڕاســـت و دەســـەڵاتدارانی قاهیرە پێوەندییان لەگەڵدا هەبوون و نامەیان لەنێواندا هەبوو.

## ماڵبات و زنجیرەی تەیموریان و تورکمانەکان:

پاش مەغۆلەکان تورکمانە خەنیمەکانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستاندا ســـەپاند. دەربارەی ئەم ســـەردەمە کە بۆ کوردەکان بایەخێکی تایبەتی هەبوو، هێشـــتا زانیاریی دروســـت و ورد کەمە. زنجیرەی (قەرەقوینلو) لە مەرکەزی کوردستاندا دەسەڵاتیان پەیدا کردو تیرە کوردەکانیان دووچاری گەلەک کێشـــەی سیاسیو ئایینی ئەوتۆ کرد کە بووە مایـــەی جێگۆڕکێو کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە تیرەو دانیشـــتوانی ئەم ناوچەیە. هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە کوردەکانی موکری ناوچەکانی باشووری دەریاچەی ورمێ-یان گرت. سەرهەڵدانو پەیدابوونی تەیمورو فتوحاتەکانی، بەشێوەیەکی کاتی قەرەقوینلووەکانی لە مەیدان وەدەرنا.

گەلێک لەو ڕووداو و پێشهاتە مێژووییانەی کە لە ساڵانی (١٣٩٣ – ١٤٩١)دا لـــە قـــەڵای (حصـــن کیف و جزیـــرە)دا ڕوویانداوە، لە بڵاوکراوەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سوریادا نووسراون و لە ساڵی (١٨٣٨)دا لەلایەن بهنچ-ەوە بڵاوکراونەتەوە.

تەیمور لە کاتی شەڕو شۆڕەکانیدا، لە ساڵانی (١٣٦٩ – ١٤٠٠)دا ناچار بوو دڵی کوردەکان ڕابگرێت، تەیمور پاش داگیرکردنی بەغدادو دیاربەکر پەلاماری جزیرەی داو وێرانی کرد، دەوروبەری جزیرەشـــی

خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. پاشان تەیمور لە کێوەکانی بەینی دیاربەکرو موش تێپەڕی و بە نەرمونیانی ڕەفتاری لەگەڵ شرف‌الدین -ی بەدلیسی کرد کە پیاوێک بوو لە سەرانسەری کوردستاندا بە میهرەبانیو دادپەروەری مەنشور بوو. تەیمور لە ساڵی (١٤٠٠)دا لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ ئازربایجانو لە ڕێگادا تووشی پەلامارو هێرشی کوردەکان بوو.

پاش مەرگی تەیمور، قەرە یوسف-ی قەرەقوینلو گەڕایەوە بۆ کوردستانو پەنای بردە بەر شمس‌الدین بەدلیسی. شمس‌الدین کیژەکەی خۆی دایێو یارمەتی دا تا دەسەڵاتی خۆی وەرگرتەوە. قەرەیوسف لە ساڵی (١٤١٧)دا بە (نیشانێک) میرانی بەدلیسی لە قەڵەمڕەوی خۆیان جێگیر کردەوە. وەختێک لە ساڵی (١٤٢١)دا (شاروخی کوڕی تەیمور) گەییە ئەرمەنستان، شمس‌الدین بەدلیسیو مەلیک مەحمودی هەکاری، مەلیک خەلیلی حصن کیف و میرانی خیزانو هی دی بەڵێنیان دایێو کوردەکانی خوی-ش وەفاداری خۆیان بۆ حکومەتی شاروخ دەربڕی. (بڕوانە: مطلع السعدین، یادداشتە هەڵبژاردەکان بەرگی١٤، ل١٥٣).

ئاق قوینلوەکان (ماڵباتی بایندر) مەرکەزی ئەسڵییان لە دیاربەکر بوو، ئەمانە سیاسەتێکیان دەربارەی کوردەکان پیادە دەکرد کە بەپێی ئەو سیاسەتە خانەدانە گەورەکانی کوردیان لە ڕەگو ڕیشەوە هەڵدەتەکاندو نابوتیان دەکردن. (بڕوانە: شەرەفنامە، بەرگی١، ل١٦٤: لەنێوبردنی بنەماڵەکانی کوردستان). بەشێوەیەکی گشتی دوژمنایەتی ئەو تیرەو تایفەی کوردانەیان دەکرد کە لەگەڵ قەرەقوینلوکاندا بەینیان خۆش بوو. لەوانە تایفەی

گەورەی (چەمشـــکزک). ســـەردارانی ســـوپای (ئوزون حەسەن)، بە ناوی ســـۆفی خەلیلو عەرەب شـــا، ناوچەی هەکاری-یان داگیر کرد کە پاشـــان بۆ ماوەیەکی کەم کەوتە دەســـت تایفە دونبلی لە بۆتان. لە ساڵی (١٤٧٠)دا، هەموو جزیرە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئاق قۆینلـــو، و حوکمڕانی ئەوێیان بە حاکمێکی خۆیان بەنێوی چەلەبی بەگ ســـپارد. ئەم پیـــاوە پیاوێکی ماقوڵو زیـــرەک و کارامە بوو، چاکیو کارامەیی ئەم پیاوە لە شەرەفنامەشـــدا باس کراوە (بڕوانە: شـــەرەفنامە، بەرگی١، ل١٢٣) سەردارێکی تری ئاق قوینلوەکان-ی بە ناوی ســـلیمان بن بیزان ابراهیم خـــان-ی لە بەدلیس وەدەر ناو پاشانیش لەلایەن یەعقوبی کوڕی ئوزن حەسەنەوە کوژرا.

## پاشایانی سەفەویو سوڵتانەکانی عوسمانی:

شا (ئیسماعیلی سەفەوی) لە سەرەتای شەڕەکانیدا لەگەڵ ئاق قۆینلواندا پەلاماری ئەرمەنســـتانی دا. پاش شەڕی شادور (١٥٠٢) هەموو ناوچەکانی نێوان بەغداو مەڕعەش-ی گرت. سیاســـەتی شـــا ئیســـماعیل دەربارەی کوردەکان چ جیاوازییەکی لە سیاسەتی ئاق قوینلوکان نەبوو، شا ئیسماعیل -ش وەکو ئاق قوینلوان پتر پشتی بە تیرە تورکمانەکان دەبەســـت تا بە کوردەکان، چونکە کابرایەکی شـــیعە مەزەبـــی توندڕەو بـــوو، زۆر بە دڵ و بە گیـــان دژمنایەتی کـــوردە ســـوننی مەزەبەکانی دەکرد. کاتێـــک (١٢) کەس لە میرو سەردارانی کورد لە خوی چوونە لای و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دەربڕی

شـــا ئیسماعیل زۆربەیانی زندان کردو لەبری ئەوان سەردارو میرانی قزڵباشی دانا. لەو ســـەردەمە بەم لاوە ئیدی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی ســێ ســـەدە بوو بە مەیدانی ململانێو شـــەڕی سوڵتانانی عوســـمانیو پاشـــایانی ئێرانی. بەزینی ئێران لە شـــەڕی چاڵدێران (١٥١٤) جەزرەبەیەکی ســـەخت بوو لـــە بنەماڵەی تازە دامەزراوی ســـەفەوییەکان کەوت. هەرچەندە ئەوانەی پاش شـــا ئیســـماعیل-یش هەندێ ســـەرکەوتنیان بەدەســـت هێنا، بەڵام سەرکەوتنەکانی ئـــەوان بە هیچ جۆرێک بایەخی ســـەرکەوتنەکانی یەکەمجاری شـــا ئیســـماعیل-ی نەبوو، و قەڵەمڕەوی ئێران لە ڕۆژاوای زاگرۆســـەوە بەرەبەرە لەدەست چوو. شا ئیسماعیل هەوڵی دەدا حاکمانی خۆی لە ناوچە کوردنشـــینەکان دابنێ و سەردارو میرانی غەیرە کوردیان بەسەردا بســـەپێنێ. کەچی عوسمانییەکان پشـــتیوانی سیستەمی دەرەبەگایەتیان لە ناوچەکەدا دەکردو (ئیدریس) ناوێکیان، کە کورد بوو، پیاوێکی بە قابیلیەت و کارامە بوو ڕاســـپارد کە سیســـتەمی فیودالی و خان خانەکێ لە کوردستاندا برەو پێ بدات.

شەڕی (چاڵدێران) شـــوێنەوارێکی قووڵی لە کوردستاندا بەجێ هێشـــت. مەلیک خەلیل-ی (بڕوانە: شـــەرەفنامە، بەرگی١، ل١٥٥) میری کەنارخراوی حصن کیف، جارێکی دی (ســـیرت)ی وەدەست هێنایـــەوەو کەڵکەڵەی ئـــەوەی کەوتە ســـەر قەڵەمڕەوەکەی خۆی ســـەرلەنوێ بگرێتەوە. محەممەد بەگی ساســـون، دژی ئێرانییەکان لـــە جەنگدا بوو. ئەحمـــەد بەگی میافارقین و قاســـم بەگی ئاگیل و جەمشـــید بەگـــی پالو لایەنگری خۆیان لە حکومەتی عوســـمانی ڕاگەیانـــد. حاکمی جزیرە، توانی ئێرانییەکان لە موســـڵ وەدەرنێ.

ســـەعید بەگی ســـۆران، هەولێرو کەرکوکی گرت. نزیکەی بیست و هەندێک کەس لە سەران و میرانی کورد کە دوودڵ بوون لە لایەنگری حکومەتی سەفەوی، مەلا ئیدریس بەپەلە خۆی گەیاندێ و توانی لە دیدارێکدا (٢٥) کەســـیان بێنێتە رەداو ببن بە گوێڕایەڵ و لایەنگری سوڵتانی عوسمانی.

وەختێک کە سوڵتان سەلیم تەورێزی بەجێ هێشت، شا ئیسماعیل هێزی پاڵپشـــتی بۆ دیاربەکرو حصن کیف نارد. ادریس کوردەکانی هێنایە ژێرئاڵای خۆی و کـــورد بەگ-ی کە جاران حاکمێکی ئێران بوو لە کوردستاندا، بەزاند. کوردەکانی دیاربەکر تا گەیشتنی هێزی پاڵپشـــت بە ڕێبەری بیگلی محەممەد پاشـــا، بەرانبەر بە هێرشـــی ئێرانییەکان وەســـتان، تا لە ئەنجامدا (بیگلیو ئیدریس لە حصن کیفدا یەکیان گرت و ئێرانییەکانیان شـــکاند. پاشان تورکەکان کە هێزەکەیان بە هاتنی (٥) هەزار کورد لە ئامێدییەوە هێندەی دی بەهێز ببوو، دیاربەکریان ئازاد کردو ماردین-یان داگیرکرد، بەڵام قەڵاکەی ئەوێندەر هەر لەژێر دەســـەڵاتی ئێرانییەکاندا مایەوە. ســـەردارێکی ئێرانی لە بەغدادو کەرکوکەوە پێچێکی کردەوەو سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناو خەڵکی ماردین کوردەکانیان لە شار وەدەرناو داوایان لـــە هێزە ئێرانییەکان کرد کە دووبارە شـــار بخەنە ژێر دەســـەڵاتی خۆیـــان. ئەنجام هەردوو لەشـــکرەکە لە ڕێگەی نێوان نەســـیبینو ئورفەدا لێکیان داو ئێرانییەکان شکان. وبیگلی، سەلمان خانی- کە هێشـــتا لە ماردین بوو- ناچار بە تەســـلیمبوون کردو پاش ئەوەی نەسیبین، دارا، میافارقین، دیاربەکرو ژەنگاری داگیر کردو ئیدریس کەوتـــە ئاوەدانکردنەوەی ئـــەم ناوچەیە، بە ڕادەیـــەک لە ناوچەی

دیاربەکردا یازدە ناحیە بەدەســـت فەرمانڕەوایانی تورک و هەشـــت ناحیە بەدەســـت فەرمانڕەوایانی کوردەوە بوو (بڕوانە: کوردەکان، بی لیگی). والییەکان بەگی تازەیان بۆ هەر ناحیەیەک دادەنا، بەڵام ئەم بەگانە هەمیشە لە بنەماڵەی تایبەتیو دیاریکراو هەڵدەبژێردران.
(٥) بنەماڵە لە شـــێوەی میراتگریدا دەســـەڵاتی خۆیان پاراســـت، بەشـــێوەیەک یەکسەرو ڕاستەوخۆ کوڕ جێی بابی دەگرتەوە. پاشان سیستەمی حکومەتی لە هەموو کوردستاندا، لە مەلاتیەوە بیگرە تا بایەزیدو شارەزوور پیادە کرا (بڕوانە: شەرەفنامەو ئەولیا چەلەبی)و ئێران تەنیا ناوچەی کرماشانی بەدەستەوە مایەوە. ئیدریس، لەلایەن سوڵتانی عوســـمانییەوە ڕێزو حورمەتی زۆر دەگیراو لە مەرکەزەوە فەرمانی دانی میداڵ و نیشـــانە و لەقـــەب بە گەورەپیاوان و میران بـــۆ ئەو دەنێردرا، هەروەها فەرمانی ســـپیی بێ ناوی بۆ دەنێردراو ئیدریس دەســـەڵاتی ئەوەی درابوویێ کە بە ئارەزووی خۆی و چۆن بە مەسڵەحەتی بزانێ ئەو فرمانانە پڕ بکاتەوەو بیدات بەو کەسانەی خۆی پێی باشن (بڕوانە: فن هامر-گ. و. ر بەرگی١، ل٧٤٩).
لە ســـاڵی (١٥٣٠)دا شـــا تەهماســـپ، بەغدای لە زولفەقار، کە یەکێک بوو لە کوردەکانی تایفەی موســـلو، وەرگرتەوەو سەرلەنوێ زنجیرە شـــەڕێکی تری دوورودرێژ هەڵگیرسایەوە. سوڵتان سلێمان لـــە ســـاڵانی (١٥٣٣، ١٥٣٤، ١٥٣٥، ١٥٤٨، ١٥٥٣، ١٥٥٤) چەند لەشکرێکی بەرەو ئێران ڕەوانە کرد. لە ساڵی (١٥٥٤)دا لەشکرەکانی بەغدا بەسەر کوردەکانی بەلقاسو شارەزووردا سەرکەوتنو لە هەمان زەمانیشـــدا هێزەکانی ئێران لە گورجســـتاندا سەرگەرمی شەڕ بوون (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٢، ل٢٣٦).

بەپێی پەیمانێکی ئاشتی لەساڵی (١٥٩٠)دا، شا عەباسی یەکەم ناچار بوو دەســـت لە ناوچەکانی ئازربایجان، شارەزوور، و لوڕستان هەڵبگرێو بیاندا بە تورکەکان. (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٢، ل٥٥٩)، بەڵام لە ســـاڵی (١٦٠١)دا جارێکی دی شـــەڕ دەستی پێ کردەوەو بەپێـــی پەیمانێکی ئاشـــتی لە ســـاڵی (١٦١٢)دا ئێـــران ویلایەتە لەدەستچووەکانی، جگە لە شارەزوور، وەرگرتەوە. (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٢، ل٧٤٥). شـــا عەباس (١٥) هەزار خێزانی کوردی ڕەهەنەی سنوورەکانی خۆراسان کرد تا بەر لە دەستدرێژی تورکمانەکان بگرێ و ئەو سنوورانە بپارێزێ.

لە ئاخرو ئۆخری دەسەڵاتی شـــا عەباسدا، تورکەکان کەوتبوونە کەڵکەڵەی داگیرکردنی بەغداد. حەفیز پاشا لە ساڵی (١٦٢٣)داو لە یەکەم شەڕەکاندا بەخۆو لەشکرەکەیەوە، کە جەنگاوەرانی کوردیشی تێدا بوو، زۆر نەبەردانە شەڕی کرد، بەڵام ئێرانییەکان بەسەریاندا زاڵ بوونو لە هەمان کاتدا لەشـــکری زۆریان بە مەبەستی سەرکوتکردنی دوژمن بەرەو ماردین ڕەوانە کرد. پاش مەرگی شـــا عەباس خەسرەو پاشای سەرۆک وەزیران، لە ساڵی (١٦٢٩)دا بەرەو بەغداد پێشڕەوی کرد. (ســـەید خانی ئامێدی، میرەبەگی ســـوران)و تیرە تێکەڵەکانی کوردو عەرەبو باجەڵان پشـــتیوانیان لە خەسرەو پاشا دەکردو هەر لەو ســـەروبەندەدا (ئەحمەد خانی ئەردەڵان) هەڕەشەی لە قۆشەنی خەسرەوخان دەکرد. خەسرەوخان تا سنەو هەمەدان پێشڕەوی کرد. لە کاتی گەڕانەوەدا هێزی تورک لە ناوچەی چەمچەماڵ لەگەڵ لەشکرێکی ئێرانیدا تێک گیرانو لەشکری ئێران شکا. بەغدادیش نەگیراو تورکەکان نەیانتوانی دەســـتی بەســـەردا بگرن. وەختێک کە خەسرەو پاشا لە

مەیدان دەرچوو، ئەحمەد خانی ئەردەڵان سەرلەنوێ شارەزووری خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٣، ل١٧، ٢٣، ٤٩، ٨٦) سەرەنجام لە ساڵی (١٦٣٨)دا (سوڵتان مرادی چوارەم) بەغدادی گرت و ساڵی دواتر پەیمانێکی لەگەڵ ئێرانییەکان مۆر کرد کە بەپێی ئەو پەیمانە سنووری ئێران‌و تورکیا تا سەدەی نۆزدە دیاری کرا (بڕوانە: تاریخ نامە، بەرگی١، ل٦٨٦)و سنوورەکانی ئێران، ئەمجارەیان بەتەواوی کەوتە پشت زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە.

ئەو شەڕە سەختانەی کە لەنێوان پاشایانی سەفەوی‌و سوڵتانانی عوسمانیدا ڕوویاندا کارێکی وایان کرد کە کوردەکان هەست بەو بایەخە سیاسییە بکەن کە لە ناوچەکەدا هەیانبوو. شەرەفنامە وێنەیەکی وردو ڕۆشنی دەربارەی ژیانی خان و خانەکی و فیودالی تیرە کوردەکان بەرجەستە کردووە، هەروەها وەزع‌و حاڵی میران‌و میرنشینەکانی خستۆتە ڕوو کە لە دەوروبەری ساڵی (١٥٩٦)دا گەیبوونە لووتکەی دەسەڵاتی خۆ.

## شەرەفنامە:

ئەم کتێبە لەنێو ئەو سەرچاوانەدا کە پەیوەستن بە مێژووی کوردەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە، و لەلایەن (شەرەفە دێن)ەوە کە بە خۆی لە میرانی بەدلیس بووە، نووسراوەو لە ساڵی (١٥٩٦)دا تەواوی کردووە.

شەرەفنامە، بە چەمکێکی وردتر دەشێت ناو بنرێت مێژووی کوردان (بڕوانە: بەرگی١، لە بڵاوکراوەکانی ولیامینوف زرنوف)

و چــوار بەشــی گرتۆتە خــۆ: مەروانییەکانی دیاربەکــرو جزیرە، حەســنەوییەکانی دیناوەرو شارەزوور، فەزڵەوییەکانی لوڕی گەورە، میرانی لوڕی بچووک و ئەیوبییەکان.

چونکــە جیاوازییەکی ئاشــکرا لەنێوان ئەو تیرانــەدا دیار نییە کە شــەرەفنامە لە بەشــی دووەمو ســێیەمدا ناویان دەبات و ئەو جیاکردنەوانــەی شــەرەفەدین بۆ تیرەکانی دانــاوە، بەپێی زەوقو سەلیقەی خۆی دایناون، باشــتر وایە دەستنیشانکردنی ئەو تیرانە لەســەر بناغەی شــوێنو جێگە جوگرافییەکانیــان بکرێو جزیرەی ئیبن عومەر وەکــو مەڵبەندی کوردان لەبەرچــاو بگرینو بەمجۆرە کوردەکانی ئێرانیش بەر ئەم دەستنیشانکردنە دەکەون. قەڵەمڕەوی ئەو تیرانەی لە بەشــی دووەمی شەرەفنامەدا ناوبراون بە نیشانەی ئەستێرە دیاری دەکرێن.

شــەرەفەدین هێندەی توانیوێتی جیاوازیــی نێوان تیرەو تایفەو هۆزو بنەماڵەی ســەرانی کوردی شەرح کردووە. پێویستە هەمیشە ئەوە ڕەچاو بکرێ کە لە کوردســتاندا سیســتەمێکی خان خانەکی حوکمڕان بووەو ســەرانێک لە تیــرە جیاوازەکانی کورد یا لە تیرە بەکوردبووەکان یا لە تیرە مەســیحییەکان حوکمڕانیان کردووە کە هەندێکجار لە یەک شــوێندا نیشتەجێ بوونو هەندێکجار دەوارنشین یا نیمچە دەوارنشین بوونە:

## أ - نێوان جزیرەو دەرسیم:

١- سەرانی جزیرە: ئەم تایفەیە خۆیان دەبردەوە سەر ئەمەوییەکانو خالیدی کوڕی وەلیدیان بە باپیرەی خۆ دەزانی. لەم شەجەرەنامە نامە ئاڵۆزەو گومانلێکراوەدا کۆمەڵێک زانیاری بە دەست دەکەون کە ئەوە دەگەیەنن کوردەکان لە ئەمەوییەکانەوە نزیک بوونەو خۆیان بە نەوەی سەرداری بەنێوبانگ خالیدی کوڕی وەلید دەزانن کە گۆڕستانیان لە نزیکی (سیرت)دا هەیە. (بڕوانە: هارتمان، بوهتان ل١٩و ١٢٤). ئەم سەرانە لە سەرەتادا یەزیدی بوونو پاشان بوونە بە مسوڵمانی سوننی مەزەب، پاش مەرگی سلێمانی کوڕی خالید، سێ کوڕەکەی قەلەمڕەوەکەیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد: (جزیرە) بەر میر (عبدالعزیز) کەوت و ناوچەی (گورگیل) بەر میر (حاجی بەگ) و ناوچەی (فینیک) بەر میر (عبدال) کەوتن. ئەم (٣) بنەماڵەیە لە سەردەمانی پاشتریشدا قەڵەمڕەوەکانی خۆیان پاراستوە.

شەرەفنامە ناوچەی بوختی بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەم خێزانە حسێب دەکات. (بڕوانە: بەرگی١، ل٣٢٠). و بەبێ ڕەچاوکردنی میتۆدێکی تایبەتی وردەکارییەکانی ئەوێندەر شرۆڤە دەکات و ئەو چواردە ناوچەیەی کە ئەم میرنشینە گرینگەیان پێک دەهێنا بریتین لە: گورگیل، ئارواخ، پیرۆز، بادان، و تانزە (کالهوک) کە ئەم ناوچانە لەلایەن تایفەی (تارسی)یەوە داگیر کران، فینیک و هەرسێ ناوچەی تورو و هایتام، (هیتوم)و شاخ کە دانیشتووانەکانیان

مەسیحی بوون. (نیش، ئایتل، ئارام شات) کە تیرەیەکی نیشتەجێی ئەم ناوچەیەن بە ناوی (براسپی) گەورەترین هۆزی بوختییە، (کوار یا کامیزو دیرە) کە سەر بە تانزە بوو. هەرچەندە (ام. هارتمان) لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەم ڕووەوە پێشکەش کردووە (بڕوانە: هارتمان، بوهتان، بۆڵتن-ی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، ساڵی (١٨٩٦، ژمارە٢و ساڵی ١٨٩٧، ژمارە١ و ١٦٣) شوێنی هەندێک لەم ناوچانە بەتەواوی دیاری نەکراوە.

میرنشینی جزیرەی ئیبن عومەر کەوتبووە نێوان کەناری ڕاستی بۆتانو ڕووباری دیجلەوە. سەرچاوەی ڕووباری بۆتان نەدەکەوتە سنووری ئەم ناوچەیەوە. هاوسێی ڕۆژهەڵاتی (بوختی سندیان) کەوتبووە کەنار ڕووباری خابوورەوە.

٢- باپیرانی حاکمانی خیزان- ئیسبایرد: (سپارهت، ئیسپرت، لە ئەولیا چەلەبیدا ئیسباعرد)و موکس (موکوس) سێ برا بوون کە لە سەردەمی سەلجوقیاندا لە بالیجان (خنس)ەوە هاتبوون. (بڕوانە: شەرەفنامە، بەرگی١، ل٢١٧) ئەم میرنشینە کەوتبووە لای ڕاستی کەناری یەکێک لە لقەکانی ڕووباری بۆتانو تا مەروانان درێژ دەبووەوە، ئەو تیرەی ناو لەم میرنشینە گەورەیەدا دەژیان نەمرای ناوبوو.

٣ — شیروان: (کەوتۆتە دەستەڕاستی ڕووباری بۆتانو لە خوار خیزانە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سیردە). باووباپیرانی سەرانی (شیروانی) لە خزمەتی ئەیوبیاندا بوونو لە هەمان کاتدا هاتوونەتە شیروان کە مالیکان هاتنە حەسەن کیف، شیروانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ

و ســـەرەکییان لە ناوچەکەدا هەبوو، تەنانەت ئەرکی وەزارەتیشیان دەگرتە ئەستۆ، مەڵبەندی شیروان، کورفا بوو. ناوچەکانی تری سەر بە شـــیروان بریتی بوون لە: ئاویل، شابیستان (گارتی=کیرنیک؟) شی پێ دەگوترا) و ئارون.

٤- بەدلیـــس: دەگێڕنـــەوە کە تایفەی ڕۆژەکـــی ناوی خۆی لە ڕووداوێکەوە وەرگرتووە کە لەو ڕووداوەدا (٢٤) تایفە لە ڕۆژێکدا لە گوندی (طاب) لە بەشی خویتدا (ئێستا: قازاع مودکییە لە ڕۆژاوای بەدلیـــس). کۆبوونەوەو یەکێتییەکیان لەنێوان خۆیاندا دامەزراند کە پاشان بوو بە دوو بەشەوە: بڵباسو قەوالیس. (بڕوانە: شرف‌الدین، بەرگی١، ل٣٦١) ناوی (٢٥) تیرەی سەر بە تایفەی ڕۆژەکی دەبات کە (٥) خێزانیان لە دانیشـــتووانی کۆنـــی ناوچەکە بوون، ئەوانی تریـــان واتە (١٠) خێزان لە بلباسو (١٠) خێزان لە قەوالیس بوون کە پاشتر هاتوونەتە ناوچەکە. تایفەی ڕۆژەکی بەدلیسو حازو-یان لە تاویت پاشای گورجستان وەرگرت. پاشان ئەوان دوو برایان- کە لە نەژادی ساســـانیان بوون- لە ئەخلاتەوە هێنایە ناوچەی خۆیان، یەکێکیان بوو بە ســـەرۆکی بەدلیسو ئەوی تریان بوو بە سەرۆکی حازو (صاصون). (١٨) کەس لە بنەماڵەی ضیاءالدین بەر لە ســـاڵی (١٥٩٦) یەک لەدوای یـــەک حوکمڕانی بەدلیس-یان کردووە. ئەم حوکمڕانییـــە لە زەمانی ســـەلجوقیان (١١٣٩- ١١٨٠)و ئاق قۆینلو (١٤٦٧- ١٤٩٥)و شـــا ئیســـماعیلی ســـەفەوی (١٥٠٧- ١٥١٤)و لەنێوان ســـاڵانی (١٥٣٤- ١٥٧٨)دا لە باڵ یەک ترازاوەو بڕاوەتەوە سوڵتان سلێمان لە ساڵی (١٥٧٨)دا ویستی قەڵەمڕەوی شمس‌الدین بە مەلاتیە بگۆڕێتەوە، شمس‌الدین ناچار بەدلیس -ی تەرک کردو

له ترســـی پیلانو پیلانکاری پەنای بردە بەر دەرباری شا تەهماسب و شـــا بەڕێزو حورمەتەوە ڕەفتاری لەگەڵ کرد. ئەم پیاوە لە ساڵی (١٥٥٨)دا لە ئێران مرد. شـــەرەفەدینی کوڕی لە ســـاڵی (١٥٣٣) دوور لە وڵاتی خۆی لەدایک بوو، و لە دەرباری شـــا (تەهماســـپ) دا خرایە بەر خوێندن و پەروەردەیەکی ورد. (شـــا، تەنانەت هانی دا فێری نیگارکێشی ببێو دەستوری دا بخرێتە بەر خوێندنو فێربوونی نیگارکێشی)، شرفالدین بەشێوەیەکی نەپچڕاوە حوکمڕانی چەندین ناوچەی کردو گەیشتە پلەی سەرکردایەتی هەموو کوردەکانی ئێران. وەختێ کە شا ئیسماعیلی دووەم هاتە سەر تەخت، ئەو بووە مایەی گومانو نێردرا بۆ نەخچەوانو لەوێندەرەوە توانی خۆی بگەیەنێتە ڤانو فەرمانی حوکمکردنی بەدلیس لە (سوڵتان مراد)ی یەکەم وەربگرێ. و لە (ساڵی ١٥٨٣دا موش)شی خستە سەر قەڵەمڕەوەکەی خۆی. ئەولیـــا چەلەبی (بەرگی٤، ل٨١و ١٢١ شـــەرحێکی کەمی لەبارەی بارودۆخـــی بەدلیس لە ســـاڵی ١٦٥٥دا داوە) دوا میری بەدلیس کە ناوی شـــەرەف بەگ بوو، لە ساڵی (١٨٤٩)دا لەلایەن تورکەکانەوە لێخراو لە حوکمڕانی دوور خرایەوە. (بڕوانە: لییخ ئارمانیا بەرگی٢، ل١٤٩).

٥- فەرمانڕەوایانـــی صاصـــون: (حازو) باپیریـــان (عزالدین)ی برای (ضیاءالدین)ی بەدلیسی بوو، بە (عزدین) ناویان ڕۆشتبوو. لە ســـەرەتادا تیرەکانی صاصون بریتی بوون لە: شیراوی، بابوسی، سوســـانیو تاموقی. پاشان عەشـــیرەتی ڕۆژەکی هاتنە ناوچەکە. پاش ئەوەی عەشـــیرەتی ئەرزن تێکەڵ بە ساســـون بوون، هەموو

عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە، واتە: خالیدی، دیرموغانی، و عەزیزان کە پێشـــان بەشێک بوون لە حەسەن کیف، پێوەندییان بە ساسون -ەوە کرد.

٦- سەرانی سویدی: ئیدعایان دەکرد کە لە بنەماڵەی بەرمەکین. باو،باپیرانیـــان لە تایفەی ســـویدی بـــوونو قەڵەمڕەوەکەیان گەنج بوو.

٧ – تایفــەی پازۆکــی: شـــەرەفەدین بـــە یەکێک لـــە تایفە ئێرانییەکانیان دەزانێ، هەروەها دەشـــگوترێ کە لە نەژادی سویدی -ن. بەپێی شەرەفنامە، ئەمانە ئایینێکی تایبەتیان نەبووەو هەندێک ڕواڵەتـــی کوفرو ئیلحادیان تێدا. ئەم تایفەیە بەســـەر دوو بەشـــدا دابەش ببوون: خالید بێگلو و شـــوکر بێلگو و بەشـــێکی تریان لە پەنای میرانی بەدلیسدا بوون، خالید بە مۆڵکانە زەویو زاری خنس، مەلازگەردو بەشـــی ئوحکانو موشـــی وەرگرت. ئەم تایفەیە پاشان بە ڕادەیەک لەخۆبایی بوون، کەوتنە بیری ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی خۆیانەوە. پاش ئەوەی شـــا ئیسماعیل لە چاڵدێران شکستی هێنا، ئیدی سویدییەکان، تایفەی پازوکی-یان لە زۆر ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیان مەحروم کرد. لە زەمانی شـــا (تەهماسب)دا خالید بەگ کرا بە ســـەرۆکی تایفەی پازۆکیو زاگام-ی (نزیکی تەفلیس)ی خرایە ژێر دەست و پاشان پازوکییەکان بەرەو ئالاشکرت کۆچیان پێ کراو تایفەکەیان لەوێدا کەوتە پەرەسەندنو گەشەکردن.

٨- تیرەکانی میرداســـی: (لە سەلیم نامەی میرداسی)دا بەدیار

دەکەوێت کە لە نەوەو تیرەی عەباسییەکان بن. باپیریان ڕێبەرێکی مەزهەبی بوو کە لە هەکارییەوە هاتبووە ئاگیل و مرادسییەکان بوون بە موریـــدی ئەو. ئەم تیرەیە بە خۆیان دەڵێن عەرەب نەژادن و لە عارەبانی بەنوکیلاب-ن و خەڵکی ناوچەکانی ئەلپۆن کە لە ســاڵی (١٠٢٩)داو لە ئەنجامی ئەو ناخۆشــیانەدا کــە لەگەڵ فاتمییەکاندا هەیانبووە لەوێ کۆچیان کردووە. بوارتانی گەورەترین بەشـــی سێ لقەکـــەی ئـــەم تایفەیە بوون و لە ئاگیلدا دەژیان و دراوســێیەتیان لەگەڵ ئاق قوینلودا خۆش بووە، بەڵام لە زەمانی شـــا ئیسماعیلدا، ئاگیل لەلایەن ئێرانییەکانەوە داگیر کرا. دوو لقەکەی دی میرداســـی یەکێکیان لە پالوو باغین و خەرپوتدا حوکمڕانی دەکردو ئەوی تریان لە ســـەرەتادا لە باردانج و پاشـــان لە جارموکدا ( باشووری ئارغنا معرن) حوکمڕانی دەکرد.

٩- حوکمڕانانی چەشمەک زگ: دەڵێن گوایە لە نەوەو لە تیرەی عەباســـییەکانن، بەڵام بە ناوەکەیاندا وا دەردەکەوێت کە لە نەژادی تورک بن (سەلجوق) عەشیرەتەکەیان (مەلەک شاهی) پێ دەگوترێت. نزیکەی هەزار خێزانی مەلەک شاهی لە خزمەتی ئێرانییەکاندا بوون. لە ئێراندا ئاقاری مەلەک شاهییەکان بەڕادەیەک فراوان بوو کە ناوی چەشمەگ زگ لەگەڵ وشەی کوردستاندا ببوو بە یەک و بە هاوواتا. ئەم تایفەیە توانیان لە ســـەردەمی مەغۆل و دەسەڵات پەیداکردنی تەیمورو قەرە یوســـفدا ئاقاری خۆبپارێزن، بەڵام ئاق قۆینلوەکان بە هەموو توانـــاوە هەوڵی لاوازکردنی ئـــەم تایفەیەیان داو تایفەیەکی تورکیان نارد بۆ ناوچەی خارباندالو تا بەربەرەکانی ئەم تایفەیەیان

پێ بکەن. شـێخ حەسـەن لە خارباندالو دەرچوو و تەسلیمی شا ئیسماعیل بوو. و شا ئیسـماعیل حوکمڕانێکی ئێرانی لە جێی ئەو دانا. سـوڵتان سـەلیمی یەکەم، ناوچەکەیانی گەڕاندەوە بۆ ئەمیر (میر حەسەن).

## ب - ئێوان جزیرەو کلیس:

١٠- حەسەن کییف: سەرانی ناوچەیی خۆیان بە نەوەو لە تیرەی ئەیوبییەکان دەزانن، کە زۆر لە گوینە وابێ. بە قسەی باووباپیران و پێشینانیان، ئەمانە میرنشینی حەسەن کییف-یان لە حاکمی ماردین داگیر کردووە. یەکەم سەرۆکی ئەم تایفەیە بەپێی شەرەفنامە، ناوی مەلیک سـلێمانەو لە ساڵی (١٣٣٥)دا مردووە. پاشان ئاق قوینلو، حەسـەن کییف-یان داگیـر کردو مەلیک خەلیل پەنـای بردە بەر حاماو پاشان توانی قەڵەمڕەوەکەی خۆی وەربگرێتەوە، بەڵام پاشان عوسـمانییەکان، کوڕانی مەلیک خەلیل-یان لەم میرنشـینە وەدەر نا. ناوچەکانی سـیرد، بە شـیری، تور بەپێی شەرەفنامە سەر بە حەسەن کییف بوون.

١١ — سلێمانی: لە نەژادی مەروانین، (دوا نەوەکانی ئەمەوییە) سـەرەتا لە خوخدا، لە بەشـی غەزالیدا (لەنێوان ڕووباری قولپ و باتمان سـودا بەر لەوەی لێکدی بدەن) حکومەتی خۆیان دامەزراند، پاشـان بەرەبەرە زۆر شوێنی تریان تا نزیکی ڕووباری دیجلە داگیر

کرد. ئەمانە حوکمی کۆمەڵێک تایفەی جیاوازی یەکگرتووی کۆکیان دەکرد، زۆربەی ئەم تایفانە خێوەتنشین بوون، لە هاویناندا بۆ ئالاتاغ (نیپهاتس) کۆچیان دەکـــرد. بانۆکی، یەکێک بوو لە تیرەی هەرە گەورەکانی ئەم تایفانە، بەڵام بەناوبانگترینیان تایفەی باســـیان بوو کە هەزار خێزانیان بە ڕێبەرایەتی شاســـواری سەرۆکیان، بۆ بایەزید کۆچیان کرد. ژمارەیەک لەم تایفانە چوونە سەر بیروباوەڕی یەزیدیان، سلێمانییەکان لە ساسوندا پێوەندییان لەگەڵ دراوسێکانیاندا خراپ بوو. ئەمانە بوون بە دوو بەشـــەوە: یەکێکیان لە قولپو باتمان، و ئەوی تریان میافارقین.

١٢- زەرقی: بە ڕای شـــەرەفەدین وشـــەی زەرقی کورتکراوەی وشـــەی (ازرق)ی عەرەبییـــە. باپیـــری ئەم بنەماڵەیـــە کابرایەکی عەرەبی پارســـای خەڵکی سوریا بوو کە بە بنەچە دەچووەوە سەر بنەماڵـــەی عەلی. ئەو پیاوە لە زەمانی ئارتوکدا (بڕوانە: ابو الفرج، مختصرا لدول، ل٣٧٩). ئەم بنەماڵەیە لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە، خزمایەتیان لەگەڵ ئارتوقیدەکان و پاشـــان لەگەڵ ئاق قوینلوەکاندا پەیدا کردووە. زەرقییەکان، چوار لق بوون کە لقە ســـەرەکییەکەیان لـــە تارجیل (ڕۆژاوای ڕووباری باتمان ســـو)و عوتاقدا دەژیان. دوو لقی تری ئەم هۆزە لە دارزنی (کۆنە دێرێکی مەسیحیانی دیرزیرە؟) و لە کوردیکاندا (بەینی دیاربەکرو میافارقین) نیشتەجێ بوون. دوا لقی زەرقییەکان پاشماوەو زادەی خواستنی ژنێکی قەرەجە لەلایەن یەکێک لە سەرانی زەرقییەوە.

١٣- کلیـــس: دەڵێن حاکمان و ســـەرانی کلیس لەگەڵ میرانی

هـــەكاری و ئامێدیدا خزم و خوێش بوونە. (منتشـــا)ی باپیریان لە خزمەتی ئەیوبییەکاندا بووەو، ئەیوبییەکانیش ناوچەی کەوســـەریان (نزیکی ئانتی قوچ) داوەتێ. ئەم پیاوە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا، لەگەڵ یەزیدیانی کەوســـەرو ئەوانەی کە لە بەینی حەماو مەرعەشدا دەژیـــان، هەروەها لەگەڵ کوردەکانی جوم و کلیســـدا یەکێتی پێک هێناوە. لە زەمانی سوڵتانەکانی مەمالیک و سوڵتان سەلیمی یەکەمدا ناکۆکی و دوژمنایەتی کەوتە نێوان یەزیدییەکان (شـــێخ عزالدین)و بنەماڵەی مەندەوە (منتشـــا) کە بە قازانجی مەند شکایەوە، لەگەڵ ئەمەشـــدا پێناچێت مافی میراتی ئەم حاکمنشینەی باکووری سوریا بناغەیەکی پتەوو مەحکەمی بووبێ.

## ب - نێوان جزیرەو خوی:

١٤- هەکاری: پێناچێ شەرەفەدین، ئاگاداری کۆنەواری تایفەیەک بووبێ کە لە دەوروبەری ئامێدیدا بوونەو پاشان ئەتابەکیانی زەنگی بـــەرەو باکوور وەدەریـــان ناون. میرانی هـــەکاری خۆیان بە نەوەو نەتیرەی عەباســـییەکان دەزانن. یەکەمین میرێک کە شـــەرەفنامە نێوی دەبات عزالدین شێرە (ڕەنگە تەعریبی یەزدان شێر بێ). ئەم میرە لە ساڵی (١٣٨٧)دا، لە قەڵای ڤاندا دژی تەیمور جەنگیوە. لە ســـەردەمی ئاق قۆینلودا هۆزی دونبلی نیشتەجێی ناوچەی جزیرە، قەڵەمڕەوی هەکاریان داگیر کرد، بەڵام مەســـیحیانی نەســـتوری بۆ گەڕاندنەوەی (اســـدالدین لەپ زێڕین)، کـــە یەکێک بوو لە وەچەی

بنەماڵەیەکی کۆن، چون بۆ میسرو خانەدانێک دروست بوو کە ناوی شـــامبۆ-ی گرتەخۆ. (بڕوانە: م. گاررزۆنی، گرامەری زمانی کوردی، ڕۆما، ١٧٨٧). لە زەمانی شـــا ئیسماعیلی یەکەم سەرانی شامبو لە قـــەڵای بای دا (کەوتۆتە شـــەمدینانەوە) دەژیان، و ژمارەیەک لەم بنەماڵەیە لەوستان (باشووری ڕۆژاوای ڤان) سەرگەرمی بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیان بوون، بەڵام روزاکییەکان، لەسەر ناوچەی کواش کە کەوتۆتە ڕۆژاوای وســـتان-ەوە، لەگەڵ هەکارییەکاندا ناکۆک بوون. قەڵەمڕەوی هەکارییان بەلای باکووردا تا ئالباق ڕۆیبوو. دوا وەچەی بنەماڵـــەی هەکاری بە ناوی نوراللە بەگ، پاش شۆڕشـــی بەدرخان کە بۆتان لەلایەن عوســـمانییەکانەوە گیرا، لە میراتی مەحروم بوو، حەلیمە خانم لە ســـاڵی (١٨٤٥)دا باشـــقەڵای دا بـــە تورکەکان. هۆزێکـــی تریش بە ناوی پنیانیـــش-ەوە (بڕوانە: م. گارزونی) کە هێشتا ماون، لە نزیکی هەکاریدا دەژیان.

١٥- میرنشـــینی مەحمودی: کە کەوتۆتـــە باکووری هەکاری و لە کەنار ئەو ڕووبارانەدایـــە کە دەڕژێنە دەریاچەی ڤان و ئەرچەک -ەوە. ســـەرانی ئەم ناوچەیە (مەروانی یا عەباسییەکانی بۆتان) لە هەوەڵەوە باوەڕیان بە ئایینی یەزیدییەکان بوو. لە ســـەردەمی قەرە قوینلوا لەم ناوچەیەدا نیشـــتەجێ بوون و زۆری پێ نەچوو لەگەڵ هەکاری و دونبلییەکاندا کەوتنە شەڕو دوژمنایەتی.

١٦- دونبلییەکان: لە هۆزی بۆتانن. پاشان چوونە ئازربایجان و لەوێ ناوچەی شوکمەن ئاوایان بە دیاری وەرگرت. ناوچەی شوکمەن

کەوتۆتە باکووری ڕۆژاوای (خوی)و ئێستا پێی دەگوترێ (زۆراوا).
لە ســـەردەمی ئاق قوینلوەکاندا، دونبلییـــەکان دژبای و (کەوتۆتە ناوچەی شـــەمدینان) بەشێک لە هەکاریان داگیر کرد. شا تەهماسپ خویی خستە ســـەر شـــوکمەن. دوبنیلییەکان، لە زەمانی سوڵتان ســـلێماندا قتورو بارگریَ-یان وەرگرت و پاشـــان ناوچەکانی ئایاغا، ســـلێمان سەرایو چاڵدێرانیان خستە ســـەر میرنشینەکەی خۆیان.
(زینالعابدین شیروانی) لە (بستان السیاحە)دا (سەرەتای سەدەی نۆزدە) دەڵێت: «هەموو دونبلییەکان شیعە مەزەب بوونەو بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد».

١٧ — برادۆست: سەرانی برادۆست یا لە هۆزی گۆران یا وەچەی خانەدانی حەسنەوییەن. ئاقاریان کەوتۆتە ڕۆژاوای ورمێوە. لقێک لەم تایفەیە لە سومایدا حوکمڕانیان دەکردو لقێکی تریان لە تەرگەوەڕو قەڵای داودا ســـەرگەرمی حوکمڕانی بـــوون. وەچەکانی ئەم تایفەیە ئێستا لە باشووری شەمدینان، لە کەنار ڕووباری برادۆستدا (لقێکە لە ڕووباری زێی گەورە کە ســـەرچاوەکەی لە کوێستانەکانی ڕۆژاوای شنۆوە هەڵدەقوڵێ) دەژین.

١٨- ستونی: دەبووایە لە نووسراو و سەرچاوە دەستنووسەکاندا ئاماژەگەلێک بۆ ئەو زانیاری و بابەتانە بکرایە کە دەربارەی هەوەڵین زنجیرەی شـــەمدینان کـــە مەڵبەندی حکومەتەکەیان لە ســـتوونی ناوچەی هەکاریدا بووە، بکرێ.

١٩- مێـــژووی زەرزا: (بڕوانە: زار- زاری شـــهابالدین العمری) لە پێشەکیی شـــەرەفنامەدا ناو هێنراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا

هیچ شتێکی دەربارە نەگوتراوە.

٢٠- تەرزا: لە نووسین و سەرچاوەو دەستنووسەکاندا چ شتێک دەربـــارەی ئەم تایفەیە نەنووســـراوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەمەڕ ئەم تیرەیە لەبەردەستدا نییە.

## ت - باشووری هەکاری:

٢١- ئامێدی: لـــە زەمانی عمادالدین زەنگیدا (١١٢٧) شـــاری ئامێـــدی لە پاڵ کەونـــە قەڵایەکدا بینا نرا. ســـەران و حوکمدارانی ئامێدی کە شـــەرەفنامە بە بەهدینیـــان ناویان دەبا، پێدەچێ دوای سەردەمی زەنگییەکان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبن. (سەدەی ١٣ -١٤) سەرانی ئامێدی بایەخی زۆریان بە کاروباری ئایینی داوەو لەم ڕووەوە ناوبانگیان هەبووە. شـــەرەفنامە هاوزەمان لەگەڵ سەردەمی تەیموریدا ناویان دەبا. پاشان (لە زەمانی شا ئیسماعیلی یەکەمدا) بەهدینیان ناوچەی زاخۆیان، کە دانیشـــتوانی بریتیبوون لە سندی و ســـلێمانیو بە میرنشـــینێکی ئەلاحەدە دەژمێردران، خستە سەر ئاقاری خۆو بەمجۆرە میرنشـــینی باهدینیان بەشـــێکی فراوانی لە ناوچە کوێستانییەکان باکووری موســـڵی گرتەوە. (کوێستانەکانی گاراو...).

٢٢- تاسنی (داسنی): شەرەفنامە، باسێکی ئەوتۆی ئەم تایفە یەزیدییـــە گرینگەی تێدا نییە، بەڵام لـــە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە میرانی ئامێدی ناوچەی دهۆکیان، کە بەشـــێک

بووه له ویلایەتی (سنجاق) تاسنی، گرتووه. سولّتان سەلیمی یەکەم له ســـالّی (١٥٣٤)دا ویلایەتی هەولێرو ویلایەتی سوهرانی (سۆرانی) داوه به حســـین بەگی داسنی. ئەم پیاوه که یەکێک بووه له سەرانی یەزیدییان، شەڕێکی خوێناوی بەسەر هۆزەکانی سۆراندا، سەپاندووه. ســـەرانی ســـۆران قەڵەمڕەوەکەی خۆیان وەرگرتەوەو حسین بەگ له ئەستەمۆڵ ئیعدام کرا.

٢٣- ســـۆران (ســـوورەکان): ئەم هۆزە، نەوەو نەتیرەی کلوسن کـــه له گەوره پیـــاوان و خانەدانانی عـــەرەب و خەڵکی بەغدا بووه، کلوس هەڵات بۆ گوندی هەودیانی ناوچەی ئاوان، کوڕەکەی خۆی کرد بـــه میری باڵەکانو (ڕۆژهەڵاتی ڕەوانـــدوز) قەڵای ئاوانی داگیر کرد. مەڵبەندی سەرانی سۆران، حەریر بوو که له کەنار یەکێک له لقەکانی زێی گەورەو له پایینی ڕەوانـــدوزەوە بینا نرابوو، ئەو بینا جوانانەی که میران لەوێندەر دروســـتیان کردبوو، حەریری بەشێوەیەکی جوان ڕازاندبۆوه. (بڕوانه: ریچ نارینۆ، بەرگی١، ل١٥٧) تایفەی ســـۆران تا نزیکەی (سالّی ١٥٩٦- ١٥٩٧)یش هەر به تایفەیەکی بەهێز دەژمێردرا، بەڵام پاشان له ئەنجامی پەلامارو دەستدرێژی دراوسێکانیان لێکەوتنو میرانی بابان سوودیان له لێکەوتنی بنەماڵەی سۆران وەرگرت.

٢٤ — بابـــان: ناوی بابان له ڕاســـتیدا به زنجیـــره بنەماڵەیەکی دەســـەڵاتدار دەگوترێ که گەورەترینیان له باشـــووری ڕووباری زێی بچووک نیشتەجێ بوونو مەڵبەندی ئەم تیرەیە شارباژێڕ بوو، بەڵام له سالّی (١٧٨٤)دا شاری سلێمانیان وەکو مەڵبەندێکی تازه دامەزراند.

٢٥ ــ موکــری: تایفەی مورکی لە بابان جیابۆتەوەو ئێســتا لە ناوچەکانی باشووری ورمێ نیشتەجێن.

٢٦- بانە: سەرانی ئەم تایفەیە ناوی (اختیارالدین)یان لەخۆ نا، چونکە بە خوایشتی خۆیان ئایینی ئیسلامیان قبووڵ کرد.

٢٧- ئەردەڵان: بڕوانە: گوتاری ئەردەڵان، شــارەزوور، ســنە، سیســار (ئەو گوتارانە، لە بەشەکانی تری دائرە المعارف اسلامیدا هاتووە).

٢٨- گەڵباغی: ســەرۆکی ئەم تایفەیە عەبــاس ئاغای ناو بوو کە لە تیرە تورکەکانی ئوســتاجلو بوو بێگە بەگی ئەردەڵان (١٤٩٤ - ١٥٣٥) لــە مەریوانــدا کانیاوێکی دایێ. پاشــان عەباس ئاغا لە پیلاوەردا نیشــتەجێ بوو کە پێشــان موڵکی کەڵوڕ بوو، پێڕەوانی ئەم عەباس ئاغایە، لە تیرەو تایفەی هەمەجۆر بوون. شا تەهماسپ ئیعترافــی بە دەســەڵاتدارێتی لە پیلاوەردا کرد. پاشــان دەوڵەتی عوســمانی ویلایەتێکی دا بە عەلی خانــی گەڵباغی کە ناوچەکانی کەرەند، شیخان، خوڕخوڕە، زەندو... هتد دەگرتەوە، لەهەمانکاتدا یار الله ئاغا، تیمارو ڕەنگەرەژانو سابانانی بەدەست هێنا.

٢٩- کەڵوڕ: ســەرانی کەڵوڕ دەڵێن کە نەوەی گودەرزی کوڕی گیوی قارەمانی داستانە ئێرانییەکانن. عەشیرەتی کەلوڕ، بە گۆران ناو دەبرێت، بەڵام لە هەندێک نوســخەی دەستنووسدا ناوی کەڵوڕو گــۆران وەکو دوو تیرەی جیاواز دەبرێت. کەڵوڕ ســێ بەش بوون:

پڵینگان، دار تەنگ و ماهی دەشت.

قەڵەمڕەوی دارناو دارتەنگ (ئێستا ریجاب-ی پێ دەگوترێ و لە ناوچەی زەهاودان) بە گوتەی شرفالدین هەمان حەلوان-ی کۆن بووە. لە نزیکەی ساڵی (١٥٩٦- ١٥٩٧) دەسەڵاتی قوباد بەگ لە دیناوەرو بیلاوەرەوە گەییە بەغدا. ماهی دەشتو بیلاوەر (باشووری بواری مرواری) موڵکی باب لە بابی بەشی سێیەمی کەڵوڕ بوو، بەشی ماهی دەشت دەوارنشین بوون. ئەم سوکە زانیارییانە، لە شرفالدین-ەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە. تایفەی گۆران ئێستا موڵکی باووباپیرانی خۆیان پاراستووە، بەڵام تایفەی کەڵوڕ لە ناوچەی باشووری شارێی بەغدا- کرماشاندا نیشتەجێن.

## ث - کوردەکانی ئێران:

لە شەرەفنامەدا بەشێکی تایبەت بە تیرە کوردەکانی ئێران بەرچاو ناکەوێت، چونکە نووسەر وەختێ کتێبەکەی نووسیوە، هێشتا سنوورێکی دیاریکراو لەنێوان ئێرانو تورکیادا دەستنیشان نەکرابوو.

سەرەکیترین تیرەی کورد لە ئێراندا سێ تیرەن: سیامەنسور، چیگنی و زەنگنە. سەرۆکی ئەم تیرانە سێ برا بوون کە لە لوڕستانەوە یا بە ڕیوایەتێکی دی لە گۆرانو ئەردەڵانەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە جگە لەم سێ تیرەیەو هەموو ئەو تیرە بچووکانەی دی کە شرفالدین ناوی بردوون لە قەفقازیشدا (٢٤) تایفەی قەرەباغ

هەبووە، کە بە (یرمی دورت قەرەباغ) مەنشور بوون، ئەمانە نزیکەی (٣) هەزار خێزان بوونەو لە ســـایەی یەک حوکمڕاندا بوون، هەروەها تایفەی گیل لە خوراسانداو هەندێک وردە تیرەی تر هەبوونە کە ناویان نەبراوە.

تایفەی سیامەنســـور: لە زەمانی شا تەهماســـبدا، سەرۆکی ئەم تایفەیە بوو بە میری میرانی هەموو کوردەکانی ئێران کە پتر لە (٢٤) تایفە بوون.

بەشێک لە تایفەی چیگنی بۆ غارچستان کۆچیان کرد.

تایفەی زەنگنە خۆیان بە خەڵکی عێراقو خوراسان دەزانن.

لە ساڵی (١٦٥٠ — ١٧٣٠)دا (کوردستانی گەورە) وەکو شرفالدین باســـی کردووە، لە چەندین میرنشینی سەربەخۆ پێک هاتبوو، کە لە ئەنجامی پیادەکردنی یاســـای تورکەکاندا لە ناوچەی دیاربەکرو ڤاندا ڕێ لە گەشەسەندنی ئەم میرنشینانە بەسترا. پەیمانی ساڵی (١٦٣٩) نـــەک هەر کۆتایی بە فراوانبوونی ئێـــران لەلای ڕۆژاواوە هێنا، بەڵکو تورکیا توانی لە ســـەردەمی ســـەفەویدا جگە لە قەفقاز، ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێرانیـــش ســـەرلەنوێ داگیر بکاتەوە. (بڕوانـــە: فن هامر، بەرگـــی٤، ل٢٣٥) بەمجۆرە هەموو کوردەکان لە ســـایەی حکومەتی عوسمانییەکاندا خڕبوونەوەو ئیدی چ ترسێکیان لە ئێرانییەکان نەماو تورکەکان لە ناوچەکەدا لە شێوەی یەک جەمسەردا سەقامگیر بوون.

لە ســـەرەتای حوکمڕانی سوڵتان مرادی چوارەمدا، میر (ئەحمەد پاشا) لە ساڵی (١٦٣٨)دا بە شارداری دیاربەکر دانراو لەشکری کردە سەر یەزیدییەکانی ژەنگارو پاشان لە ساڵی (١٦٥٥)دا لە ڤان دامەزراو توانی هەموو کوردەکانی ئەو ناوچەیە بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی.

له ســالّی (١٦٦٦)دا کوڕی یەکێک له شــێخانی کورد ئیدیعای مەهدیبوونــی کردو خۆی به مەهدی لەقەڵــەم دا، بەڵام حوکمڕانانی موسڵو ئامێدی دەسگیریان کردو مەسەلەکە لەلایەن سوڵتان محەممەدی چوارەمەوە بەشێوەیەکی ماقوڵ چارەسەر کراو سوڵتان ئەو پیاوەی له خزمەتی خۆدا ڕاگرت. (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٣، ل٥٨٩).

له زەمانی سوڵتان حسیندا، که پیاوێکی بێدەسەڵات بوو، له ساڵی (١٧١٩)دا کوردەکانــی عێراق هەمەدانیان گەمارۆ داو ناوچەکەیان تا نزیکی پایتەخت، تاڵان کرد. له ســاڵی (١٧٢٢)دا شا تەهماسپ-ی دووەم بۆ وەرگرتنەوەی ئەســفەهان له ئەفغانییــەکان، فەرمانێکی دەرکــرد که بەپێــی ئەو فەرمانه یەکێک له ســەرانی کورد به ناوی فاندون (ڕەنگه فەرەیدون بێ؟) ڕاسپێردرا تا ئەسفەهان ئازاد بکات، بــەڵام هەموو هەوڵو تەقەللایەکی لەوە تێنەپەڕی که هێرشــی کردە ســەر ناوچه ئەرمەننشینەکانو سەرەنجام ئەفغانییەکان فاندون-یان ناچار به پاشەکشــە کردو تەســلیمی تورکەکان بوو. (بڕوانە: جی. هــان، وی)، ڕاپۆرتێکی مێژوویی دەربــارەی بازرگانی بریتانیا-ارزن ١٧٣٥، بەرگی٣). بۆ بەختی ڕەشــی بنەماڵەی سەفەوییە، (عەباسی قولی خانی ئەردەڵان)یش دایه پاڵ حەسەن پاشا (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٤، ل٢١١) پاش ئەو، سەرانی جوانڕۆ، دارناوهاوسینو سەرەنجام سوپا سالار علی مەردان بەختیاری (ڕەنگه فەیلی بێ؟) به چاولێکەری ئەوانــی دی گوێڕایەڵیان بۆ تورکــەکان ڕاگەیاند. (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٤، ل٢٢٧).

## ئەفغانەکان:

دەســـەڵاتی ئەفغانەکان بەسەر ئەســـفەهاندا کەم خایەن، بەڵام خوێناوی بوو. لەم ماوەیەدا اشـــرف افغان لە شەڕی اندیجاندا کە لە ساڵی (١٧٢٦)دا ڕوویدا، تورکەکانی شکاند. لەم شەڕەدا (٢٠,٠٠٠) هەزار کورد بە فەرماندەیی بابک ســـلیمان ئوغلو، لەنێو قۆشـــەنی تورکەکاندا بوون. تورکەکان هۆی شکستی خۆیان لەم جەنگەدا بەوە دەزانی کە کوردەکان بەرگرییان لەخۆ نەکردبوو. چونکە ئەشـــرەف بەڵێنی زۆری بە کوردەکان دابوو، لە ڕاستیدا هەندێک لە کوردەکان لایەنگـــری ئەفغانەکانیـــان کردبوو، وێڕای ئەم ســـەرکەوتنانەش لە ساڵی پاشتردا (١٧٢٧) ئەشرەف بۆ ئەوەی حوکمو دەسەڵاتی خۆی بپارێزی ناچار بوو، هەموو ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێران بە کوردستانو لوڕستانەوە تەسلیم بە تورکەکان بکات.

## نادرشا:

لە ئاخرو ئۆخری دەسەڵاتی سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا بارودۆخ ڕووەو گـــۆڕان چوو. بەپێی پەیمانی ســـاڵی (١٧٣٢)، ئێرانییەکان ســـەرلەنوێ ناوچەکانی ڕۆژاوایان وەرگرتەوە. زۆری نەبرد، نادرشا پەلامـــاری خاکی عوســـمانییەکانی داو تـــا دەروازەکانـــی بەغداد پێشڕەوی کرد. تورکەکان هەوڵیان دا بە پشتیوانی سوپایانی کورد ڕێ لە فتوحاتی نادر بگرن، بەڵام بێهودە بوو. تا ئەوەبوو لە ساڵی (١٧٣٣)دا (تۆپال عوسمان پاشا) هاتە مەیدانو هێزەکانی خۆی بە

جەنگاوەرانی کورد، کە لە موسـڵەوە کۆی کردبوونەوە، بەهێز کردو بەگژ نادردا چوو و نادر لەو شـەڕەدا شکا. نادر لە ساڵی (١٧٣٤) چەند عەمەلیاتێکی سەرکەوتووانەی لە قەفقازدا ئەنجام داو تەفلیسی گرت. تەفلیس (٦) هەزار جەنگاوەری کوردی لێبوو. بەپێی پەیمانی ئاشـتیی ساڵی (١٧٣٦)، سـنوورەکان وەکو جارانیان، واتە وەکو سـاڵی (١٦٣٩)ی لێهاتەوە. نادر لە سـاڵی (١٧٣٤)دا سەرلەنوێ پەلاماری خاکی تورکیای دایەوە، بەڵام سەرەڕای کۆمەکی کوردەکانو عەرەبەکان بۆ سنە پاشەکشەی پێ کراو سەرەنجام لەوێندەردا شکا. (بڕوانە: فن هامر، بەرگی٤، ل٣١٧، ٣٩٨- ٣٩٩).

نادر لەنێو کوردەکاندا خۆشەویست نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرێکی حەماسی بە شێوەزاری گۆرانی لەسەر شەڕەکانی نێوان ئەو و تۆپال عوسمان پاشادا هۆنراوەتەوە. نادر لەنێو تایفەی ئەردەڵاندا، سوبحان وێـردی خانی لە حوکمڕانی خسـتو براکەی لەجێی ئەو دامەزراند، ئەمە بووە مایەی هەسـتانو ڕاپەڕینی خەڵکی. لە ساڵی (١٧٢٧) دا لە کاتی هەراو هەنگامەی تورکمانەکاندا، کوردەکانی خۆراسـان (چەشـمەگزک و ماراچورلو) نەچوونە هیمدادی نادرو ئەویش وەکو تۆڵەکردنەوەو تەمێکردن ڕایگوێزان بۆ مەشهەد. لە ساڵی (١٧٤٧) دا، لەو کاتەدا کە نادر دەچوو بۆ مەشهەد تا کوردە ڕاپەڕیووەکانی خۆراسان تەمێ بکات، کوژرا. (بڕوانە: جونس، مێژووی نادر، لندن ١٧٧٠، ل١١٨- ١٢٠). کوردەکانـی دومبلـیو هـی دی لەو هەراو هەنگامانەی کە پاش مەرگی نادر ڕوویاندا، بەشـدارییان کرد، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی لەم بارەیەوە هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند.

## زەندییەکان:

پاش مردنی نادر شـــا، کەریم خانی زەند کە یەکێکە لە باشترین پاشـــایانی مێژووی ئێران، حوکمی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتی گرتە دەســـت. زەند تایفەیەکی کوردە، لەنێوان هەمـــەدانو مەلایردا، لە ناوچەیەکـــدا کە جاران ئیغار-یان پـــێ گوتووە، دەژیان. ئەمانە لە زەمانی نادر شـــادا بۆ خۆراسان ڕاگوێزراون، بەڵام پاش مردنی نادر هەمدیس گەڕانەوە بۆ وەتەنو زێدی خۆیان. (بڕوانە: مێژووی زەندییە، بڵاوەخانەی بی یر، ل١١و ٢٨). زەندییەکان، چونکە تیرەیەکی لاواز بوون، نەیانتوانی زنجیرەی خانەدانەکەی خۆیان بپارێزنو بە مردنی لوتف عەلی خان (١٧٩٤) ئیدی ئەم هۆزە بەتەواوی لێکەوت و ناوی لەنێو ناواند نەما. کەریم خانیش وەکو پاشایانی بەر لە خۆی چەند تایفەیەکی کوردی لە کوردســـتانەوە بۆ شیراز هێنا. لەوانە ئەحمەد وەنـــدو کوردنی کە لە هەندێک بەشـــی ناوچەی شـــیرازدا دەژیان. (بڕوانە: و. مان، شـــێوەزاری جیـــاوازی تاجیک لە ناوچەی فارس، بەرلین ١٩٠٩، ل٣٩).

وەختێک (ئاقا محەممەد خانی قاجار) لە ساڵی (١٧٩٧)دا مرد، (صادق خانی شـــقاقی) دەستی بەسەر جەواهێراتی پاشایەتیدا گرتو تا ماوەیەکیش بەتەمای داگیرکردنی دەســـەڵاتی پاشایەتی بوو. لە ســـاڵی (١٨٠٥)دا ئێران، لەسەر عبدالرحمن پاشای میری سلێمانی هەڵیدایێ. لە ساڵی (١٨٢١)دا بەهۆی ئەو هەراو هەنگامەو ئاژاوەیەوە کە کوردەکانی تیرەی حەیدەرانلوو سپیکان نابویانەوە، ئێرانییەکان پەلاماری خاکی تورکیان داو تا بەدلیسو موش پێشـــڕەوییان کرد.

لەهەمانکاتـــدا لە جادەی کرماشـــانەوە تا شـــارەبانی نزیکی بەغدا پێشـــڕەوییان کرد. پەیمانی ئاشتیی ساڵی (١٨٢٣) کە لە ئەرزڕۆم مۆر کرا، سنوورەکانی گەڕاندەوە سەر هەمان ئاقاری ساڵی (١٦٣٩)، بـــەڵام ئێرانییـــەکان چۆڵکردنی ناوچـــەی زەهاوی کوردنشـــینیان پشـــتگوێ خست و چارەنووسی ســـلێمانیش بە نامەعلومی مایەوە. لە ســـاڵی (١٨٤٢)دا خەریکبوو جەنگێکی دی ڕووبدا کە بریتانیای گەورەو ڕووســـیا کەوتنە بەینەوەو لە ساڵی (١٨٤٧)داو لە ئەرزڕۆم پەیمانێکـــی نوێ مۆر کرا، کە بەپێی ئـــەو پەیمانە دەبووایە زەهاو بکرێ بە دوو بەشەوەو ئێران واز لە سلێمانی بێنێ بۆ تورکەکان. لە ســـاڵی (١٨٤٨ – ١٨٥٢)دا وەفدێک لە نوێنەرانی چوار دەوڵەت لە بارودۆخی سنوورەکان کۆڵییەوە، بەڵام هەڵوێستی دەروێش پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوســـمانی بووە کۆســـپ لەبەردەم نوێنەراندا کە بەئەنجام بگەن. دەروێش پاشـــا نەک هەر بـــووە مایەی ئەوەی کە ناوچەی قتور بگیرێ، بەڵکو بەپێی کۆمەڵێک نووســـراوی نهێنی کە لە ســـاڵانی (١٨٦٩و ١٩٠٣) لە ئەستەمۆڵ بڵاوبۆوە، هەندێک پرۆژە خراوەتە ڕوو کە بەپێی ئەو پرۆژەو پێشـــنیارانە سەرلەبەری ناوچە کوردنشـــینەکانی باشـــوورو ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ بە بەشێک لە خاکی تورکیا حسێب کراوە.

## توركیا له سه‌ده‌ی نۆزده‌دا :

له ســالّی (١٨٢٦)دا، ده‌ســتوور به ڕه‌شــید محه‌ممه‌د پاشای حاكمی ســیواس درا كــه ڕاپه‌ڕینی كورده‌كان ســه‌ركوت بكات و حاكمانــی تورك له‌باتی كورد له ناوچه كوردنشــینه‌كان دابنێ. له ده‌وروبه‌ری ســالّی (١٨٣٠)دا ڕاپه‌ڕینێكی گه‌وره له چه‌ند ناوچه‌ی كوردســتاندا به‌رپا بوو، كه ڕێبه‌ره‌كانیــان بریتیبوون له: به‌درخان و ســه‌عید به‌گ، ئیســماعیل به‌گ و محه‌ممه‌د پاشای ڕه‌واندوز. له نزیكه‌ی ســالّی (١٨٣٠)دا ڕه‌شید محه‌ممه‌د پاشا ئیعلانی استقلالی كردو كه‌وته په‌لاماردانی تیره‌كانی خۆشــناو، و له ســالّی (١٨٣١) دا هه‌ولێــر، پردێ، كۆیه‌و ڕانیه‌ی داگیر كردو له ســالّی پاشــتردا قه‌لّه‌مڕه‌وی ده‌سه‌لاّتی خۆی گه‌یانده موسلّ و له (القروش)دا (١٧٢) مه‌ســیحی كوژران. پاشان ئاكرێ و زێبارو ئامێدی گیران. له سالّی (١٨٣٣)دا ســوپایانی ڕه‌واندوز بۆ دووباره گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ده‌سه‌لاّتی به‌درخــان، تا زاخۆو جزیره پێشــڕه‌ویان كــرد. یه‌زیدییه‌كانیش له چه‌ندین شــه‌ڕدا به‌توندی سه‌ركوت كران، و سه‌رۆكه‌كه‌یان كه ناوی عه‌لی بوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئایینی ئیســلامی قبــوولّ نه‌ده‌كرد، ئیعدام كراو هه‌موو یه‌زیدییه‌كان له ته‌په‌ی قوینجیقدا قه‌تلّ و عام كران. له سالّی (١٨٣٥)دا سوپایانی عوسمانی له به‌غداو موسلّ و سیواسه‌وه هێرشیان كرده ســه‌ر محه‌ممه‌د ڕه‌شید پاشاو له سالّی (١٨٣٦)دا میری ڕه‌واندوز، به فێلّ و ده‌هۆ ده‌ستگیر كرا. ڕاپه‌ڕینی یه‌ك له‌دوای یه‌ك و هه‌روه‌ها ســه‌ركوتكردن و دامركاندنه‌وه‌ی ئه‌م ڕاپه‌ڕینانه بۆ چه‌ند سالّێكی یه‌ك له دوای یه‌ك درێژه‌ی كێشا.

شکستی عوسمانییەکان، لە بەرانبەر سوپای میسردا کە لە ساڵی (١٨٣٩)دا لـــە (نزیب) ڕوویدا، بـــووە مایەی هەراو هەنگامەی تازە لە کوردســـتاندا. لە ســـاڵی (١٨٤٣)دا (نوراللە بەگی هەکاری) و (بەدرخانـــی جزیری) ڕاپەڕینیان بەرپا کرد. نەســـتوریانی ناوچەی هەکاری کە دەستدرێژی و گوشاری نوراللە بەگ هەراسانی کردبوون، داوای کۆمەکیان لە فەرمانڕەوای موسڵ کردو لە موسڵ شکاتیان لێ کرد، کەچی نوراللە بەگ ناوچەی نەســـتوری نشینی بەرواری وێران کرد. کوشـــت و کوشـــتار بۆ ماوەی چەندین ســـاڵ درێژەی کێشا. دەڵێـــن ژمارەی کـــوژراوان گەییە دە هەزار کەس. ئەم مەســـەلەیە لـــە ئەســـتەمۆڵدا خرایە بەر باس و گفتوگۆ، تا ئەوەبوو لە ســـاڵی (١٨٤٧)دا لەشکرێکی گەورە بە سەرکردایەتیی عوسمان پاشا کرایە ســـەر کوردەکان و پاش چەندین جەنگی یەک لەدوای یەک لەنێوان هەردوولادا، بەدرخان و نوراللە بەگ شـــکان و تەســـلیم بوون و لە کوردستان نەفی کران.

## شەڕەکانی نێوان ڕووسیاو عوسمانیان:

لە ساڵی (١٨٠٤-١٨٠٥)دا، ڕووسەکان پێوەندییان لەگەڵ کوردا بەست و ئەم پێوەندییە زۆر زوو لە ناوچەکەدا ڕەنگی خۆی دایەوە. جەنگەکانی نێوان ڕووسیاو تورکیا (هەڵبەتە مەبەست عوسمانیانە- وەرگێڕ) لە ســـاڵانی (١٨٢٨-١٨٢٩ و ١٨٥٣- ١٨٥٨و ١٨٧٧ — ١٨٧٨) کاریگەرییەکی نائاساییان لە کوردستاندا هەبوو. (ئوریانوف، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەســـەر ئەم بابەتە نووسیوە). ڕووسەکان

له سەرەتاکانی ساڵی (١٨٢٩)دا تیپێکی تایبەتیان لە جەنگاوەرانی کورد پێک هێنا. مەسـیحییەکان بەهۆی شەڕو شۆڕی یەک لەدوای یەکەوە ناوچەکەیان جێهێشتبوو. پاش کۆتایی شەڕەکان، کوردەکان ڕوویـان کردە ئـەم ناوچانەو جێگای ئەوانیان گـرت و لە باکوورو ڕۆژاوای ناوچەکەدا نیشتەجێ بوون. ڕووسەکان، لە کاتی شەڕەکانی قرمـدا دوو تیپیان لـە جەنگاوەرانی کورد پێـک هێنا. لە لایەکی دییەوە کاتێک کە قۆشەنی عوسمانی بەرەو باکوور چوو، لە ناوچەی بۆتاندا شۆڕشـێکی باش بە ڕێبەرایەتیی یەزدان شـێر هەڵگیرسا. یەزدان شـێر برازاو لەهەمانکاتدا ڕەقیبـی بەدرخان بوو، ڕێبەرێکی خۆشەویستیی ناو خەڵکی بوو.

جەنگی ساڵی (١٨٧٧ — ١٨٧٨) یەکسەر بووە مایەی هەستانی کوردەکانی هەکاری، بادینان و بۆتان، ئەمجارەیان کوڕانی بەدرخان ڕابەرایەتیی ئەم ڕاپەڕینەیان دەکرد، پاش ئەوان شـێخ (عبیداللەی نەقشبەندی) ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەی لەئەستۆ گرت. کوردەکان لە ساڵی (١٨٨٠)دا ناوچەکانی: ورمێ، سـابڵاخ، میاندواو مەراغەیان دایـە بەر پەلامـارو کەوتنە هەڕەشـە لە تەورێزیش. ڕووسـەکان جەماعەتێکیان لە سـوپایانی خۆیان بۆ ناوچەکە نارد تا پارێزگاری سنووری ئاراس بکەن. ئێرانییەکانیش قۆشەنێکی زۆریان کۆکردەوەو سوپای سوارەی ماکۆیان ئامادە کرد، تورکەکان، کە تازە لە شەڕی ڕووسـیا ببوونەوە هەوڵیان دا خۆ لە شـەڕو ئاژاوە بەدوور بگرن. سەرەنجام شـێخ عبیداللە بۆ شـەمدینان گەڕایەوەو لەوێشەوە بۆ ئەسـتەمۆڵ نێردرا، بەڵام زۆری پـێ نەچوو کە توانی لە پایتەختی عوسـمانیانەوە هەڵێ و لەڕێی قەفقازەوە بۆ شەمدینان بگەڕێتەوە،

بەڵام هەمدیس دەســـتگیر کرا. شێخ لە ساڵی (١٨٨٣)دا لە مەککە کۆچی دوایی کرد.

## سوپای حەمیدیە:

لە ســـاڵی (١٨٧٨) بەدواوە، دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوســـمانی ڕوو لـــە کـــزی بوو، و بەنـــدی (٦١)ی پەیمانی بەرلیـــن چاودێری ئەرمەنییەکانی زامن دەکردو لە پەلاماری هۆزە قەفقازییەکانی وەک چەرکەس و کورد دەیپاراســـتن. دەوڵەتی عوسمانی کاردانەوەیەکی سەرســـەختانەی بەرانبەر بەو کارە نیشان داو لە ساڵی (١٨٨٥)دا کەوتە بەربەرەکانی بزووتنەوەی ڕوو لە گەشـــەکردنی ئەرمەنییەکان کە لقی لە ڕووســـیاو سویســـراو لەندەنیش هەبوو. ئـــەم هەنگاوانە کارێکی وایان کرد کە بەینی کوردو ئەرمەنی تێک بچێت، هەرچەندە تا بەر لەو زەمانە دۆســـتایەتییەکی یەکجار خۆشیان لە بەینا بوو، بـــە ڕادەیـــەک ئەرمەنییەکان لە پەنای دەســـەڵاتداران و ســـەرانی ناوچەیی کوردەکاندا بوون. لە دەوروبەری ســـاڵی (١٨٩١)دا شاکر پاشـــا کە پاشان لە ئەنادۆڵ کرا بە لێپرسراوی ئەنجامدانی هەندێک ڕیفۆرم، کەوتە بیری ئەوەی هێزێک بەشـــێوەی قۆزاقانی ڕووســـیا، لە جەنگاوەرانی کورد پێک بێنێ. مەبەســـتی لـــەم کارە ئەوە بوو کـــە کوردەکان تەعلیم دابا تا زیاترو چاکتر بکەونە ژێر دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیو لە خزمەتی ئەو دەوڵەتەدا بن. ئەم هەوڵەی شاکر پاشا مەبەستی نەپێکا، پاشان سوپای حەمیدییە شێوەی لەشکری ســـوارەی وەرگرت. بەهەرحاڵ دامەزراندنی ســـوپای حەمیدیە بووە

مایەی ئینکەبەرایەتیو پلەخوازی لەنێو سەرانی کورداو ئەنجامەکەی کوشت و کوشتار بوو لەنێو تیرە کوردەکاندا.

## پێوەندیی ئەرمەنییەکان و کورد:

پێوەندیی دۆستانەی نێوان ئەرمەنیو کورد بەرەو شێوان دەچوو. (ئاشـــوریانی ئەوروپا لە یاداشتەکانی خۆیاندا کوردو ئەرمەنیان ناو نـــاوە برایانی ئاوو خاک). یادی پێکدادانـــە خوێناوییەکەی هاوینی ساڵی (١٨٩٤) لە ساسوندا، کە بووە مایەی وێرانبوونی (٥) گوندو هەموو ناوچە ئەرمەنینشـــینەکانی تالوری (دالوریخ) بۆ هەمیشە لە دڵدا مایەوە. ڕووداوەکانی ساســـون بوو بە ســـەرەتایەک بۆ زنجیرە بزووتنەوەیەکـــی ئەرمەنیان کە بە ســـەرکوتکردنی خوێناوی خۆیان کۆتایی هات و کوردەکانیش بەشـــدارییان تێدا کردو دەستیان تێدا هەبوو. لە ســـاڵی (١٨٩٥)دا لەناو کوردەکانی هەکاریدا ڕاپەڕینێک بەرپـــا بوو، کە هەڵبەتە دژی مەســـیحییەکان نەبـــوو، زوو بە زوو دامرکێنرایەوە. لە ســـەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا دەستپێکردنی جەنگی جیهانی پێوەندیی نێوان کوردو ئەرمەنی تاڕادەیەک دۆستانەو خۆش بوو.

## سەدەی بیستەم:

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پیاوێک لە ئاسۆی سیاسیی کوردستاندا بەدیار کەوت کە ڕاپەڕینەکەی بەپێچەوانەی جارانەوە، لە دەرێی مەرکەزی ئاسایی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان بوو. ئەم پیاوە ناوی (برایم پاشای کوڕی مەحمود کوڕی تیماوی کوڕی ئەیوب) بوو. سەرۆکی هۆزی ملی (میلان)ی ناوچەی شار وێران (نێوان دیاربەکرو ئالپو) بوو. برایم پاشا جۆرە سەربەخۆییەکی بۆ خۆی دروست کردبوو. کاتێ کە دەستووری ساڵی (١٩٠٨) دەرچوو، ئەو بەئاشکرا ڕەفزی کردو بەرانبەری وێستا. پاشان پەنای بردە کۆسارەکانی عبدالعزیزو لەوێندەر هاتە کوشتن. (بڕوانە: م. وایدمن، دەورانی دەسەڵات و ئاقیبەتی کاری ابرایم پاشا لە ئاسیادا، ١٩٠٩) کاتێ مەسەلەی دیاریکردنی سنوور سەرلەنوێ لەنێوان هەردوو وڵاتی ئێرانو تورکیا هاتەوە ئارا، نائارامیو هەراو هەنگامەیەکی بەرچاو لەنێو کوردەکاندا بەرپا بوو. تورکەکان کە سەیریان کرد. ڕووسەکان سەرقاڵی جەنگی ڕۆژهەڵاتی دوورن (جەنگی ڕووسو ژاپۆن)، لە ساڵی (١٩٠٥)دا ناوچە کوردنشینییەکانی وەک ورمێو سابڵاخیان داگیر کرد. سابڵاخ کەوتبووە دووڕیانێکی سیاسیی یەکجار ئاڵۆزەوە، لە سەرەتای جەنگەکانی بەلقاندا (ئۆکتوبەری ١٩١٢) تورکەکان کۆتاییان بە داگیرکردنی ئەم ناوچەیە هێناو مەیدانیان بۆ ڕووسەکان چۆڵ کرد. ئەوانیش هێزێکیان بۆ خوی و ورمێ نارد. لە (١٧/ نۆڤەمبەری/١٩١٣)دا، واتە ڕێک بەر لە دەستپێکردنی یەکەم جەنگی جیهان، لە ئەستەمۆڵدا پێشنووسی پەیمانێکی دیاریکردنی سنوور

هاته مۆرکردنو هەر چوار دەســـەڵاتەکە (تورکیا، ئێران، بریتانیا، ڕووســـیا) توانیان ســـنووری ئەو ناوچانەی ناخۆشییان لەسەر بوو، بەتەواوی و بەیەکجارەکی، بەهەمان شـــێوەی ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدە دیاری بکەن.

## جەنگی (١٩١٤ — ١٩١٨):

لە ســـاڵانی (١٩١٤ — ١٩١٨)دا، کـــوردەکان کەوتبوونە نێوان دوو ئاگرەو پاش ســـاڵانی (١٩١٧ — ١٩١٨) بارودۆخی کوردستان بەشـــێوەیەکی بنەڕەتی هاتە گـــۆڕان. ئەنجوومەنی کورد لە هەموو شـــوێنێک دامەزرا (بڕوانە: درایڤەر، هەواڵەکانی کوردستان، ماونت کارمل، فەلەستین (١٩١٩)، ئەم بڵاوکراوەیە لە مۆزەخانەی بریتانیادا هەیە). لە کۆنگرەی ئاشـــتیی پاریســـدا، شـــەریف پاشا، نوێنەری کوردەکان بوو، شـــەریف پاشا لە (١٩١٩/٣/٢٣)و لە (١٩٢٠/٣/١) دوو یاداشـــتنامەی لەســـەر داوای کوردەکان، لەگەڵ نەخشـــەیەکی تەواوی کوردســـتاندا پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد. لە (٢٠ ی دیســـەمبەری١٩١٩)دا ڕێکەوتنێک لەنێوان شەریف پاشاو نوێنەرانی ئەرمەندا چێ بوو کە پێکەوە داوای خۆیان لە کۆنگرەی ئاشتیدا بخەنە ڕوو. (دەقی ڕێکەوتننامەکە لە ڕۆژنامەی پەیامی بەیانی ئەستەمۆڵ (٢٢ ی فوریەی١٩٢٠ و لە لوتمبس-ی پاریس ٩٢٠/٣/١٠ بڵاوبۆتەوە) بەپێی ماددەی (٨٨و ٩٣)ی پەیمانی سیڤەر، ئەرمەنستان لە چوار ناوچـــەی تەرابزون، ئەرزڕۆم، ڤانو بەدلیس پێک هات و ماددەکانی (٦٢ — ٦٤)ی هەمان پەیمان جۆرە ســـەربەخۆییەکی ناوچەیی، بۆ

ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشـــتووانیان کــوردن، دابین دەکات.
ئەو ناوچانـــە بریتی بوون لە: ناوچەکانی ســـەنتی چەپی ڕووباری فورات تا باشـــووری سنوورەکانی ئەرمەنستانو لەولاشەوە دەگەییە ناوچەکانی باکووری ســـنووری تورکیاو ســـوریاو دۆڵی دووڕووبار، ئەگەر دانیشـــتووانی ئەو ناوچانە بە کۆمەڵەی نەتەوەکانیان نیشان دا کـــە زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانـــە حەزدەکەنو دەیانەوێ کە لە تورکیا جیاببنەوە و پاشان بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان ســـەلماند کە توانای خۆبەڕێوەبردنو سەربەخۆییان هەیە، ئەوا لەم حاڵەتەدا هێزی هاوپەیمانان بەرهەڵســـتی یەکبوونی خەڵکی لەگەڵ ویلایەتی ســـەربەخۆی کوردەکانی موســـڵ ناکـــەن. تورکیاش بەم پێشنیازو پرۆژانە قایل بوو، بەڵام لە ئەنجامدا مەسەلەی کوردستان، بە چارەسەرکردنو دیاریکردنی چارەنووسی تەنیا موسڵ شکایەوە.
پاشـــان نوێنەرانی تورک لە کۆنگـــرەی لۆزاندا گوتیان کورد لە هیچ ڕوویەکـــەوە لە تـــورک جیا نیـــن، گەرچی کورد بـــە زمانێکی دی دەدوێـــن، بەڵام ئەم دوو تیرەیە لەڕووی نەژادو ئایینو خوو خدە، و دابونەریتەوە یەکن. (بڕوانە: گوتارەکانی عصمت پاشا لە کۆنگرەی لۆزان، کۆبوونەوەی ٢٣/ژانویە/١٩٢٣). بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵـــەی نەتەوەکان لە (١٦ ی دیســـەمبەری ١٩٢٥)دا ویلایەتی موســـڵ خرایە سەر عێراقو ئەم بڕیارە سەبارەت بە پاراستنی مافی کوردان، ماددەیەکی گرتەخۆ کە دەقەکەی بەمجۆرە بوو: (خەڵکانی کورد لە پۆستی فەرماندارو حاکمو مامۆستای قوتابخانە، دابمەزرێنو زمانی کوردی ببێ بە زمانی ڕەسمی هەموو دایەرەکان).
لـــە کاتـــی گفتوگۆی دوورودرێژ لەســـەر مەســـەلەی موســـڵ،

**ناوچەکانـــی خارپوت و دیاربەکر لە ئەنجامی ڕاپەڕینەکەی (شـــێخ سەعیدی نەقشـــبەندی)دا، کێشـــەی گەورەی بەخۆوە دی لە (١٦ ی اوریل١٩٢٥) شـــێخ سەعید دەســـتگیر کراو لە دیاربەکرا ئیعدام کرا[٢*] پاش حەلو فەســـڵی مەسەلەی مەســـڵ، حکومەتی تورک لە ئەنکەرەدا سیاســـەتێکیان پیادە کرد کە ئەو سیاسەتە شوێنەواری سیستەمی فیودالیو تیرەگەری لە کوردستاندا سڕییەوەو دەسەڵاتی هۆزو تیرەکانی لەبەین برد.**

---

٢ * کاتێ هەتاوی ڕۆژی (٢٨ ی ژانویەی١٩٢٥) هەڵاتو دنیای ڕووناک کردەوە، ڕیزێک سێدارە بەدیار کەوتن کە لاشەی (٤٥) کەس لە سەرانی کوردیان پێوە هەڵواسرابوو، پاشان سەرۆکی گەورەیان شێخ سەعید بە ڕووی گەش، لێوی بە خەندەوە بەرەو سێدارەکە چوو. سەربازەکان کیسەیەکی گەورەی پڕ لە لیرەی ئینگلیزییان لەژێر پێیدا داناو ئەویش بە ورەیەکی سەیرەوە پێی خستەسەر کیسە لیرەکەو سەرکەوت و لەوێوە نیگایەکی سەرۆکی مەحکەمەی کردو گوتی: «من چ دوژمنایەتییەکم لەگەڵ تۆدا نییە، بەڵام ڕۆژژمێری ڕۆژگار حیسابی هەموومان یەک لایی دەکاتەوە. ئەوجا ڕووی کردە ئەو فەرماندە تورکەی کە لەوێ بوو، و گوتی: «جەنابی جەنەڕاڵ وەرە پێشێ و کڕنووش بۆ دوژمنی گەورەی خۆت بەرە». کابرای ئەفسەر پرسی: «دوژمنی منو دوژمنی گەورەی تورکیا کێیە؟» شێخ بزەیەکی کردو گوتی: «ئینگلیز».
ئەمە دوا وشە بوو کە لە زاری شێخ هاتە دەرێ. ئەوجا جەلادەکە کیسە لیرەکەی لەژێر پێی ڕاکێشاو شێخ بە مۆلەقی مایەوە. (بڕوانە: کتێبی کەمال ئەتاتورک، دانانی محەممەد محەممەد تۆفیق، گۆڕینی ئیسماعیل فردوسی فراهانی، ١٩٣٨، ل١٥٨).
خوێنەرانی بەڕێز هەست بە جیاوازیی مێژووی دەقەکەو پەراوێزەکە دەکەن. پاش حەل و فەسڵ، حکومەتی تورک لە ئەنکەرەدا سیاسەتێکیان پیادە کرد کە ئەو سیاسەتە شوێنەواری سیستەمی فیودالی و تیرەگەری لە کوردستاندا سڕییەوەو دەسەڵاتی هۆز و تیرەکانی لەبەین برد.

## ج - لە ساڵی (١٩٢٠)وە تا ئەمڕۆ:

یەکەم جەنگی جیهان (٩١٤ — ١٩١٨) گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کرد. وڵاتانی عەرەبی (سـوریا، لوبنان، فەلەسـتین، ئەردەنو عێراق) لە ئیمپراتۆریەتی عوسـمانی جیابوونەوە. لە سـاڵی (١٩٢٢)دا ڕژێمی پاشایەتی لە تورکیا هەڵوەشـێنرایەوەو لە (٢٣ ی ئۆکتۆبەر)دا دەوڵەتی کۆماری ڕاگەیەنرا. لە (١٩٢٤/٣/٣)دا ڕێوڕەسـمی خەلیفایەتی لەم وڵاتەدا بەیەکجارەکی لابرا، و سـەرەنجام ئەنجوومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لـە (٢٦ ی دیسـەمبەری١٩٢٥)دا ویلایەتی موسـڵی دایە عێراق. لە ئێرانا ڕەزاخانی سوپاسـالار، بنەماڵـەی قاجارەکانی لەناو بردو لـە (٢٣ ی ئۆکتۆبـەری ١٩٢٥) خانەدانـی پەهلـەوی دامەزراند. ئـەم گۆڕانکاریانەو گۆڕینی سـنوورەکان، وەزعو حاڵی کوردەکانی لە جـاران ئاڵۆزتر کرد. بـەر لە جەنگ لەژێر دەسـەڵاتی هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسـمانی و ئێرانیدا دەژیان، بـەڵام لەمە بەدواوە خاکـی پارچەپارچە کراویان کەوتە بن دەسـتی پێنج وڵاتی وەک: تورکیا، ئێران، عێراق، سوریاو ڕووسیا. پێویستە ئەوە بزانرێ کە لە سوریادا کەمەنەتەوەیەکی گرنگی کورد هەیە. لە قەفقازیشدا، یا بە وتەیەکی دی لە ئەرمەنسـتانو گورجستانو ئازربایجانی سۆڤیەتیدا چەندین گروپی کورد دەژین. لەمە بەدواوە چارەنووسـی کوردەکان بەپێی سیاسـەتی ئەو دەوڵەتەی کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، دیاری دەکراو، وەزعو حاڵیان لەو وڵاتە جیاوازانەدا تەواو گۆڕا.

لە تورکیادا پاش یەکـەم جەنگی جیهانو لە گەرمەی گفتوگۆی

دوورودرێژ لەمەڕ دیاریکردنی وەزعی موســـڵ، هەندێک لە ڕێبەرانی کورد بۆیان بەدیار کەوت کە ئومێدی ســـەربەخۆیی کوردســـتانیان لەدەســـت چووەو پەیمانی سیڤەر (١٠/اوت/١٩٢٠) لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا کە دەوڵەتـــی تورکیا لە پەیمانی لۆزاندا (١٩٢٣)دای، لە باربرا، بۆیە کوردەکان جارێکی دی دەســـتیان بە شۆڕش کردەوە. شێخ ســـەعیدی پیران لە ناوچەکانی: ئورفە، سیورک و دیاربەکردا شۆڕشێکی هەڵگیرساند کە بە قسەی جین تزان، هۆکەی تەعەسوبی ئایینـــیو بەرگری لە سیســـتەمی خەلیفایەتی بوو، بـــەڵام بە ڕای مصطفی ئەتاتورک، شۆڕشـــەکەی شێخ ســـەعید ئەنجامی هاندانی ئینگلیزەکان بوو، شـــێخ سەرەنجام دەســـتگیر کراو لە (١٩٢٥)دا درایە دادگای استقلالو حوکمی ئیعدامی بەسەردا دراو لەگەڵ (٥٣) شۆڕشگێڕی دی دا لە دیاربەکر لەســـێدارە دران. ڕۆژنامەی تورکی (وقت) هەموو ڕووداوی مەحکەمەی لە (٤/٢٠وە تا ٦/١٨)ی ساڵی (١٩٢٥) تۆمار کردووەو جەخت دەکات کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بووە. لە ئەنجامی شکستی ئەم شۆڕشەدا، هەندێـــک لەو ڕێبەرانەی کە توانیبوویـــان دەرباز بن، پەنایان وەبەر هەندەران برد.

لـــە (١٩٢٧/١٠/٣)دا، یەکێتیـــی نەتەوەیـــی کـــورد، خۆیبون (الاســـتقلال) لە ئەنجامـــی تێکەڵبوونی هەمـــوو کۆمیتەو یەکێتیو ڕێکخراوە کۆنەکانەوە دامەزرا. احســـان نوری پاشـــای بەدلیسی بە فەرماندەی گشـــتی دامەزراو، دەزگایەکی گشـــتی پێشـــمەرگایەتی دامـــەزرا. لە مانگی (١٩٢٨/٩)دا، لە شـــێخ کوپرودا، گفتوگۆیەک لەنێوان کوردەکانو نوێنەرانی تورکدا ڕوویداو لێبوردنی گشـــتی بۆ

ئەو کەســـانە دەرکرا کە بە سازشو تەســـلیمبوون قایل ببن. دیارە ئـــەو ژمارە کەمەی کە خەڵەتانو تەســـلیم بوون، قەتڵو عام کران. پاش ئەوە شۆڕشـــی ئاگری داغ (ئارارات) کە لەباری ســـوپاییەوە ڕێکوپێک بوو لە ساڵی (٩٣٠ — ٩٣٢)داو لە وەرزی بەهاردا دەستی پێ کرد. سوپایانی کورد لە ناوچەی دیاربەکردا، هێزیان پەیدا کردو عەشـــایەری ناوچەکە پێوەندییان پێوە کردنو لە چەند شـــەڕێکدا ســـەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا، بەڵام ســـەرەنجام خۆیان لەبەردەم ســـوپای (٤٥,٠٠٠) هەزار کەسی تورکی خاوەن تۆپخانەو فرۆکەی هاوچەرخ، ڕانەگرتو هەرەسیان هێنا.

دووەمین کۆبوونەوەی نێـــو نەتەوەیی لە زوریخدا بەیاننامەیەکی بە قازانجی خەڵکی کورد بڵاو کردەوە. هەڵوێســـتی ڕووسەکان لەو زەمانەداو دەرهەق بە کورد، لەلایەن (ئاگابیگۆف و م. ا. کوندکاریان) ەوە بە دوو شێوەی جیاواز دەربڕاوە. ئاگابیگوف لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە لە ساڵی (١٩٣٠) لە فەرەنسا بڵاوبۆتەوە، باسی چالاکیی ڕووســـەکان لەنێو لاوە کوردەکاندا دەکات کە لە ڕێگەی کەسێکەوە بە ناوی میناســـیان ڕێبەریو ئاراستە کراوە. کوندیکان لە ڕۆژنامەی ڕووســـی چاپی پاریس (دنی)دا (١٩٣٠/٨/٣١) دەڵێ کە تورکەکان بەتەواوی لەلایەن بەلشەویکەکانی ڕووسیاوە کۆمەک کراونو یارمەتی دراون.

لە ســـاڵی (١٩٣١ تا ١٩٤٣) لە ناوچەکانـــی (منامن)، ئەرزڕۆم و دیاربەکـــردا هەســـت بە جۆرە بارگـــرژی و ناڕەزاییەک دەکرا. لە زنجیـــرە وتارێکدا کە لە (حاکمیت ملـــی) بڵاوبوونەتەوە، بورهان ئاسەف بەگ، پیلانی ئەرمەنی و کوردەکان مەحکوم دەکات. خێرا

له (٩٣٢/٥/٥) قانوونێکیان له تورکیا دەرکرد که بەپێی دەقی ئەو قانوونه، کوردەکان له شوێنی خۆیانەوە بۆ شوێنانی تری ناو تورکیا ڕابگوێزرێن. ئەم قانوونه، پاش ســەردانی شای ئێران له ئەنکەرە، له هاوینی ســاڵی (١٩٤٣)دا پیاده کرا. لەو ساڵه بەدواوە ئیدی به ڕەسمی نکوڵی له بوونی کورد له خاکی تورکیادا کرا. لەمه بەدواوە کوردی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ناونران (تورکی چیانشین).

هەوڵی تواندنەوەی نەژادی کوردو ســڕینەوەی ناسنامەی میللی کوردان، هەڵەیەک بوو که وەکو پریشــکێک، ئاگری شۆڕشی ساڵی (١٩٣٧ — ١٩٣٨)ی لێوه هەڵایســا. مەڵبەندی ئەم شۆڕشە، ناوچه شاخاوییەکانی دەرسیم-ی نیشتمانی کوردانی زازا بوو. سەید ڕەزای دەرسیم که له شێخانی نەقشــبەندی بوو، ڕێبەرایەتی ئەم شۆڕشه تازەیەی لەئەســتۆ گرت. ئەم شۆڕشه گەورەترین ماڵوێرانی بەسەر کوردەکاندا هێنا، چونکه تورکەکان بەوپەڕی دڕندەییەوە سەرکوتیان کــرد. پاش ئەوەی ســەید ڕەزاو ده کەس لــه هاوخەباتەکانی له (١٩٣٧/١١/١٥)دا لــه (العزیز) لەســێداره دران، تورکەکان ناوی دەرســیم-یان لەسەر نەخشەی جوگرافی سڕییەوه. ئەم ناوه ناکامه گۆڕا به تونجەلی و وشــەی کورد له فەرهەنگ و واژەنامەی ڕەسمی تورکیادا سڕایەوەو ئەم ناوچەیه تا ساڵی (١٩٤٦) له سایەی حوکمی سوپاییدا (نیزامی عورفی) مایەوه. پاش ئەم ڕووداوه چیدی له وڵاتی توکیادا شۆڕشــی چەکدارانه ڕوویندا. لــه دووەم جەنگی جیهانیدا تورکیا به بێلایەنی مایەوەو کوردستانیش بەدرێژایی ئەم ماوەیه ئارام و هێمن بوو. پاشان ڕژێمی تورکیا له ناوچه کوردنشینەکاندا ڕێبازێکی هێمنتری گرتەبەر، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشه لەژێر

چاودێریـــی تەواودا بوونەو تەنانەت لە مانگی (١٩٥٩/١٢) چل و نۆ کەس لە ڕۆشنبیران بە تۆمەتی جوداخوازی دەستگیر کران. کودەتای ســـوپایی (١٩٦٠/٥/٢٧) دەستوورێکی تازەی لەگەڵ خۆدا هێنا کە لەوەی جاران لیبراڵنز بوو. وێرای بەیاننامەو ڕاوبۆچوونی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ڕەسمی دەوڵەتی، ژمارەیەک گوتار دەربارەی کوردو کوردســـتان لە چاپەمەنییەکانی تورکیادا بڵاوبووەوە. لە ســـاڵانی (٩٦٥ – ١٩٦٨)دا هەندێـــک ڕۆژنامـــە بە هـــەردوو زمانی کوردیو تورکـــی بڵاو بوونـــەوە. لەوانە: دیجلە، فـــورات، دەنگ. ڕێزمانێکی زمانی کوردیو فەرهەنگێکی کوردی- تورکی و نمایشـــنامەیەک بە ناوی (بریناڕەش)و شـــیعرێکی درێژی کلاسیکی بە ناوی مەم و زین بەئاشـــکرا بڵاوبوونـــەوە، بەڵام زۆری پێ نەچـــوو، جارێکی دی لە سەرانسەری وڵاتدا نووسراوە کوردییەکان قەدەغە کران. ڕۆژنامەکان داخران، بەرهەمە بڵاوکراوەکان کۆکرانەوەو نووســـەرەکانیان خرانە بـــەر تاقیب و تاقیبکاری. ئەمە جگـــە لەوەی بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر جۆرە کاریگەرییەکی احتمالی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بگرن، کە ســـاڵانێک بوو لە شۆڕشدا بوون، لە (١٩٦٧/١/٢٥) لە تورکیادا فەرمانێکـــی کۆماری، لە ڕۆژنامەی ڕەســـمیی ژمـــارە (١٢٥٢٧) لە (١٩٦٧/٢/١٤)دا بڵاوکرایـــەوە کە: (هێنـــان و بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بڵاوکراوە، نامیلکەو کاســـێتێک بە زمانـــی کوردی لە دەرێی وڵاتەوە بۆ ناو تورکیا، بە هەر بیانوو و مەبەستێک بێ ناقانوونی و قەدەغەیە). هەر لـــەو دەمانەدا بڵاوکراوەی (اتوکن) چەند وتارێکی ژەهـــراوی و بوغزنی دژی کوردەکان بڵاو کردەوە. (ژمارە ٤٠ مانگی ١٩٦٧/٤ و ژمارە ٤٢ مانگی ١٩٦٧/٦. ڤانلی لە کتێبەکەی خۆیدا،

کوردســـتانی عێراق، لە (ل٢٨٩ و ٣٠٠)دا ئامـــاژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە). ئـــەم گوتارانە بوونە مایەی ئەوەی یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە (١٩) شاری کوردنشـــیندا خۆپیشاندان ساز بکەن و ئەوە بخەنـــە ڕوو کە ئەم بابەتە نووســـینانە پێچەوانـــەی ماددەی (١٢)ی دەســـتوورە. هەروەها دژی ماددەی (٣٧و ٤٤)ی پەیمانی لۆزانە (١٩٢٣). لە مانگی (٤/١٩٧٠)دا ڕەفتاری ناپەســـەندو توندوتیژی پۆلیس لە شاری ســـلیڤانی ناوچەی دیاربەکر بووە مایەی ناڕەزایی خوێندکارانـــی کوردو تورکانی ئازادیخـــواز. (بڕوانە: مللیت، مانگی ٦و١٩٧٠/٧) ئەمـــە جگە لەوەی لـــە (١٩٧٠/٧/٢٤)دا، یەکێک لە نوێنەرانی کورد بە ناوی (محەممەد عەلی ئایبار) کە ڕێبەری حیزبی کرێکاری تورکیـــاش بوو، ڕووداوێکی بۆ پێشـــهات کە بووە مایەی ڕەنجان و ناڕەزایی پتر. لـــە چوارەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی تورکیـــا، لە کۆبوونـــەوەی ٢٩و٩٧٠/١٠/٣١ مافی ژیانی گەلی کورد لە تورکیادا بە ڕەســـمیەت ناســـرا. (بڕوانە: ڤانلی، ل٥١-٥٤). بۆ چارەســـەری مەسەلەی کوردســـتان، جگە لە مەسەلەی نەتەوەییو سیاســـییەکانی وڵاتی تورکیـــا، پێدەچێ کە پێویســـت بێ لایەنی ئابـــووری و کۆمەڵایەتیی مەســـەلەکەش لەبەرچاو بگیرێ. (بڕوانە: ڕامبۆت، ل٢٣ و ٤٤. نیکیتین ل١٩٦- ١٩٨، جی.بلاڤ ل٣٥- ٤٠، قاسملو، ل٥٠- ٥٢. ئەرفەع ل٣٣- ٤٦).

## ئێران:

وەزع و حاڵــی کوردی ئێران هەمیشـــە جیاواز بـــووە لە وەزع و حاڵیـــان لە تورکیا. لە ڕاســـتیدا حکومەتی ئێـــران زۆربەی کات تەئکیدی لەسەر هاوبەستەگی نەژادی و مێژوویی کوردو ئێرانییەکان کـــردووە، بەڵام ئەم هاوبەســـتەگییە ڕێی لە بشـــێوێنی و بارگرژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان کوردو حکومەتی مەرکەزی نەگرتووە. هەندێکجار پێکادان لەنێوانیاندا ڕوویداوەو ئەم پێکادانانە هەندێکجار توندوتیژو خوێناویش بووە. لە ماوەی یەکەم جەنگی جیهاندا، ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئازربایجان، کـــە کەوتۆتە باکووری ڕۆژاوای ئێران، بەهـــۆی پێـــکادان و هاتوچۆی هێزو لەشـــکری ڕووس و تورکیاوە، دووچاری ئاژاوەو ناخۆشی بوو. (سمایل ئاغای سمکۆ) سەرۆکی عێڵی شکاک، ئەم پەشێوی و پاشاگەردانییەی قۆستەوەو لێبڕا ناوچەیەکی بچکۆلەی کوردنشـــین بخاتە ژێر دەسەڵات و فەرمانی خۆیەوە. سمکۆ توانی تیـــرە کوردەکانی باکووری وڵات لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوەو چەند جارێک بەســـەر لەشـــکری تورک، ئاشـــووری و ئێرانییەکاندا سەربکەوێ، وای لێهات بوو بە تاقە هێزی ناوچەی ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ، بەڵام ســـەرەنجام بەهەمان شێوەی کە خۆی لە (١٩١٨/٣/٣) دا (پەتریارک مار شەمعونی ئاسوری) کوشت، (بڕوانە: جۆزیف، ل١٤٠-١) بە خۆیشی لە شنۆدا لەلایەن ئێرانییەکانەوە لە (١٩٣٠/٦/٢١) کوژرا. (بڕوانە: ارفع ل٤٨- ٥٤).

لە ویلایەتی کوردستاندا (سالار الدولەی قاجار) کە لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵە گەورەکانی ســـنەدا هەبوو،

دەستی دایە شۆڕش، بەڵام شکستی هێنا. هەندێک لە سەرانی کورد ڕازی نەبوون چەکەکانیان دابنێن و وەزع و حاڵ بەم شێوەیە مایەوە تا جەعفەر سوڵتان لە ساڵی (١٩٣٠)دا تەسلیم بوو. (بڕوانە: ارفع ل٦٤- ٦٧، قاسملو ل٥٥- ٥٧).

دووەم جەنگـــی جیهانیـــش کاریگەرییەکی گەورەی کردە ســـەر کوردەکانـــی ئێران و هەســـتی نەتەوەیی لا هاڕوژاندن لە ڕاســـتیدا داگیرکردنـــی ناوچەکانی باکـــوورو ڕۆژاوای ئێران لەلایەن هێزەکانی ســـۆڤیەت و ئینگلیـــزەوە (١٩٤١/٨/٢٥) و لاکەوتنی ڕەزا شـــا لە پاشایەتی (١٩٤١/٩/١٦) بووە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی مەرکەزی و بەهێزبوونی بزووتنەوە ئازادیخـــوازەکان لە ناوچەکەدا. هێزەکانی ئێران بەناچاری چەندین مانگ چوون بەگژ (حەمەڕەشید خانی بانە) دا. ئەم پیاوە بـــە کۆمەکی هۆزو تیرەکانی ئەو ناوچەیە لە هاوینی (١٩٤٢)دا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی سەردەشت و بانەو مەریواندا پەیدا کرد (بڕوانە: ارفع ٦٧- ٧٠). ئەم ڕووداوانە، پێشەکییەک بوو بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕینێکی واقیعی سەربەخۆییخواز. کوردەکان لە ســـەرەتا لاوازی دەوڵەتی مەرکەزییان لە ناوچەکەدا بە هەل زانی و ڕێکخراوێکیان بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە حیزبێکی سیاسی و نەتەوەیی و موحافەزەکار بوو کە ئەندامانی دەســـتەی دامەزرێنەری بریتی بوون لە ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاست-ی شاری مەهاباد. زۆری پێ نەچوو کە شێخانی ئایینی و سەرانی عەشایەریش پێوەندییان پێوە کرد. لە (١٩٤٤/١٠)دا (قازی محەممەد)، کە بە خۆی قازی و لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوو، پێوەندی بەم کۆمەڵەیـــەوە کرد. پاش کۆتایی دووەم جەنگی جیهان، هەموو

ئەم فاکتەرانە زەمینەیان خۆش کردو سەرەنجام لە (١٩٤٦/١/٢٢) دا کۆماری کوردســـتانی مەهاباد ڕاگەیەنرا. ئـــەم کۆمارە، هاوتای کۆمـــاری خودموختاری ئازربایجانی تەوریز بوو. قازی محەممەد، لە ڕاستیدا خوازیاری خودموختاری بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. ئەم ناوچە خودموختارە، هەرێمێکی ســـنووورداری بچکۆلە بوو، کە کەوتبووە ڕۆژاواو باشووری دەریاچەی ورمێوە. لەم کۆمارەدا نەزم و نیزامێکی باش دامەزرێنرا، قوتابخانەو نەخۆشخانە کرانەوە، کتێب و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بڵاوبوونەوەو مەسەلەی کشتوکاڵ، سەنعەت و بازرگانی و تەندروســـتی بایەخیان پێ درا، ســـوپایەکی بچکۆلە لـــە هۆزو تیرەی جیاواز دامەزراو چـــوار فەرماندەی هەبوو، یەکێک لـــەم فەرماندانە مەلا مســـتەفا بارزانی بوو کە بە چەک و چەکداری خۆیـــەوە لە عێراقەوە هاتبوو، پێوەنـــدی بە کۆماری خودموختاری کوردســـتانەوە کردبوو، بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی سۆڤیەت، کە پارێزەرو پشتیوانی حکومەتی خودموختاری ئازربایجان بوو، خاکی ئێرانیان چۆڵ کرد، (مانگی ١٩٤٦/٥). حکومەتی تاران سەرلەنوێ ناوچەکانی باکووری وڵاتی گرتەوەو قازی محەممەدیش درایە دادگاو لە ســـپێدەی ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٣١)دا لەگـــەڵ چەند ڕێبەرێکی تری کۆماری مەهابادا ئیعدام کرا. کۆماری کوردستان یازدە مانگ دەوامی کرد، بەڵام ئەم ڕووداوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی لەنێو سەرلەبەری کورداندا هەبوو.

لە مانگی (١٩٥٠/٩) و مانگی (١٩٥٦/٢)دا هێزەکانی شا بەبیانوی ئەوەی کە عەشـــایەری جوانڕۆ ســـەرپێچی لە دانی باج و چەکدانان دەکەن و گوایە خەریکی چاندنی حەشیشـــەن، کەوتە پەلاماردان و

ســـەرکوتکردنیان. بەڕای ڕاندۆت کارامەیی و ســـەرکەوتووی هێزی ئێـــران لـــەم ڕووداوەدا، یەکەمین ئەنجامی ئیجابـــی پەیمانی بەغدا بـــوو. (١٩٥٥). پاش ئەم ڕووداوە دەوڵەتی ئێـــران بۆ دڵدانەوەی کوردەکان کەوتـــە هەندێ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیـــی باش و تەنانەت کۆمەکـــی بە کۆمەڵانێکـــی زۆری خەڵکی کوردی نـــاو ئێران کرد. لـــە مانگی (١٩٥٩/٥) تا مانگـــی (١٩٦٣/٥) ڕۆژنامەی هەفتانەی (کوردســـتان) بە ڕێکوپێکی بڵاو بووەوە. لـــەم ڕۆژنامەیەدا بابەتی ئەدەبـــی، ئایدنی و مێژوویی و تەنانەت سیاســـیش بڵاو دەبووەوە. پاشان دەوڵەتی عێراق، دەوڵەتی ئێرانی تاوانبار کرد کە بەشێوەی ماددی و مەعنـــەوی یارمەتیی ڕاپەڕینـــی کوردەکانی عێراق دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەڵوێســـتە سیاسییە نەرمەی دەوڵەتی ئێرانیشدا هێشتا هەر بەدگومی سەرانی ئێران دەرهەق بە کوردەکانی خۆیان، نەگۆڕا.

## عێراق:

لە ماوەی نێوان یەکەم جەنگی جیهانەوە تا شۆڕشی (١٩٥٨) دوو ڕووداوی گرنـــگ لە مێژووی عێراقا دەبینرێن، یەکێکیان دامەزراندنی دەوڵەتی پاشایی هاشمی و ئەوی تریان دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێـــراق بوو. لە (١٩٢٠/٥/١)دا لە ســـان ڕیمـــۆ، لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە عێراق و فەلەســـتین بە بەریتانیا سپێردران، بەریتانیا ڕێکخســـتنەوەی ئەم ناوچانەی گرتە ئەســـتۆ کە زەمانێک خۆی بە

هێزی سوپایی داگیری کردبوو، چونکە لەنێو دەمڕاستانی بەریتانیادا ژمارەیەکی یەکجار کەم هەبوون کە ئاشـــنایەتیان دەربارەی کوردو مەســـەلەکانی کوردســـتان هەبێ، بۆیە لـــەم ڕووەوە ئینگلیزەکان دووچاری هەندێ گیروگرفت و کێشە بوون. لە مانگی (١٩١٨/١٢)دا مێجەر نوئێل، مەحمود بەرزنجی (١٨٨٠- ١٩٥٦) لە سلێمانیدا کرد بە حوکمداری تیرە کوردەکانی نێوان زێی گەورەو دیالە. پاش شەش مانگ شـــێخ مەحمود سەربەخۆیی کوردســـتانی ڕاگەیاند (کۆتایی مانگی ١٩١٩/٥) و ســـوپای بەریتانیا ناچار هاتە مەیدانێ و بەسەر شـــێخ مەحمودا زاڵ بوو. لە شـــەڕی بازیاندا (١٩١٩/٦/١٧) شێخ مەحمود بریندار بوو، خرایە زیندانەوەو حوکمی ئیعدامی بۆ بڕایەوە، بەڵام حوکمی ئیعدامەکەیان بۆ کەم کردەوەو بۆ هیندســـتان نەفیان کرد. هەر لەو سەروبەندەدا، چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز لە شارەکانی زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ کوژران. مێجەرســـۆن لەبری شێخ مەحمود، بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی گرتە دەســـت، و زوو بە زوو ئاسایش بۆ ناوچەکە گەڕایەوە.

لەگـــەڵ ئەمەشـــا، دانانـــی میـــر فەیســـەڵ بە پاشـــای عێراق (١٩٢١/٨/٢٣) کە فەرەنســـییەکان لە دیمەشـــق وەدەریان نابوو، کۆمەڵێـــک گیروگرفتی نایـــەوە، ئەمە جگە لە گیروگرفتی شـــاری موســـڵ کە درابوو بە حکومەتی پاشایی عێراق، چونکە لەلایەکەوە تورکەکان داوایان دەرکردەوەو لەلایەکی ترەوە کوردەکان دەیانویست بـــۆ دابینکردنـــی داخوازییەکانی خۆیان لەژێر دەســـەڵاتی خۆیاندا بیهێڵنەوە، بەشێوەیەکی گشـــتی تێکڕای ئەم مەسەلانە، کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفتیان لە ناوچەکەدا هێنابووە ئاراوە.

بەپێی پەیمانی ســیڤەر (١٩٢٠/٨/١٠) بەڕەسمی دان بە مافی ســەربەخۆیی کوردســتاندا نرا، بەڵام چونکە ئەم پەیمانە دەرهەق بــە کوردەکان پیــادە نەکرا، بۆیە بارگرژی و ئــاژاوەو ناڕەزایی لە کوردســتاندا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادی بــوو، تا ئەوەبوو لە مانگی (١٩٢٢/٩)دا شــێخ مەحمود بانگ کرایەوە بۆ ســلێمانی. شــێخ مەحمود ئیدی بە پلەوپایــەی حوکمداری قایل نەبوو، بەڵکو داوای فەرمانڕەوایی هەموو کوردستانی دەکرد. هەر بەم مەبەستە لە مانگی (١١)دا خــۆی کــرد بە مەلیکی هەموو کوردســتان و حکومەتێکی هەشــت ئەندامی دامەزراند، پولی پۆستەو باجی بڵاوکردەوە، باجی لەســەر توتن داناو ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (ڕۆژی کوردســتان)ەوە بڵاوکــردەوە کە بەدرێژی ڕووداوەکانــی ناوچەکەی بڵاو دەکردەوە. لە (١٩٢٢/١٢/٢٤)دا حکومەتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو دەوڵەتی عێــراق، بەڕەســمی دانیان بــەوەدا نا، کە کورد لــە چوارچێوەی ســنووری عێراقدا حکومەتێکیان هەبێ و ئومێدەواربوون کە لایەنە ناتەباکانــی کورد، بە زووترین کات دەربارەی شــێوەی حکومەت و ســنووری حکومەتەکەیان ڕێک بکەون و نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ گفتوگــۆ لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیــاو حکومەتی عێراق لە بەغدا، تا باسی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی حکومەتەکەیان بکەن (بڕوانە: ئەدمۆنــدز، کــوردو تورک و عــەرەب، ل٣١٢، ڕامبۆت ل٥٨-٥٩)، بــەڵام زۆری پێ نەچوو بەینی مەلیک مەحمودو نوێنەرانی ئینگلیزو هەندێ لە سەرانی کورد کە بەغیلیان بە پلەوپایەی مەلیک مەحمود دەبرد، تێک چوو. هەروەها پێوەندیی نهێنی مەلیک مەحمود لەگەڵ تورکەکاندا بــووە مایەی ئەوەی هێــزی بەریتانیا پەلاماری مەلیک

مەحمــود بدەن، مەلیک مەحمود ناچار بوو لە (١٩٢٣/٣/٣) بچێتە سورداش و لەوێوە ڕۆژنامەیەک بە ناوی (بانگی هەق) بڵاو بکاتەوە، و تا ســاڵی (١٩٣٠) کە کۆتایی انتدابی ئینگلیزی لە عێراقدا بوو، لەوێندەر مایەوە.

ڕژێمی سیاسیی تازەی عێراق، وەزع و حاڵی کوردەکانی پشتگوێ خست، دەستبەجێ کەوتە گواســتنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە کوردستان و فەرمانبەری عەرەبی لەجێ دانان، هەروەها خوێندنی بە زمانی کوردی لە ناوچەی کوردستاندا گرت. وەزع و حاڵی ناوچەکە ناخۆش بوو، وەختێ ســەربازانی عەرەب لــە (٩٣٠/٩/٦) خەڵکی شاری ســلێمانیان بەر دەســترێژی گولله دا، شۆڕشــی خەڵکەکە تەقەییەوەو شــێخ مەحمود جارێکی دی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەیانی لەئەســتۆ گرت. هێزی عێراق نەیتوانی شۆڕشــەکە سەرکوت بکات و دایبمرکێنێتــەوە. (١٩٣٠/٩ و ١٩٣١/٤) بۆیــە دەوڵەتــی عێراق ناچار بوو داوای یارمەتی لە هێزی هەوایی بەریتانیا کرد. ژمارەیەک لــە ئینگلیزەکان، بەتایبەتی (جەنــەڕال دۆبس H.C) کە ئەندامی باڵای پێشووی نوێنەرانی بەریتانیا بوو لە بەغدا، بە یاداشتنامەیەک دەخاڵەتی هێزی هەوایی بەریتانیای مەحکوم کرد. شــێخ مەحمود لە بەغــداو لە ماڵەکەی خۆیــدا خرایە ژێــر چاودێرییەوە. وەزعی کوردســتانی عێــراق هەر بە گــرژی و نائارامی مایەوە. لە ســاڵی (١٩٣١)دا، یەکێکی دی لە ڕێبەرانی کورد بە ناوی شــێخ ئەحمەدی بارزانی، کــە بە گوتەی لانگریک، شــۆرەت و ناوبانگێکی کەمتری هەبوو، ســەرگەرمی شــەڕ بوو. لەگەڵ سەرۆک تیرەیەکی دراوسێی خۆیــدا. دەوڵەتی عێراق بۆئەوەی ئەمن و ئاســایش لە ناوچەکەدا

بەرپـــا بـــکا، زنجیـــرە عەمەلیاتێکی زســـتانەی دەســـت پێ کردو هەمدیس هێزی هەوایی بەریتانیا بەناچاری بەشداری کرد. لە ساڵی (١٩٣٣ – ١٩٣٤)دا ڕاپەڕینێکی تازە بەرپا بوو، ئەمجارەیان شـــێخ ئەحمەدو برا بچووکەکەی مەلا مســـتەفای بارزانی کە سەرکردایەتیی هێزی چەکداری لەئەســـتۆ بوو، بە تۆبزی لە کەرکوکداو پاشـــان لە سلێمانیدا نیشتەجێ کران. لە ساڵی (١٩٤١) و لە ئەنجامی کۆدەتا بێئاکامەکەی ڕەشـــید عالی گەیلانییەوە، شـــێخ مەحمود فرسەتی هێنـــاو لە بەغدا هەڵات و هەولێدا هێزێک لە کوردەکان پێکەوە بنێ و کۆمەکی ئینگلیزەکان بکات (بڕوانە: لانگریک، ١٩٥٢) لە ســـاڵی (١٩٤٣)دا مەلا مســـتەفای بارزانی کە لە سلێمانیدا لەژێر چاودێریی دەوڵەتی عێراق بوو، زۆر لـــە وەزعی ناجۆری کۆمەڵایەتی و بژێوی لایەنگرەکانـــی بێزارو ناڕازی بوو، بۆیە لە ســـلێمانی هەڵات و خۆی گەیاندەوە بارزانی زێدی خۆی. لەم ســـەفەرەدا شێخ لەتیفی کوڕی شـــێخ مەحمودیشی لەگەڵ بوو، و لە بەرزاندا ئاڵای شۆڕش هەڵکرا. ماجید مســـتەفا کە لەو دەمەدا وەزیری ناوخۆ بوو، و کوردیش بوو، بەمەبەستی چارەســـەرکردنی کێشەکە لەگەڵ مەلا مستەفادا کەوتە گفتوگۆ. بارزانی لەگەڵیدا ڕێک کەوت و بڕیار درا کوردستان لە باری ئابووری و ئازووقەوە دابین بکرێ و فەرمانبەرانی کوردو غەیرە عەرەب لە ناوچە کوردنشـــینەکان دابمەزرێن و قوتابخانە و خەستەخانە لە سەرانسەری کوردستاندا بکرێنەوە. ئەم ڕێکەوتننامەیە لەلایەن نوری ســـەعیدی سەرەک وەزیرانی عێراقەوە پەسەند کراو تەنانەت بەتەما بوو ویلایەتێکی کوردنشـــین دابمەزرێنێ (بڕوانە: لانگریک، ل٣٢٥)، بەڵام عبدالالەی (وصی) بـــە مەرجەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە قایل

نەبـــوو، و لە ئەنجامـــدا لە بەهاری (١٩٤٥)دا ئاگری شـــۆڕش پتر بڵێسەی سەند. شـــەڕی ئەمجارە لە هەموو جارەکانی دی سەختتر بوو، کوردەکان چەندین جار بەســـەر هێـــزی دەوڵەتی عێراقدا زاڵ بوون و زەرەروزیانێکی قورســـیان لـــێ دا، بەڵام جارێکی دی هێزی هەوایی بەریتانیا وەکو ڕزگارکەرو پارێزەری دەوڵەتی عێراق و ڕژێمی پاشایەتی هاشمی دەوری خۆی بینییەوە.

لە کۆتایی مانگی هەشـــتدا عەمەلیاتی سەرکوتکردنی کوردەکان کۆتایی هات و (مەلا مســـتەفاو هەڤاڵەکانی ڕەهەندەی ئێران بوو. چوار کەس لەو ئەفســـەرانەی کە لەگەڵی بوون، بە ناوی: مســـتەفا خۆشـــناو، عزت عبدالعزیز، محمد محمـــود و خیرالله عبدالکریم) کە باوەڕیان بە بەڵێنی لێبوردنی گشـــتیی دەوڵەتی عێراق کردبوو، بۆ عێراق گەڕانەوەو لە (١٩٤٧/٦/١٩)دا مەحکەمەو ئیعدام کران[٣*].

پاش ئـــەم ڕووداوانە کورد چ چارێکی نەما جگە لەوەی بکەوێتە خەباتی نهێنی، و بۆ ئەم مەبەســـتە پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند، کە پتر بەلای چەپگەرییدا دایدەشکاندو دوو بڵاوکراوەیان بە ناوی (ئازادی) و (ڕزگاری)وە بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی ڕزگاری لە دووەمین ژمارەیدا لە مانگی (١٩٤٦/١٠)دا وتارێکی لەسەر یەکێتیی ئەرمەنی و کورد بڵاو کردەوە. ئەم مەسەلەیە سەرهەنگ (الفینستون-ی سەرۆکی ئەیسنتلیجنت سرویس، لە لوانت) خستە بیری ئەوەوە کە

٣* ئەم چوار ئەفسەرە دەگەڵ مەلا مستەفادا هاتنە ئێران و پەیوەندییان بە کۆماری کوردستانەوە کردو تا ڕووخانی کۆمار سەرگەرمی چالاکی بوون و پاش ڕووخانی کۆمار مەلا مستەفا دەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانیدا پەنایان بۆ سۆڤیەت بردو ژمارەیەکی تریان کە ئەم چوار ئەفسەرەیان لەگەڵدا بوون بۆ عێراق گەڕانەوە.

ئاخۆ ئەم هەوڵ و کۆششـــانە نابنە مایـــەی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی- ئەرمەنی هاوبەشی سەر بە یەکێتیی سۆڤییەت؟

بەهەرحاڵ، ئەمن و ئاســـایش لە کوردســـتاندا بەرقـــەرار بوو. کوردەکان ســـوودیان لەو تۆزە ئازادییەی کە بۆیان مابووەو وەرگرت و توانیان لە بواری ڕۆشـــنبیری و ئەدەبیـــدا چالاکانە بکەونە کار. ڕۆژنامە بەئاشـــکرا بڵاو دەبۆوە، کۆمەڵە شـــیعر، وتـــار دەربارەی مێژووی کوردســـتان و ناودارانی کورد بڵاو دەبوونەوە، سلێمانی بوو بە مەڵبەندێکی گەورەی چالاکی ڕۆشـــنبیری و بـــوو بە بنکەیەکی گەرموگوڕی ناســـیونالیزم... لـــە (١٩٥٨/٧/١٤)وە، کە حکومەتی کۆماری لە عێراقا دامەزرا، تا ســـاڵی (١٩٧٠) کوردســـتانی عێراق گەلەک گۆڕانکاری بەســـەردا هات. کوردەکان کە شانبەشانی هەموو حیزبەکانی دی بەشدارییان لە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی هاشمیدا کردبوو، زۆریان دڵ بـــە دامەزراندی حکومەتی کۆماری خۆش بوو، بـــۆ یەکەمجار لە مێژوودا، دەســـتووری کاتی عێـــراق ڕایگەیاند کە (عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا شەریک و هاوبەشن) ماددەی سێیەمی دەســـتوور مافـــە نەتەوەییەکانی کـــوردی لە چوارچێـــوەی عێراقا زامن کرد. جەنەڕاڵ عبدالکریم قاســـم، لـــەلای خۆیەوە هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی کە لە ســـاڵی (٩٤٧)وە لە کار دەرکرابوون، گەڕاندیانییەوە ســـەر کار. لە (١٩٥٨/٩/٢) ڕێگەی مەلا مستەفای بارزانـــی دا کە لە ســـۆڤیەتدا پەنابەر بوو، بۆ عێـــراق بگەڕێتەوە. عبدالکریم قاسم لە (٩٥٨/١٠/١٧)دا بە خۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی لە گەڕانەوەی مەلا مســـتەفا بۆ عێراق کرد. هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵ مەلا مســـتەفادا لە تاراوگە دەژیـــان، لە مانگی (١٩٥٩/٤)دا

بۆ عێراق گەڕانەوە. قاســم لە بەغدا گاردی تایبەتی بۆ مەلا مستەفا تەرخان کردو ماڵێکی تایبەتی بۆ تەرخان کردو بۆ ماوەیەک بارزانی کرد بە ڕاوێژکاری خۆی و لەو مەســەلانەدا کە بارزانی شــارەزایان بــوو پرس و ڕاوێژی پێ دەکرد. پارتیی دیموکراتی کوردســتان کە لــە خەباتی نهێنیدا بوو، و بەدرێژایی ســاڵانی ڕابردوو زەمینەی بۆ ڕۆژێکی وەها خۆش کردبوو، لە مانگی (١٩٥٩/٤)دا مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرت کە ڕۆژنامەی خەبات (هەفتانە بوو) بەئاشکرا دەربکا. ئیدی گۆڤــارو ڕۆژنامە کوردییەکان هەندێ بوژانەوەو لەوە دەرچوون تەنیا بڵاوکــراوەی ســادەی ئەدەبی بن، بەڵکو گەلەک وتاری سیاســیان گرتەخۆ، بەڵام ئەم خۆشییە زۆر دەوامی نەکرد، کوردەکان جارێکی دی ناچار بوون لەپێناوی وەدەستهێنانی ئازادیی خۆیاندا شۆڕشێک بەرپا بکەن کە دە ســاڵی خایاند. لەم ماوەیەدا دووچاری حەپس و گرتن و تۆڵەئەســتاندنی زۆر و بەردەوام ڕووی دەدا. ئەم ماوەیە بە چوار قۆناغدا تێپەڕی.

گیروگرفتــە ناوخۆو دەرەکییەکانی عێــراق، لەبەرئەوە نەبوو کە وڵاتی عێراق ڕێبەرێکی دڵســۆزی نەبوو، بەڵکو هۆی ڕاســتەقینەی ئــەم گیروگرفتانە ئــەوە بوو کە ڕێبەری عێراق خاوەنی نەخشــەو پلانێکی کۆک و سیاسەتێکی نەگۆڕو چەسپاو نەبوو، کە سەرەنجام بەوە شــکایەوە هەموو دژی بوەســتنەوە. کوردەکانیش بە تاسەوە چاوەڕوانــی وەدیهاتنی ئەو بەڵێنانە بوون کــە ڕێبەری حکومەتی عێــراق دابوونێ، بــەڵام چونکە داخوازییەکانیــان جێبەجێ نەکرا، ســەرەنجام دژی ڕژێمی دیکتاتۆری هەستان و دەستیان دایە چەک. لە (٩٦١/٩/١١)دا بە ڕێبەرایەتی مەلا مســتەفا هەستان، ڕاپەڕین

و هەســـتانی ئەمجارە بەهیچ جۆرێ ڕاپەڕینێکی عەشـــایەری نەبوو، چونکە لە ڕاستیدا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی عێراق بە دێهاتی و شـــاری و ڕۆشـــنبیران و موڵکـــداران و ئاغاوە لە یەک بەرەدا دژی قاسم هەستابوون. کاردانەوەی دەوڵەت یەکجار دڕندانە بوو، ئابڵوقەی توونـــدی ئابووری، کوردەکانی باکووری وڵاتی تەواو شپرزەو برسی کرد، بۆمبارانی خەست و خۆڵ بێ وێنە بوو، بۆمبای ناپاڵم دێهات و بەروبوومی کشتوکاڵی دەسووتاند، ژنان، پیرەمێردان، منداڵان و پێشمەرگە وەکو یەک قەتڵ و عام دەکران. ئەم کارەساتانە بەجارێ کوردەکانی جۆشداو وایان لێ هات لە (١٩٦٢/٣) دەستیان بەســـەر هەموو ناوچەکانی باکووری عێراقدا گرت جگە لەو شارانەی کە سەربازخانەو ئۆردوگای سوپاییان تێدا بوو.

شکست و زەرەروزیانی قورسی سوپای عێراق لەم شەڕەدا، کارێکی وای کرد کە ئەم شەڕە شێوەی جەنگە دزێوەکانی داگیرکەران بگرێتە خۆ. سەربازەکان یا لە بەرەکانی شەڕ هەڵدەهاتن یا پێوەندییان بە ڕیزی جەنگاوەرانی کـــوردەوە دەکرد. چالاکیی ئابووری و بازرگانی هاتبووە ســـەر ســـفر. کودەتایەک لەئارادا بوو، بەڵام چونکە بەبێ پشتیوانی کوردەکان چ کارێک نەدەکرا، بۆیە سەرانی کودەتاچییەکان، کوردەکانیـــان لـــەم کارەی خۆیان ئاگادار کـــردەوە. لە بەرەبەیانی (١٩٦٣/٢/٨)دا عبدالکریم بەشـــێوەیەکی کارەســـاتاوی کوژراو لە شانۆی سیاســـەت ســـڕدرایەوە بۆ ڕۆژی دوایی کوردەکان شەڕیان ڕاگرت. حیزبی بەعس لە بەغدادا دەســـەڵاتی گرتە دەســـت. کاتێ کوردەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە داخوازییەکانی خۆیان خستەڕوو، ڕووبەڕووی بڕوبیانووی سەرانی حکومەتی تازە بوونەوە. بەهەرحاڵ

له (١٩٦٣/٤/٢٤)دا گفتوگۆ لەنێوان هەردوولادا دەســـتی پێ کرد. کوردەکان بە یاداشـــتنامەیەکی ڕەســـمی داخوازییەکانی خۆیان دا بە دەوڵـــەت، بەڵام دەوڵەتی بەعس کە بەتـــەواوی خۆی بە بەهێز دەزانی، نوێنەرە کوردەکانی گرت و زیندانی کردن. لە (٩٦٣/٦/١٠) جارێکی دی شـــەڕ دەستی پێ کردەوەو ئاگری جەنگ پتر بڵێسەی سەند، لەم ســـەروبەندەدا حکومەتی بەعسی عێراق داوای کۆمەکی لە دیمەشـــق کرد. ســـوریا بەدەنگیانەوە هـــات و تیپی یەرموک و فڕۆکەی بۆ دۆستانی عێراقی خۆی نارد، بەڵام کوردەکان زوو بە زوو قڕیان خســـتە ئەم تیپەو هێرشی خۆیان زیاتر کردو گەلەک نوقتەی ســـوپاییان گرت و چەک و تەقەمەنییەکی زۆرو سەدان دیلیان گرت. سوپای عێراق کەساس و زەبوون بووبوو. پاشان (گاردی میللی) کە لە سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان و هەموو دوژمنانی ڕژێمی بەعسدا ئەوپـــەڕی دڕندەیـــی و دڵڕەقیان نواندبوو، و بێـــزراوی لای هەموو خەڵکی بـــوو، هاتە هانای دەوڵەتی بەعســـەوە. لە (٩٦٣/٢/١٨) دا جەنەڕاڵ عبدالســـلام عارف، بە یارمەتیی ســـوپا کودەتای کردو بەعســـییەکانی لە مەیدانی سیاســـەت وەدەرناو بە خۆی دەسەڵاتی گرتە دەســـت. عەمەلیاتی سوپایی لە کوردســـتاندا وەستا. بارزانی داوای یارمەتی لە خاچی ســـوری جیهانی کرد (٩٦٣/٩/١١، ڤانلی، ل٣١٩- ٣٢١). وەختێ پاپا، سەری لەسەر زەمینی پیرۆز (قودس) دەدا، کوردەکان ئەویشیان لە وەزع و حاڵی خۆیان ئاگادار کردەوە. (بڕوانە: ئورینیت، بیرۆت، ژمارە ٥٢٤٠، ١٩٦٤/١/٢).

فیلد مارشـــال عارف، بەو مەبەســـتەی لە ســـەرەنجامدا بتوانێ مەســـەلەی کوردەکان چارەســـەر بکا لە (٩٦٤/٢/١٠)دا لە ڕێگەی

گفتوگۆوه داوای شەڕوەستانی کرد، مەلا مستەفا، تەنانەت بێئەوەی ڕاوێژ بە مەکتەبی سیاســـیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بکا، بە شەڕوەســـتان قایل بوو. کوردەکانیش بە ئەنـــدازەی عێراقییەکان، پێویســـتیان بە پشـــوویەک بوو، تا نەفەس تازە بکەنەوەو چەک و تەقەمەنی و ئەسبابی شـــەڕ ئامادە بکەن و ئازووقەو خۆراک دابین بکەن. لەم ســـەروبەندەدا ڕۆژنامەنووســـانی بێگانەش ڕوویان کردە ناوچەی کوردســـتان. کوردەکان بۆ ناساندنی شۆڕشەکەیان و ڕووی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکەیان بە جیهانی دەرەوە، ئەوپەڕی سوودیان لەو ڕۆژنامەنووســـە بێگانانە وەرگرت. حکومەتی عێراق کە گرفتاری پرۆژەی پێشوەختە فاشلی یەکێتیی عەرەب بوو، کوردستانی پشتگوێ خستبوو، و قەناعەتی کردبوو کە سەرەنجام کوردەکان ماندوو دەبن و تاقەتیـــان دەچێ و بەدرێژایی ڕۆژگار مەســـەلەکە بە دڵی ئەمان (حکومەت) دەکەوێتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو، و کوردەکانیش بۆیان بەدیار کەوت کە چ کەســـێک داخوازییەکانیان بەجیددی وەرناگرێ، بۆیە پـــاش ئوکتۆبەری (١٩٦٤)، یەکســـەر بڕیـــاری دامەزراندنی حکومەتێکی خودموختـــاری ناوچەییان داو فەرمانبەریان بۆ هەموو دەزگاو دایەرەکان دامەزراند. باجیان وەردەگرت، کێشەکانی خەڵکیان لە دادگا ناوچەییەکاندا حەل و فەســـڵ دەکردو هێزی ســـوپاییش، زیاتر خۆی ڕێک دەخست و چەکی پەیدا دەکرد.

شەڕوەستاندنی مانگی (٢) بووە هۆی ئەوەی قەیرانێکی گەورە لە ناوجەرگەی ڕاپەڕینەکەدا دروست ببێ‌و ناکۆکییەکی زۆر قووڵ کەوتە نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاســـیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە لە نامیلکەیەکدا لە مانگی (٤)دا لەژێر ناوی (ئایا پەیمانی عارف

و بارزانی ئاشتییه یا تەسلیمبوونە؟) بەدیار کەوت. لەم نامیلکەیەدا بارزانی بـــەوە تاوانبار دەکرێ کە گوایـــە خیانەتی لە ئامانجەکانی شـــۆڕش کردووە. لە (٧/١٧)دا لە مـــاوەت پێکادانێکی توندوتیژ لەنێوان گروپە کوردە ڕەقیبەکاندا ڕوویدا. لە کۆنگرەی شەشـــەمدا لە کۆی (١٧) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکرات، (١٤) کەســـیان دەرکران، کە لەوانـــە: ابراهیم احمد و جـــەلال تاڵەبانی پەنایـــان بردە بەر ئێران. ئەم قەیرانە کە زادەی جیاوازیی بۆچوونی نێوان تیۆری و پراکتیکی بوو، ســـەرەڕای ئەوەی کە زۆر زیانبەخش بوو، بەڵام لەباری ســـوپاییەوە چ کاریگەرییەکـــی ناجۆری نەکردە ســـەر ڕەوتی شـــۆڕش. وەزعی نادیاری کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقـــا دەبووایە بـــە زووترین کات بەلادا بخرێـــت. بەپێی ماددەی (٣) دەســـتووری ســـاڵی (١٩٥٨) بەڕاشکاوی و بێ پێچو پەنا دان بە مافی کوردەکاندا نرا، بـــەڵام حکومەتی عێراق لە (٩٦٤/٥/١٠) دەستوورێکی کاتی تازەی دەرکرد کە لەوێدا مافی کوردەکان پشتگوێ خـــرا. کوردەکان کە تەواو پڕ چەک بوون زۆر گوێیان بەمە نەدا. لە (٩٦٥/٣/٤)دا هێرشـــی بەهاری ڕژێمی عێراق بۆ ســـەر کوردەکان، بە ســـەرکردایەتیی عبدالرحمن عارفی برای ســـەرکۆمار، بە زۆربەی هەرە زۆری هێزی سوپای عێراقەوە (پیادە، تانک و هێزی هەوایی) دەستی پێ کرد. لە ســـەرەتای هێرشەکەدا واتە لە مانگی (٣-٥) دا، سوپا هەندێ سوکە سەرکەوتنی وەدەست هێنا. شەڕ لە هاویندا گەرمتر بوو، لە مانگەکانی (٦و٩)دا شەڕی یەکجار توندو خوێناوی لە زنجیرە چیاکانی سەفیندا ڕوویدا. شارۆچکەی پێنجوین کە وێران ببـــوو لەلایەن هێزی عێراقەوە داگیر کرا. کـــوردەکان بۆ یەکەمجار

تۆپخانەیـــان بەکارهێناو ســـوپای عێراقیش بەدرێژایی شـــەڕ گازی ژەهراوی دژی کوردەکان بەکاردەهێنا. لەگەڵ ئەمەشدا عێراقییەکان زەرەروزیانی قورســـیان لێ کەوت (٤١٩٤ کـــوژراو، ٢٢٠١ بریندار، ١٢ تانک شـــکێنراو ٥ فڕۆکە کەوتنە خوارەوە) لەم شەڕەدا میسر، لایەنـــی عێراقی گرت و کۆمەکی پـــێ دەکردن. لە (١٩٦٥/١٢/٢٢) و شـــوباتی (١٩٦٦)دا، شەڕی زســـتانە زۆر بە توندی دەستی پێ کردەوە. بارزانی لە (١٩٦٦/١/١)دا یادداشتنامەیەکی بۆ ڕێکخراوی نەتـــەوەکان نارد (بڕوانە: دەقی یادداشـــتنامەکە- ڤانلی ل٣٧٨-٣٧٩). لە (١٩٦٦/٤/١٣)دا (مارشال عبدالسلام) هەلیکۆپتەرەکەی کەوتـــە خـــوارەوەو کـــوژرا. عبدالرحمن عارفی برای لـــە جێی ئەو کرا بە ســـەرکۆمار. لە هەمان ڕۆژا هێرشـــێکی تازە بەمەبەســـتی لەنێوبردنـــی یەکجارەکی کورد، دەســـتی پێ کرد. ئەم هێرشـــە لە (٤/٢٢وە تـــا ٦/١٥) بـــەردەوام بوو. لەناو ئەم زنجیرە شـــەڕەدا، شـــەڕی ڕەواندز یا هەندرێن کە لە مانگی پێنجـــدا ڕوویدا، بایەخ و شـــۆرەتێکی تایبەتی پەیدا کرد، بەجۆرێ کە شایەتێکی عەینی ئەم شەڕەی ناو نا (ڤردون-ی کوردەکان) (ڤردون، شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنســـاو کەوتۆتە ســـەر ڕووباری مـــوزەوەو لە یەکەم جەنگـــی جیهاندا مەیدانی شـــەڕێکی توندوتیژ بوو). عێراقییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە کوردەکانیان خستبووە ژێر توندترین بۆردومانی ناپاڵمەوە، خراپ شکان، و (١٠٥٦) کوژراوو (٤٧٦) برینداریان داو (٦٠٠) جاشـــی بەکرێگیراو (فورسانی سەڵاحەدین) تەفروتونا بوون و کوردەکان دەســـتکەوتی جەنگی یەکجـــار زۆریان بەچنگ کەوت. زیانی کوردەکان لەم شـــەڕەدا تەنهـــا (٣٨) کوژراوو (٨٥) بریندار

بوو. له (٦/١٥)دا دەوڵەتی عێراق، وێڕای بانگەشــەی سەرکەوتن، پێشنیازی شەڕ وەستانێکی تازەی کرد. گفتوگۆ لەگەڵ بەزازی (لە ١٩٧٣/٦/٢٦دا مردووە) ســەرەک وەزیرانی وەختی عێراقا دەستی پێ کرد. لــە (١٩٦٦/٦/٢٩)دا پەیماننامەیــەک مۆر کرا (بڕوانە: ڤانلــی ل٣٧٩، هەروەها ویڤنت نامــەی دووەم، ل١٨٩- ١٩٢) ئەم پەیمان نامەیە چەند خاڵێکی نهێنی تێدا بوو کە بە ڕەسمی دانی بە مافــی ئۆتۆنۆمی کوردەکاندا دەنا. عبدالرحمن عارف لە (١٠/٢٨)دا بارزانــی بینی و هەوڵیدا لەگەڵ ئەودا ڕێک بکەوێ و بگاتە ئەنجام، چونکە زۆربەی فەرماندە ســوپاییەکانی عێراق بە پرۆژەکەی بەزاز قایــل نەبوون و بە هەموو جۆرێ هەوڵی هەڵوەشــاندنەوەیان دەدا. جارێکی دی مەسەلەی کوردستان بە ڕۆژگار سپێردراو بۆ ماوەیەکی زۆر پشــتگوێ خرا، بــەڵام جەنگی شــەش ڕۆژە (٥-٦٧/٦/١١) کارێکی زۆری کردە ســەر چەنــد وڵاتێکی عەرەب کە عێراق یەکێک بوو لەو وڵاتانە. کودەتای (٩٦٨/٧/١٧) جەنەراڵ ئەحمەد حەسەن بەکری گەیاندە سەرکۆماری، و لە کودەتای دووەما (١٩٦٨/٧/٣٠) ئەحمەد حەسەن بەکر بەتەواوەتی دەسەڵاتی حکومەتی گرتە دەست، و ســەرلەنوێ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دامەزرایەوە، گاردی میللی بەعسییەکان کە لە ساڵی (١٩٦٣)دا سابیقەیەکی ناجۆرو ناخۆشی لە هزرو بیری خەڵکیدا جێهێشــتبوو، جارێکی دی هاتەوە مەیدان، لەم بەینەدا کوردەکان ســەرگەرمی پاراستنی دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆیان بوون. لە ســاڵی (١٩٦٧)دا نزیکەی (٣٠٠) قوتابخانەی ســەرەتاییان کردەوە. دەوڵەتــی عێراقیش بە ڕواڵەت نەرمونیانانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن. لە ســلێمانیدا زانســتگەیەک

(بــه زمانی عەرەبی) دامەزراو شـــارۆچکەی دهۆک کرا بە پارێزگا.
لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت خۆی بۆ شەڕو دوژمنایەتی تازە ساز دەداو ئەنجام لە مانگی (٤)دا بەهۆی چەند شـــەڕێکی دەوروبەری شـــاری کۆیەوە ئاگری شەڕێکی تازە هەڵایسا. هێزەکانی عێراق ناچار بوون کە شـــارەکانی قەڵادزێ، پێنجوێن و چوارتا چۆڵ بکەن. پاشان لە مانگی (٦)دا هێرشـــیان کردە سەر ناوچە گوندنشینەکانی هەولێر، هەڵەبجەو بادینان و کێڵگە و مەزراکانیان بە بۆمبای ناپاڵم و فسفۆڕ ســـووتاندن. لە مانگـــی (٧)دا لە قەڵادزێ نەخۆشـــیی کۆلێرا بڵاو بۆوە. لە مانگی هەشـــتدا قەتڵ و عامی دوکانی شـــێخان ڕوویدا. لە (٩٧٠/١/٥)دا (اکســـپرس) وتارێکی بڵاوکردەوە کە لەنێوان مانگی (٩و١٩٦٩/١٢)دا کوردەکان هێرشی عێراقییەکانیان بەتەواوی ڕاگرت و لە شـــەش مانگی ڕابردوودا کـــوردەکان (١٥) فڕۆکەی عێراقیان خستە خوارەوە. لە مانگی (١٩٧٠/١)دا، ڕژێمی بەعس لە مەکتەبی تەنفیزی پارتی دیموکرات، لەگەڵ بارزانیدا کەوتە گفتوگۆ. وەفدێکی کورد بە ســـەرۆکایەتی دکتۆر مەحمود عوسمان، چوو بۆ بەغداو لە (١٩٧٠/٣/١١)دا ڕێکەوتننامەیەکـــی (١٥) مادەیی لە (ناوپردان)، لەلایـــەن هەردوولاوە مۆر کراو کۆتایی بە شـــەڕی نۆ ســـاڵە هات.
(بڕوانـــە دەقـــی ڕێکەوتننامەکە لە کوردیش فکت شـــوبات و ئادار ١٩٧٠) کـــوردەکان ئۆتۆنۆمی و جێگریی ســـەرۆکایەتیی کۆماریان بەدەســـت هێناو زمانی کوردی بوو بە دووەم زمانی ڕەسمی عێراق (بڕوانە: دەقـــە عەرەبییەکەی، ڕۆژنامەی الجموریـــە، بەغدا ژمارە (٧٠٤) لـــە (١٩٧٠/٣/١٢). هەروەها دەقە ئینگلیزییەکەو کوردیش (فکـــت)، مانگی (٢و١٩٧٠/٣) هەروەها دەقە ئەڵمانییەکەی لەبنز،

کوردستان، (۲۳۲- ۲۳۵). (٥) وەزیری کورد دانران، بوردنی گشتی لەلایـــەن هەردوولاوە ڕاگەیەنرا ئاهەنگی گەورە گەورە بە بۆنەی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە گێڕدرا. لەگەڵ ئەمەشـــدا هەموو مەسەلەکان حەل و فەسڵ نەکران. لە (۱۹۷۱/۹/۲۹)دا پیلان و هەوڵی کوشتنی مەلا مســـتەفا دەستی پێ کرد. لە هاوینی (۱۹۷۲)دا کۆمەڵێک نائارامی لە ژەنگاردا ڕوویدا. گەنگەشەو قەرقەشە لەسەر ناوچە پڕ نەتەکانی کەرکوک، پـــاش خۆماڵیکردنی نەوت (۱۹۷۲/۱/۱) هاتە ئاراوە. لە مانگی (۱۹۷۳/۱)دا کۆمەڵێک ڕاسپاردە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی (۱۹۷۰/۱۱)، لەلایەن گروپە یەکگرتووەکان و ئەفریقای ڕەشەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی (۱۹۷۰/۳/۱۱)، بە قازانجی کوردەکان خرایە ڕوو (بڕوانە: لۆمۆند ۱۹۷۳/٦/۱٥).

## کوردی سوریاو لوبنان:

جگـــە لە چەند بنەماڵەی گەورەی کـــورد کە ئەمڕۆکە بەتەواوی ناســـنامەی کوردی خۆیان لە دەست داوەو بوون بە عەرەب، وەک: (برازی)یەکانـــی (حامات) و بەگەکانی ئاکارو بنەماڵەی (جنبلاط) (جان پولاد)و ســـەرانی دروزی، ئیدی هەموو کوردەکان، هەرچەندە مـــاوەی چەندین ســـەدەیە یـــا بەلای کەمـــەوە زۆر پێـــش هاتنی فەڕەنسییەکان، لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوونە، ئەوجاش توانیویانە تایبەتمەندێتیـــی نەتەوەیـــی و قەومی خۆیان بەتـــەواوی بپارێزن. توانیویانە ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان تاڕادەیەکی باش پەرە پێ بدەن

و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا چ ناکۆکییەکیان لەسەر مەسەلە سیاسییەکان نەبووە. هەروەها دەورێکی گرنگیان لە پێشخستنی باری ئابووری جزیرەدا بووە، بەڵام پاش ساڵی (١٩٥٧ لە سایەی ڕژێمانی جیاوازداو لە پەنای پڕۆژەی (کەمەربەندی عەرەبی، ١٩٦٣) کۆمەڵێک کێشەی سیاسی سەری هەڵداو بە بیانووی ڕیفۆرمی زەمینی، زەوی و زاری جووتیاران دەستی بەسەردا گیراو (٠٠٠، ١٢٠) هەزار کورد هەقی تەبەعیەیان لەدەست دا. کوردەکان لە هەقی هاووڵاتیێتی و ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی دەوڵەتی و قبووڵکردنیان لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا مەحروم و بێبەش کران. هەموو کتێبێکی کوردی و مۆسیقایەکی کوردی قەدەغە کرا، ناوی کوردی گوندەکان گۆڕان بە ناوی عەرەبی و عەرەب لەجێی کوردە ڕاگوێزراوەکان، نیشتەجێ کران (بڕوانە: ڤانلی، کێشەی کورد لە سوریا، ١٩٦٨).

## کۆمەڵگەی کوردەواری:

بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان، ژێرخانێکی کۆک و مەحکەمی هەیە. گەرچی ژمارەیەکی کەمی خەڵکی کوردستان هێشتا بەشێوەی سەرەتایی دەژین، بەڵام ئەمڕۆکە زۆربەی خەڵکی کوردستان لە دێهاتی جۆراوجۆرا نیشتەجێن. ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد لە دەرێی شارەکانا هێشتا بەشێوەی عەشایەرییە. (بڕوانە: ئەدمۆنز، ل١٢) لەنێو دەوارنشینەکانیشدا شێوەی کۆمەڵگە هەر عەشایەرییە. ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو دێهاتانەی کە لە دەرێی سیستەمی تیرەگەری

و عەشـــايەريدان، يا مامورانـــی دەوڵەتی، يا ئاغايـــان يا ڕێبەرانی مەزەبی بەڕێوەی دەبەن. دیارە ئەم وەزعە کۆمەڵایەتییە سەرەنجام بـــە گۆڕانی بنەڕەتی دەشـــکێتەوە، کە حاڵی حـــازر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم بابەتە گەشـــەکردنە بەرچاو دەکـــەوێ. لێرەدا لە پێشا دێینە سەر باسی وەزعی خانەوادەو عەشایەرو ئاغایان، پاشان دێینە ســـەر دەســـەڵاتی مەزەبیو ئەوجا دێینە سەر ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانەی پێوەندییان بەو مەسەلانەی سەرێ ڕا هەیە.

## آ- بونیادی بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردەواری:

### ١- خێزان:

خێزانی ئاســـایی کـــورد، لە باب و دایـــک و منداڵەکانیان پێک دێ. خێزان لەســـەر بناغەی زەوجیـــن ڕۆدەنرێ. فرەژنی کەم نییە، باب حاکمی موتڵەق نییە. زەوجین کۆڵەکەی بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە. لە کوردســـتانا کوڕو کیژی گەڕاوە یەکجار کەمن. عاشـــقێنی بەبێ مەبەســـتی پێکەوەنانی خێزان بەهیچ جۆرێ ڕێ نادرێ، لە شـــارە بچووکەکانی عێراق و ئێراندا ڕابواردنخانە نییە، زینا مەحاڵە، چونکە ئاقیبـــەت و ئاکامەکەی زۆر خەتەرو پڕ مەترســـییە. کوردەکان لە سەرەتای گەنجیدا خێزان پێکەوە دەنێن. تەمەنی ژنهێنان و شوکردن بۆ کوڕان (٢٠) ساڵی و بۆ کیژان (١٢) ساڵییە، بەڵام ئەمڕۆکە کە گەنجانی کورد لە شارەکاندا سەرقاڵی خوێندنن، تەمەنی ژنهێنان و شوکردنیش هەندێ هەڵکشاوە، زۆربەی کات ئامۆزا بۆ یەکدی دەبن، پسمام، خواستنی دۆتمام بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێ. دیارە ماڵی

کیژەکەش، پســـمامەکەیان زۆر پێ چاکترە لە خوازبێنیکەرانی دی. ئەم جۆرە پێکگەیشـــتنە خێزانداریانە گەلەک لایەنی چاکی تێدایە، چونکە بابی بوکێ، برازاکەی خۆی باشـــتر دەناسێت. پسمامەکەش هـــەم وەکو مێرد، هـــەم وەکو ئامۆزا ڕێـــزو حورمەتی دۆتمامەکەی دەگرێ. ئەمە جگە لەوەی بۆ کاتی تەنگانەو دژمنایەتی عەشایەری، بەتایبەتـــی جاران، بابی بوکێ تفەنگچییەکی دی لەپاڵ خۆیدا زامن دەکا. عادەتی شـــیربایی کەم بـــووە، هەندێکجار لەوەیە کیژەکە بە کەســـێکی بێگانە بدرێ، لەو کاتەدا پسمام لەبری هەقی خۆی و بۆ ئەوەی دەستبەرداری دۆتمامەکەی بێ، داوای هەندێ پارە دەکا. خۆ ئەگەر داواکەی جێبەجـــێ نەکرێ، لەوەیە کیژە مامەکەی هەڵگرێو دووریـــش نییە کچەکەو دایک و بابی بکوژێ. (بڕوانە: داغســـتانی ل٢٣). بۆیە هەڵگرتنی کیژ سەرەڕای هەموو مەترسییەکی، شتێکی مەحاڵ نییە. (بڕوانە: عقراوی، ل١٣٠، داغســـتانی، ل١٧) هەروەها هەندێکجـــار پێکەوەنانی خێزان لە ڕێگەی ژنبەژنەوە پێک دێ، واتە دوو کوڕ خوشکی یەکدی دەخوازن. (بڕوانە: ئاودال ٢٢٢، داغستانی ل٣). لـــەم جـــۆرە ژنهێنانەدا شـــیربایی نادرێ و زاوا مەســـرەفی زەماوەندەکە دەکێشـــێ. ژن و ژنخوازی لەنێو خەڵکانی بێگانەشـــدا ڕوودەدا، بەڵام لەم حاڵەتەشدا وا بە چاکتر دەزانرێ کە کوڕو کیژەکە خەڵکی یەک گوند بن، یا سەر بە یەک تیرەو تایفە بن. بەشێوەیەکی گشـــتی ژن و ژنخوازی لەنێو خزم و خوێشدا یەکجار باوە. (بارث، ل٦١) توانیویەتی ئەوە بســـەلمێنێ کە شوکردنی دۆتمام بە پسمام لەنێو عەشـــایەردا یەکجـــار زیاتـــرە (٪٥٧) وەک لەناو کۆمەڵگەی ناعەشـــایەریدا (٪١٧). لەنێو یەزیدی و کاکەییەکاندا ژن و ژنخوازی

بەینـــی خزم لای هەندێ خێزان ئیجبارییـــە. (بڕوانە: اودال موکری ل٤٤). شیربایی جگە لەو حاڵەتانەی کە باس کران، ئیدی لە هەموو حاڵەتێکی دیکەدا وەردەگیرێ (بڕوانە: داغستانی، ل٢٨. لیچ، ل٤٤ -٤٥. هانس ل١٢٣-١٢٤). وەرگرتنی شـــیربایی وەکو لە ئەورووپادا تەسەور دەکرێ، بریتی نییە لە فرۆشتنی کچەکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە جۆرە ئیعتیبارێک بۆ خێزانەکە ســـەیر دەکرێ. ڕێژەی شیربایی بەپێـــی ناوچە و پێگـــەی کۆمەڵایەتیی خێزان دەگۆڕێ. شـــیربایی بەشـــێوەی مەڕومالات، زەوی و زارو ئاش... هتد، یا بەشێوەی پارە دەدرێ. هەندێکجـــار ڕێژەکـــەی هێندە زۆرە کـــە خوازبێنیکەر بۆی هەڵناســـوڕێ. ســـەرەڕای ئەو ڕەخنەو ڕەخنەکارییانەی لە شیربایی گیراوە، ئەم دابونەریتە هێشـــتا بەتـــەواوی لەنێو نەچووەو تەنانەت لەنێو کوردەکانی سۆڤیەتیشدا هەیە.

فرەژنی بەپێی یاســـا لەنێو کوردی مسوڵمان و کوردی یەزیدیدا هەیـــە. لە ســـەردەمانی ڕابردوودا، فرەژنی یەکجـــار باو بووە، ئەم دابونەریتە لە ســـەدەی نۆزدەشـــا هەر بەرقەرار بووە. ســـەرۆکی خێڵـــەکان زۆرجار بەو (٤) ژنە شـــەرعییەی کە قورئان ڕێی داوە، قەناعەتیان نەکردووە. ئیبراهیم پاشـــای دامەزرێنەری سلێمانی چل ژنی هەبـــوو (بڕوانە: کامپانایـــل، ل١٠٧). بەدرخانی گەورە (١٤) ژن و(٩٩) منداڵـــی هەبوو، وەختێ مرد (٢١) کوڕو (٢١) کیژی لە پاش بەجێمان. ئێســـتا ئەم دابە باوی نەماوە. لە کۆندا فرەژنی بۆ خۆشـــگوزەرانی و ڕابواردن و نیشاندانی دەسەڵات بوو، بەڵام ئێستا هەندێکجار زەرورەتی ئابووری دەبێتە هۆی فرەژنی. ئێستاش ڕەنگە فرەژنـــی لەو شـــارانەی کە کەمتر خوێنـــەواری تێدایەو هەروەها لە

دێهاتـــدا مابێ (بڕوانە: هانس ١٣٨) و (بـــارث، ل٢٥). بەهەرحاڵ لە هەر شـــوێنێکدا فرەژنی باو بێ، ڕێژەکـــەی لە (٢٪) تێناپەڕێ. (بڕوانە: داغستانی ل٧٩). لە عێراقا ئەم ڕێژەیە لە (٤٪) (بڕوانە: پـــارث ٢٤)و ژمارەی هاوســـەرانی یەک پیاو لـــە دوو ژن تێناپەڕێ کە پێیان دەگوترێ هەوێ. لـــە تورکیاو هەروەها لەنێو کوردەکانی سۆڤیەتدا فرەژنی بەپێی یاسا قەدەغەیە، بەڵام بەهۆی مافی تەڵاق و تەڵاقکارییەوە، ژن هێنانەوە هەمیشـــە لە تواناداﯾە. یاســـای سێ تەڵاقە، ڕێ بە پیاو دەدا کە هەرکاتێ نەتوانێ لەگەڵ ژنەکەیدا بژی، تەڵاقی بداو جارێکی دی ژن بێنێتەوە بە پشتیوانی ئەم یاسایە شێخی شـــەدەڵە تا تەمەنی هەفتا ساڵە (١٩) جار ژنی هێنابوو. (بڕوانە: هانس، ل١٣٨). هەروەها ئیبراهیم ئاغای دزەیی هەمان کاری کردبوو (بڕوانە: های، ل٤٣). ژن زۆرجار بەهۆی نەزۆکی یا بەهۆی ئەوەوە کە کوڕی نابێ، لە گوینە تەلاق بدرێ، هەڵبەتە ئەگەر ناڕەزایی مێرد تەنیـــا نەزۆکی ژنەکەی بێ، یـــا کوڕ نەبوون بێ، لەوەیە کار نەگاتە جیابوونـــەوەو ژنەکە لای مێردەکەی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر شـــتی دی لەنێواندا بێ ئەوا ژنەکـــە تەڵاق دەدرێ و دەنێردرێتەوە بۆ لای کەســـوکاری و ئەگەری شوکردنەوەی یەکجار کەم دەبێ. خۆ ئەگەر ژنێـــک خەتای کردبێ، یا گومـــان لەداوێن پاکی بکرێ، نەک هەر لە ماڵی مێرد وەدەر دەنێرێ، بەڵکو ژیانیشی دەکەوێتە خەتەرەوە. لەم حاڵەتانەدا باب یا برا یا یەکێک لە کەســـوکاری ژنەکە، هەق بەخۆ دەدەن کـــە ژنی ناوزڕاو لەبەین بـــەرن. مناڵانی ژنی تەڵاق دراو لای بابیان دەمێننەوە. ژنێک کە مێردەکەی بمرێ، بۆی هەیە لای خەزوری یا لە ماڵی شـــوبراکانیا بمێنێتەوە (بڕوانە: بارث ل٢٩) هەندێکجارو

زۆر بەکەمی ڕێدەکەوێ شـــوبرا، براژنەکەی خۆی بخوازێ. هەڵبەتە ئەمە یاســـا نییە، بەڵکو لەبەر ئاســـانی ئەم جۆرە زەوجینە، پیاو ملی بۆ دەدا. (بڕوانە: داغستانی، ل٩٩. ئاودال ل٢٢١، بارث ل٢٩. ادمۆندز، ل٣٤٨. هانسن ل١٣٦). لە خێزانی کوردا، پیاو دەسەڵاتی زۆری هەیە. خانم هانسن (ل١١٧) دەربارەی پلەوپایەی ژن و مێرد لە کوردستاندا دەڵێ: (ژن لە کوێرە دێهاتی هەژارنشیندا پلەوپایەو دەسەڵاتی لە پیاو کەمترە. لە دێهاتی ئاوەدان و خۆشگوزەران و لەو شـــارانەدا کە خەڵکی خوێنەواری زۆرە، ژن هاوتاو هاوشانی پیاوە، بەڵام لەو شـــارانەدا کە خەڵکی نەخوێنەوارن، پلەوپایە و دەسەڵاتی ژن لە هی پیاو باڵاترو زۆرترە.

منداڵ هەمیشـــە ئـــارەزووی خێزان بـــووە، گەرچـــی کوڕ پتر مایەی شـــادی‌یە، بەلام لەدایکبوونی منداڵ چ کوڕو چ کچ هەمیشـــە بەپیرۆزی ســـەیر کراوە. ژمارەی منداڵ لە خێزانەکاندا زۆرە، بەڵام زۆربەیان بەهۆی نەخۆشـــییەوە هەر لە منداڵی ڕا دەمرن. هەمیشە بـــە چاکی ڕەفتار لەگەڵ منداڵدا دەکـــرێ، بەڵام تێکڕا لە چاودێری و سەرپەرشـــتیی تایبەتیی مەحرومن، چونکە هەلومەرجی ژیان لە کوردستاندا سەختە. کە منداڵ لەدایک دەبێ، بەزۆری لەلایەن ژنانەوە ناودەنـــرێ (بڕوانە نیکیتین، ل١٠٦)، بەڵام هەندێکجار مەلایەک ئەم کارە دەکات. (بڕوانە: بارث، ل١١٢، هانسن ل١٠٨) منداڵ بە زۆری بە ناوی گەورە پیاوانی ئیسلامی یا قارەمانانی مێژوویی یا دلاوەرانی ئەفســـانە میللییەکانەوە ناودەنرێن. یـــا هەندێکجار ناوێک بۆ منداڵ هەڵدەبژێردرێ کە مانـــای زانایی و چاکەخوازی هەبێ، دایک و باب حەز دەکەن منداڵەکانیان لە ئایندەدا چاکەکار دەربچن. هەروەها ناوی

گوڵ، میوە، و ئەو گیانلەبەرانەی کە سیفەتی چاکەیان تێدایەو جێی پەسەندی هەمووانە، لە منداڵان دەنرێن. زۆربەی ناوەکان بەشێوەی بچووککراوەو خۆمانی بەکاردەبرێــن. زۆربەی ناوی نێرینە بە پیتی (ۆ) و نــاوی مێینە بە پیتی (ێ) کۆتاییان دێ. ئەوەی ســەیرە، ئەمەیە کە بۆ بانگکردنی کەســێک کە ئەسڵزادەو نەجیمزادە نەبێ فۆڕمی نێرینە بەکاردەبرێ و بۆ کەســێک کە ئەسڵزادە بێ شێوەی مێینە بەکاردەبرێ. (بڕوانە: جلادت بەدرخان، گرامەر، ل٩٨).

منــداڵ دوای چەند ڕۆژێک لە لەدایکبوونی، خەتەنە دەکرێ، ئەم کارە لەلایەن (سوننەتچی)یەو دەکرێ و لە کاری خۆیدا مەعلانە، یا لەلایەن دەلاکێکی ئاسایی گەڕۆکەوە دەکرێ. (بڕوانە: بارث، ل١٢٢. نیکیتین، ل١٠٦) لە هەندێ شوێندا کوڕ لە تەمەنی (٥-٧) ساڵیدا خەتەنە دەکرێ. زۆرجار چەنــد منداڵێک پێکەوە خەتەنە دەکرێن. کە کوڕی سەرەکعەشــیرەت یا کوڕی پیاوێکی ناودار خەتەنە بکرێ، ئاهەنگێکــی بچکۆلە بەرپا دەکرێ و دۆســتان و خزم و خوێش بۆ نانخواردن دەعوەت دەکرێن. (بڕوانە: بارث، ل١١٢).

## ٢- پێکهاتەی بونیادی عەشیرەتی:
## پێرستی عەشایەرە کوردەکان:

بێگومان عەشـــایەر یەکێکە لە کۆڵەکـــە بنەڕەتییەکانی بونیادی کۆمەڵگەی کوردەواری. حاڵی حازر پێڕســـتێکی ناوی ســـەرلەبەری تیرەو هۆزو کوردەکان لەبەردەســـتدایە. لە ســـاڵی (١٨٢٦)دا لیرچ پێڕســـتێکی کوردت و یەکجار بەسوودی لەمەڕ کوردەکانی تورکیاو (ل٦٣- ٨٧) کوردەکانی سۆڤیەت و (ل٨٨- ٨٩) ئێران (ل٩٢- ١٢١) ئامادە کرد. ژاپا لە ساڵی (١٨٦٠)دا ناوی ژمارەیەک لە تیرە کوردەکانی تۆمـــار کردووە (بڕوانە: ل-٨، دەقە کوردییەکەی). لە ساڵی (١٨٩٦)دا لە تەفلیس ئی. کوردیندکو نەخشەیەکی دەربارەی جێی تیرە کوردەکانی ناوچەی قەفقاز بڵاوکردەوە. لە ساڵی (١٨٩٧) دا نەخشـــەیەکی دی هەمان ناوچە لەلایەن سەرهەنگ کارت سڤرەوە بڵاوکرایەوە. لە ساڵی (١٩٠٨)دا مارک سی کس ناوی (٣٠٥) تیرەی کوردی دانیشتووی سەرزەمینی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی تۆمار کرد، پاشـــان جی. ئارد. درایڤەر لە ساڵی (١٩١٩)دا نەخشەیەکی (سی کس)ی بەشێوەیەکی دی بڵاوکردەوەو تیرەکانی کوردستانی باشوور (کوردســـتانی عێراق)و ئەو تیرانەی کە لە دەرێی خاکی کوردستانا دەژیـــان و پاش یەکەم جەنگی جیهان کەشـــف کران، ئەوانەشـــی خستە سەر، بەڵام ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە لەو سەردەمانەوە تا ئێســـتا ڕوویانداوە، گۆڕانێکی زۆر گەورەی بەسەر شوێن و ڕێی تیرە کوردەکان هێناوە. لە ساڵی (١٩٣١)دا محەممەد ئەمین زەکی لە کتێبی

مێژووی کوردستاندا کە بە زمانی کوردییە، خشتەیەکی تەواوی هەموو تیرە کوردەکانی ئامادە کردووە. (بڕوانە: ل٣١٩- ٣٩٨، تەرجەمەی عەرەبی ١٩٣٩، هەروەها ل٣٧٣- ٤٦٨. لەگەڵ خشتەکەدا) لە ساڵی (٩٣٠)دا تیرە کوردەکانی ســوریا لەلایەن سرویسی فەڕەنسیی لوانت -ەوە ســەرژمێری کراون (بڕوانە: بەشــی پێنجەم ل١٣٧- ١٩٠) لە ساڵی (١٩٣٩)دا هەمان کار بەشێوەیەکی وردترو تێروتەسەلتر لەلایەن پ. ڕاندۆت-ەوە ئەنجام درا. پێڕســتی ناوی ئەو تیرە کوردانەی کە لە بڵاوکراوەی ڕۆژانو بە زمانی کوردی دەربارەی عەشــایەری عێراق (ژمارە ١٤و١٩٤٦/١/٦٦و دەربارەی عەشــایەری ئێران، ژمارە ٦٨، ١٩٤٦/٢/٤) بڵاوبــووەوە، زۆر بەکەڵک نییە، چونکە ئامارێکی وردو دروست ناخاتە بەردەست. لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئێران محەممەد موکری زانیاریی چاکی دەربارەی عەشــایەری سەنجابی ئێران بڵاوکردۆتەوە. ا. عزاوی لە ســاڵی (١٩٤٧)دا بە زمانی عەرەبی لێکۆڵینەوەیەکی پڕ بایەخی دەربارەی عەشــایەری عێراق ئەنجــام داوە. (ل٢٢٢- ٢٢٧) ڕاپۆرتێکی گەلەک چاک دەربارەی تیرەو تایفەکانی عێراق لە باکووری کوردستاندا (ل١٨- ٢٧)و کوردستانی باشوور (ل٤٥- ٥١) لەلایەن ا. چ. فیلد-ەوە لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی ئانتروپولی عێراق، لە ساڵی (١٩٥٣)دا ئامادە کراوە. لەو بەرهەمەدا ناوی سەرۆک عەشیرەتەکان و شوێنی دانیشتنیان بەپێی بایەخی هەریەکێکیان سەرژمێری و تۆمار کراوە. لێرەدا پێویســتە ئەم حەقیقەتە بگوترێ کە ئەو زانیارییانەی فیلــد لەم بارەیەوە داویەتی بەر لە کارەکانی عزاوی ئەنجام دراوە. لە ئێرانیشدا لە ساڵی (١٩٥٣)دا لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی مەردۆخدا، (ل٧٥-١١٩)، نــاوی (٤٩٠) تیرە تۆمار کــراوە، لە بەرگی دووەمی

هەمان کتێبدا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەســـەل لەمەڕ عەشـــایەری سنە ئەنجام دراوە. لە لێکۆڵینەوەکانی (ب. کارابودات)دا هەشـــت خشتە دەربارەی شوێن و پێگەی تیرەو هۆزە کوردەکانی تورکیا لە ناوچەی ئورفە، ماردین، دیاربەکر، ســـیرت، بتلیس، موش، ڤان و هەکاری و هەروەها دەربارەی عەشـــایەری ناوچەکانی سنووری سوریاو عێراق و ئێران خراوەتە ڕوو. عەشایەری یەزیدیش لە ساڵی (١٩٣٥)دا لەلایەن عزاوییـــەوە هاتوونەتە ســـەرژمێری و ناســـاندن (ل٩٠- ١١٠). ناوی تیرە یەزیدییەکانی ناوچەی ژەنگار و جبال الکراد لە ســـاڵی (١٩٣٨) دا لەلایـــەن ا. رلســـکۆوە تۆمار کـــراوە. (ل٢٥١ — ٢٦١). هەڵبەتە ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە بەشێوەیەکی دووروودرێژو تێروتەسەل دەربارەی تیرە جۆراوجۆرەکانی کورد بنووســـین، بەڵام بایەخی ئەم خشتە تێروتەسەلانەو لیســـت گرتنەوەی ناوی تیرەکان لەوەدایە کە بەربڵاوی کۆمەڵگەی عەشایەری نیشان دەدا، کە بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ژیان و مێژووی میللەتی کورد دەخاتە ڕوو. شایانی باسە کتێبی شەرەفنامە (١٥٩٦) لەم بوارەدا یەکێکە لەو کارە بەنرخانەی دەبێ ناوبنرێ. شـــایانی باســـە گەلەک زانیاری بەسوود لەم ڕووەوە لـــە بەرهەمی ئەم زاتانەدا بەرچاو دەکەون: ســـوان (١٩١٢- ١٩٢٦) لانگریک (١٩٢٥)، لیـــچ (١٩٤٠)، نیکیتین (١٩٥٠) بارث (١٩٥٣) و ئەدمۆندز (١٩٥٧). لە ســـاڵی (١٩٤٩)دا دملوجی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی دەربارەی عەشایەرو تیرەو دێهاتی یەزیدییەکان بە ژمارە و ئامارەوە بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە (ل٢٢٤- ٢٦٠).

## عەشایەری کوردو ئەندامەکانی:

های دەڵێ: "عەشـــایەری کـــورد، کۆمەڵێک یـــا چەند کۆمەڵە خەڵکێکـــن پێکەوە خڕبوونەتەوە تا ئەندامانی خۆ لە دەســـتدرێژی خەڵکانـــی دی بپارێزن. هەروەها دابونەریت و خوو خدەی نەتەوەیی و نـــەژادی و تیرەیی و ڕێوڕەســـمی ژیانی خێڵەکـــی خۆ بپارێزن). ئاشـــکرایە لە سەرزەمینێکی کوێستانی وەکو کوردستان، هەلومەرج لەبـــارە بۆ یەکبوونی چەند کۆمەڵە خەڵکێـــک، زەرورەتی ژینگە وا دەخوازێ ئەمانە بەناچاری لە دەوری یەکدی خڕببنەوەو وابەســـتم گیان پێکەوە هەبێ، بۆیە دوور نییە عەشـــایەر لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی ئەم بابەتە پێویســـتییە دروست بووبن. بونیادی عەشیرەتی وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دی لە یەک بنەتۆوی مەرکەزی وەکو خێزان پێـــک هاتووە، بەڵام ئێمە ناتوانین عەشـــایەری کورد بەیەک خێزان بزانین. عەشـــیرەتی کورد کەم تـــا کورتێ لە (اباط —ی دوازدەیی) قەومی اســـرائیل دەچێ کە لە انجیلدا باس کـــراوە. (بڕوانە: اف. میلینجیـــن ل٢٨٤) هەنـــدێ پســـپۆڕانی کۆمەڵناســـی هاوچەرخی کورد لە ڕاســـتیا لەگەڵ ئەم بابەتـــە تیۆریانەدا نین، گەر پێوەندی تیرەکانی عەرەب لەســـەر بناغەی ئەســـڵ و نەســـەبی قەومی بێ، ئەوا پێوەندیی کوردەکان لەســـەر بناغەی زەوی و خاکە، و هەموو ئەو کەســـانەی کە لە یەک شوێن نیشـــتەجێ بوون، پەیڕەوی یەک ســـەرۆک عەشیرەتیان کردووە. (بڕوانە: خاک، ل٦٨. عقراوی ١٨). بەهەرحاڵ ئەو کۆمەڵناســـە ڕۆژاواییانەی کە لە بونیادی عەشیرەتی

کوردیان کۆڵیوەتەوە وەک: (لیچ ١٩٤٠، بارث ١٩٥٣، دبلیو. ل. ئی ١٩٥٦) پێدەچێ کۆمەڵێک جیاوازییان لەنێوان خێڵە دەوارنشـــین و خێڵە دێهاتنشـــینەکاندا بەدی کردبێ. بارث، لە پێکهاتی سیاســـی عەشـــیرەتی جاف، کە کۆمەڵگەیەکی بەهێـــزەو لە چەند تیرەیەک پێک هاتووەو تا ئەم دواییانەش دەوارنشـــین بـــوون، کۆڵیوەتەوە (بڕوانـــە: نموونەی، ژمـــارە ٣، ل٣٤- ٤٤). هەروەها لە پێکهاتی سیاسیی عەشـــیرەتی هەمەوەندیش (نموونەی، ژمارە ٤و٥، ل٤٥- ٤٩) کۆڵیوەتەوەو بۆی ســـاغ بووەتەوە کە بونیادی ئابووری لەنێو ئەم عەشـــیرەتەدا لەسەر دەســـتکەوتە کشـــتوکاڵییەکان ڕۆنراوەو خەڵکانی بێ عەشیرەتیشـــیان تێکەڵ بووە. لێکۆڵینەوەکانی بارث لەم ڕووەوە تایبەتە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاســـی عەشیرەتی بابان، کە لـــە بنەماڵەی بەگزادەکانی بابانـــن. (نمودار، ژمارە ٦، ل٦٠- ٦٦). هەروەهـــا لێکۆڵەرەوەیەکی دی بە ناوی خوازراوی (و. ل. ئـــی، ل٤٣٢) توانیوتی لە کۆمەڵگە دێهاتییەکاندا چەندین جۆرە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز کەشـــف بکا. بۆ وێنە تیرەی کۆنی گەردی کە لە ســـێبەرو ســـایەی ئاغایان، دەڵێن لە بنەڕەتدا یەک تیرەی خاوەن ئەســـڵ و فەسڵی هاوبەش بوونەو پاشان لێکدی هەڵبـــڕاون و بـــوون بە تیـــرەی جیاواز جیاواز، یـــا دزەیی و جاف کە لە ســـایەی ســـەرۆکایەتیی یەک فیوداڵن و ئەســـڵ و فەسڵیان لێکدی جیایە. دەســـەڵات و دەوری کۆمەڵایەتیی شێخە ئایینییەکان کە سەرۆکی عەشـــیرەت نین خۆی بە ڕوویەکی تری ئەم مەسەلەیە دەژمێردرێ. (بڕوانە: ڕاندوت، خێڵە چیانشینەکان، ل٣٩- ٤٧).

جگـــە لەمانە هەندێ چینی دی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەن،

کە بەتایبەتی لەنێو ئەو دێهاتیانەدا بەرچاو دەکەون کە عەشیرەتیان هەیە یا لەنێو ئەوانەدا کە ڕەگ و ڕیشـــەی عەشایەرییان نییە، ناوی خۆیان لە شـــوێنی نیشـــتەجێبوونیان یا لەو شـــێوەزارەوە کە پێی دەدوێن، وەرگرتووە، وەک: کوردمانج (کرمانج)، گۆران، یامسکێن. هەندێ لەم گروپانە هەندێکجـــار وەکو غولام و کۆیلەو خزمەتکاری ئاغاو گزیری گوند حسێب کراون (بڕوانە: نیکیتین، ل١٢٤) ئەمدۆندز (ل١٢٣) سەبارەت بە مەســـەلەی کۆیلەیەتی دەڵێ: "ناوی مسکێن لـــەڕووی ماناو چەمکەوە، لەچاو هەردوو وشـــەی کرمانج و گۆراندا، پتر هاوواتای غولام و کۆیلەیە". لە ڕاســـتیدا کرمانج و گۆران ناوی شـــێوەزارو تایفەن. لەوەیە ئەم غولامانـــە نەوەو نەتیرەی خەڵکانی ئەســـڵی ناوچەکە بووبن و عەشایەری شـــەڕکەرو دڕ بەسەریا دابن و ئەم حاڵەیان بەســـەردا ســـەپاندبن و لە هەموو ماف و ئەرکێکی یەکسانی بێبەش کرابن. هەروەها بنەماڵەی ئەسڵزادەو نەجیمزادەش هـــەن کە دەکرێ ناوی بەگزادەکان ببرێ. هەروەها چینانی دی هەن کە بە نەجیم نایەنە ژماردن، ئەمانە وەکو تفەنگچی و پاســـەوان لە خزمەتی سەرۆک تایفەکاندا ڕادەگیرێن. (نیکیتین، ل١٢٥)یان پاش ماڵە (بارث ٤٢) ئەمانەش بۆ پاســـەوانی و پاراســـتنی ســـەرۆکان ڕادەگیرێن و دەشـــێت لە هەر تیرەو تایفەیـــەک بن (بارث، ل٤٦)، لـــە ڕابوردوودا ئەمانە کۆیلەو غولام بوونە (نیکیتین، ل١٢٥)، پاش ئەمانە چینی دێهاتیان دێ.

ئێستا، پاش بۆچوونەکانی ڕاندۆت، ڕەنگە بتوانرێ شتێک لەمەر بونیادی تیرەی کوردەکان بخرێتە ڕوو، بۆیە دەبێ ئەوە بگوترێ کە بناغەو پایەی عەشـــیرەتی لەســـەر ماڵ و خێزان یا کەسوکارو خزم

ڕۆنراوە. بە گوتەیەکی دی باب و داک و منداڵ، کۆڵەکەی بنەڕەتیی عەشیرەتی پێکدێنن. وەختێ خانەوادە گەورە دەبێ، کوڕ ژن دێنێ و ماڵ جیادەکاتەوە. بەرەبەرە لە ئەنجامی گردبوونەوەو هاوبەستەگی و خزمایەتیـــی ئەمانـــەوە ژمارەیەک بنەماڵـــەی زۆر پێک دێ و بە کـــۆی ئەم ماڵانە دەگوترێ تیرە یا عەشـــیرەت. بارث لەم بارەیەوە زاراوەی دی بەکار دێنێ بۆ وێنە ئەو عەشیرەتی جاف، دەکا بەچەند تیرەیەکەوە کە تێکڕا گروپێکی سیاســـی پێک دێنن، هەڵبەتە نابێ ئەمانە لەگەڵ هۆزدا کە ســـەر بە یـــەک ڕەگ و ڕەچەڵەکن، تێکەڵ بکرێـــن. هەر تیرەیـــەک دەبێ بە چەند خێڵێک و هەر خێڵە (٢٠ — ٣٠) دەوار یـــا خێزان دەگرێتەوە کە بـــە حوکمی پێوەندی ئابووری و خێزانییەوە یەکیان گرتووە. سەرۆکایەتیی عەشیرەت، پاشایەکی ســـەر بە بنەماڵەی بەگزادەکان لەئەستۆی دەگرێ. هەر تیرەیەکیش (سەرۆکێک) سەرپەرشتی دەکا. هەر خێڵەش کوێخایەکی هەیە کە لەلایەن ســـەرۆکی گوندەوە هەڵدەبژێـــردرێ. لەناو عێلی هەمەوەندا ســـەرۆکی تیـــرە، ئاغای پـــێ دەگوتـــرێ. (لیـــچ، ل١٣- ١٤)ش لەلای خۆیەوە بەمجۆرە پێناســـەی عەشـــیرەتی کردووە: (کۆمەڵە خەڵکێکن کـــە ناوی تایبەتیی خۆیان هەیە، ئـــەم ناوە وەکو چۆن پێناســـەی ئەندامانی عەشـــیرەتەکەیە، لەهەمان کاتیشدا پێناسەی شوێنی نیشتەجێبوونیشـــیانە). لە ڕاستیا ئەمە وەسفە بۆ دەستەو گروپێکی سیاسی کە لە یەک یا چەند تایفەیەک پێکهاتووەو ڕەگ و ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە ســـەر یەکدی و دەبن بە چەند تیرەیەکەوە، لینچ، کۆمەڵگەی عەشـــایەری بەشێوەیەکی سادەو بەمجۆرە دابەش دەکا: عەشیرەت، تایفە، تیرە.

جا با ئێستا بێینە سەر سیستەمی هۆبە. ئەم سیستەمە تایبەتە بە عەشـــایەری نیمچە دەوارنشـــینەوە، ئەم سیســـتەمە لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەو ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتدا هاتە ئاراوە. هۆبە کۆمەڵگەیەکـــی کاتییە، لە مەڕدارانی چەند گوندێک پێک دێ کە لە وەرزی بەهاردا تێکڕا کۆمەڵێک پێک دێنن بە ناوی هۆبە. مەڕومالاتی خۆیـــان دەبەن بۆ پاوەن و لەوەڕگاکان و تـــا کۆتایی وەرزی پاییز لەوێندەر دەمێننەوە. لە پێکهاتی هۆبەدا، پێوەندیی خانەوادەیی یا عەشایەری مەرجی سەرەکی نییە. سەر هۆبە، یا هۆبەباشی، ئەرکی ئـــەم جێو ئەوجێپێکردنی ڕانەکانی لەئەســـتۆیەو دەبێ لەم کارەدا کارامەو لێهاتوو بێ. لە سیســـتەم و بونیادی هۆبەشدا چینی جیاواز بەرچاو دەکـــەون. لە پاش موڵکـــداران و ئاغایانی خاوەن بایەخ و ئیعتیبار، سەرهۆبەو- کە لە ناونیشانی سەرۆکی هەیە- کەسوکاری سەر هۆبە دێ. ئەوجا شوانانی سادە دێن.

## سەرۆکی عەشیرەت، ئەرک و مەسئولیەت و دەسەڵاتەکانی:

ســـەرۆکی عەشـــیرەت، ئاغای پـــێ دەگوترێ، چەنـــد پیاوێکی گـــەورەو بەناوبانگیش بێ هەر ئاغای پێ دەگوترێ. ئاغا عینوانێکی تاڕادەیەک تازەیەو سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پاش داگیرکردنی شاری بەغدا لەلایەن سوڵتان مرادی چوارەمەوە (ئەدمۆنـــدز، ل٢٢٣). ئاغـــا دەبێ لە بنەماڵـــەی ئەرباب و ئاغایان بێ، عادەتەن ئەم پلەوپایەیەی لـــە بابوباپیرانەوە بۆ دەمێنێتەوە،

زۆربـــەی کات کوڕی گەورە جێی بابی مـــردوو دەگرێتەوە. هەڵبەتە ئەمە دەستوورو یاســـایەک نییە کە لە لێلادانی نەبێ، چونکە برای بچووکتر لە حاڵێکا لە برا گەورە لێوەشاوەترو لایەقتر بێ و پتر جێی پەسەندی خەڵکەکە بێ، دەتوانێ لە جێی برا گەورە ببێ بە ئاغا، یا لەوەیە ئاغا لەنێو هەموو سەرانی تایفەو تیرەکانی هەمان عەشیرەتدا هەڵبژێـــردرێ و هەندێکجار بە تۆبزی یەکێـــک بە ئاغا دابنرێ، خۆ هەندێکجار حکومەتی مەرکەزی دەســـت دەخاتە کاروباریان و خۆی ڕاستەوخۆ ئاغایەک دادەنێ.

لە ســـەردەمی خان خانەکێ و فیودالیزمدا، سەرۆکی عەشیرەت لەنێو عەشـــیرەتەکەی خۆیـــدا خاوەنی هەموو دەســـەڵاتێک بوو، ئەرکـــی ئـــەوە بوو کـــە باج و خەراج بە حاکم و ســـوڵتان و شـــا بدات، دیارە ئەویش ئەم مەســـرەفانەی لەبن دەست و وابەستەکانی خـــۆی وەردەگرت و لەبری ئەمە لە کاتی شـــەڕو ئـــاژاوەو خەتەردا پەنای دەدان و دەیپاراستن. هەڵبەتە ئەم سیستەمە کۆنەو ئەمڕۆکە سەرۆکی عەشـــیرەت ئەرکی دی لەئەستۆدایە، بەتایبەتی خۆی، یا نوێنەرەکەی لە گونددا، لە سەریانە پێشوازیی ئەو میوان و ڕێبوارانە بکەن کە ڕێیان دەکەوێتە گوند، جا ئەم میوانانە کورد بن یا بێگانە، دیارە ژمارەشیان بەپێی وەرزو وەزع و حاڵی باو زیادو کەم دەبێ. بۆ دابینکردنی مەسرەف و بودجەی لابەلای سەرۆکی عەشیرەت، دەبێ ئەندامانی عەشـــیرەتەکە هەندێ باجی تایبەتی بدەن کە پێی دەڵێن هەقی ئاغا. جگە لەمانە شـــوان و جووتیارانیش بڕێک لە دەرامەتی خۆیان بە ئاغا دەدەن. هەروەها چەند ڕۆژێک بە دەســـتەجەمعی و بـــە کۆمەڵ بەبێ کـــرێ کار بۆ ئاغا دەکەن و بەمە دەڵێن، هەرەوەز

یـــا هەندێکجار بێگار. جگە لەمانە، ڕەعیەت دەبێ لە هەندێ بۆنەی تایبەتی وەک زەماوەندو جەژن بەناچاری دیاری بۆ ئاغا بەرن و بەمە دەڵێن دیاری و جەژنانە. هەروەها لە مەســـەلەی دزی و ژنهەڵگرتن و پیاوکوشـــتندا، ئاغا دەکەوێتە بەینەوەو ئەگەر مەســـەلەکەی بە بارێکی چاکدا شـــکاندەوەو بە ڕێکوپێکی حەل و فەسڵی کرد، ئەوا دەبێ هەقی ئەو ناوبژی و داوەرییە بە ئاغا بدرێ و پارەی نەخت لە تاوانباران وەردەگرن، هەڵبەتە ئەمە مافی عەشیرەتییەو نابێ لەگەڵ ئەو شتانەدا تێکەڵ بکرێ کە شوانان و جووتیاران دەبێ بە ناچاری بە ئاغای بدەن.

## ٣ - بونیادی ئابووری:

### دەوارنشینی

دەوارنشـــینان، لە پەنای عێڵ و عەشـــیرەتدا پێک دێن و پەیدا دەبن. دەوارنشـــینان کاری هەوەڵ و ئاخریـــان مەڕدارییە، ئەویش لە سنووری پێداویســـتییەکانی خۆیاندا، ژیانیان سەخت و دژوارە، بەتەواوەتی گوێڕایەڵی ســـەرۆکی عەشـــیرەتن. دەوارنشینی لەبەر کۆمەڵێک هۆی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە حاڵی گۆڕاندایەو بەرەبەرە ماهیەتی خۆی لەدەست دەداو ڕوو لە نەمان دەچێ.

لەنێـــوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، هەوڵێکـــی زۆر دراوە تیرەو تایفە کوردو غەیرە کوردە دەوارنشـــینەکان لە شوێنێکدا نیشتەجێ بکرێـــن، بەڵام جـــۆرو چۆنێتی ئەم نیشـــتەجێکردنە چ لە تورکیا و

چ له ئێران که لەلایەن مستەفا کەمال و ڕەزا پەهلەوییەوە پیادە دەکرا، هەمیشە مایەی ناڕەزایی تیرەو تایفە دەوارنشینەکان بووە. له سۆڤیەتدا، سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە تیرەکانی قەفقاز بەجۆرێکی دی بووە. بە گوتەی (ئاڕ. جی. ئێم) گۆڵد ئادامز (گەشتی ڕۆژهەڵات ٩٤٧، ل٩٤) ڕووسەکان لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەدا لە هەموو شوێنێکی تری ڕۆژهەڵات سەرکەوتووتر بوونە. ئادامز دەڵێ: "لە ڕاستیا، ڕووسەکان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی خۆیان، چەندە ڕێبازی سیاسی و سوپایی ڕەچاو دەکەن، ئەوەندەش بایەخ بە ڕێبازی ئابووری دەدەن، ڕووسەکان دەربارەی دەوارنشینەکانیش هەمان ڕێبازیان گرتۆتە بەرو ئاوو زەویان بە دەوارنشینەکان داوەو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەروبووم کە پێداویستیی بژێویی دەوارنشینانە، کارناس و پسپۆڕی تایبەتیان ناردوونەتە ناو، تا فێریان بکەن و یارمەتیان بدەن".

له شوێنانی دیدا نیشتەجێکردنی دەوارنشینان لە یەک شوێنا قۆناغ بە قۆناغ و زۆر بەئاسانی ئەنجام دراوە، عەشیرەتی جاف نموونەیەکی زیندووی ئەم گوتەیەیە (ادمۆندز ل١٤٦).

## ژیانی دێهاتیانە لە کوردستاندا:

زۆربەی خەڵکی کوردستان دێهاتنشینن. گەرچی پیشەسازی لە کوردستاندا لە حاڵی پێشکەوتندایە، بەڵام هێشتا لە سەدا (٦٥ – ٨٠٪)ی خەڵکی کوردستان گوندنشینن و لەبەر ڕۆشنایی ئەم

واقیعەدا ئەوە بەدیار دەکەوێ کە زەوی چ بایەخێکی گرنگی لە ژیانی جووتیاران و خەڵکی کوردستاندا هەیە. سیستەمی زەویداریی لەنێو کوردا زۆر مەسـەلە دێنێتە ئـاراوە. بەر لە یەکەم جەنگی جیهانی، زۆربەی خاکی کوردسـتان بەشـێک بووە لە خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ساڵی (١٨٣٩)دا سیستەمی تیول (؟) هەڵوەشێنرایەوەو سیستەمی زەویداری کرا بە بەشێک لە سیستەمی زەویداری دەوڵەتی عوسـمانی. (١٨٥٨) ئەم سیستەمە تا نزیکەی ساڵی (١٩٣٠) لەو شـوێنانەدا کە سەردەمانێ بەشـێک بوون لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی (وەک عێراق و سوریا) هەر بەرقەرار بوو (بڕوانە: ڤارینەر ٦٦). ئـەم یاسـایە چەندین جۆری مافـی موڵکایەتی دەگرتەخۆ، وەک موڵکداری بەشـێوەی ڕەهاو بێ قەیدوشـەرت، موڵکایەتی تا کۆتایی ژیان کە پێی قەواڵە یا تاپۆ دیاری دەکرێ. موڵکی دەوڵەتی (زەوی ئەمیری) ئەمەیان بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بووەو هەندێکجار بەشـێوەی (تا ۆتایی ژیان) دەدرا بە خەڵکی تا سوودی لـێ وەربگرن. موڵکی وەقف، ئەو موڵک و زەویانەی کە بۆ مزگەوت و قوتابخانـەو خوێندکاران و نەخۆشـخانەو دامودەزگای خێرکاری بەکاردەهاتـن پێیان دەگوترا (خیریە)و ئەوانـەی خەڵکی بەکاری دەهێنـان پێیان دەگوترا (ئەهلی). موڵکی (مەتروکە) وەکو جادە، ڕووبارو ئەو بابەتە شـوێنانەی کە بەشێوەی کۆمەڵگەی کشتکاری بەڕێوەدەبرێـن. زەوی (موات) وەکو بیابان و زەوی بێ پیت و چۆڵ کـە هەمووی موڵکی دەوڵەتە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە لە ئێراندا جۆرە موڵکێک هەیە پێی دەگوترێ موڵکی خالّیسە یا موڵکی پاشایەتی (لامبتون، ل٢٣٨- ٢٥٨).

جۆرەکانـــی موڵک و ژمارەیان لە دەوڵەتێکـــەوە بۆ دەوڵەتێکی دی جیـــاوازەو تێکڕا کارێکی وا دەکەن کە وردە موڵکداران ســـوود لـــە زەوییەکی کەمتر وەربگرن (لە تورکیادا ٣/٢و لە عێراقا ٣/١). موڵکـــداری گەورە لە هەموو شـــوێنێ زاڵە، لە عێراقا لە کۆی (١٠) ملیۆن هیکتار زەوی کشـــتوکاڵی چوار ملیۆنی هی دەوڵەتەو شەشی هی موڵکدارانی تایبەتە. لە ئێرانا (١٠٪) دێهاتییان لە سەدا هەشتی زەویـــان بەرکەوتـــووە، واتە هەر خێزانێـــک (١ — ٣) هیکتاری یا یـــەک (کات)ی. کات لە زمانی کوردیدا دوو مانای هەیە، یەکێکیان دەکاتە یەک جووت گا کە لە کاری کشـــتکاریی میناکی زەوی کێڵان بەکاردەبرێن، و دووەمیان ئـــەو بڕەکارەیە کە جووتیارێک دەتوانێ لـــە یـــەک ڕۆژا ئەنجامی بدات. پـــێ دەبـــڕێ. موڵکدارانی گەورەی وەک دەوڵەت و ســـەرۆک تیرەو شـــێخانی ئایینی و کاســـبکاران و بازرگانانی دەوڵەمەنـــد، زەوی‌و زارە زۆرەکەی خۆیان بۆ ماوەیەکی کەم و بە کرێیەکی زۆر دەدەن بە ئیجار، کە ئەمە دەبێتە هۆی پتر هەژاربوونی دێهاتیان. لە ڕاستیا ئەو باج و سەرانەیەی کە جووتیاران دەیدەن، یەکجار قورس و زۆرە، لە ئێرانا ئەگەر دەرامەتی ساڵانەی موڵکـــداری گەورە بگاتـــە (٥٦٠٠) دۆلار، ئەوا تێکـــڕای دەرامەتی ســـاڵانەی جووتیارێـــک تەنیا (٦٠) دۆلار دەبێ. لـــە عێراقا بەر لە دووەم جەنگی جیهانی، دەرامەتی ساڵانەی یەک دێهاتیی کورد (١٠) لیـــرەی ئینگلیزی بوو. ئەو باج و ســـەرانەیەی کە دێهاتی دەیدا بە ئاغا یەکجار زۆرەو بەم شێوەیە دەدرێ لە (١٥٪) لە شێوەی کاڵادا، لە (٨٠٪) لە شـــێوەی بێگاردا، (٥٪) لە شێوەی تردا. لە تورکیادا مافی ئاغاو ڕەعیەت بـــە چەندین جۆر دەبینرێ وەک: (یارچلیک)،

لەم سیستەمەشدا جووتیار گاو هەوجارو چوارپێی خۆی بەکاردێنێ و نیوەی بەروبوومەکەی بە ئاغا دەدا. (رســـم چلیک). لەم حاڵەدا ئەوەی بە ئاغا دەدرێ، وەســـتاوەتە ســـەر شوێن و جۆرو بەپیتی و بێپیتی زەوییەکەو هێزی کارکردنی جووتیارەکەو بە بڕشتی و هاتی و نەهاتی کشـــتوکاڵەکە. (مربع چلیک)، لەم سیستەمەدا جووتیار بەرانبەر بەو کارەی کە ئەنجامی دەدا تەنیا (٤/١)ی بەروبوومەکەی بەردەکەوێ. (بڕوانە: مویســـلف، ل١٣). لە کوردستانی ئێرانا مافی ئاغاو ڕەعیەت بەمجۆرەیە: نیوەکار: لەم سیستەمەدا زەوی و ئاوو تۆو لەئەستۆی موڵکداردایە، و کارکردن لەئەستۆی جووتیاردایە، موڵکدار (ئاغـــا) (٥/٣)و جووتیار (٥/٢)ی بەروبوومەکە دەبەن. ســـێیەک بەر: لەم سیســـتەمەدا موڵکدار، زەوی و ئـــاوو تۆو و وڵاخ دەخاتە بەردەســـتی جووتیار، و جووتیار تەنیا (٣/١)ی بەروبوومەکەی پێ دەبڕێ. ســـێ کوت: لەم حاڵەدا موڵکدار، زەوی و ئاو ئامادە دەکات و دوو ســـێ یەکی بەروبوومەکە بۆ جووتیار دەبێ. و دەو دوو: لەم سیستەمەدا، موڵکدار لەبری ئەو زەوی و بنەتۆوەی کە بە جووتیاری دەدا، دوو دەیەکـــی بەروبوومەکە دەبا. لە کوردســـتانی عێراقیش بەمجۆرەیە سەبارەت بە کشتوکاڵی هاوینەوە، وەکو تووتن و پەموو، موڵکدار (٢/١)و بۆ برنج (٣/١)ی بەروبووم دەباو بۆ کشـــتوکاڵی وەک گەنم و جۆ، ئەوا بەشـــی ئاغـــا (١٠/٢ یا ٥/١)ی بەروبوومە. جووتیـــار، جگە لەمانە دەبـــێ (٧،٥٪) بدا بە وەکیل، کە نوێنەری ئاغایە. هەروەها (١٠٪) بدا بە دەوڵەت. ســـەرەڕای هەموو ئەوانەی بـــاس کران، جووتیار، دەبێ بڕێک لە دەرامەتی خۆی بۆ قاوەچی و دیوەخانی ئاغا تەرخان بکا (بڕوانە: خوزبک، ل٤٨). لەو گوندانەدا

که له سیستەمی تیرەگەری بەدەرن و لەلایەن ئاغاوە بەڕێوە دەبرێن، دابەشکردنی دەرامەتی ئەو بابەتە گوندە بەمجۆرەیە: ئەگەر موڵکدار لە گوندەکەدا نەبێ و لە شـــار دابنیشـــێ، ئەوا بەشی ئەو (٦/٣)ی دەرامەتی گوندەکەیە، (٦/١) بۆ نوێنەر یا وەکیلی ئاغایەو بەشـــی جووتیار (٦/١)و بەشی وەرزێر (٦/١) دەبێ، وەرزێر، لە ڕاستیا نە خاوەنی زەوییە، نە مەڕومالاتی هەیە، تەنیا هێزی بازوو و کارکردنی هەیە، کاتێ جووتیاری کورد لە کۆتایی ساڵدا بەراوردی دەرامەت و مەسرەفی خۆی دەکا، دەبینێ دەستی لەبنی هەمبانەوە دەرچووەو باری قەرز پشتی چەما (بڕوانە: روسی، ل٨٦)، بۆیە ئەگەر بیەوێ تا حاســـڵاتی ســـاڵی ئایندە درێژە بە ژیانی خـــۆی بدا، ناچارە بە ســـوو ســـەلەمی زۆرو قورس پارە لە ســـوخۆران قەرز بکات. گەر ســـەرنجێکی وردی ئەو وەزع و حاڵە نالەبارانەی جووتیارانی کورد بدرێ، ئەودەمە بەئاســـانی پەی بە هۆیەکانی ئەو شۆڕشانە دەبرێ کە ناوبەناوو هەڵدەگیرســـێن. وەکو شۆڕشی کوردەکانی سوریا کە لە ساڵانی (٩٣٠ – ٩٤٠)دا بە ڕێبەرایەتیی (ابراهیم خلیل) دەستی پـــێ کرد. هەروەها شۆڕشـــی (٢٠) هەزار ماڵەی دزەیی لە ســـاڵی (٩٤٥) کە ئامانجی ئەم شۆڕشـــە ئەوە بوو باج لەسەر جووتیاران و بەروبوومی جووتیاران بە ڕادەی (١٠/٩) کەم بکرێتەوە، ســـوخرەو بێگاری نەمێنێ، لە کاتی جەژن و زەماوەندا دیاری و پێشـــەکی بە ئاغا نەدرێ. (بڕوانە: گاوان، ل١٩). بۆ چاککردنی ئەم سیســـتەمە ئاغاو ڕەعیەتییە، کە جووتیارانی کوردی کردووە بە غوڵام و کۆیلەی باجدەرو خەڵکانێک کە بە ڕەزامەندی بێگاری قەبوڵ بکەن. تا ئێستا چەندین پرۆژەی ڕیفۆرمی زەوی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، لەلایەن

دەوڵەتەکانـــەوە خراوەتە ڕوو، بەڵام هەرکاتێ ئەم بابەتە (ڕیفۆرمی زەوی) هاتبێتە گۆڕێ ڕووبەڕووی ناڕەزایی سەرسەختانەی فیوداڵان و ســـەرۆک عەشـــایەرو شـــێخان بووەتەوە، چونکە بەرژەوەندییان کەوتۆتە مەترسییەوە.

لە ئێرانا، لە ساڵی (١٩٥٥)دا زەمینە بۆ یاسایەکی دابەشکردنی زەوی دەوڵەتـــی و پاشـــایەتی فەراهەم کرا، لە ســـاڵی (١٩٦٠)دا یاسایەکی ڕیفۆرمی زەوی بەمەبەســـتی کەمکردنەوەی موڵکایەتیی تایبەتی دانرا، کە بەپێی ئەو یاسایە ڕادەی موڵکایەتیی زەویی بەراو بە (٤٠٠) هیکتارو زەویی دێم بە (٨٠٠) هیکتار دیاری کرا. هەروەها کۆمپانیای هەرەوەزی دێهات دامەزرا کە لە سەرەتادا ژمارەیان (٥٠٠) و پاشـــان لە ســـاڵی (١٩٦٥)دا بوو بە (٤٥٠٠)و لە ساڵی (١٩٦٩) دا گەییـــە (٨٠٠٠) هەزار کۆمپانیای هەرەوەزیی. لە (١٩٦٣/١/٢٦) دا شا، (شۆڕشـــی ســـپی)، کە لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکەوە قەراری لەســـەر درابـــوو، لە دوانزە مـــاددەدا ڕاگەیاندو بەپێـــی ئەو (١٢) ماددەیە، سیســـتەمی ئاغـــاو ڕەعیەت لابراو جووتیـــاران لە بەندی ئاغایـــان ڕزگار بوون. لە تورکیا، لە ســـاڵی (١٩٣٨)وە زەمینە بۆ کڕینـــی زەوی موڵکدارانی گەورە خۆش کرا تا بەســـەر جووتیاراندا دابەش بکرێ، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم ســـوودیان لەمە وەرگرت. لە (١٩٤٥/٦/٢١)دا پڕۆژەی یاسایەکی ڕیفۆرمی زەوی بەمەبەستی دابەشـــکردنی زەویی دەوڵەتیو زەویی ئەو موڵکدارانەی کە زیاد لە (٥٠٠) هیکتار زەوییان هەبوو، دەرکرا کە بەپێی ئەو یاسایە دەبووایە نرخی زەوییە دابەشـــکراوەکان لە ماوەی (٢٠) ساڵدا بە موڵکداری بدرێ، بەڵام ئەم پڕۆژەیە لە ســـاڵی (١٩٥٠)دا هەڵوەشێنرایەوەو لە

ساڵی (١٩٦١)دا پرۆژەیەکی تازەی ڕیفۆرمی زەوی داڕێژرا. چونکە وەزعی نالەباری جووتیاران بۆ هەموو کەسێک ئاشکرا بووبوو، بۆیە زەروورەت وای دەخواست بیر لەوە بکرێتەوە کە زەوی و زارە دەوڵەتییەکانیان بەسەردا دابەش بکرێ. ئەم زەوییە دەوڵەتییانەی نزیکەی (٨) ملیۆن دۆنم بوو (لە تورکیادا یەک دۆنم نزیکەی ١٠٠٠م٢). زۆربەی ئەم زەوییانە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوەو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕەعەمەل دەهێنران. جگە لەو زەوییانە هێشتا نزیکەی (١) ملیۆن دۆنم زەوی وەقفی و تێکڕا (٣٨) ملیۆن دۆنم موڵکی تایبەتی مابوون کە دەبووایە دابەش بکرێن. لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە کۆی (١٣/٥٩١/٦٢٢) خەڵکی چالاک و ئیشکەردا نزیکەی (٤/٣)ی ئەو ژمارەیە، واتە (٩٧٦٤/٦٥٢) کەس بە کشتوکاڵ دەژیان.

لە عێراقدا سیاسەتی زەویی ڕژێمی پاشایەتی، بۆ سەرانی تیرە عەرەب و کوردەکان تاڕادەیەک جێی ڕەزامەندی بوو. لە ساڵی (١٩٣٢)دا بەپێی یاسای ژمارە (٥٠)ی موڵکداری زەوی، پاوەن و لەوەڕگەو زەوییە بەراوەکان درا بە عەشایەر، پاشان یاسای ژمارە (٥١) موڵکایەتیی زەویی ناوچە عەشایەرنشینەکانی خستە اختیاری سەرۆک تیرەکانەوە. لە ساڵی (١٩٣٣)دا بەپێی یاسای ژمارە (٢٨)، جووتیاری قەرزار بۆی نەبوو زەویی ئاغاکەی بەجێ بێڵێ، مەگەر خانووەکەی برووخاندبا. لە ساڵی (١٩٥٤)دا فرمانی ژمارە (١١) سەلاحیەتی بە وەزیری دادوەری دا کە زەویی میری بە جووتیاران بدا. و لە ساڵی (١٩٥٢ — ١٩٥٤) نزیکەی (١٧٩٤٥٦٠) دۆنم (لە عێراقا هەر دۆنمێک بەرانبەر بە ٤/١ هیکتارە) بەسەر (٦٨٦٣)

خێزانی جووتیاری ناوچەی ژەنگاردا دابەش کرا، بەڵام بەشـــی هەرە زۆری زەوییەکان بەر (ئەحمەد جەلیل)ی شـــێخی شـــەمەر کەوت. (بڕوانە: فارینمە، ل ١٦٠).

بەردەوامبوونی ئەم وەزعە مەحاڵ بوو. حکومەتی تازەی کۆماری، یاســـایەکی دەربـــارەی زەوی دەرکرد بەمەبەســـتی کۆتاییهێنان بە فیودالیزم و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتیی دێهاتیان و هاندانی کشـــتوکاڵ و پشتگیریکردنی. بەپێی ئەم یاســـایە نەدەبوو پانتایی زەویـــی بەراو لە (٢٥٠) هیکتارو هـــی زەویی دێم لە (٥٠٠) هیکتار تێپەڕیبا. بەمجۆرە بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵییە بەتەواوی ئاوەڕۆی خـــۆی وەرگرت. ئەو زەوییانەی کە بەمجۆرە لە دەســـت موڵکداران دەرهێنران دەبووایە لە ماوەی (٥) ساڵدا بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێن، بەجۆرێ کە هەر جووتیارێک (٣٠ — ٦٠) دۆنم زەویی بەراو، و (٦٠ — ١٢٠) دۆنم زەویی دێمی بەربکەوێ. قەرار درا موڵکدارانی زەوییەکانیش لـــە (١٣٪) کاڵا لە بودجـــەی دەوڵەتی وەربگرن بە جۆرێ کە ئەو زیانانەی لێیان کەوت لە ماوەی (٢٠) ساڵدا قەرەبوو بکرێتەوە. بەمجۆرە خۆشی و شادی و ڕەزامەندی کەوتە نێو جووتیاران و دڕدۆنگـــی و ناڕەزایی کەوتە نێو موڵکدارانـــەوە. بەگوێرەی ئەم ناکۆکیی بەرژەوەندییانە، دەبووایە چاوەڕوان و پێشـــبینیی ئاژاوەو هەراو هەنگامەیەکی زۆر بکرێ.

جووتیارانی کورد، لە ناوچە جیاوازەکاندا کەم و زۆر ســـوودیان لـــە ڕیفۆرمی زەوی وەرگرت، بەڵام بوون بە خاوەنی زەوی، بە تەنیا بـــەس نییە، بەڵکو جووتیار دەبووایە ئامێـــرو ئیمکاناتی ڕەعەمەل هێنانی زەوی بخرایەتە بەردەست. لە کاتێکا ئەم ئامێرو ئیمکاناتانە

یا لە بنەڕەتەوە نین یا بە ئەندازەی پێویســـت لەبەردەســـتدا نین. بـــۆ نموونە بەهای تۆو گرانە، ئامێرەکانـــی ڕەعەمەل هێنانی زەوی کەم و ســـەرەتایین و هێشتا لە هەموو شـــوێنێکا بەهەمان شێوەی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، زەوی دەکێڵرێ. یا وەختێ کە کشتوکاڵ پێویســـتی بە ئاوەدانی فەوری هەبێ، بە نرخی یەکجار گران دابین دەکـــرێ. کۆمپانیا هەرەوەزییەکان توانای چارەســـەرکردنی هەموو ئەم کێشـــانەیان نییە. لەنێو کوردی هەموو شـــوێنەکانی دیدا تەنیا کوردی عێراق دەتوانن تاڕادەیەک کێشەو پێداویستییەکانیان بخەنە ڕوو. پارتیی دیموکراتی کوردســـتان لە حەوتەمین کۆنگرەی خۆیداو لە مانگـــی (١١/١٩٦٨)دا لە بەرنامەی خۆیـــداو لە بەندی (١٤)دا بۆچوونی خۆی بەشـــێوەیەکی تێروتەســـەل لە چەند پرۆژەدا لەمەڕ کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا ڕاگەیاندووە کە بۆ ناوچەکە بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو. (بڕوانە: ڤانلی، کوردستانی عێراق، ل٣٦٥- ٣٦٦).

کوردەکانی ئەرمەنستانی ســـۆڤیەت، ئەم جۆرە گیروگرفتانەیان نییە. لە ڕاســـتیا هێشـــتا یەکەم جەنگی جیهانی کۆتایی نەهاتبوو، کـــە جووتیارانی ئالاگوز لەژێر دروشـــمی (ئێمـــە زەویمان دەوێ و تاکەی کۆیلە بین؟) دەســـتیان بە شـــۆڕش کـــرد، لاوانی ناوچەکە کە شۆڕشـــەکەیان بە هـــی خۆ دەزانی، پتـــر جووتیارەکانیان هان دەدا (بڕوانە: عەرەب. شـــەمۆ، شڤانی کورد، بێروت ل٦٢، ١٩٤٧) پـــاش خەباتێکی دوورودرێژ، دژ بـــە ئاغاکانیان، خەونەکەیان هاتە دی، بەڵام بەو شـــێوەیە نەبوو کە ئـــەوان خەونیان پێوە بینیبوو. لەوە بەدواوە موڵکایەتیی زەوی بوو بە موڵکایەتیی دەســـتەجەمی و گروپـــی، جووتیاران لـــە کەولخوزەکاندا ناوی قەید کرد. ئێســـتا

لەجیاتی عەرەبانەو هەوجارو کەرەستەی کۆنی کشتوکاڵی، سوود لە تراکتۆرو کۆمپاین وەردەگرن. بەمجۆرە ئاستی ژیانی جووتیارانی کورد بەئاشکرا بەرزبۆتەوە.

ڕەنگە وەزعی ژیانی نوێی جووتیارانی کورد ئێستا بەو شێوەیە بێ کە ئەمین ئەودال (بە زمانی ئەرمەنی) لە کتێبەکەی خۆیدا (دابونەریتی کوردی قەفقاز، ١٩٥٧) باسی کردووە.

## ب - مەزەب:

خاک و (تایفە- گوند) خوێن (خێزان) پایەو بناغەی کۆمەڵگەی کوردەواری پێک دێنێ، کە مەزەب و ئایین ڕەنگ و ڕەونەقێکی تایبەتی پێ بەخشیوەو لە ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی خەڵکیدا دیارو ئاشکرایە. مەڵبەندی ئەسڵی نیشتەجێی کوردەکان، ڕۆژهەڵاتی دیجلەو دەوروبەری هەردوو دەریاچەی وان و ورمێ و باکوورو ڕۆژهەڵاتی عێراق بەر لە پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئیسلام بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ساسانی (٢٢٤- ٦٤٢) دەژمێردرا. لەو سەروبەندەدا ئایینی زەردەشتی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات و ئەو ناوچانە بوو، بەڵام بەر لەو ڕۆژگارە، واتە لە سەردەمی پارسەکاندا، تەبلیغکارانی مەسیحی، گروپێکی جوولەکە دەبینین کە لە خەباتدا بوونە دژی ئەو خوانەناسانەی کە درەختیان دەپەرست و لە هەتاو دەپاڕانەوەو قوربانییان بۆ ئەهریمەن دەکرد. ئەو تەبلیغکارانە توانیبوویان ئەم خواناسانە بخەنە سەر ئایینی خۆیان. کتێبی (اعمال شهیدان ایران،

به زمانی ســـریانی، بڵاوکراوەی بدجان، لایپزیک، ١٨٩٢) دەڵێ کە مەسیحیانی ئێرانی لە ســـەردەمی شاپوری دووەمدا (٣٠٩- ٣٦٣) لەژێر گوشارو ڕەنجدا بوون، بەڵام لە سەرەتای سەدەی پێنجەمەوە، کڵێسا دروست کرانەوەو قەشەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا تەبلیغاتیان دەکردو ژمارەیەک دێر دروست کران کە هەندێکیان تاکو هێرشـــی تەیمورش (١٣٣٦- ١٤٠٥) هەر مابوون، بەڵام جەماوەری پێڕەوی ئایینی ڕەســـمیی وڵاتی خۆیان دەکرد. کوردەکان بە خۆیان باوەڕیان وایە کە پێشـــینانیان لەوەیە مەجوســـی بووبن یا پێڕەوی ئایینی زەردەشـــتی بووبن (بڕوانە: سیر مارک سیکس، دوا میراتی خەلیفە، ٤٢٤).

ڕووخان و هەرەسهێنانی ساسانیان، زەمینەی بۆ بەئیسلامبوونی وڵات، کـــە ماوەیەک پێشـــتر لە عەرەبســـتانەوە پەیدا ببوو، خۆش کردو ئیســـلام لە دڵی خەڵکیدا جێی خۆی کردەوە. کوردەکان پاش شەڕوشـــۆڕێکی زۆر کە هەندێکجار لایەنی ســـونییەکانیان دەگرت و هەندێکجار لایەنی خەواریجە یاخییەکانیان دەگرت، سەرەنجام ئایینی ئیسلامیان قبووڵ کردو بوون بە مسوڵمانی سوننیو پێڕەوی مەزەبی شافعی (لە ساڵی ٨٢٠دا مردووە).

ڕێبەران و سەرانی قەومی کورد بەدرێژایی مێژوو، جگە لە عەشقی نەتەوەیی خۆیان و پابەندییان بە میللەتەوە، سەبارەت بە مەزەبیش پابەندیو خۆشەویستییەکی تایبەتییان هەبووە. دیارە صلاح‌الدین (١١٣٧- ١١٩٣) لەســـەرووی هەموو ئەم ڕێبەرانەوە دێ. ڕێبەرانی کـــورد، بە بیناکردنی مزگـــەوت، قوتابخانەو نەخۆشـــخانەو یان بە دروســـتکردنی جۆبار نەمرییان بە ناوی چاکی خۆیان بەخشـــیوە.

لەپـــاڵ ئەم خێرخوازانەدا، زاناو دانایانیـــش تەمەنی خۆیان وەقفی زانســـتە خواییەکان دەکرد، لێرەدا پێویســـتە نـــاوی قوتابخانانی بەناوبانگی وەک: قوتابخانەی بەتلیـــس، جزیرەو قوتابخانەی زاخۆ ببرێ. یەکێک لە زانایانی ڕیازی و ئەستێرەناسانی ناوچەی ئەخلات، لە دامەزراندن و کاروباری ڕەسەدخانەی مەڕاغەدا (سەدەی سیازدە) بەشـــدارییەکی یەکجار کاریگەری کردووە. ئامێدیش بە مامۆســـتاو دەرسکارانی گەورە بەناوبانگ بووە. ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی کورد، زانســـتە ئایینییەکانیان لە زانســـتگەی بەناوبانگی ئەزهەردا گوتۆتەوە. (نیکیتین، ل٢١٠).

لە گۆڕســـتانی ئەیوبییەی ئەســـتەمۆڵ و هەروەها لە سکوتاوی زۆر گۆڕســـتان هەن کە گەورەپیاوانـــی کوردیان لێ نێژراوە، و ئەم گەورەپیاوانە لە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانیدا پلەی شێخ الاسلامیان هەبوو. (بڕوانە: بویس- مەزەب، ل٧).

لـــە پەراوێزی ئایینی فەرمی ئیســـلامدا کە لەســـەر بنەماکانی شـــەریعەت ڕۆنراوە، جۆرە تەریقەتێکی هەمە پەسەند هاتە کایەوە کە جەماعەتێکی بچکۆلە لە دێهاتیان یا ســـەنعەتکاران کە زۆربەیان خەڵکی عـــەوام و نەخوێنەوار بوون، ڕوویان تێکرد. ئەم گروپە زۆر لەســـەر باوەڕو ئیمانی خۆیان ســـوور بوون و بەتەنگیەوە دەهاتن. ئەم تەریقەت و ڕێبازە ســـۆفییە ڕاستەوخۆ بەندە بەو شێخانەوە کە ڕابەرایەتی و ئامۆژگاریی موریدانی خۆیان لەئەستۆدایە. سۆفیگەری لە کوردستاندا، لە سەدەی دوازدە بەدواوە ڕەونەق و باوی پەیدا کرد (لســـیکو، ل٢٣- ٢٤). ئەمڕۆکە لە کوردستاندا دوو تەریقەت هەیە کە لەنێو خەڵکیدا بە قووڵی ڕیشەیان داکوتاوە. یەکێکیان تەریقەتی

(قادری)یـــە کە دەگەڕێتەوە بۆ شـــێخ عەبدولقادر کوردی گەیلانی) (١٠٧٨- ١١٦٦) کـــە شـــێخێکی کورد بووەو لە بەغـــدا مردووە. دووەمیان تەریقەتی (نەقشـــبەندی)یە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەهادینی بوخارا (١٣١٧- ١٣٨٩). نەقشـــبەندییەکان لە جیهانی ئیسلامدا، بەتایبەتی لە هندســـتاندا زۆر بڵاوبوونەتەوە، بەڕادەیەک کە لە چین -شدا پێڕەویان هەیە.

لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەدا، مەولانا خالید پاش ســـەفەری بۆ دەلهی، ئەم تەریقەتەی لە کوردســـتاندا دامەزراند. مەولانا خالید لە تیرەی جاف بوو، لە ساڵی (١٧١٩)دا لە قەرەداغ لەدایک بووە، لە ساڵی (١٨٢٦)دا لە دیمەشق مردووە (بڕوانە: نیکیتین، کوردەکان، ل٢١٢-٢١٥، هەروەها ئەدمۆندز: کوردەکان، (ل٧٧- ٧٨). مەولانا خالید لە ســـەرەتادا ڕووبەڕووی ناڕەزایی توندوتیژی شێخانی قادری بـــووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا ناچاری کردن دەســـت لـــە ناڕەزایی و بەربەرەکانی هەڵگرن و مەســـەلەکە کۆتایی هات. لە کوردســـتاندا بە موریدانـــی تەریقەتی قادری دەگوتـــرێ دەروێش و بە موریدانی تەریقەتی نەقشبەندی دەگوترێ سۆفی. (ئەدمۆندز ل٦٣).

کۆبوونەوەی موریدان لە نشیمەنیی شێخدا کە خانەقا یا تەکیەی پـــێ دەگوترێ، ئەنجام دەدرێ، موریـــدان هەر لەوێدا نان دەخۆن و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی لە شـــێخەوە وەردەگرن. لە هەر شـــوێنێکدا تەکیـــەک بکرێتەوە، چ لەنێو عەشـــیرەتێک و چ لە گوندێکدا بێ، جـــۆرە گرژی و دڕدۆنگی و قەیرانێک دێتە ئاراوە، چونکە شـــێخانی خاوەن ســـەروەت و دەســـەڵاتی فراوان و گوندی زۆر هەر کە جێی پێی خۆیان کردەوە، لەگەڵ ســـەرۆکی عەشـــیرەت یا ئاغای گوندا

لەسەر دەسەڵات دەکەونە ململانێ. شێخان جێگەی تایبەتییان لەنێو خەڵکیدا هەیەو وا وێنا دەکرێ کە هێزی غەیبانیان لە پشتەو کەشف و کەرامەتیـــان هەیە، بەڵام لەنێو مـــەلاو زانایانی ئایینیدا کە باوەڕی مەزهەبییان لەسەر بنەمای ئایین ڕۆنراوە، شێخان جێی گومانن و هیچ باوەڕو متمانەیەکیان پێ ناکرێ، بەڵام مەســـەلەی گرنگ بەنیســـبەت شـــێخانەوە هەمیشـــە ئەوەیە کە زۆر ســـەریان لە کاروباری سیاسی دەخـــورێ و دەیانەوێ دەوری سیاســـی ببینن، بۆیە جێگەی گومانی کاربەدەســـتانی دەوڵەتیشن. لەلایەکی دییەوە ســـادەیی و ساکاری و خۆشـــباوەڕی موریدان و پابەندیان بە شـــێخانەوە، لەوەیە بەرەو هەر کارێکی توندڕەوانە و دوور لە ئەقڵ و لۆژیکیان بکێشـــێ، بۆیە جاربەجار هەندێ خەڵکی ئاسایی لەژێر کاریگەریی جۆرە ڕۆشناییەکی باتینیدا بانگەشەی مەهدیبوون دەکەن خۆیان بە مەهدی موریدانی خۆ لەقەڵەم داوە. یا هەندێکجار، خۆیان بە موسڵحی مەزەبی زانیوەو لە وەعزەکانیاندا خەڵکیان بۆ شۆڕشـــی کۆمەڵایەتی هان داوەو ڕێنوێنی کردووە. لە نووســـینەکانی کامپانایل، نیکیتین، ڕاندۆت، بەدلیسی و ئەدمۆندزا ناوی زۆر کەســـی لەم بابەتە کەسانە تۆمار کراوە. ئەنجام گروپێکی نەقشـــبەندی بە ناوی (نور کلار؟) لە کوردســـتانی تورکیا لەلایەن (سەعیدی نورسی)یەوە (١٨٧٠- ١٩٦٠) دامەزرا.

زۆربەی ڕاپەڕین و شۆڕشـــەکانی کوردانی تورکیاو عێراق دەستی شێخان یا لایەنگرانی شێخان، بەتایبەتی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی تێدا بووە. بۆ نموونە ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیداللەی نەهری (١٨٨٠)و شـــێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) کە بوونە هۆی داخستنی سەرلەبەری تەکیەکانی ناو تورکیا. هەروەها دەتوانرێ شـــێخ مەحمودی بەرزنجی

-ش (١٩١٩- ١٩٢٢) وەکو نموونەیەکی تر بهێنرێتەوە.
جا بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەر جۆرە فکرێکی شۆڕشـــگێڕی لەنێــو خەڵکیدا، تەنیا ئەو ڕێبــازو ڕێنوێنیانەی لــە بازنەی بیرو ئەندێشـــەی ڕۆحانـــی و ســـۆفییانەدا دەخولانەوە، ڕێیـــان دەدرا، تەنانـــەت پەیڕەوکردنـــی ئەو جۆرە بیرو ئەندێشـــانەش دەبووا زۆر بـــە پارێزەوە ئەنجام بدرێ، وەک ڕێنوێنییەکانی (شـــێخ محمدامین الکردی الشافعی النقشـــبندی) هەولێر (لە ساڵی ١٩٠٤دا مردووە). شـــێخ ئەم ڕێنوێنیانەی لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوی (تنویر القلوب) نووسیوەتەوە. ئەم کتێبە چەندین جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە. (لە ساڵی ١٩٦١دا چاپی حەوتەمی بڵاوبۆتەوە)، (أ. ج. ئاربری) لە دوو کتێبی خۆیدا، یەکەمیان بە ناوی (ســـۆفیزم، لندن ١٩٥٠، ل١٢٩- ١٣٢)و دووەمیان بە ناوی (ڕێوڕەســـمی زیکری سۆفیانە) زۆر شتی لە کتێبی (تنویر القلوب)ەوە بە نموونە وەرگرتووە.
بەڵام ئـــەم ڕێبـــازو قوتابخانـــە جیاوازانەی تەریقـــەت، وێڕای تووندڕەوییان و ســـەرخورانیان لە سیاســـەت، هەرگیز لە ئوسوڵی ئیسلام جیانەبوونە، بەڵام هەندێ دەستەی تووندڕەو، ڕێنوێنییەکانی خۆیـــان لە ئیســـلامی ئەهلی ســـوننەت دابڕیـــوەو ڕێیەکی دییان گرتۆتـــە بەر، لەوانە: یەزیدییەکان کە شـــێخ عادی ڕێبەری ئایینی هەرەگەورەیـــان بـــووە (ادیب ابن مســـافر ١٠٧٣- ١١٦٢). ئەمانە بەتـــەواوی لە ئیســـلام جیابوونەتەوە و ڕەگ و ڕیشـــەی خۆیان کە ئیسلامە فەرامۆش کردووە. هەروەها ئەهلی هەق کە ئەمانە شیعەی تووندڕەون. (د. محەممەد موکری) لە نووسینەکانی خۆیدا بە زمانی فارسی لەم تیرەیەی کۆڵیوەتەوە.

ئەدمۆنــدز، لە کاکەییەکانی ئاکنجی ســنووری ئێران و عێراقی کۆڵیوەتەوە، لەنێــو کورداندا هەندێ دەســتەی بچووکی گومڕاش لە عێڕاقا بەرچاو دەکەون، وەک: ســارلی و دەســتەی شەبەک کە لە دەوروبەری موسڵدا نیشــتەجێن، ئەمانە لە کوردانی قزڵباشن و پێوەندییان لەگەڵ بەکتاشــەکاندا، کە جاران لــە تورکیادا یەکجار بەهێز بوون، هەیە. (بڕوانە: ئەدمۆندز).

## ج - دابونەریتی کۆمەڵایەتی:

### ١ - جلوبەرگ:

جلوبەرگ خۆی لە خۆیدا نیشــانەیە. جــۆرو مۆدێلی جلوبەرگ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکــی دی جیاوازە، هەروەها بەپێی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی خاوەنەکەی، شــێوەو مۆدێلی دەگۆڕێ. بەپێی ڕۆژگار شــێوەو مۆدێلەکەی پەرەدەسەنێ و دەگۆڕێ. جلوبەرگی کوردانیش لــەم تایبەتمەندییە بەدەر نییە. ئەمڕۆ جلکــی کوردان، بەتایبەتی جلوبەرگی پیــاوان بەرەو ئەوە دەچێ وەکو جلوبەرگی ڕۆژاوایی لێ بــێ. لە تورکیادا بەپێی یاســای (١٩٢٥/٩/) خەڵکی، بەتایبەتیی پیاوانی شارنشــین ناچارن جلی ڕۆژاوایی لەبەر بکەن، بەڵام ژنانی کوردو پیاوانی گوندنشین جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیان پاراستوە. بۆ شــارەزایی تەواو دەربارەی جلوبەرگی کوردی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەســەریدا هاتووە، بڕوانە: نووســین و ڕاوبۆچوونــی ئەم ڕێبوارو

جیهانگەڕانـــە: کامپانایل (١٨١٠)، ڕیـــچ (١٨٢٠)، فلیزاز (١٨١٠)، بینـــدەر (١٨٨٥)، ســـون (١٩١١)، نیکیتیـــن (١٩٥٦)، هەمـــوو ئەمانە باســـی جلوبەرگی کوردیان لە زەمانی خۆیان و پێشتریشـــدا کردووە، بەڵام باســـی ورد دەربارەی جلوبەرگی ئەمڕۆی کورد دەبێ لە خانمانەوە ببیســـتین. خانم ئاریستوڤا (١٩٦٥) لێکۆڵینەوەیەکی لەســـەر ژنانی کوردی قەفقاز نووســـیوەو زۆر وێنەی خشـــڵو زێڕو زیوی ژنانی گرتووە. هەروەها خانم هانســـن (١٩٦١)، لە بەشێکی تێروتەســـەلدا ((ل٦٥- ٩٨) باسی ڕەنگ و جۆری کوتاڵ و بەشە جیاوازەکانی جلی کوردی دەکا، هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە چ بەشێکی جلی کوردیی ڕەسەنایەتیی خۆی پاراستوەو چ بەشێکی ئەنجامی پەیدابوونی دەســـەڵاتی ئیسلامە یا لە ڕۆژاواوە وەرگیراوە. جگە لەمانە ئەندازەو جۆری بڕینی جلە جیاوازەکانی دیاری کردووەو کۆمەڵێک وێنەی لـــەو ڕووەوە ئامادە کردووە، بە دیتنی ئەو وێنانە بینەر دەتوانێ تەســـەورێکی تەواوی دەربـــارەی جلوبەرگی میللیی ژنانو پیاوانی کورد لا پەیدابێ. خشـــڵی وەکـــو زێڕ، زیو، بەردی بەنـــرخ، ملوانکە، بازن و لەرزانە جۆرە ڕەونەقێکی تایبەتی بە جلی ژنانی کورد دەدا، بـــەڵام ڕەونەقی جلکی پیاوان بەو چەکەوەیە کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێ و خۆی پێوە دەنوێنێ، وەک: فیشەکدان، خەنجـــەری نەخشـــێنراو، دەمانچە. جگە لەمانە کیســـەو تووتن و سەبیلش بەشێکن لە جلکی پیاوان.

## ٢ - دابونەریتی ژنهێنان و مردووناشتن:

لە هەموو شـــوێنێکدا، مرۆڤ هەر لە بێشـــکەوە تـــا گۆڕ لەگەڵ دابونەریتو ڕێوڕەسم و عادەتی نەتەوەیی و میللیی خۆیدا تێکەڵ بووەو ئەم دابونەریتانە لەگەڵ شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا ڕەونەقی جیاوازو جۆراوجۆریـــان پەیدا کردووە. لەنێو کوردیشـــدا کۆمەڵێک دابونەریت هـــەن کە لە دێرزەمانـــەوە ماونەتەوەو تاکو ئەمـــڕۆش بە زندوویێتی ماونەتەوەو ڕەونەقی خۆیان لەدەســـت نـــەداوە وەک: کیژمارەکردنو ئارایشـــتکردنی بەر لە بوکێنی و دابونەریتی گواســـتنەوەی بوکێ بۆ ماڵی زاوا، بەتایبەتی لەو دەمەدا کە پێ دەنێتە ئەودیو دەرگەی ماڵی زاواو ئاشـــنایەتی پەیداکردن لەگەڵ خەڵکی ماڵە تازەکەیدا. هەروەها شادیو خۆشی نۆبەوە (یەکەم منداڵ)، ئەمانە لەو دابونەریتانەن کە هەموو کەسێک پێی قایلەو ڕێزی دەگرێ. بۆ شارەزایی زیاتر دەربارەی ئەم دابونەریتانە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردســـتاندا بڕوانە بەرهەمی زانایانـــی وەک: ا. برونل، کامپانایل. کامران. ا. بدرخان. هەندێ لەم زانایانە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کوردی یەک ناوچە ئەنجام داوە، بۆ نموونە دەربارەی کوردی عێراق، بارث، ادمۆندزو هانســـن. دەربارەی کوردی ئێرانو ناوچەی ورمێ، هانسن دەربارەی کوردی سوریاو کورد داغ: ک. داغستانی. دەربارەی کوردی ئازربایجان، نیکیتین، دەربارەی کوردی قەفقاز: ئاودال، دەربارەی کوردی ئەلەگەز: عەرەبی شـــەمۆ. دەربارەی کوردە یەزیدییەکان: جمیلو عیســـی جوزیفو ئی. ئیس. درایڤەر، و دملوچی: دەربارەی کوردی ئەهلی هەق: م. موکری.

## شوست و شۆ:

دابونەریتی شوست و شـــۆ و کفن و بەڕیکردن و دفنی جەنازە، هەریەکەیان ڕێوڕەســـمی تایبەتیی خۆی هەیە، هەروەها مەسەلەی پرســـەدانانو ئەو درەختەی کە بە ناوی (دارەشین)ەوە لەسەر گۆڕ دەیچەقێنن، یا ناندانی جەماعی وەکو خێرو هاوخەمی... شـــەرحی تێروتەســـەلی هەموو ئەو دابونەریتانە لـــە بەرهەمی ئەم دانەرانەدا بەرچـــاو دەکەوێ: کامپانایـــل (٨١ — ٨٦) لەگەڵ لاواندنەوەیەکی یەکجار ناســـک و جوانـــدا. نیکیتیـــن (١١٥ — ١١٨). کوردەکانی موکری: ئو. فیلچوفسکی، کوردەکانی موکری، لە کتێبەکەیدا (٩٥٨) (ل٣١٤- ٣١٨). کوردەکانی تورکیا: ئەحمد میرزا (بیرەوەرییەکانم) یەریڤان ١٩٦٦. ٨٨-٩١. کوردە یەزیدییەکان: لســـکو ١٥٤-١٥٦، درور ٩٧-٩٨، (ل١٨٥ — ١٨٦). دملوچـــی. بەڕێکردنی جەنازەی منداڵان، هانسن (ل١٣٩ — ١٤٣).

## ٣ — جەژن و ئاهەنگ و داب وەرزییەکان:

لەنێو ئەو جەژنو ئاهەنگە وەرزییانەی کە لە هەندێ کاتی ساڵدا لە هەندێ کاتی ساڵدا لە کوردەوارییدا دەگێڕدرێن، جەژنو ئاهەنگە ئایینیو ئیسلامییەکان لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا بە خۆشیو پەســـەندییەوە دەگێڕدرێو لەوە دیارترو باوترن کە ئێمە لێرەدا بە

دوورودرێژی باسیان لێوە بکەین. جەژنی مەولوودی پێغەمبەر (د.خ)، لە کوردستاندا بایەخو شکۆی تایبەتیی خۆی هەیەو لە ڕاستیا داهێنەری ئەم جەژنە ئیسلامییە گەورەیە مظفرالدین-ی حاکمی هەولێر بوو- مظفرالدین برازای صلاح‌الدین-ی ئەیوبی بوو- ئەم پیاوە لە ساڵی (١٢٠٧)دا بەوپەڕی ڕێزو حورمەتو خۆشییەکی تایبەتییەوە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەری گێڕا. دانیشتووانی کۆنی هەولێر، بەڵگەنامەیان لەم بارەیەوە لە پاش بەجێماوە، لەوانە: ابن خلکان (لە ١٢٨٢دا مردووە). لە جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەرا، مەولوودنامە، کە بریتیە لە سوپاس و ستایشی حەزرەتی محەممەدو پاڕانەوە لەبەر خوا، دەخوێنرێتەوە. تا ئێستا چەندین مەولوودنامە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوبوونەتەوە، لەوانە: مەولوودنامەی مەلا ئەحمەدی باقی کە لە ساڵی (١٩٠٥)دا لە قاهیرە چاپ بووەو لە ساڵی (١٩١٩)دا لە ئەستەمۆڵ چاپ کراوەتەوە. ئەم مەولوودنامەیە پەسند و مایەی سوودە، مەولوودنامەیەکی دی هەیە بە ناوی (بیریا پێغەمبەر) لە ساڵی (١٩٣٣) لە دیمەشق، لە کتێبخانەی هاوار چاپ و بڵاوبووەتەوە. مەولوودنامەیەکی تری شێخ محەممەدی خاڵ هەیە کە لە ساڵی (١٩٣٧) لە سلێمانی چاپ بووە، هەمان نووسەر مەولوودنامەیەکی تری لە ڕۆژنامە کوردستان، (چاپی تاران) ژمارە (١٦٦)و ژمارەکانی پاشتردا بڵاوکردۆتەوە. مەولوودنامەکانی مەلا حەسەنی ئەتروشی هەیە، ئەویش لە ڕۆژنامەی کوردستان (تاران لە ژمارەکانی (١٣٤ — ١٤٣)، ساڵی دووەم، (١٩٦٠) بڵاوبۆتەوە.

جەژنێکی زۆر باوی تر لەنێو کوردانا هەیە، ئەویش جەژنی نەورۆز یا جەژنی سەری ساڵی نوێیە کە لە هەوەڵی بەهارا (٣/٢١)

دا دەســـت پێ دەکا. لە ســـاڵی (١٩٥٨) کە ڕژێمی عێراق، بوو بە ڕژێمی کۆماری، جەژنی نەورۆزیش بوو بە جەژنی ڕەســـمی. جەژنی نەورۆز، جەژنی نەتەوەیی کوردانەو یەزیدییەکانیش هەمیشە جەژنی نەورۆز دەگێڕن و بە جەژنی ســـەری ســـاڵی نـــاو دەبەن. پێدەچێ لەنێو ئەم جەماعەتەدا هێشـــتا گەلـــەک دابونەریتی کۆن پارێزرابێ (بڕوانە: لیکســـکۆ، ل٧١) جەژنی نەورۆز لە ئێرانا پێش پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئیسلامیش هەر هەبووە، وەکو: (ئەفسانەی بەهاری نەمر) هەمیشە ئاهەنگی بۆ گێڕدراوە (بڕوانە: ج. ڤیدن گرن، عادەت و مەزەبی ئێرانیان، پاریس ١٩٦٨، ل٥٨- ٦٧). دەڵێن جەمشیدی پاشای ئەفســـانەیی ئێران جەژنی نەورۆزی داهێناوە (بڕوانە: ئێچ، ماسە). نەورۆزی ئێستا بە گوتارخوێندنەوەو سروودگوتن و شایی و هەڵپەڕکێ و شانۆگەری ئەنجام دەدرێ. لەم شانۆگەرییانەدا چیرۆکی خەباتی کاوەی ئاســـنگەر دژ بە زوحاکی ماربەشان نمایش دەکرێ. ئەم نمایشە خەباتی گەلی کورد لەپێناوی سەربەخۆییدا بەرجەستە دەکا. جەژنی نەورۆز، لە ســـلێمانیدا گەلەک بەرنامەی سەرگەرمیی تێدا پێشکەش دەکرێ، بۆ نموونە خەڵکی سیمو جلکی خۆ دەگۆڕن و خـــۆ لە خەڵکی دەگۆڕن و خۆیان لە شـــێوەی میـــردا دەنوێنن، لە ڕاســـتیا بە میهرەجانێکی یەکجار گەورەو بەشکۆ بەرپا دەکرێ. (بڕوانـــە: ادمۆندز، ل٤- ٥) تۆفیق وهبـــی، پەیکەرە بەردینەکانی غارێـــن گوندوک لە ســـومەر بەرگـــی ٤ ســـاڵی ١٩٤٨) وەرگێڕاوی فەڕەنســـی بەرگی ٧ ســـاڵی ١٩٤٩، ١-١٣). عەرەبی شەمۆ جۆرە میهرەجانێکی دی دەگێڕێتەوە (بڕوانە: بەربانگ، یەریڤان، ســـاڵی ١٩٦٩، ل٦١- ٦٢). جۆرە ئاهەنگێکی دی لە بابەتی نەورۆز هەیە،

لەم ئاهەنگەدا جۆرە شیرینییەک بە ناوی (سەمەنی)یەوە لێ دەنرێ، بەم ئاهەنگە دەگوترێ (سەمەنیلێنان)و وا باوە کە گوایە شەوێ ئایشەو فاتمە دێنە سەری و دەستێکی پێدا دەدەن و سەمەنییەکە بەرەکەتی تێدەکەوێ، پاشان سەمەنییەکە بەسەر خزم و خوێش و دۆستان و ئاهەنگ گێڕاندا دابەش دەکرێ و دەخورێ. ئەم نیشانەی کۆتاییهاتنی وەرزی بەهارە. (بڕوانە: تۆفیق وەهبی ل١١- ١٢). لە ئێرانا، لە شەوی ئاهەنگەکەدا ئیدی دەبێ بە شایی لۆغانو بەزمو شادی (بڕوانە: م. موکری).

لە سێزدە بەدەرا کیژانی عازەب ڕازو نیازی دڵی خۆیان، بەمجۆرە دەردەبڕن: سێزدە بەدەر، ساڵێکی دی مێردم لێت دەوێ، کۆرپە بگرمە هەمێز (بڕوانە: ماسە، ل١٥٩). لە دەرێی کوردستاندا، خوێندکارانی کورد بەوپەڕی شادیو خۆشییەوە جەژنی نەورۆز دەگێڕن (بڕوانە: دیچی دلێر، نەورۆزو ئەفسانەی کاوە، لە گۆڤارێکی کوردیدا، لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، مارتی ١٩٦٥) یا گۆڤاری کوردستان چاپی لەندەن، ئۆرگانی خوێندکارانی کوردی ئەوروپا، ژمارە (٧و٨)، ساڵی (١٩٦١) کە شیعرێکی ساڵح قەرەداخی تایبەت بە نەورۆزی لە لاپەڕە (٣٢)دا تێدا بڵاوبۆتەوە). جگە لەمانە هەندێ دابونەریتو ئاهەنگی وەرزانەی دیش هەن کە زیاتر لەنێو مەڕدارانو شوانانداا باوێتیو هەریەکێک لەم ئاهەنگی وەرزانەی دیش هەن کە زیاتر لەنێو مەڕدارانو شواناندا باوێتیو هەریەکێک لەم ئاهەنگانە بۆنەی خۆی هەیە، لەوانە: (سەرا پەز) بەبۆنەی لەدایکبوونی یەکەمین بەرخەوەیە. (بڕو دان) بەبۆنەی چوونە کوێستان و لەوەڕگە هاوینەکانەوەیە. هەروەها (بەرخ بڕ) کاتی بڕینەوەی پەزە. لە هەموو ئەمانە گرنگتر

ئـــەو کاتەیە کە بەرانـــان بەرەڵڵای نێو ڕان دەکرێـــنو بەمە دەڵێن (بەران بەردان). عەرەبی شـــەمۆ، زۆر بە جوانیو ناسکی باسی ئەم ئاهەنگە دەکا. ســـتیک ڤیکاندر پێی وایە کە لەنێو ئەم دابونەریتو ئاهەنگانەدا کۆمەڵێک ڕیشەی ئەفسانەیی کۆنی دۆزیوەتەوە.

دێهاتیانیـــش، لەنێو خۆیانـــدا دابونەریتی تایبەتیـــان هەیە: لە کاتـــی دروێنەی دانەوێڵەدا یەکەمین ســـواڵە گەنمی دوراوە دەدەن بـــە یەکەمین ڕێبـــواری بێگانە کە بەلایاندا تێدەپـــەڕێ. لە وەرزی تووکردنـــەوەدا، لەژێر درەختەکەدا دەیکەن بە شـــاییو هەڵپەڕکێو بەم ئاهەنگە دەڵێن (گەزیدان) واتە گســـکدان، بەدەم شاییەوە بنی درەختەکە گســـک دەدرێو پاشـــان منداڵان یا خەڵکی سووکەڵە بە درەختەکەدا ســـەر دەکـــەونو لقەکانی دادەتەکێنـــنو ژنان تووەکە کۆدەکەنەوە (بڕوانە: ئەدمۆندز، ل١٧٠).

هەندێ دابونەریتی دیکەش هەن کە لە ڕاســـتیا بە بەشـــێک لە ئاهەنگ و جەژن یا ڕۆژانی شـــادی نایەنە حســـێبکردن، ئەم جۆرە دابونەریتانـــە کـــەم و زۆر پەیوەســـتە بە تەبیعەتو سروشـــتەوەو ڕیشـــەی خورافی هەیە. بێگومان ئـــەم دابونەریتانە دەگەڕێنەوە بۆ چاخـــی زۆر کۆنو دێرین. بۆ نموونە دەربارەی باران، بۆ بەندبوونی بارانـــی بەلێزمەو لافاو ئاســـا کەم ڕێ دەکـــەوێ ئاهەنگ بگێڕدرێ، بەڵام لە ســـاڵانی وشکەســـاڵی و بێ بارانیدا بەمەبەستی چارەسەر، بووکەبەبارانێ دەکرێ. تۆفیق وەهبی باسی نۆ جۆرە بووکەبەبارانێ دەکا کە لە ســـاڵانی وشکەســـاڵی و بێ بارانیـــدا دەگێڕدرێ. ئەم دابە هەرچەندە بەشـــێوەیەکی کۆمیدییانە ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەو کوردانـــەی دەیکەن باوەڕیان وایە بێ ئەنجام نابێ. بۆ نموونە ئەگەر

نوێژەبارانــە چ ئاکامێکـــی نەبوو و بارانێکی کەمتر لە پێداویســـت بـــاری، هەنگینێ کابرایەکی دەروێـــش و قەلەندەر لە حەوزی ئاو یا کانی هەڵدەکێشـــن. یا ژنان دەچن بە هەوجارِ و گاســـن بەستێنی چوومە وشـــکەکان دەکێڵن. جگە لەمانە هەرکەســـەش لای خۆیەوە دوعا دەکات بەو هیوایەی لە ئەنجاما دوعای یەکێکیان گیرابێ.

## ٤ - هەڵپەڕکێو مۆسیقا:

کورد، هەمـــوو کاتێکو لە هەموو شـــوێنێکا گۆرانی دەڵێن. لە جەژنو ئاهەنگـــی خێزانیدا، لە بۆنەی منداڵبوونا، لە خەتەنەکردنا، خۆ داوەتو زەماوەند لە کوردســـتاندا هەمیشە گۆرانیو هەڵپەڕکێی لەگەڵدا دەبێ. هەروەهـــا کۆبوونەوەی تیرەکانو دێهاتیان و هەندێ لە بۆنەو دابە ئاینییەکانیش مۆســـیقاو شادیو گۆرانی لەگەڵدایە. ناوی جۆرەکانی هەڵپەڕکێ لە شـــوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لەناو تیرەو تایفە جیاوازەکاندا جیایە، بۆ نموونە: بۆتانی، ســـەرحەدی، شـــێخانی. هەڵپەڕکێ بەگوێـــرەی حەرەکەو شـــێوەی ئەنجامدانی، جۆری جیـــاوازی هەیە، و هەر جۆرەش بۆ خـــۆی ناوێکی تایبەتی هەیە وەک: ســـێگاڤی، جیرانی، ڕۆیینە، گۆڤەندو چۆپی. (تاڤوس پاریـــز). چەنـــد نموونەیەکی هەڵپەڕکێـــی کـــوردی هێناوەتەوەو ئاهەنگەکانی شـــرۆڤە کردوون گەڕیدەو سیاحەتچیانی کۆن و تازە، زۆریان ستایشـــی تایبەتمەندیی جۆرەکانی ئـــەم هەڵپەڕکێیانەیان کردووەو تەواو پەسەندیان کردووە. دیارە تایبەتمەندێتیی هەڵپەڕکێ

کوردییەکان، کوردی لە دراوسێ مسوڵمانەکانی خۆی جیاکردۆتەوە، واتە هەڵپەڕکێی کوردی بەئاسانیو بە حوکمی تایبەتمەندێتیی خۆی دەناسرێتەوە.

مۆســـیقای کوردی کـــە لە هەڵپەڕکێ و گۆرانی جـــودا نییە، بە بەشـــێک لە مۆســـیقای ڕۆژهەڵاتی دەژمێردرێ. بەڵام نابێ بە هیچ جۆرێ دەگەڵ مۆســـیقای عەرەبی یا ئەرمەنـــی یان تورکیدا تێکەڵ بکرێ، هەرچەند لە هەندێ لایەنەوە کاری کردووەتە ســـەر گۆرانی و ئاوازی وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و دۆڵی دووڕووبار.

مۆسیقای کوردی یەکجار دڵگیرو سەرنجڕاکێشە، لە حاڵی حازردا بەشێوەی زانستییانەو کلاسیک ناخوێندرێ، تا ئێستا بە هارمۆنی و پۆلی فۆنی ئاشـــنا نییە. گۆرانیی کوردی پڕ هەست هەمەجۆرە. لە زۆربەی گۆرانیی کوردیدا هەست بە جۆرە خەمو حوزنێک دەکرێ کە بەشێکە لە تایبەتمەندێتیی مۆسیقای ئەم گەلە جەنگاوەرە.

ســـیاحەتچیانی ڕۆژاوا لە ڕەگوڕیشـــەی ئەم مۆســـیقایە بێئاگا نیـــن. هەندێکیان جۆرە جۆشو خـــرۆشو جوانییەکی تایبەتیان تیا دۆزیوەتەوە. هەندێکی دی وەک: خاتوو هانســـن بە مۆســـیقایەکی بێگیانی وشکهەڵاتووی لەقەڵەم داوە. یەکەم کەس کە گۆرانی کوردی کۆکردۆتەوەو نۆتەی بۆ نووسیوەتەوە، قەشەیەکی ئەرمەنی بووە بە ناوی ڤارتا بدکوهی تاس (١٨٦٩- ١٩٣٥).

لـــە یەریڤاندا لاوانی کـــورد لە قوتابخانەی مۆســـیقای مالکیاندا گۆرانیو ئاوازی کۆنی کوردی دەخوێنن. لە ساڵی (١٩٦٠)دا، (نوری ســـواری) لە (تەفلیس)دا (٣٣) گۆرانی شاییو هەڵپەڕکێی کوردی کۆکردۆتـــەوە. هەروەها (ســـوهەیلە ســـلیل) دوو کۆمەڵە گۆرانیی

میللیی کوردی کۆکردۆتـــەوە، لەگەڵ پەراوێزو ڕوونکردنەوەدا بڵاوی کردۆتەوە، یەکەمیان بریتیە لە (٧٥) گۆرانیو لە ســـاڵی (١٩٦٤) دا بـــە زمانی کوردی لە یەریڤان بڵاوبۆتـــەوە. دووەمیان: بریتیە لە (١٠٠) گۆرانـــی جۆراوجۆر کە جگە لە دەقە کوردییەکەی، تەرجەمە ڕووسییەکەشـــی بە پەراوێزو ڕوونکردنەوەی تایبەت بە مۆسیقاوە، لەگەڵ بڵاوکراوەتەوەو لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە مۆسکۆ بڵاوبۆتەوە. لە عێراقا لە ساڵی (١٩٥٨)دا کۆمەڵەیەکی مۆسیقای کوردی بەمەبەستی کۆکردنەوەو پاراستنو پەرەپێدانو پاکژکردنەوەی مۆسیقای کوردی دامەزرا. (بڕوانە: ب. ئا. علی ناساندنێکی مۆسیقای کوردی، کۆمەڵەی خوێنکارانـــی کورد لە ئەورووپـــا ١٩٥٨/٣/١) هەروەها بڕوانە: اس. اس. گاوان، میللەتی دابەشکراو، لەندەن ١٩٥٨). ئەورووپاییەکانیش بایەخیان بە مۆسیقای کوردی داوە (بڕوانە: دکتۆر، د. گریستنسن، گواســـتنەوەی کوردەکانـــی هـــەکاری). لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەربارەی مۆسیقاو بەرهەمی فۆلکۆری، بەرلین (١٩٦٣، ل١١- ٤٧). ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەیەکی یەکجار ڕەسەنو ڕیالیستییە دەربارەی هەڵپەڕکێو ئامێری مۆسیقای ناوچەیی دەڤەری هەکاری. کە نووسەر لە ئاهەنگو شـــێوازو ڕیتمی گۆرانییەکان، بەشێوەیەکی زانستییانە کۆڵیوەتەوەو شـــی کردۆتەوە. شایانی باســـە (ادیت چرسن. کی. وی) کتێبێکی هەیە بە ناوی (مۆسیقای جوولەکانی کوردستان) کە پوختەیەکە دەربارەی شێوازی مۆسیقای جوولەکە لە کوردستاندا.

بەپێی ئایینی ئیســـلام، مۆســـیقا بەهیچ جۆرێ لە کۆڕو جەژنە ئایینییەکانـــدا ڕێی نادرێتی، بەڵام لە کۆڕی زیکرو تەهلیلەی ئەهلی تەریقەتەکاندا مۆسیقا جێی بووەتەوە، لەوەیە هەر لەگەڵ سەرەتای

دامەزراندنی ئەم تەریقەتانەدا ڕێ بە مۆســـیقا درابێ بچێتە ناو کۆڕو کۆبوونەوەو ئاهەنگەکانیانەوە.

بەڵام لای یەزیدییەکان، مۆســـیقا بەهیچ جۆرێ لە کۆڕو ئاهەنگە ئایینییەکانیانـــدا قەدەغە نییەو لە کۆڕی زیکردا بە فەرمی ســـوود لە مۆسیقا وەردەگرن. ســـێ سرووودی مەزەبی یەزیدییەکان لەلایەن ئێچ. لایاردەوە لە (نیتڤاڤ بابیلون)دا ســـاڵی (١٨٥٣)، ژمارەکانی (٩و ٦٦٧) بڵاوبووەتـــەوە. (ئی. ئێـــس. دروڤر) (ل١١٨ — ١١٩) لـــە ئاهەنگێکدا ڕیتمی دەهۆڵی تۆمار کردووە. دەربارەی جەماعەتی ئەهلی هەق، محەمەد موکری لە وتارێکیدا مۆسیقای ئەو گروپەمان پێ دەناسێنێ.

ئامێری مۆســـیقا لەنێو کورداندا بەزۆری لەلایەن سەنعەتکارانی ناوچەییەوە دروست دەکرێ و ئامێرە هەرەباوەکانی مۆسیقا ئامێری هەوایین وەک: بلوێر کە هەر شوانێک بگری دانەیەکی پێیە. زوڕنا کە خۆی لە خۆیدا جـــۆرە کلارنێتێکەو لە هەموو جۆرە هەڵپەڕکێیەکدا سوودی لێ وەردەگیرێ. دوزەلە کە خۆی لە خۆیدا جۆرە فلوتێکەو لە دوو قامیشـــی پێکەوەچەسپێنراو دروست دەکرێ و هەندێکجار لە ئێســـقانی تەیروتور دروســـت دەکرێو هەریەکێک لە دوو قامیشەکە یا ئێسقانەکە ڕیزێک کونی بەســـەرەوەیەو هەریەکێکیان فیقەیەکی دەخرێتە ســـەروو هەر فیقەیەکیان زمانەیەکی جووڵەداری پێوەیەو دەنگـــی لە دەنگی نای ئەســـکۆتلەندییەکان دەچـــێ. ئامێری ڕیتم بریتیـــە لـــە: دەهۆڵ یا تەپڵی دەنـــگ زل کە لە هـــەردوو دیوەوە لێـــدەرێ. تەپڵێکی تریش بـــاوە، ئەویش دەهۆڵێکـــی بچووکەو لە جۆرە سواڵەتێک دروست کراوەو ئەمدیووئەودیوی پێستێکی ئاسایی

تێگیراوەو بەســـەری قامکان لێـــدەدرێ. ئامێرێکی باوی دی هەیە، ســـنجی پێ دەگوترێ کـــە هەندێکجار لە ئاهەنـــگ و کۆڕی ئایینی یەزیدیاندا بەکاردەهێنرێ. لەنێو ئامێرە ژێدارەکاندا ڕەبابەو کەمانو کەمانچـــەو ویلۆن بەتایبەتی تەنبورو عود بەکاردەهێنرێ. نێوی ئەم ئامێرە مۆسیقاییانە ڕەنگە لە ناوچەکەوە بۆ ناوچەکانی دی بگۆڕێو جیاواز بێ. شرۆڤەیەک دەربارەی هەندێ ناهەنجاری ئامێری مۆسیقا لە (ســـەرنجێک لە دەروازەی فۆلکۆری کوردییەوە، هەولێر، ل٣٦-٣٧). هاتووە.

## ٥ - گەمەی نێو کوردەواری:

## وەرزش و ڕاو:

گەڕیدەو ســـیاحەتچیانی بێگانە باســـی هەندێ گەمەو وەرزشی تایبەتـــی دەکەن کە لـــە ئاهەنگ و جەژنەکاندا، یـــا لە وەرزەکانی ســـاڵدا زۆر لەنێو کـــوردا باو بوون. ژمارەی ئەو گەمەو وەرزشـــانە هێندە زۆرە کە باسکردنیان لێرەدا لەتوانابەدەرە. لەنێو شارنشینیاندا ئەو گەمانەی کە لە ماڵاندا یا بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە شـــوێنانی سەرپۆشـــراو دەکرێن، زۆرن، لەوانە: یاریی وەرەق، تاوڵە، خۆ یاری ڕەســـەن و بەرزی شـــەترەنج لە هەموو یارییەکانی دی پەسەندترە. لەو گەمانەش کە لە مەیدانو شوێنانی سەرکراوەو ئازاد دا دەکرێن: قاشـــوانێیە، کە بۆ خۆی جـــۆرە هۆکییەکە. جگـــە لەمانە گەلەک گەمـــەی دی هەن، کە یاریکەرانـــی دوو تیم دووی یەکدی دەکەون،

یـــا یارییەکە بە هەڵدانی شـــتێک ئەنجـــام دەدرێ. یاریی مۆدێرنی وەک فوتبۆڵ و باســـکەش دەکرێن. یاریی تایبەتی منداڵانیش هەیە. شـــەڕەبەران و شەڕەکەڵەباب و شـــەڕەکەویش لەو یارییانەن کە بۆ ســـەرگەرمیو خۆشی دەکرێن. بۆ شارەزایی زیاتر لەم بوارەدا بڕوانە ئەم ســـەرچاوانە: (تاووس پاریز، هاواری ژمارە ٤٢، ١٩٤٢/٤/١٥). محەممەد موکری گەمەی کوردەواری، گۆڤاری یەغما، ساڵی دووەم، تاران، (١٩٥١).

یارییەکانی کوردســـتان، گۆڤاری تەمەدون، خولی دووەم، ژمارە (٧) (ل ٣١٧ — ٣٢٠)، تـــاران (١٩٥٢). (د. ن. مەکەنـــزی)، لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی)، بەرگی یەکەم، ئۆکســـفۆرد، (١٩٦١ن ل١٤٧و ٢١٨)، ناوی کۆمەڵێک گەمەی باوی نێو کوردەواری تۆمار کردووە.

دەربارەی زۆری و هەمەڕەنگیی ڕاوشـــکار لە کوردستاندا، پێشتر باسمان کردو گوتمان کە ڕاو دۆستی یەکێکە لە تایبەتمەندیی فیتری و سروشـــتیی کوردان. بۆ شارەزایی پتر دەربارەی ڕاو کە بۆ خۆی جۆرە وەرزشـــێکی میللییە، باشترین ســـەرچاوە ئەو گوتارانەیە کە (ئۆســـمان سەبری) نووســـیویەتی. ئەو، لەم گوتارانەدا ئەوە ڕوون دەکاتـــەوە کە ڕاوچییەکی کارامـــە چ دەکاو چ ڕێباز و هونەرێک لە کارەکەیـــدا دەگرێتەوە بەر (بڕوانە: نێچیـــر، ژمارە ١٧ی ڕووناهی، ١٩٤٣/٨/١، ل٣١٧ - ٣٢٣، و (ژمـــارە١٨، ١٩٤٣/٩/١، ل٣٤٧ — ٣٥٠). لـــە گوتارەکەیـــدا دەڵێ: "ورچ بە ســـێ ڕێگە ڕاو دەکرێ (ل٣١٧)، هەروەهـــا کەمتیارو (ل٣١٧) بزنەکێوی و (ل٣١٨) ڕێوی و (ل٣١٩) کەروێشـــک (ل٣١٩). دەربارەی ڕاوەکەو گەلەک ڕێبازی

جۆراوجــۆری ڕوونکردۆتەوەو بەکارهێنانـــی هەریەکێک لەو ڕەوش و ڕێبازانـــە بەندە بـــەوەوە کە ڕاوچییەکە بخـــوازێ نێچیرەکەی بە زندوویەتی یا کوژراوی بەدەســـت بێنێ، وەکـــو ڕاو بە ڕم، بە داو، بـــە تفەنگ و یـــا بە تەڵەو تۆڕو (٣٢٠)، یا بەهـــۆی باڵندەی ڕاوی وەکو هەڵۆو باز کە ئەمەشـــیان دەشێت بە سێ ڕێگە ئەنجام بدرێ، هەڵبەتە ئەم جۆرە ڕاوە یەکێکە لە جۆرە پەسەندەکانی ڕاو (بڕوانە: ل٣٢١- ٣٢٢) ئۆسمان سەبری، جۆری پەروەردەکردنو بەخێوکردنی ئەم باڵندە ڕاوییانەشـــی شـــەرح کردووە (ل٣٤٧- ٣٤٨). ئۆسمان ســـەبری زۆری بە ڕاوی کەروێشـــک لە ڕێگەی تاژییـــەوە، هەڵداوە (ل٣٤٨- ٣٤٩). نووسەر ماسیو جۆرەکانی ڕاوەماسیشی فەرامۆش نەکردووە (ل٣١٩)، وەکو ڕاوەماسی بە تۆڕ یا بە قولاپ و یا بە نێزە (هەمیلتون)، فەسڵێکی تەواوی بۆ ڕاوی بزنەکێوی تەرخان کردووە کە یەکێکە لە ڕاوە بەشـــکۆو لەهەمان کاتدا ســـەخت و دژوارەکان (ل١٦٥- ١٧٣).

لە کتێبی (ســـەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلـــۆری کوردییەوە). باســـی ئەوەش کراوە کە چۆن بە دەنگی باڵندەو فیکەکێشانو داوو تۆڕو تەڵەو کەمەند ڕاو ئەنجام دەدرێ (ل٩٩- ١٠٢).

## زمان:

کۆی شێوەزارو دیالێکتە کوردییەکان کە بە زمانی کوردی ناسراون، زمانێکی یەکگرتوو پێک ناهێنن. دەشێت بگوترێ ئەم دیالێکتانە لە

بنەچەدا دەچنەوە ســـەر یەکو هاوپەیوەستن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەریەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیەو لەوانی تری جودا دەکاتەوە. پێوەندیی ئەم دیالێکتە کوردییانە لەگەڵ زمانانی ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێرانـــدا کەمە. جیاوازیی نێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بەندە بە دووری و نزیکی ناوچەو هەرێمە جیاوازەکان لە یەکدییەوە، بـــۆ وێنە تا ماوەی نێوان دوو ناوچە زۆرتـــر بێ، جیاوازی ئەو دوو شێوەزارەش زەقتر. بەشێوەیەکی گشتی دیالێکتە کوردییەکان دەبن بە سێ گروپی ســـەرەکییەوە: (١) گروپی دیالێکتەکانی باکوور، کە هەموو شێوەزارەکانی کوردستانی تورکیا، ئەرمەنستانو ئازربایجانی سۆڤیەتو هەرێمی موسڵی عێراق. (بادینانو) ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتـــەوە. هەروەها ئەو تیرەو تایفـــە کوردانەش کە کاتی خۆی بۆ ناوچەی خۆراســـانو تورکمانستانی سۆڤیەت ڕاگوێزراون هەر بە دیالێکتی باکوور دەدوێن. بە تێکڕای دیالێکتەکانی باکوور، دەگوترێ (کرمانجی)، بە وانەش کە پێی دەئاخڤن دەگوترێ (کرمانج).

لەنێو ئەم گروپەدا شـــێوەزارێکی لاوەکی هەیە کە تێکەڵەیەکی کرمانجـــی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوایەو کە لە هـــەر هەریەکێکیان زمانێکی ئەدەبی پەیدا بووە. (٢) گروپی دیالێکتەکانی کوردستانی مەرکەزی، کە لە ناوچەکانی هەولێر، سلێمانیو کەرکوک لە کوردستانی عێراقدا، و لە کوردســـتانی ئێراندا لە ناوچەی مەهابادو سنە، خەڵکی قسەی پـــێ دەکەن، بـــە دیالێکتەکانی ئەم گروپـــە دەگوترێ (کوردی)و هەندێکجار (سۆران)یشی پێ دەگوترێ، کە لە ناوی ناوچەی سۆرانەوە وەرگیـــراوەو ئەم ناوچەیە لە کاتی خۆیـــدا مەڵبەندی فەرمانڕەوایی پاشـــاو میرانی ناوچەیی کورد بووە. لەنێو ئەم گروپەدا شێوەزاری

سلێمانیو ســـنه وەکو زمانی ئەدەبی پلەوپایەیەکی تایبەتی هەیە.
(٣) گروپی سێیەم ئەو دیالێکتە جۆراوجۆرانەیە کە لە کوردستانی باشـــووردا، واتە لە ناوچەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی ناوچەی سۆراندا باوە، شێوەزاری کرماشانی گرنگترین شێوەی ئەم گروپەیە. پێدەچێ هەندێ دیالێکتـــی ئەم گروپە، وەکو لەکی، تێکەڵ بە شـــێوەزاری ناکوردی وەک لوڕی بووبن. لەنێوان گروپە مەرکەزیو باشوورییەکاندا ناوچەیەک هەیە کە دانیشـــتووانی گۆرانن‌و ئەمانە بە زمانی کوردی قســـە ناکەن، بەڵکو زمانەکەیان تێکەڵییەکە لە شێوەزاری جیاواز، جگە لەمانە، هەندێ شێوەزاری دیکەی زمانی کوردی هەن کە کوردە ڕاگوێزراوو دوورخراوەو پەڕاگەندەکانی سەرانسەری ئێران قسەی پێ دەکەن.

کوردی باکوور، واتا کرمانجی، لەڕووی فۆنەتیک و بونیادی پێکهاتن‌و گۆڕانکاریی زمانەوانییەوە لە سەرجەمی شێوەزارە کوردییەکانی دی کۆنترە. دەتوانرێ ئەنجامگیریی ئەوە بکرێ کە دیالێکتە مەرکەزی و باشوورییەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوون‌و وەرگرتن‌و بەخشینەوە لەگەڵ زمانـــە ئێرانییەکاندا پەرەی ســـەندبێ. لەلایەکـــی دییەوە پێدەچێ وشـــەی بێگانەی وەک: عەرەبیو تورکی لە شێوەی کرمانجیدا زۆرتر بێ. ڕێنووســـی کوردی تا ئێستا ، بەهەمان ڕێنووسی عەرەبییە کە هەندێ گۆڕانی تێدا کراوەو هێشتا لە عێراقو ئێراندا بەکاردەهێنرێ. ڕێنووسی ئەرمەنیش هەندێکجار بەکارهێنراوەو لەم ساڵانەی دواییەدا شـــێوەی ئەلفبای کوردی بەتایبەتی لە باکووری کوردستاندا لەسەر بناغەی ئەلفبای لاتینی و یاسیرالیک بووە.

## فۆلکلۆر و ئەدەبیات:

## ١ - ئەدەبیاتی میللی و عەوامانە:

ئەدەبیاتی فۆلکلـۆری کورد، وەکو ئەدەبیاتـی فۆلکلۆری هەر میللەتێکی تری کـەم خوێنەواری، گەلەک بەربـڵاوو دەوڵەمەندە. پرۆفیسـۆر (ئو. ویلشوفسکی) زۆری قسـان دەربارەی فراوانی و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری زمانی کوردی کردووە، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسانی بێگانە گەلەک دەقی فۆلکلۆری کوردییان کۆو بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: ا. ژاپا، ئی. پریم، ا. سوسـین، ا. مان، ئێچ. ماکاس، ب. نیکیتین، ئی. لسکۆ، بۆس، ئێس، ڤیکاندر، دی. ان. مەکەنزی).

کـوردەکان بەخۆیشـیان، لە یەکـەم جەنگی جیهـان بەملاوە کەوتوونەتە کۆکردنەوەی گەنجینەی فۆلکلۆریی خۆیان، ئەم بەرهەمە بەنرخانەیـان لـە خەڵکانی بەتەمـەن یا نەقڵبێـژانو دەنگبێژانی پیشەییەوە، کە ژمارەیان ڕوو لە کەمییە وەرگرتووەو تۆمار کردووە. بدرخان، لە سـاڵانی (١٩٣٢ — ١٩٤٦)وە لـە بڵاوکراوەی (هاوار، ڕووناهیو ڕۆژانو)دا دەسـتی بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کـردووە. (ئی. ئەوداڵ، جندی)، لە سـاڵی (١٩٣٦)دا لە یەریڤان کتێبی (فۆلکۆرا کرمانجا)یان بڵاوکردەوە. (حاجی جندی) لە ساڵی (١٩٥٧)دا، دیسان لە یەریڤان (فۆلکلۆری کرمانجییە)ی بڵاوکردەوە. جگە لەمانە (د. ع. م. ڕەسوڵ) لە ساڵی (١٩٧٠)دا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسـەلی بە ناوی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) لە بەغدا بڵاوکردەوە.

گەنجینـــەی فۆلکلـــۆری کوردی پێویســـتە ســـەرەتا لە پەندی پێشـــینانو قسەی نەســـتەقو مەتەڵدا بدۆزرێتەوە. کوردەکان حەز دەکەن قسەکانیان بە ڕستەی کێش و قافیەدار برازێننەوە کە خۆی لە خۆیدا نیشانەی بە سەلیقەیی‌و وردبینی‌و زیرەکیانە.

پەندی پێشـــینان ڕۆحی قســـەو پوختەی مەبەســـت بە جوانی و بەوپـــەڕی ڕەوانی دەردەبڕێ، تا ئێســـتا هـــەزاران پەند کۆو بڵاو کراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەســـتە (بڕوانە: ئی. نوئیل، تایبەتمەندێتیی کـــورد لە پەنـــدو گۆرانیدا) بۆڵتـــن-ی قوتابخانـــە، لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی بەرگی (٤)، (ل٧٩ — ٨٠)، ساڵی (١٩٢١). هەروەها (د. پـــی. مارگرێت و ئەمیر کامران بدرخان)، (پەندی پێشـــینانی کـــوردی)، پاریـــس، (١٩٣٨). هەروەها بڕوانە: لیســـکۆ: (پەندو قســـەی نەستەقو مەتەڵی کوردی). لە ساڵی (١٩٣٧)داو لە (دەقە کوردییەکاندا) ئەم پەندانە سەرلەنوێ چاپ کرانەوەو ژمارەیەک پەندی دی خرایە ســـەر، بڕوانە بەرگی (١)، (ل١٨٧ — ٢٣٧). پرامپولین: (پەندی کوردی) میزان، ســـاڵی (١٩٦٣). مەکەنزی (هەندێ پەندی کوردی لە ئێران) بەرگی (٨)، (١٩٧٠)، (ل١٠٥ — ١١٣). اسماعیل حقی شـــاویس (قسەی پێشـــینان، بەغدا، ١٩٥٧). معروف جیاوک (هـــەزار بێژو پەند) بەغدا (١٩٣٠). جگەرخوێن (گۆتنا پێشـــینا)، دیمەشـــق، (١٩٥٧). م. خاڵ (پەندی پێشـــینان، بەغدا، ١٩٥٧. جمیل کەنا (پەندی کوردی)، ئەلیۆ، (١٩٥٧). (مەسەل‌و مەتەلوکا جماعەتێ کـــوردا) یەریڤـــان، (١٩٦٩ — ١٩٧١)، بەرگی (٢). ج. نەبەز.

جنـــدی لە (فولکلـــۆر)، (١٩٥٧)، (ل٢٤٩ — ٢٨١) ژمارەیەکی

زۆری پەندو قسەی نەستەقی تۆمار کردووە. هەروەها لە گرامەرەکانی جاردیـــنو بیدارو لە فەرهەنگی مـــەردۆخ، بەرگی (٢)، (ل١ — ٨٦) کۆمەڵە پەندێکی زۆر تۆمار کراوە.

ســـترانی کوردی، لەڕووی ژمارەو هەمەڕەنگییەوە یەکجار زۆرە، وەکو گۆرانیـــی هەڵپەڕکێ کــە (دیلۆک)ی پێ دەڵێـــنو گۆرانیی عاشـــقێنی کە (لاوک)ی پێ دەڵێن، گۆرانیی شـــەڕ کە (شـــەڕ) یا (دەلال)ی پێ دەڵێن. گۆرانیی دیش هەن لە کاتی چوونە لەوەڕگەو پاوەناندا دەگوترێن، کە لە بەهارا (ســـوەلە)و لە پاییزدا (پایزۆک) ی پێ دەڵێن. جگە لەمانـــە (لایلایە)، (لوڕی)و گۆرانیی تایبەتیی بـــووک و زاوا وەک: (هەواله) یا (ســـەرەزاوانو)، هەروەها گۆرانیی پرســـەو تازییە کە (شین) یا (قەویل)ی پێ دەڵێن، لە کوردستاندا باون. ســـەرلەبەری ئەم ئـــاوازو گۆرانییانە، لە لایلایەی منداڵەوە تا شـــینو شـــەپۆڕی جودایی، تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانـــەی کورد بوون. بڵاوکراوەکانی: هاوار، ڕووناهی، ڕۆژانو، ســـەدان ئاوازو گۆرانی لەم بابەتەیان تێدا بڵاوکراوەتـــەوە. هەروەها جندیو ئەودالْ، لە کتێبی (فولکلـــۆر...) (ل٣٤٢ — ٤٧٤). هەروەهـــا جنـــدی لە (فولکلۆرا کرمانجی)دا کۆمەڵێ گۆرانـــیو ئاوازیان تۆمار کردووە. هەروەها م. موکری لە (ترانەهای کوردی)دا، تاران، (١٩٥١).

جنـــدی لە (کەلامی جماعەتا کوردیا لیریکا) یەریڤان، (١٩٧٢). ڕاندۆت، نیکیتین، جی. چالیاند، لەم بوارەدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەیان ئەنجـــام داوە. حیکایەتو نەقڵی کورت (چیرۆک) کە پڕن لە خەیاڵ و داهێنـــانو بلیمەتی، یەکجار زۆرن. ئەم حیکایەتانە هێندە دڵگیرو سەرنجڕاکێشـــن کـــە مرۆڤ لـــە ڕەنجی ژیانو خەمـــی ڕۆژانە دوور

دەخەنـــەوە. حیکایەتە کورتەکان پڕن لە قســـەی خۆشو گاڵتەی جوان، حیکایەتە تەوسـئامێزەکانیش لە قاڵبی ئەفســـانەی کۆندا ڕەخنە لە خەتاو تاوانی کەســـانو تیرەی ڕەقیب و ڕێبەرانی ئایینی دەگرن.

جگە لەمانە، کورد زۆریان حەز لەو ئەفسانانە هەیە کە بە زمانی گیاندارانـــەوە دەگێڕدرێنەوەو پڕن لە پەنـــدو ئامۆژگاریی مەعنەوی و ئەخلاقـــی. ئـــەم لێکۆڵەرەوانە، گەلەک بەرهەمیـــان لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە: ئیم. دیورسن. و سولان (حیکایەتەکانی سوتو وتاتو) لە بۆڵتنـــی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناســـی، بەرگی (٣)، (ل٦٩ — ١٠٦) (١٩٢٣). نیکیتین: (ئەفسانە کوردییەکان) لە هەمان بۆڵتندا، (ل١٢١ — ١٣٨) ســـاڵی (١٩٢٦). لیسکۆ: (دەقەکان) بەرگی (١)، (ل٢ — ١٨٥). جندی و ئەوداڵ (فۆلکلۆر) (ل٥٧٩- ٦٥١، ١٩٣٦). جنـــدی: (فۆلکلـــۆر) ١٩٥٧ (٨٨-١٦١). م. خەزنەدار: (ئەڵەمان کوردی) بەغدا، (١٩٦٩). (ئا. برونل، جویس بلو)، دەقی فولکلۆری کوردی، لە تیودســـدا بڵاوکردۆتەوە، بروکســـل، بەرگی (٧)، ساڵی (١٩٦٥). ج. نەبەز، (ل٢٩ — ٥٠).

لەپاڵ ئـــەم حیکایەتە کورتانەدا، گەلەک ئەفســـانەو حیکایەتی درێژیش هەن کە بەشێکی بەرجەســـتەو ناوازەی فولکلۆری کوردی پێک دێنـــن. ئەم حیکایەتەو ئەفســـانە درێژانە لـــەڕووی بابەتەوە دەشـــێت بکرێن بـــە چەند گروپێکەوە، هەرچەنـــدە زۆربەیان چەند بابەتێکیان گرتۆتە خۆ. هەندێ لەم ئەفســـانانە لە بنەڕەتدا تایبەتن بە بابەتەکانـــی میتافیزیقاوە وەک: مەمی ئالان، بڕوانە: لیســـکۆ، دەقـــەکان، (ل٣٦٢ — ٣٦٩). هەندێکی تریان لە قاڵبی قەســـیدەو

چامەدان وەک: زولێخاو فاتوول، لەیلاو مەجنون، سیامەندو خەجێ، زەنبیل فرۆش، خورشیدو خاوەر، شیرینو خوسرەو، شیرینو فەرهاد، فەرخو ستێ، مەنیژەو بیژەن. ئەوجا کۆمەڵێک ئەفسانەی حەماسی کە پێشـــینەی مێژووییان هەیـــە، وەک: دمدم، ڕۆســـتەمو زۆراب، جیهانگیـــر یا زندەهنگ. هەروەهـــا کۆمەڵێک حیکایەتی دی کە پتر پەیوەســـتن بە ڕووداوە نزیکەکانی ئەم سەردەمەوە وەک: فتوحاتی نادرو تۆپاڵ، (دوانزە سوارەی مەریوان، عبدالرحمن بابان، عزالدین شێر بدرخان). ئەم کەلەپوورە ڕۆشنبیریو ئەدەبییانە، دەنگبێژان، یا گۆرانیبێژانی گەڕۆک، کە ئێستا ڕوو لە نەمانن، پاراستوویانەو نەوە بە نەوە-یان ســـپاردووە. تێکڕای ئەم دەقانە لە بەرهەمی ئەم زاناو لێکۆڵەرەوانـــەدا بەرچاو دەکەون: مان، سوســـین، جندی، بوپیس، مینورسکی، عبیداللە ئەیوبیان (چریکەی کوردی) تەورێز، (١٩٦١). هەروەها (چریکەی خەجو ســـیامەند، تەورێز، ١٩٦٥، قادری فتاحی قازی (میهرو وەفا) تەورێز، (١٩٦٦) پیرەمێرد (دوانزە ســـوارەی مەریـــوان) ســـلێمانی، (١٩٣٥). گیو موکریانـــی (زەنبیل فرۆش) هەولێر، (١٩٦٧). م. موکری (ئەفسانەی بیژەنو مەنیژە) پاریس، (١٩٦٦). جگەرخوێن (ســـربهاتیا سیوەداری) دیمەشق، (١٩٥٦). جگە لەمانە: ک. ا-بدرخان لەگەڵ ئا. دوفالکایرون. ک. ا. بدرخان لەگەڵ (هربرت اوتل و ج. بلوو موکری)دا، لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەو بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە.

## ئەدەبیاتی نووسراو و فێرکاری:

لەنــــاو جەماوەری خەڵکی عەوامو نەخوێنـــەواری میللەتی کوردا هەمیشــــە زاناو دانــــای بەرجەســــتەو گــــەورەش هەڵکەوتوون. بۆ پشـــتیوانی ئەم قســـەیە، ابن الاثیر (لە ساڵی ١٢٣٣دا مردووە) کە خۆی مێژوونووســـێکی کوردە، لە کتێبـــی (الکامل)دا، بەرگی (٩)، (ل٧–٨)دا ڕاستیو دروستی بۆچوونەکەمانی سەلماندووە. هەروەها لە شــــەرەفنامەدا زۆرجار دروســـتی بۆچوونەکەی سەرێمان هاتۆتە ســــەلماندن. لەناو هەموو ئەو کەســــانەی کە گەواهی ئەم بابەتەن، دەشــــێت ناوی حاجی خەلیفــــە (١٦٥٨) ببەیـــن. هەروەها ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەکەی خۆیدا (١٦٨٢) دەڵێ کە وەختێ سەری کتێبخانە گەورەکەی عەبداڵ خانی داوە، تەواو شەیدای گەورەیی ئەو کتێبخانەیە بووە. بەداخەوە ئەم نووسەرو خاوەن قەڵەمانە وایان پێ چاک بووە بەرهەمی زانســـتیو ئەدەبی خۆیان بە عەرەبی کە زمانی قورئانە، بنووسن: بەتایبەتی گەر بابەتی کتێبەکانیان بابەتی زانستی ئایینی یا مێژوویی بووایە، بەناچاری بە عەرەبی دەیاننووسی. لەنێو ئەو نێـــودارە کوردانەی کە بەرهەمی خۆیان بە عەرەبی نووســـیوە دەتوانرێ نێوی: ابن خلکان–ی (١٢٨٢ مردووە) نووسەری ژینامەی نــــاودارانو زانیاران. ابو الفــــدا–ی (١٢٧٣– ١٣٣١) مێژوونووس و جوگرافیازان ببرێ. ژمارەیەکی تریش بەرهەمی خۆیان بە فارســـی نووســـیوە وەک: شەرەفخانی بەدلیسی، دانەری شەرەفنامە (١٥٩٦ – ١٥٩٧)، یان ادریس حکیم بەدلیســــی (١٥٢٠ مردوە) کە یەکەمین

مێژووی ئیمپڕاتۆریەتی عوســمانی بە ناوی (هەشـــت بەهەشـــت) وە، نووســـیوە. فزولی شـــاعیری گەورەی تورکی نووس (١٥٥٦)و کۆمەڵناســـی هاوچەرخ ضیاء گوک ئالپ، هەردووکیان کورد بوونە. تەنانەت لە چەرخی تازەشـــدا گەلەک لەو شـــاعیرانەی کە بە زمانی عەرەبی شیعریان گوتووە وەک: زەهاوی (١٨٦٣- ١٩٣٦)، ئەحمەد شـــەوقیی میری شـــاعیران (١٨٦٨- ١٩٣٢)، ڕەسافی (١٨٧٥- ١٩٤٥)و کۆمەڵناس، قاســـم ئەمیـــن (١٨٦٥- ١٩٠٨)و ڕۆماننووس عەقـــاد، (١٨٨٩- ١٩٦٤)، محەممەد تەیمـــور (١٨٩٢- ١٩٢١)و محەممـــەدی برای (١٨٩٤-) هەر هەموو بە ڕەگ و ڕەچەڵەک کورد بوونە. مێژوونووسانی وەک: (محەممەد مردوخ کوردستانی، ڕەشید یاســـمی، ئیحسان نوری، م. ن. دەرســـیملیو ئا. یامولکی) کە بە فارســـیو تورکی بەرهەمەکانیان نووســـیوە، هەموویان کورد بوون. ئەگەر نووسەرە کۆنەکانی کورد بەرهەمی خۆیان لەبری زمانی کوردی بە زمانی باوی میللەتانی ئیســـلامی وەک عەرەبیو فارسیو تورکی دەنووســـی، ئەوا ئەمڕۆ نووســـەرانی لاوی کورد، سوود لە زمانانی ئەوروپایی وەک: ئینگلیزی، فەرەنســـی، ئەڵمانیو تەنانەت ڕووسی، بەتایبەت لە ئەرمەنستاندا، سوودوەردەگرن، خۆ لە ئەرمەنستاندا بە زمانی ئەرمەنیش بەرهەمی خۆ دەنووسن. لە ڕاستیدا نووسەرانی کورد بەدرێژایی مێژوو بەرهەمی خۆیان بە چەندین زمان نووسیوە. ئەمانە خاوەنی گەلێک دانراوی دانسقەن لە بوارە جیاوازەکانی وەک شیعرو مێژوو و زانستە تەبیعیو ئینسانییەکاندا، لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا بەهرەو تواناو زەوق سەلیقەی خۆیان جەرباندووە.

(ا. ژاپا)، لە ســـاڵی (١٨٦٠)دا لە کتێبەکەی خۆیدا ئاماژەیەکی

کورتی بۆ هەشـــت شاعیری کورد کردووە کە بە دیالێکتی کرمانجی شـــیعریان گوتووەو زۆربەیان خەڵکی ناوچەی هەکاری بوونە. پاش نزیکەی سەدەیەک (علاءالدین سجادی) لە ساڵی (١٩٥٢)دا مێژووی ئەدەبـــی کوردی لە بەغدا بەچـــاپ گەیاند. ئەم کتێبـــە بریتیە لە (٦٣٤) لاپەڕەو پێشـــەکییەکی دەربارەی کوردو کوردستان تێدایە (ل٣- ٦٦) کە لەو پێشـــەکییەدا باســـی قۆناغەکانو گۆڕانکاریو پەرەســـەندنی ئەدەبیاتـــی کوردی کردووە (ل٦٩- ١٢٤) پاشـــان کەوتۆتـــە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی (٢٤) شـــاعیر (ل١٤٧- ٥٣٤)و دوای ئەوە بەشـــێوەیەکی سادەو کورت ناوی (٢١٢) نووسەری دی دەبا (ل٥٣٥- ٥٥٨). ئەم نووســـەرە کتێبەکـــەی خۆی بەتەواوی بۆ ئەو شـــاعیرە کوردانـــەی عێراقو ئێران تەرخـــان کردووە کە لە ژیاندا نەماون. لەو ســـەروبەندە بەدواوە دوو بەرهەمی دی دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی بڵاوبۆتەوە، یەکێکیان کتێبێکی (مارف خەزنەدار)ە بە نێوی (مێژووی ئەدەبیاتی کلاســـیکی نوێی کوردی) بە زمانی ڕووسی، ســـاڵی (١٩٦٧)، (٢٣٢) لاپەڕەیە. ئەوی تریان کتێبێکی (عزالدین مستەفا ڕەسوڵ)ە بە نێوی (ڕیالیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا) بە زمانی عەرەبی، ســـاڵی (١٩٦٨)، (٢٣٦) لاپەڕەیە. هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە زەمانی ژاپاوە تا ئێستا ئەنجام دراون نیشانەی پێشکەوتنە لە بواری کوردناسیداو ڕادەی ئاگاداریمان دەربارەی ئەم ئەدەبەی ڕۆژهەڵات، دەوڵەمەند دەکا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەدەبیاتە هێشتا لە ڕۆژاوادا زۆر کەم ناسراوە.

## ١. سەرەتاو سەرهەڵدانی قۆناغی کلاسیک: –

بەپێــی نووســـینەکانی ژیاپـا دەربـــارەی ئەدەبیاتی کوردی، دەتوانین ســـەدەی پازدە بەو قۆناغە دیـــارە دابنەین کە یەکەمین شـــاعیرانی کورد کەوتوونەتە نەشـــونماو گەشـــەکردن وەک: علی حەریری (١٤٢٥ – ١٤٩٥)، شـــێخ ئەحمەدی نیشتمانی، ناسراو بە مـــەلای جزیری (١٤٠٧ – ١٤٨١)، مـــەلا ئەحمەدی باتەیی (١٤١٤ – ١٤٩٥) کە هەموویان هاوعەســـری یەکدی بوونە. میر محەممەدی موکس، ناسراو بە فەقێی تەیران، پێدەچێ لەوانی دی کۆنتر بووبێ (١٣٠٧– ١٣٧٥) دیارە هەموو ئەم مێژووانە دەبێ پاشان پتر لێیان بکۆڵدرێتەوەو بەدیقەتتر ساغ بکرێنەوە، (د. ن. مەکەنزی) لە وتاری (مەلای جزیـــریو فەقێی تەیران)دا کە لە بڵاوکـــراوەی یاددنامەی ئێران–ی مینورسکیدا بڵاوبۆتەوە، تاران، (١٩٦٩)، بەپێی حیسابی ئەبجەد زۆر بەوردی ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە مەلای جزیری لەنێوان ساڵانی (١٥٧٠و ١٦٤٠)و موریدەکەی فەقێی تەیران لەنێوان ساڵانی (١٥٩٠و ١٦٦٠)دا ژیاون. شـــۆرەت و نێوبانگی مەلای جزیری لەوانی دی زیاتـــرە. مەلای جزیری پاش حافظ (لە ١٣٨٩ یا ١٣٩٠ کۆچی دوایی کردووە) و جامـــی (١٤١٤–١٤٩٨) بووەو دیوانێکی لە پاش بەجـــێ ماوە کە پتر لە دوو هەزار بەیتەشـــیعری تێدایەو دەقی ئەم شیعران یەکجار قورسو سەختەو ناوەڕۆکیان دەربارەی سۆفیگەریی ئێرانییە. ئەم دیوانە لەنێو شـــێخو مەلاکاندا یەکجار خۆشەویست و بڵاوە، لە مزگەوت و حوجرەکانی کوردســـتاندا هەمیشـــە بە دەرس

گوتراوەتەوە و ڕاڤەو شــرۆڤە کراوە. ئەم دیوانە لە ساڵی (١٩٠٤)دا بە فۆتۆکۆپی لەژێر ناونیشـــانی (دیوانی کوردی شێخ ئەحمەد) لە بەرلین، لەلایەن م. هارتمانەوە بڵاو کراوەتەوە. لە ســـاڵی (١٩٢٢) دا، لە ئەســـتەمۆڵ لەلایەن (محەممەد شــفیق انواری حسینی)یەوە بڵاوکراوەتەوە. پاشـــان لە ساڵی (٩٤١ – ١٩٤٣) بە پیتی لاتینیو بە نوقستانی لەلایەن (قادری جمیل پاشا)وە بە ناوی (دیوانا مەلا) لە ژمارەکانی (٣٥و ٣٧)ی هاواردا بڵاوکراوەتەوە. باشـــترین چاپی ئەم دیوانە، چاپە بەنرخەکەی (شێخ احمد ب–ئال مەلا محەممەد.. ئال بوهتی ئال زەڤەنگی)، (العقد الجوهري في شـــرح دیوان الشیخ الجزیری)یـــە کە لـــە دوو بەرگاو لە (٩٤٣) لاپەڕەدا، لە قامشـــلی، ســـاڵی (١٩٥٨) بڵاوکراوەتـــەوە. (مەلای باتەیـــی) زیاتر بەهۆی مەولوودنامەکەیەوە شـــۆرەتی پەیدا کردووە، کە دەقە کوردییەکەی لەلایەن فن لی کوک–ەوە لە ســـاڵی (١٩٠٣) لە بەرلین بڵاوبۆتەوە. فەقێی تەیران لاوانەوەیەکی شیعری بە بۆنەی مەرگی مەلای جزیرییەوە کە مامۆســـتای بووە، هۆندۆتەوە. ئەو خاوەنـــی چەند بەرهەمێکی دیکەشە، لەوانە (شێخی سەنعان) کە لەلایەن ڕودینکووەو لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە مۆســـکۆ تەرجەمە کراوەو بڵاوکراوەتەوە. لە ســـاڵی (١٩٦١)دا (قادری فەتاحی قازی شێخی سەنعان)ی کردۆتە فارسیو لەگەڵ دەقە کوردییەکەیدا، زانستگەی تەورێز بڵاوی کردۆتەوە. لەو شـــاعیرانەی دی کە ژاپا ناویان دەبا، ئەحمەدی خانی لە هەموویان دیارترە، ئەم شاعیرە لە بایەزیددا دادەنیشت و خاوەنی مەمو زین–ە کە بەناوبانگترین داستانی کوردە. ئەم بەرهەمە کە چەندین جار چاپ کراوەتەوە، دانەرەکەی لە داســـتانی (مەمی ئالان)ی فۆلکلۆرییەوە،

وەریگرتەوە. مەمی ئالان، لە ساڵی (١٩٣٢)دا لەلایەن ر. لسکووە لە بیرۆت بڵاوکرایەوە. لە ساڵی (١٩٥٧)دا لەلایەن ن. زازاوە بەشێوەی کلاسیک و بەپێی دەستووری ئەدەبی ئامادە کراوەو ڕێکخراوەتەوەو لایەنە ئیسلامییەکانی زیاتر کردووە. ئەم بەرهەمە بریتیە لە (٢٦٥٥) دوو بەیتی کە بە داســتانێکی نەتەوەیی گەلــی کورد دەژمێردرێ، ئەم بەرهەمە بەشێوەی جۆراوجۆرو بۆ زمانانی ئەڵمانی، فەڕەنسی، ڕووسی، ڕۆمانی، ئینگلیزی، ئەرمەنیو عەرەبی تەرجەمە کراوەو بڵاو بۆتەوە. داستانی کلاسیکی مەمو زین-ش زۆرجار چاپ کراوەتەوە، لە ئەســتەمۆڵ (١٩٢٠). لــە ئاڵپو، ســاڵی (١٩٤٧)، لە هەولێر، ســاڵی (١٩٥٤). ئەم بەرهەمە لە ســاڵی (١٩٦٠)، لە بەغدا هەژار وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری موکری. ردینکو، لە ساڵی (١٩٦٢)دا لە مۆســکۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی، و لە ساڵی (١٩٦٨) دا (م. ئــی ئی، بوز ئەرســەلان) لە ئەســتەمول بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. گەلێک نووســەر ئەم دوو داســتانەیان تێکەڵ کردووە. ئەحمەدی خانی جگە لە گەلێک شیعر کە بە زمانی تورکی، عەرەبیو فارسی نووسیونی، فەرهەنگێکی شیعری عەرەبی کوردی بچووکیشی نووسیوە بە نێوی (نەوبارا بچیکان) کە لەلایەن یوسف ضیاءالدین -ەوە لەژێر نێــوی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية) لە ســاڵی (١٨٩٢) لە ئەســتەمۆڵ بڵاوبۆتەوە. هەروەها فن لێ کۆک، نووسخە وەرگێڕاوەکەی بڵاوکــردەوە. موریدو جێگرەکەی کە لە قوتابخانەی بایەزیددا، شاعیرو ئەدیبێک بوو بە ناوی ئیسماعیل بایەزیدی (١٦٥٤ - ١٧٠٩) ئەویش زۆر شــیعری کوردی لە پاش بەجێ ماوە، لەگەڵ فەرهەنگێکی کرمانجی، عەرەبیو فارسی بەنێوی (گوڵزار).

له ئەدیبانو نووسەرانی ســـەدەی هەژدەما، بمانەوێو نەمانەوێ دەبێ نێوی شەریف خانی جوولەمێرگ (١٦٨٢- ١٧٤٨) ببەین. ئەم پیاوە لە بنەماڵەی میرانی هەکاری بوو. شـــیعرێکی یەکجار زۆری بە کرمانجیو بە زمانی فارسی هەیە. شاعیرێکی تری ئەم قۆناغە موراد خانی بایەزیدییە (١٧٣٦- ١٧٧٨) کە گەلێک غەزەلی هەیە.

لە هەمان ســـەردەما، لە دەربارەی والی ئەردەڵان، یا ســـوڵتانی هەورامانیدا، ژمارەیەک شـــاعیری بەرجەستە پەیدا بوون کە بەرهەمە بەزمـــی و مەزەبیەکانیان بە دیالێکتی گۆرانـــە، لەوانە: ئەحمەدی تەختی (دەوروبەری ســـاڵی ١٦٤٠)و شـــێخ مســـتەفای بێسارانی (١٦٤١- ١٧٠٢). پرۆفیســـۆر مینۆرســـکی پێی وایە بێســـارانی لە ساڵی (١٧٦٠) مردووە، کە بەم پێیە دەکاتە هاوعەسری شاعیرانی وەک خانـــای قوبـــادی (١٧٠٠- ١٧٥٩)و مەحزوونی (دەوروبەری ساڵی ١٧٨٣).

نێوهێنانی هەموو ئەو شـــاعیرانەی لە سەدەی نۆزدەدا لە ژیاندا بوونـــەو لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگـــی جیهانیدا بەرهەمەکانیان بڵاوبۆتەوە، لێرەدا جێی نابێتەوە، بەڵام ناو لیســـتی بەرهەمەکانیان لـــە کتێبەکانی مارف خەزنەدار (ل٢١٨- ٢٢٠)و عزەدین مســـتەفا ڕەسول (ل٢٢٨- ٢٣٢) تۆمار کراوە. مینۆرسکی-ش لە گوتارێکیدا بە ناوی (گۆران) ناوی ئەو شـــاعیرانە دەبا کە بە دیالێکتی گۆرانی شیعریان گوتووە. ســـەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەدرێژی لەســـەر هەندێ لەم شاعیرانەی نووسیوە، وەک: مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢). دەبێ ئەوە بزانین کە مێژووی ژیانو مەرگی ئەو شاعیرانەی لەلای هەموو لێکۆڵەرەوەکانی ئەو مەیدانە چوون یەک نییە. زەوق و

ســـەلیقەی شاعیرانی کورد لە هەڵبژاردنی نازناوی خۆدا یەکێکە لەو بابەتانەی دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

لەنێو شاعیرانی سەدەی نۆزدەدا کە زەمینەی شیعرەکانیان تەواو مەزەبیو ئایینییە، نالی (١٧٩٧- ١٨٥٥) لە هەموویان نێودارترە. نالی، زۆری ســـەفەر کردووە. شـــیعری بە زمانی کوردی، فارسیو عەرەبی گوتووە. دیوانە کوردییەکەی لە ساڵی (١٩٣١)دا لە بەغداو پاشان لە ساڵی (١٩٦٢)دا لە هەولێر چاپ و بڵاو بۆتەوە. شاعیرانی دی ئـــەم ســـەردەمە بریتین لـــە ســـالم (١٨٠٠- ١٨٦٦)، کوردی (١٨٠٣- ١٨٤٩) کە شێوەی غەزەل و شیعری نیشتمانییان یەکجار ڕەونەقدارە، ئەوجا مەحوی دێت (١٨٣٠- ١١٠٩) کە دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٢٢)، لە سلێمانی چاپ و بڵاو بۆتەوە. زۆربەی شیعرەکانی لە بازنەی بنەماکانی ئایین و ســـۆفیگەرێتیدا دەخولێنەوە. هەروەها میـــرزا ڕەحیمی وەفایی (١٨٣٦- ١٨٩٢) دیوانەکەی بە دوو بەرگ، لە ساڵی (١٩٥١و ١٩٦١)دا لە هەولێر چاپ و بڵاو بۆتەوە. گەورەترین شاعیری ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدە، حاجی قادر کۆییە (١٨١٥- ١٨٩٢) شیعری نەتەوەییو نیشتمانی ئەو، تا ئێستا هەست و سۆزی گەلەک لە لاوانی کورد جۆش دەدا. دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٥٣)دا لە هەولێرو لە ســـاڵی (١٩٦٠) لە بەغدا چاپ بووە. شاعیرێکی تری ئەم ســـەردەمە شێخ ڕەزای تاڵەبانییە (١٨٤١- ١٩١٠). شێخ ڕەزا باوەڕی بە ڕێبازی ئەو گروپە عاریفەیە کە دەڵێن ناتوانرێ دەربارەی بوونی خواو پەیدابوونی دنیا چ ڕاوبۆچوونێک بێتە دەربڕین. شـــێخ، کابرایەکی هەجوونووس بووەو تا ئێســـتاش لەنێو خەڵکانێکی زۆردا ڕەونەقـــی و تایبەتی هەیە. شـــیعری بە زمانی کوردی، فارســـیو

توركـــی گوتووه. دیوانەکەی لە ســـاڵانی (١٩٣٥و ١٩٤٦) لە بەغدا چاپ بووه. شـــاعیرێکی دی ئەم سەروبەندە (حەریق)ە، (١٨٥١- ١٩٠٧) شـــیعرەکانی لەسەر شێوەو شێوازی تەقلیدییەو لە زەمینەی ســـۆفیگەرییدایە. دیوانەکەی لە ســـاڵی (١٩٣٨)دا لە بەغدا چاپ بووه. (ئەدەب)، عەبدوڵڵا بەگی مصباح الديوان (١٨٦٢- ١٩١٧) شاعیرێکی دی ئەم سەردەمەیە. شاعیرێکی بە زەوق و ناسک خەیاڵ و ڕۆمانســـی بووه. دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٣٦)دا لەلایەن (ح. ح. موکریانی)یەوە لە ڕەواندوز چاپ کراوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٦٠) دا، گیـــو موکریانی لە هەولێر بڵاوی کردۆتەوە. لە ســـاڵی (١٩٧٠) دا شـــیعرە بڵاونەکراوەکانی لەلایەن (م. خەزنـــەدار)ەوە لە بەغدا بڵاوکرانەوە.

لێرەدا پێویســـتە نێوی چەند شـــاعیرێکی ئافرەت بەرین کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەوریان هەبووە، لەوانە: ماهـ شـــەرەف خانمی ئەردەڵان (١٨٠٠- ١٨٤٧)و سیرا خانمی دیاربەکر (١٨١٤- ١٨٦٥) و میر خاتوو بەرواری (١٨٥٨- ١٩٠٥).

## ٢- سەردەم و قۆناغی نوێ:

کۆتایی یەکەم جەنگی جیهان تینو تاو و بزاڤێکی بە ئەدەبیاتی کوردی بەخشی کە هێشتا هەر بەردەوامە. لە سایەی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێـــک ڕۆژنامەو گۆڤارەوە، زەمینە بـــۆ لاوانی بەهرەدار خۆش بوو کە بتوانن شـــیعری خۆیان بڵاوبکەنەوەو بیروباوەڕی نەتەوەیی و

کۆمەڵایەتیـــی خۆیـــان دەربـبـــڕن. هەڵبژاردن‌و دەستنیشـــانکردنی شـــاعیرێک لەنێو شاعیرانی ئەم سەردەمەی بوژانەوەی ئەدەبیاتەدا، کە لە ساڵی (١٩٢٠)وە تا ئێستا بەردەوامە، گەلەک زەحمەتە.

لە ســـەردەمی بوژانەوەی ڕۆشنبیری و گەشـــانەوەی مەعنەوی شـــاری ســـلێمانیدا، کە لە ڕاســـتیا پایتەختی کوردستانی عێراقە، پێویســـتە بەر لە هەموو کەسێک ناوی پیرەمێرد (١٨٦٧- ١٩٥٠) ببەین. پیرەمێرد، ناوی حاجی تۆفیقە، هزرڤان و زانایەکی ڕەسەن‌و داهێنەرێکی گەورەو گەڕیدەیەکی پشـــوودرێژ بوو، دوا ســـاڵەکانی تەمەنـــی خۆی بۆ لاوانی کورد تەرخان کرد، ئەو لاوانەی کە زۆریان خۆش دەویســـت و ڕێزیان دەگرت. پیرەمێرد، جوانی‌و شـــکۆداری خاکی کوردســـتانی بەو لاوانە نیشـــان دا، ئاشنای زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی کردن، شاعیران‌و نووسەرانی تری ئەم سەروبەندە بریتین لە: شاعیری زەحمەتکێش فایق عەبدوڵڵا (بێکەس) (١٩٠٥ — ١٩٤٨). بێکەس، هەمیشە لاوانی هانداوە ڕوو بکەنە مەیدانی زانست و زانیاری، ســـۆزی نەتەوە پەروەری و ئەشـــقی خاکی کوردستانی لەلاجـــۆش داون ڕێنوێنی لاوانی بۆ ڕێگەی چاکـــەو میهرەبانی کرد بەســـەر لەوحەی ژیانی خۆی. شاعیرێکی دی ئەم سەردەمە، زێوەر (عەبدڵڵا محەممەد)ە (١٨٧٥- ١٩٤٨). شیعرەکانی پڕن لە سۆزو ستایشی تەبیعەت و خاکی وەتەن.

گۆران، (عەبدوڵڵا سلێمان ١٩٠٤- ١٩٦٢) یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی هاوچەرخ. گۆران، دەستبەرداری شێوەو شێوازی کلاسیک بوو، و ڕووی کردە ڕێبازی شیعری ئازاد. گۆران، باوەڕی بە ئازادیی فیکری‌و ئازادیی ژیان هەبوو، شاعیرێکە خاوەنی فیکری دەوڵەمەندو

بیری پێشـــکەوتووخوازی و لە شیعرەکانیدا ڕەخنە لە کەموکورتییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێ.

قانـــع (محەممەد شـــێخ عەبدوکەریم ١٩٠٠- ١٩٦٥) لە ســـاڵی (١٩٥١)وە تا ســـاڵی (١٩٥٥) کۆمەڵێک نامیلکەی بڵاوکردەوە، کە سەراپا وێنەی کوردستانو عەشقی خاکیان گرتۆتە خۆ.

شـــاعیرانی تری کوردســـتانی عێراق بریتین لە: ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧- ١٩٣٥)، دیوانەکەی لە ساڵی (١٩٦٠)دا لە سلێمانیدا چاپ بووە. عەبدولواحیـــد نوری (١٩٠٣- ١٩٤٤). دلْدار (١٩١٨- ١٩٤٨)، دیوانەکەی لە ســـاڵی (١٩٦٢) لە هەولێر چاپ بووە. دلْزار (١٩٢٠-)، لە ســـاڵی (١٩٥٧)دا چوارینەکانی بابا تایەری شاعیری سەدەی یازدە بڵاو کردەوە، ئەو بابا تایەرەی کە هەندێ لە کوردەکان بە کوردو بە یەکێک لە خۆیانی دەزانن.

لە ئێراندا، لە ســـەردەمی کۆماری مەهابادا، دوو لاوی شـــاعیرو نیشتمانپەروەر هاتنە مەیدانی ئەدەبیاتەوە کە بریتیبوون لە هێمنو عەبدولڕەحمـــان هـــەژار (١٩٢٠-) هەژار، هەزاران بەیتە شـــیعری دەربـــارەی ئازادیو نیشـــتمانپەروەری گوتـــووە، وەک: ئاڵەکۆک، (تەورێز، ١٩٤٥). لە ســـاڵی (١٩٥٨)دا کۆمەڵێک چیرۆکەشـــیعری کۆمیدی وەک: (بەیتی ســـەرەمەڕ و لاسایی ســـەگ و مانگەشەو) ی بڵاو کـــردەوە. هەژار، لە (کوردی دیالێکتـــی موکری) بەرهەمی (ک. ار. ایوبـــی) و هەروەها لـــە (ای. ا. ســـمیرانۆف)، لیننگراد - (١٩٦٨) کورتەیەکی ژیانی خۆیو هەندێ شیعری بڵاو کردەوە. لە ساڵی (١٩٦٨)دا، لە بێروت، تەرجەمەی چوارینەکانی خەیامی بڵاو کردەوە.

(کامـــران. ا. بدرخان) یەکێکە لەو شـــاعیرانەی کە بە دیالێکتی کرمانجی شـــیعری گوتووە، کامران، شـــیعری ئازاد، لەسەر ڕێبازی ڕۆمانســـی دەڵێ. لە هەمووان گرنگتر، جگەرخوێنە (شـــێخ موس حەســـەن) (١٩٠٣)، دوو کۆمەڵە شـــیعری هەیە بە ناوی (دیوانی جگەرخوێن، دیمەشق ١٩٤٥)و (ســـەورا ئازادی- شۆڕشی ئازادی، دیمەشـــق ١٩٥٤) جگەرخوێن شـــاعیرێکی یەکجار هەستناســـک و نیشـــتمانپەروەرە. شیعرەکانی بریتیە لە ڕێنوێنی و پەروەردەکردنی لاوان و هاندانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ تەبایی و یەکبوون. جۆش و خرۆشی جگەرخوێن لە سنوری ناسیونالیستی روتا ناوەستێ، بەڵکو خوازیاری ڕیفۆرمـــی بونیادیو بنەڕەتی کۆمەڵگەیە. شـــیعرەکانی لەڕووی هونەری شیعرییەوە هەمەجۆرن، بەڵام پتر لە قاڵبی شیعری کلاســـیکدا شیعری گوتووە، لەگەڵ ئەمەشـــدا شارەزایی لە شێوەی تازەی شـــیعریش هەیەو بە کارامەیی بەکاری هێناون. شـــیعرەکانی یەکجـــار دەوڵەمەندن. جگەرخوێن، پتر لەنێو کوردەکانی ســـوریاو تورکیادا ناسراوەو زۆریان خۆش دەوێ.

بەڵام جوانترین ڕووی گەشی ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستانی ســـۆڤیەتدا بەرچـــاو دەکەوێ، کە پتـــر بە دیالێکتـــی کرمانجییە. پێشڕەوی ئەم کاروانە ئەدەبییە، یەزیدییە کۆنەکان بوون، واتە: ئەو خەڵکە عەوامەی کە لە قەڵەمڕەوی تورکیاوە کۆچیان کردو سوودیان لـــە وەزعو حاڵی تازەی کۆمەڵایەتی وەرگـــرت و بەهرەی ئەدیبیان لەلا گەشـــایەوە، بەڵام ئەوانە لە ڕۆشنبیریی ئیسلامی بێئاگا بوونو چ پێوەندیو تێکەڵاوییەکیان لەگەڵ کـــوردە خوێنەوارەکانی ناوچە کوردنشـــینەکانی دیـــدا نەبوو. بەرهەمی ئەمانە لـــەڕووی باوەڕەوە

بە مەبەســـتێکی دیاریکراو ئاراستە کراوە، بەڵام زیاتر بایەخیان بە وەســـفی جوانیی سروشـــت داوەو زۆر گوێیان بە ڕێبازی کلاسیکی شـــیعر نەداوە. شـــیعری ئەمانە لەگەڵ هەموو سادەییەکیدا یەکجار ناســـک و جوانە، و هەر ئەم ســـادەییە جۆرە ڕیتمو کێشـــێکی بە شیعرەکانیان بەخشـــیوە. گۆرانییەکانیان پڕە لە عەشقو دڵسۆزی بەرانبـــەر بە خێزان و وەســـفی جوانی سروشـــت، وەک: جاســـمی جەلیل (١٩٠٨)، میکایلی ڕەشـــید (١٩٢٥) کە شـــاعیرێکی یەکجار بەتوانـــاو ناســـکخەیاڵە. هەندێ لەم شـــاعیرانە پابەندی مەســـەلە کۆمەڵایەتییەکانو هەڵگری بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی بوون، لەوانە: عەتاری شێرۆ (١٩٠٦-)، ئەم شاعیرە لە زۆربەی شیعرەکانیا باسی ئازادیی ئافرەتان دەکا. یوســـفی بەکـــۆ (١٩٠٩-) ڕەخنە لە زوڵمو زۆری فیوداڵـــەکان دەگرێ. قاجاخا مـــراد (١٩١٤-)، وەزیرا نادری (١٩١١- ١٩٤٧)و ئامینە عەبداڵ (١٩٠٦- ١٩٦٤) لەو شـــاعیرانەن کە قارەمانیو دلاوەرییەکانی جەنگی ڕزگارییان بەرجەستە کردووە. جگە لەمانە، حاجی جندی (١٩٠٨-)و ســـیامەندی ســـیابەندۆف و (١٩٠٨-) کە قارەمانی یەکێتیی سۆڤیەتیشە، لە ساڵی (١٩٥٩)دا داستانی (سیابەندو خەجێ)ی لە قاڵبێکی نوێدا دارِشتۆتەوە. کارلینا چاچایی، پیاوێکی گەنجە، گەلەک ئەفســـانەی پـــڕ ماناو ناوەڕۆک تازەی بە زمانی گیاندارانەوە بڵاوکردۆتەوە. ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە)ی یریڤان، هەڵبژاردو گوڵبژێرێکی یەکجار زۆری ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە، کە زۆربەی بریتیە لە ناســـاندنی شـــاعیرانی کوردی ئەرمەنســـتانی ســـۆڤیەتی، کە هەریەکەیـــان گەنجینەیەکی یەکجـــار دەوڵەمەندی فولکلۆرییان پێیە.

پەخشـــان، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە ڕاستیا لە ساڵی (١٩٢٠) بەدواوە ســـەری هەڵدا. هەڵبەتە دەبووایە بەمەبەستی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئاســـۆی فیکری لە ئەدەبیاتداو بەرزکردنەوەی ئاستی زمان، زمانی کوردی قۆناغی کامڵبوون و گۆڕانکاری ببڕی تا قاڵبی هاوچەرخ بگرێتە خۆ. هەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، ئەدیباتی کورد کەوتنە وەرگێڕانی بەرهەمی نووســـەرانی بێگانە، و یا بەلای کەمەوە توانییان لەم بوارەدا چەند پارچەو بەشـــێک لە بەرهەمی نووسەرانی بێگانە بگۆڕنە ســـەر زمانی کوردی. لە ســـوریاو لوبنان کۆمەڵێک بەرهـــەم لە زمانی فەڕەنســـییەوە، لە عێراقا لـــە زمانی ئینگلیزی و عەرەبییـــەوە، لە ئێرانا لە زمانی فارســـییەوە، لە ئەرمەنســـتانی سۆڤیەتدا لە زمانی ڕووســـیو ئەرمەنییەوە کراون بە کوردی. جگە لەمانە شـــانۆنامەکانی شەکسپیریش خراونەتە بەردەست خوێنەرانی کـــورد، لەوانـــە: (گەرداوەکـــە) وەرگێڕانی جەمال نەبـــەز، بەغدا (١٩٥٧). محەممەد عەلی کوردی، هەندێ چیرۆکی ڤۆڵتیری کردووە بە کوردی. بەغدا (١٩٥٤). هەندێ نووسینی ڤیکتۆر هۆگۆ، دودیە، تەرجەمـــەی زازا و ئەناتولی فرانس-ش تەرجەمەکراون بە کوردی. جەمـــال نەبەز (پاڵتۆ)کەی گۆگۆڵ-ی کـــردووە بە کوردی، بەغدا (١٩٥٨). کوردەکانی سۆڤیەت، بەرهەمی نووسەرانی وەک: پۆشکین گورگی، تۆلســـتۆیو لیرمانتوف-یـــان تەرجەمەی کوردی کردووە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە کۆمەڵێک بەرهەم دەربارەی لینین، ســـتالینو هەروەها بەرهەمی نووســـەرانی ئەرمەنی وەک: ابوڤیان، تومانیان و اســـحاقیان لەلایەن خەڵکانی کوردەوە کراون بە کوردی. ئـــەو وەرگێڕە نێودارانەی کە پێویســـتە نێو ببرێن، بریتین لە: (ج.

جەلیل، حاجی جندی، ا. عەبداڵ، قاچاخا مراد، ن. اسد، ت. مراد).
هەندێکی دیکەش بەرهەمی خۆیان ڕاســـتەخۆ بـــە زمانی ئەرمەنی نووسیوە، وەک: ج. جەلیل، ئی عەبداڵ و نادڤیاخی دو محمدوف و زۆری دی.

لە عێراقا گەلەک وتاری زانستی پەسەندو بەجێ تەرجەمە کراون، بۆ وێنە دکتۆر هاشـــمی دۆغرەمە چیو ناجی عەباس لە وەرگێڕانی ســـەفەرنامەو ڕاپۆرتی ئەو گەڕیدە ئینگلیزانەی کە لە کۆنا سەفەری کوردستانیان کردووە، دەوری دیارو باڵایان بینیوە.

لـــە بواری ئەدەبیاتی نۆڤڵدا کە زیاتر لەگەڵ زەوق و ســـەلیقەو تەبیعەتـــی کـــوردا دەگونجێ، لە گۆڤاری هـــاواردا هەندێ چیرۆکی نورالدین زازا (١٩١٩-)و مســـتەفا ئەحمەد بۆتی بەرچاو دەکەون. قەدری جان (١٩١٨-) لە چیرۆکەکانیا ڕەخنە لە توندڕەوی ئایینیو دەسەڵاتی فیوداڵەکان دەگرێ. ئۆســـمان سەبری (١٩٠٩-) کە بە پلەی یەکەم چیرۆکنووســـەو بە شـــێوازێکی ســـادەو بێ پێچو پەنا دەنووسێت، بەڵام هەرکاتێ دەرفەتی بووبێ ئاوڕی لە شیعرگوتنیش داوەتەوە.

لـــە عێراقا، خەڵکی ڕۆشـــنبیر یەکجـــار زۆرە، لەوێدا لقی مێژوو بایەخێکی تایبەتی دراوەتێ. ئەو مێژوونووسە نێودارانەی کە مێژووی کوردستانیان نووسیوە، بریتین لە: حسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٦ - ١٩٤٧) کە نووســـەرێکی فرە کارو پڕ بەرهـــەم و گەلەک دانراوو لێکۆڵینەوەی لـــە پاش بەجێماوە، لەوانە: (مێژووی میرنشـــینانی کـــورد، ١٩٢٩- ١٩٣١) (میرانی ســـۆران-١٩٣٥)و (کوردەکان و نادرشـــا-١٩٣٦)و (کوردی زەندی-١٩٣٤) (کوردستانی موکریان،

١٩٣٨)و گەلێکی دی. مێژوونووسێکی دی جەنەڕاڵ محەممەد ئەمین زەکــی بەگە (١٨٨٠- ١٩٤٨) کە ئـــەم بەرهەمانەی بڵاوکردۆتەوە: (خوڵاســـەی تاریخی کوردو کوردستان، ١٩٣١)، و (تاریخی وڵات و میرنشینانی کوردستان لە ســـەردەمی ئیسلامدا، ١٩٤٨)و (تاریخی ســـلێمانیو دەوروبەری، ١٩٣٩)، (ناودارانی کوردو کوردستان. دوو بەرگـــە، ١٩٤٥ — ١٩٤٧) هەموو ئەم بەرهەمانە کراون بە عەرەبی. (ڕەفیق حیلمی، لە ١٩٦١دا کۆچی دوایی کردووە) لە ساڵی (١٩٥٦) دا، بیرەوەرییەکانی لەمەڕ باشـــووری کوردســـتانو ڕاپەڕینی شێخ مەحمود بڵاو کردەوە (ئەم بەرهەمە تەواو نەکراوە). تۆفیق وەهبی، لە ساڵی (١٩٢٩)و پاشـــان لە ساڵی (١٩٥٦)دا یەکەمین گرامەری زمانی کوردی نووسی.

تۆفیـــق وەهبـــی، مێژوونووسیشـــە، و لـــە ســـاڵی (١٩٦٢) لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ یەزیدییەکان و هەروەها لە ســـاڵی (١٩٦٥) لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ڕیشـــەو نەژادو زمانـــی کوردی ئەنجام داوە. ڕەخنەی ئەدەبی لە نووســـینەکانی (یونس دڵدارو کامەران)و بەتایبەتی (مارف خەزنەدار)ەوە دەستی پێ کردووە. ئەم نووسەرانە لە ڕێگەی وتارەکانیان لە ڕۆژنامان و نووســـینی ئەو پێشەکییانەی بۆ هەڵبژاردەی ئەدەبی یان نووســـیوە گەلێک لە شـــاعیرانی کۆن و نوێیان بە خوێنەران ناســـاندووە، خەزنەدار زێدەباری نووســـینی مێـــژووی ئەدەبیاتی کـــوردی، کتێبێکی هەیە بە نـــاوی (کێش و قافیە لە شـــیعری کوردیدا)، لە ســـاڵی (١٩٦٢)دا لە بەغدا چاپی کردووە. جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی لە ساڵی (١٩٥٧)دا شەرەفنامەی کردووە بە عەرەبی. ئەم نووســـەرە بایەخێکی تایبەتی بە شاعیرانو

نووســـەرانی زەنگنـــەو کەڵورِو تیرەکانی دراوســـێی ئـــەوان داوە.
عەلاءالدین ســـەجادی، جگە لە (مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٥٢)، لە ســـاڵی (١٩٦٨)دا کتێبێکی بە نێـــوی (لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی)و هەروەها لە ســـاڵی (١٩٧٠) کتێبێکی دی بە ناوی (نرخ شناسی) بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی (١٩٥٧ – ١٩٧٢)، (٥) بەرگی لە (رِشتەی مرواری) بڵاو کردۆتەوە، کە بریتیە لە کۆمەڵێک حیکایەت و نوکتـــەی ئەدەبیی ئاوێتە بە بیروباوەرِی فەلســـەفەیی‌و مێژوویی. لە ســـاڵی (١٩٥٨) کتێبی (گەشتێک لە کوردستان)ی بڵاوکردەوە. لە کۆتاییدا پێویســـتە ئاورِێک لە ئەدەبی‌و فۆلکۆری کوردی عزالدین رەسولٚ (١٩٦٨)ش بدرێتەوەو بە خێر نێوببرێ.

لـــە عێراقا، ژمارەیەکی زۆر لە نووســـەرو دانەرو رِۆژنامەنووس‌و کەســـانی تێکۆشـــەر، کۆمەڵە شـــیعرو چیـــرۆک و گوتاریان دژی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بڵاو کردۆتەوەو دەنگی نارِەزاییان دەربرِیوە، لەوانە: شاکر فەتاح (هاورِێی منداڵان، ١٩٤٨)و (ژنانی کورد، ١٩٥٨) و (ژینی نوێ، ١٩٦٠). هەروەها برایم ئەحمەد (١٩١٢–٢٠٠٠/٤/٨) لە کوێرەوەری (١٩٥٩)و گەلێک لەو گوتارانەشی کە لە رِۆژنامەکاندا بڵاوی کردۆتـــەوە، دەربارەی ئـــەو مەســـەلە کۆمەڵایەتییانەیە کە لەســـەرێ ئاماژەمان بۆ کردن. قەڵەمی تاوداوە نووسەرێکی دی کە هـــەر لەم مەیدانەدا چالاکی هەیە، محەرِەم محەممەد ئەمین–ەو ئەم بەرهەمانـــەی هەیە (مام هۆمەر، ١٩٥٤)، گۆمی شـــڵەقاو، ١٩٥٧)و (کوێرەرِێی ئازادی، ١٩٥٤).

لـــە ئەرمەنســـتانی ســـۆڤیەتدا، رەخنەگرانی ئەدەبیـــی لاو لە رِۆژنامەی (رِێیا تازە) ئەو بەرهەمە شـــیعرییانەی کە بڵاو دەبنەوە

له باری ڕەخنەو ســـەرنجی ئەدەبییەوە هەڵدەســـەنگێننو بە زۆری ستایشـــیان دەکەن. لەنێو ئەو ڕەخنەگرانەدا، (میکائیلا ڕەشـــید)و بەتایبەتی ئەمیر کە ســـەردارو ئوردیخانی جەلیل بە ڕەخنەگری زۆر چاک دەژمێردرێن.

کتێبەکانـــی ئوردیخانی جەلیل دەربارەی جگەرخوێنو داســـتانە شـــیعرییەکەی دمدمو نووســـینەکانی دەربارەی پەندی پێشـــینانو گوتارەکانـــی لەمـــەڕ بابەتی فۆلکلۆر بەڵگەی ڕاســـتیو دروســـتی بۆچوونەکەی سەرێمانن. ئەو لە ساڵی (١٩٥٤)دا، هەندێ شیعریشی بـــڵاو کردۆتەوە. لە ســـاڵی (١٩٦٣) بەیتی (تالـــی همزە)ی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشتی پەخشاننووسان لە شاعیران کەمتـــرن، ئەوانە لە بەرهەمەکانیاندا پتر پەنا وەبەر خەیاڵ دەبەنو تەنانەت وەکو پێویســـت ڕوو لە مەسەلە مێژووییەکان ناکەن، بەڵکو زۆربەی بابەتی نووســـینەکانیان دەربارەی ژیانـــی پڕ کوێرەوەریی ســـاڵانی ڕابردووی ســـایەی ســـەردەمی دەســـەڵاتی تورکەکان. یا دەربارەی وەزعو حاڵی کۆمەڵایەتیی ئێســـتای خۆ دەنووســـن. لەم بوارەدا نووسەری پڕ تەجرەبەو فرەبەرهەم، عەرەبی شەمۆ (١٨٩٨-) بە ڕێبەرو پێشـــڕەویان دێتـــە ژماردن. تازەترین بەرهەمی شـــەمۆ بەرهەمێکە بە ناوی (بەرەوک)، یەریڤان، (١٩٦٩) کە بە پاشـــکۆو تەواوکەری دەقی (بەربانگ) دەژمێردرێ، لە ڕاســـتیا ئەم بەرهەمە، داڕشتنەوەیەکی نوێو دەستکاری کراوی (شڤانی کوردە، ١٩٣٥) کە لە ســـاڵی (١٩٤٦) دووبارە لە بێروت لەچاپ درایەوە، نووسەر لەم کتێبەدا ژیانی سەردەمی منداڵی خۆی وەکو شوانێکی منداڵ بەوپەڕی ناسکیو سادەیی وێنە گرتووە. هەروەها ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو

تیرەکانی دەربڕیوەو بەرقەراری ڕژێمی کۆمۆنیستی لەنێویاندا شەرح دەکا. بەرهەمێکی تری عەرەبی شـەمۆ کتێبی (ژیانی بەختەوەرە، ١٩٥٩) هەروەهـا بەرهەمێکی تری بڵاونەکـراوەی بە ناوی (هوپو) یە کە لە ڕاسـتیا تەواوکەری کتێبی (ژیانی بەختەوەر)ەو باسـی ژیانی کوردەکان لە سایەی دەسـەڵاتی حکومەتی سۆڤیەتدا دەکا. بەرهەمێکی تری شـەمۆ بەیتی (دمـدم، ١٩٦٦)ە کە ئەمجارەیان داستانە مێژووییەکە بەشـێوەیەکی ڕۆمانسییانە دەگێڕێتەوە. جگە لەمانە شەمۆ گەلێک گوتاری کۆمەڵایەتیو مێژوویی دەربارەی کورد لە ڕۆژنامە ڕووسییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. ئیلی عبدالرحمن-ش لە هەمان بواردا کتێبی (خاتە خانم، ١٩٥٩)و (گوندی مێر خاسان، ١٩٦٨)ی بڵاو کردۆتەوە. ڕەحیمی قازی لە ساڵی (١٩٦٠)دا (هۆشیار بوون) ی بڵاو کردۆتەوە، کە باسـی خەباتی کوردی ئێران دژ بە سـتەمی ڕژێم دەکا.

بەمجۆرە بەدیار دەکەوێ کە نۆڤلی ڕاسـتەقینە، بەو جۆرەی کە لە ڕۆژاوادا هەیەو بە نۆڤل ناسراوە، لە ڕاستیا هێشتا لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەدایک نەبووە. ئەوەی کە ئێستا هەیە جۆرە نووسینێکە کە نووسەرانی کورد، تەنانەت لە عێراقیشا پێیان پەسندە. دیارە لە بواری شانۆنامەشدا، هەمان قسەمان لەمەڕ نۆڤل، دووبارە دەکەینەوە. لە بواری شانۆدا بەر لە هەر شوێنێکی دی، لە ئەرمەنستاندا کۆمەڵێک هەوڵ دراوە، کە دەستپێشکەرانی ئەو مەیدانە بریتین لە: و. نادری، شانۆنامەی (ژنهەڵگرتن، ١٩٣٥)، ئا. میرزای، شانۆنامەی (زەمانی چویی، ١٩٤٥)و (ئیسماعیل دڤکوف)، شانۆنامەی (زەواجا بێ دڵ، ١٩٦٤).

بابەتی ئەم شـــانۆنامانە بریتیە لـــە مەحکومکردنی دابونەریتی کۆن. لە عێراقیشـــا دەکرێ ناوی ئەم نووسەرانەی خوارەوە ببرێ: کاوە فەتاح: (کچ و قوتابخانە)، ژیر: (ئافرەوت و نوشـــتە، ١٩٥٦). ئەم شانۆنامەیە لەسەر شانۆی قوتابخانەکاندا نمایش کراوە. (ئەمین میـــرزا کەریم) هەندێ شـــانۆنامەی کۆمیدیو ڕەخنەیی نووســـیوە. گۆران، لە ســـاڵی (١٩٥٣ — ١٩٥٤) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا چەندین ئۆپەرێتی شیعری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: (خۆزگەی هەژار)و (دەنگی مردوو)و... هتد. مەبەســـتی ئـــەم ئۆپەرێتانە هۆشـــیارکردنەوەی خەڵکییـــەو هاندانیانە بـــۆ پاکســـازی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی ئێستا. خالید دلێر، ســـاڵی (١٩٥٩) شانۆنامەی (چوار شەهید)ی بڵاو کردۆتەوە کە شـــانۆنامەیەکی نیشتمانییە. (جەمال بابان)یش لە ساڵی (١٩٦٠)دا شانۆنامەیەکی شـــیعری بە ناوی (نەورۆز)ەوە کە پێنج بەشـــە بڵاو کردۆتەوە. (زەکی ئەحمەد هەناری) لە ساڵی (١٩٦٠)دا شانۆنامەی (چارەنووسی زوحاکی زاڵم)ی بڵاوکردۆتەوە. لێرەدا پێویســـتە بەتایبەتی ئاماژە بۆ شـــانۆنامەی (برینا ڕەش)ی موســـا عەنتەر (١٩٢٠-) بکـــرێ، چونکە بایەخی ئەم بەرهەمە پتر لەمەدایە کە وێڕای ئەوەی باسی بەدبەختی و ڕەنجبێوەریو نەزانیو نەخوێنەواریی جووتیاری کوردی تورکیا دەکا، ئەوجاش لە ســـاڵی (١٩٦٠)دا لە ئەستەمۆڵ بڵاو بۆتەوە.

## ج - چاپەمەنی:

چاپەمەنی لە ژیانی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی هەر گەلێکدا دەوری کاریگـــەرو بنەڕەتی خۆی هەیە. بەم پێیە هەر جۆرە گەشـــەکردنو پەرەســـەندنێکی چاپەمەنـــی لەنێـــو گەلی کوردیشـــدا نیشـــانەی گەشەکردنی سیاسیی خەڵکی کوردە. لەو (١١٩) ڕۆژنامەو گۆڤارەی کە تۆمار کراونو بڵاوبوونەتـــەوە، هەندێکیان بۆ ماوەیەکی یەکجار کـــەم بەردەوام بوون. مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی کوردی لە ئەستەمۆڵەوە بۆ شارانی جۆراوجۆری عێراق، وەک: بەغدا، سلێمانی، هەولێر، کەرکوک. هەروەها بۆ شارانی ئێران وەک: تاران، مەهابادو تەورێـــزو تەنانەت بۆ شـــوێنانی تری وەک: دیمەشـــق، بێروت–ش گوێزراوەتەوەو گەشەی کردووە. زۆربەی ئەم ڕۆژنامانە بە دوو زمان بڵاو دەبنەوە. ناوەڕۆکـــی زۆربەی ئەم چاپەمەنییانە بابەتی بەنرخو سەرچاوەی دەوڵەمەند بووە، دەربارەی زمانو فۆلکلۆرو ئەدەبیاتو دابونەریت و مێژوو و جوگرافیای خاکی کوردســـتان، ئەمە جگە لە شـــیعری هاوچەرخو کۆنو ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرانە لەسەر ئەدەبیات و بیرو باوەڕی ئایینی، هەروەها لاوانیش چالاکیی و بەهرەی خۆیان لەسەر لاپەڕەی ئەم چاپەمەنیانە نواندووە.

یەکەمیـــن ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردســـتان) لە ســـاڵی (١٨٩٨)دا لەلایەن (مقداد مدحەت بەدرخانو عبدالرحمن)ی برایەوە لە قاهیرە دامەزرا، پاشـــان لە قاهیـــرەوە گوێزرایەوە بۆ (جنێف و فولکستون)و (٣١) ژمارەی لێ بڵاو بووەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی

(١٩٧١)دا لەلایـــەن (کەمال فواد)ەوە کۆکرایەوەو چاپ کرایەوە. لە ئەستەموڵ مانگنامەی (ڕۆژا کورد) کە لە ساڵی (١٩١٢ دا ناوەکەی گـــۆڕدرا بۆ (هەتاوی کورد) ســـێ ژمارەی لێ بڵاوبووە. (ســـورەیا بدرخان)، لە ساڵی (١٩١٦)دا، لە تورکیا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی (ژین)ەوە بڵاو کردەوە، لـــەو ڕۆژنامەیەدا ئەوەی ڕاگەیاند کە کوردســـتان موڵکی کوردە. هەروەها لە ســـاڵانی (١٩١٧ — ١٩١٨) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی بە ناوی (کوردستان) بڵاو کردەوە کە (٣٧) ژمارەی لێ دەرچوو.

لە ســـاڵانی نێوان هـــەردوو جەنگی جیهانـــدا (١٩٢٠ — ١٩٤٥) چاپەمەنیی کوردی لە عێراقا گەشـــەی کردو پێشـــکەوت. لە ساڵی (١٩٢٠ — ١٩٢٢) ڕۆژنامەی (پێشـــکەوتن) لە ســـلێمانی دامەزراو (١١٨) ژمـــارەی لـــێ دەرچوو. لە ســـاڵی (١٩٢٠-١٩٢٣) (ڕۆژی کوردســـتان) بڵاو بووەو پانـــزە ژمارەی لێ دەرچوو. و لە ســـاڵی (١٩٧٣)دا لـــە بەغـــدا لەلایەن جەمـــال خەزنەدارەوە ســـەرلەنوێ بڵاوکرایەوە. لە ســـاڵی (١٩٢٢)دا هەفتەنامەی (بانگی کوردستان) چواردە ژمـــارەی لێ بڵاوبووەوە. لە ســـاڵی ١٩٢٣ دا هەفتەنامەی (بانگی هەق) کە بڵاوکراوەی ڕەســـمیی شێخ مەحمود بوو، لە سێ ژمـــارەدا بڵاو بووەوە. هەروەها ڕەفیق حیلمی (ئومیدی اســـتقلال) ی بڵاوکردەوەو (٢٥) ژمارەی لێ دەرچوو. (ســـاڵح زەکی ساحێب قڕان) لە ساڵی (١٩٢٤ — ١٩٢٦) (دیاریی کوردستان)ی بە زمانانی کـــوردی، عەرەبیو تورکی بڵاو کردەوەو (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو، لە ســـاڵی (١٩٢٤ — ١٩٢٦) هەفتەنامەی (ژیانـــەوە) بڵاو بووەوە کە ڕۆژنامەیەکی ڕەســـمی بوو، و (٥٩) ژمـــارەی لێ دەرچوو، ئەم

هەفتەنامەیە لە ســالآنی ١٩٢٦-١٩٣٨ دا بوو بە (ژیان) و (٥٥٦) ژمــارەی لێ دەرچوو. لە ســالآنی (١٩٣٩ — ١٩٦٣) ڕۆژنامەیەکی دی بە نــاوی (ژین)ەوە لــە مەیدانی چاپەمەنیدا ســەری هەڵداو پیرەمێرد تا دوا هەناســە (١٩٥٠) سەرپەرشتی کردو پتر لە هەزار ژمــارەی لێ بڵاو بووەوە. (ســالّح قەفتان) لە ســالّی (١٩٣٨)دا بڵاوکراوەیەکی زانســتی بە ناوی (زانســت)ەوە دەرکرد کە گوتاری ئەدەبیو مێژوویی تێــدا بڵاو دەکردەوەو تەنیا چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. هەروەها لە ســالآنی (١٩٣٧ — ١٩٣٩)دا (٧٠) ژمارە لە هەفتەنامــەی (زبان) بڵاو بووەوە. (حســێن حوزنی موکریانی) لە ســالآنی (١٩٢٦ — ١٩٣٢) لــە ڕەوانــدوز (٣٠) ژمارەی لە (زاری کرمانجی) بڵاو کردەوە. بەغدا، لەڕووی ژمارەی بڵاوکراوەوە ببوو بە مەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری کوردی. لە سالآنی (١٩٣٩ — ١٩٤٩) دا گۆڤاری گەلاوێژ بە سەرپەرشــتیی (ئیبراهیم ئەحمەد)، (دەنگی گێتی تازە) لەلایەن ســەفارەتخانەی ئینگلیزو (تۆفیق وەهبی)یەوە دەردەچوون. لەو ڕۆژنامە ســەرەکییانەی کــە لە دەرێی عێراقو بە ئەلفبای لاتینی دەردەچوون، پێویســتە ناوی ئەم ڕۆژنامانە ببرێ: هاوار، لە ســالآنی (٩٣٢- ١٩٣٥و ١٩٤١ — ١٩٤٣)، (٥٧) ژمارەی لێ دەرچوو، و (٢٨) ژمارە لە پاشکۆیەکی وێنەداری هەمان ڕۆژنامە بە ناوی (ڕوناهی) لە ســالآنی (١٩٤١ — ١٩٤٥) دەرچوو، ئەم دوو بڵاوکراوەیــە، هەردووکیان لە دیمەشــقو لەلایەن ئەمیر (جەلادەت بەدرخان)ەوە بڵاو کراونەتەوە. لە سالآنی (١٩٤٣ — ١٩٤٦)دا (٧٣) ژمارە لــە هەفتەنامەی (ڕۆژانو) بڵاو بووەوە، لەگەڵ (٣) ژمارە لە پاشــکۆی هەمان هەفتەنامە بە ناوی (ســتێر)، کە میر (کامەران

بەدرخان) لە بێروت ئـــەم بڵاوکراوانەی دەرکردووە، ئەم بڵاوکراوانە هەموو پڕن لە ســـەرچاوەی دەوڵەمەندی فۆلکلـــۆری. لە یەریڤاندا ڕۆژنامـــەی (ڕێیا تـــازە) کە دوو هەفتە جارێکـــەو ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیســـتی لقی کوردی ئەرمەنستانە لە ساڵی (١٩٣٠) تا ساڵی (١٩٣٨) بـــە ڕێنووســـی لاتینی (٦١٢) ژمارەی لـــێ دەرچووە، لە ســـاڵی (١٩٥٥) بەدواوە بە خەتی ڕووسی بڵاوبۆتەوەو حاڵی حازر پتر لە (٢٥٠٠) نووسخەی لێ بڵاو دەبێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیەش وەکو ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی لەو ڕۆژنامانەیە کە لە دنیای چاپەمەنیی کوردیدا پێشینەیەکی بڵاوبوونەوەی نایابی هەیە.

وەزعی ئاڵۆزی سیاســـیی ئێران، لە ســـاڵانی (١٩٤١و ١٩٤٦)، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان (١٩٤٥ – ١٩٤٦) زەمینەی بۆ سەرهەڵدانو گەشەکردنی چاپەمەنیی کوردی خۆش کردو لە مەهابادەوە دەســـتی پێ کرد... ئەوەبوو ڕۆژنامەی ڕەسمیی (کوردستان) لە ساڵانی (١٩٤٥ – ١٩٤٦)دا (١١٣) ژمارەی لێ دەرچوو، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیش بەهەمان ناوەوە (کوردســـتان) (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو. جگە لەمانە (هاواری نیشتمان)، (ئاوار)، (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)و (هەڵاڵە) بڵاو بوونەوە، بەڵام تەنیا یەک بەهار ژیان. شێخ (لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود)یش لەلای خۆیەوە (گۆڤاری نیشـــتمان)ی لە لاهیجان بڵاو کردەوەو تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچوو.

لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە تا شۆڕشـــی (١٩٥٨/٧/١٤) لە عێڕاقا، ڕۆژنامەکان بە دوو زمانی کوردیو عەرەبی دەردەچوون. (عەلادین سەجادی)، لە ساڵانی (١٩٤٨ – ١٩٤٩) لە بەغدا، گۆڤاری

(نــزار)ی بڵاوکردەوەو (٢٢) ژمارەی لێ دەرچوو، (حافز مســتەفا قازی)ش لە بەغدا، (٣٦) ژمارەی لە ڕۆژنامەی (هیوا) دەرکرد. گیو موکریانی، لە ساڵانی (١٩٥٤ — ١٩٦٠)، لە هەولێر (١٨٨) ژمارەی لــە گۆڤاری (هەتاو) کە دوو مانگ جارێک دەردەچوو، بڵاوکردەوە. لە ســاڵانی (١٩٥٩ — ١٩٦٢)، لە شــاری کەرکوک (٣٤) ژمارە لە بڵاوکراوەی (ڕای گەل) بڵاو بووەوەو لە ساڵانی (١٩٥٩ — ١٩٦١)دا (٥٦) ژمارە لە بڵاوکراوەی (ئازادی) کە ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو، بڵاو بووەوە. یەکێتیی مامۆستایانی سلێمانی لە ساڵانی (١٩٥٩ — ١٩٦٠)دا (١٠) ژمارەیان لە گۆڤاری (بڵێسە) بڵاوکردەوە. لە ســاڵی (١٩٦٠)دا (١٨) ژمارە لە بڵاوکراوەی (ڕۆژی نوێ) بڵاو بووەوە. لە ســاڵانی (١٩٦٠ — ١٩٦٣)دا (٩٥) ژمارە لە بڵاوکراوەی (بــڕوا) دەرچوو کە ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیســتی سیاســی-ئەدەبی بــوو، لە ســاڵانی (١٩٥٩ — ١٩٦١)دا (٤٦٢) ژمــارەی ڕۆژنامەی (خەبــات)ی ئۆرگانی پارتیی دیموکراتیی کوردســتان بە دوو زمان دەرچــووە. لە ســاڵانی (١٩٥٩ — ١٩٦١)دا، وەزارەتی کشــتوکاڵ (٢١) ژمارەی لە گۆڤاری (چارەســەرکردنی کشــتوکاڵ) بە زمانی عەرەبیو کوردی دەرکردووە. هەروەها وەزارەتی مەعاریف (٢٤) لە گۆڤاری (عێراقی نوێ) دەرکرد. لە ساڵی (١٩٦٠)دا (عومەر جەلال حەوێزی)، پارێــزەر (٦٩) ژمارەی لە ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) کە ڕۆژنامەیەکی دیموکراسیی سیاســی بوو، بڵاو کردەوە. لێرەدا نابێ ئــەو هەفتەنامەیەمان بیر بچێ کە بە ناوی (کوردســتان)ەوەو بە سەرپەرشتی دەوڵەتی ئێران، لە تاران، لە (١٩٥٩/٥ تا ١٩٦٣/٥)، (٢٠٥) ژمارەی لێ بڵاو بووەوە. ئەم (کوردســتان)ە بڵاوکراوەیەکی

سیاسیو زانســـتیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیی یەکجار چاک بوو، بەڵام تەنیا لە دەرێی ئێران بڵاو دەکرایەوە.

شـــەڕی ماڵوێرانکـــەری کـــورد، لەگـــەڵ ڕژێمی عێراقـــا کە لە (١٩٦١/٩/١١)ە تـــا (١٩٧٠/٣/١١) درێـــژەی کێشـــا، چالاکیـــی چاپەمەنییـــە کوردییەکانی تەواو کەم کردەوە، لەگەڵ ئەوەشـــا لە ساڵانی (١٩٦٢ – ١٩٦٣)دا شـــارەوانیی هەولێر (٧٦) ژمارەی لە ڕۆژنامەی (هەولێر) دەرکرد. لە ساڵی (١٩٦٤)دا یەکەمین گۆڤاری وەرزانەی کوردی لە بەغدا بە ناوی (تووتن) بڵاوکرایەوە. لە ســـاڵی (١٩٦٧)دا، (ســـاڵح یوسفی) ڕۆژنامەی (برایەتی) کە ڕۆژنامەیەکی سیاســـی بوو، دەرکرد. لەهەمان ســـەروبەندا، لـــە تورکیادا چەند بڵاوکراوەیەکـــی کەمدەوام بە زمانی تورکیو کـــوردی بڵاوبوونەوە، لەوانە: لە ساڵانی (١٩٦٢ – ١٩٦٣) ڕۆژنامەی (دیجلەو فورات) لە (ئەستەمۆڵ) هەشـــت ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. لە ساڵی (١٩٦٣)دا ڕۆژنامەی (دەنگ) بڵاوبووەوە. لە ساڵی (١٩٦٦)دا (دەنگی تازە) کە تەنیا (٤) ژمارەی لێ بڵاو بووەوەو یەکسەر ڕاگیراو خاوەنەکەی خرایە ژێر چاودێرییەوە.

لەگەڵ وەستانی شەڕا، لە کوردستانی عێراقا، لە ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٣)، (٢٩) بڵاوکراوە لە مەیدانی چاپەمەنیی کوردیدا سەریان هەڵـــدا کە لە کۆی ئەم ژمارەیـــە، دوو ڕۆژنامە لە کەرکوک و (٦) بڵاوکراوە لە هەولێرو (٤) بڵاوکراوە لە سلێمانی دەردەچوون، بەڵام (١٦) بڵاوکـــراوە لە بەغدا دەردەچوون. ئەمەش ئەوە نیشـــان دەدا کە ئێســـتا پایتەختـــی عێراق بووە بە بنکەی ڕۆشـــنبیریو فیکری کوردەکانی عێراق. لە ســـلێمانیداو لە ســـاڵانی (١٩٧١ – ١٩٧٢)

دا هەژدە ژمارەی ڕۆژنامـــەی (برایەتی) بڵاو بووەوەو (٨) ژمارەی (دەنگی مامۆستا)ش بڵاوبووەوە.

(ژین) هەمان ڕۆژنامەیە کە پیرەمێرد دایمەزراندبوو. لە ســاڵی (١٩٧١)دا ســەرلەنوێ بڵاوکرایەوە. لە ســاڵی (١٩٧٢)دا گۆڤاری (ئەســتێرە) کە بــۆ منداڵان بوو، بڵاوکرایەوە. لــە بەغدا، گۆڤاری (برایەتی) وەکو پاشــکۆی ڕۆژنامەی (التاخی) لە ساڵانی (١٩٧٠ — ١٩٧١)، هــەژدە ژمارەی لێ بڵاو بووەوە. لە ســاڵی (١٩٧٠)دا، پولدۆستان، گۆڤارێکیان بە ناوی (گێتی پول)ەوە بە زمانی عەرەبی - کوردیو ئنگلیزی بڵاو کردەوە.

کۆنفدراسیونی گشتی یەکێتی پیشــەوەران، ڕۆژنامەیەکی هەیە کە ئۆرگانی ڕەســمیی نەقابەکەشــە، لە ژمــارە (١٨٩)ی مانگی (١٩٧٢/٩)وە بەشــێکی کوردی بە ناوی (هۆشیاریی کرێکاران)ەوە دەردەکا. لێــرەدا دەبێ ئاماژە بۆ (گۆڤــاری کۆڕی زانیاریی کورد) بکەین کە ســاڵانەیەو لە ســاڵی (١٩٧٣)دا بە (٨٠٠) لاپەڕە بڵاو بووەوەو سەرنووسەرەکەی ئیحسان شێرزاد-ی وەزیری شارەوانییە. بەشــێک لەم گۆڤارە بە زمانی عەرەبییە. لە ئێرانیشا، گۆڤارێک بە ناوی (ڕێگا یەکێتی) لەلایەن دەوڵەتەوە دەردەکرێ و یەکەم ژمارەی لە (١٩٧١/٤)دا دەرچووەو بە بەردەوامی تا ئێستا، واتە (تا ساڵی ١٩٧٨) دەرچووە.

لە هەندەرانیش، هەندێ گروپــی جیاوازی کورد جارجار هەندێ بڵاوکراوەی ســادەی بــە تایپ چاپکراو بڵاو دەکەنەوە. لە ســاڵی (١٩٤٩)دا (دەنگــی کوردســتان) ئۆرگانی حیزبــی دیموکرات لە ئەوروپــا، لە وڵاتی فەڕەنســادا بڵاوبووەوە. لە ســاڵی (١٩٥٨)وە

یەکێتیـــی خوێندکارانـــی کورد لە ئەوروپا هەموو ســـاڵێک گۆڤاری (کوردســـتان)یان بە زمانی ئینگلیـــزی و کوردی و بە پیتی لاتینی بڵاو کردۆتەوە. لە ســـاڵانی (١٩٦٣- ١٩٦٥)دا بڵاوکراوەی ساڵانەی (هیـــوای وڵات) بـــڵاو کراوەتەوە. هەروەها لە ســـاڵانی (١٩٦٥ — ١٩٦٧)دا بڵاوکراوەی (چیا) هاتـــە بڵاوکردنەوە. گۆڤارێک بە ناوی (کوردیکا)و بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن (کۆمیتەی گەورەی سەر بە بەریتانیای گەورە) بڵاو کرایەوەو یەک ژمارەی لێ دەرچوو، باشترین گۆڤـــاری لەم بابەتە، گۆڤارێکە بە نـــاوی (گۆڤاری کوردی) کە لە ســـاڵی (١٩٦٣)وە تا (١٩٦٩/٩) لەلایـــەن کۆمیتەی خوێندکارانی کورد لە ئەمریکا، بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە.

ئەنجام دێینە سەر گۆڤاری (ڕووناهی) کە ئۆرگانی خوێندکارانی کـــوردی تورکیایە لـــە ئەوروپا، لە (١٩٧١/٨)وە تا ئێســـتا، واتە (١٩٧٨) هەشـــتەمین ژمارەی بە هـــەردوو زمانی کوردی و تورکی بڵاو بۆتەوە.